# پەروەردە و فێرکردن

**گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات**
**ژمارە** ( 8 ) **ساڵی** 2012

## تێبینی بۆ نووسەرانی بەرێز ....

ئەو تۆژینەوەو لێکۆڵینەوانەی رەوانەی ئەم گۆڤارە دەکرێن پێویستە ئەم خاڵانەیان رەچاو کرابێت:

- بە خەتێکی جوان و شاش لەسەر رووی یەك لاپەرە نووسرابێت، ئەگەر کۆمپیووتەر کرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.
- ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسڵییەکەی لەگەڵ بێت و ئاماژە بە سەرچاوە کرابێت.
- رێنووسی کوردی تێدا رەچاو کرابێت ئەگینە گۆڤارەکە رێنووسەکەی یەك دەخات.
- ناوو ناونیشانی تەواوی نووسەری لەسەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێرکردن**

**خاوەنی ئیمتیاز**
**د.عصمەت محەمەد خالد**

**سەرنووسەر**
**د.ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**
هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە

تەلەفۆن:
سەرنووسەر: 07504512711
بەدالە: 2233084
2233085
فاکس: 2230471

ئیمێل:
ahqarani55@gmail.com

moe-krg.com

# لــەم ژمــارەیــەدا

## ( بەشی کوردی )


* هەنگاوێك بەرەو لامەرکەزییەت دوو هەنگاو بەرەو دیموکراسی .................. سەرنووسەر 3

*خاڵە لاوازەکانی میکانیزمی ئێستای بەڕێوەبردنی پەروەردە.............. تاریق ئەحمەد 22

* ڕێنمایی دەروونی بۆ مامۆستاو پەروەردەکاران.................. و: د. ڕێدار محەمەد ئەمین 35

*لەبارەی کتێبی (ڕێگە هاوچەرخەکانی وانە گوتنەوە)وە ................ ئا: سەلاح عومەر 140

*ڕابەرێ هاریکار بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیزی ......................... ئا: ڕەشید تەیب 154

*پرۆژەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە........................................KIHR 160

* لەبارەی داڕشتنی ستراتیژیەتی نیشتمانی.......................... د. ئەحمەد قەرەنی 177

*لەبەرهەمی قوتابخانەکانی کوردستان.................. خستنەڕوو: پەروەردەو فێرکردن 182

* پرۆسەی خوێندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان ..................ئا: پەروەردەو فێرکردن 186


## ( بەشی عەرەبی )


*إمتحانات المرحلة الإعدادية والغاء الإمتحان الوزاري...................... كوكز حسين عزيز 226

* تصويبات وملاحظات في كتاب اللغة العربية ...................... عبدالمجيد حسن بابان 231


**ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە، وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە**

# هەنگاوێك بەرەو لامەركەزییەت دوو هەنگاو بەرەو دیموكراسی

## وەزارەتی پەروەردە وەك نموونەیەكی پێشڕەو

**سەرنووسەر**

2ـ1

### پێشەكی

سیستمی لامەركەزییەت لە بەڕێوەبردندا بە دوو شێواز جێ بەجێ دەكرێت: یەكەمیان بەپێی یاسا دەسەلاتەكانی هەموو فەرمانگەو كارمەندەكانی ڕێك دەخرێن و بە جۆرێكی سیستماتیك هەموو ئەرك و كارەكان دابەش دەكرێن بەبێ ئەوەی تێكەلكێشییەك یان دژاتییەك لەنێوانیاندا ڕوو بدات، یانیش لایەنی سەرەوە بتوانێت دەست لە كارەیاساداڕێژراوەكانی خوارەوەی خۆی وەربدات.

شێوازی دووەمی لامەركەزییەتیش ئەوەیە كە لە پێڕەوكردنی سیستمی مەركەزییەتدا، كاربەدەستە دەسەلاتە بالاكان هەندێك لە دەسەلاتەكانیان بەرەو لایەنەكانی خوارەوەی خۆیان شۆڕدەكەنەوەو بەپێی ویست و ئارەزووەكانیشیان دەستنیشان دەكەن و بەردەوام لەدوورەوە چاودێری و بەدواداچوونیان بۆ دەكەن و لەكاتی پێویستدا دەستكاری دەكەن، چونكە هەمیشە ڕێژەیەكی دەسەلاتە بەخشپێكراوەكان لای خۆیان دەمێنێتەوەو بە شێوەیەك لە شێوەكان لێی بەرپرسن.

ئەوەی ئێستە لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم پێڕەو دەکرێت و هەنگاوی چاکسازی باشیشی بۆ نراوە، شێوازی دووەمی لامەرکەزییەتەو بە سەرکەوتوویی قۆناغرێژی بەرەو شێوازی یەکەم دەڕوات.

## سەرەتا و ئاسۆ

سیستمی لامەرکەزییەت لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵێننامەیەکی شەرەفمەند ئامێزە لەنێوان لایەنی دەسەڵاتە باڵاکان و ئەوانەی لەخوارەوەی خۆیان فەرمان و بڕیارەکانیان جێ بەجێ دەکەن. ئەم پرۆسەیەیش ئەنجام نادرێت ئەگەر لایەنی یەکەم متمانەی تەواوی بە لایەنی دووەم نەبێت و لێهاتوویی و کارامەیی لایەنی دووەمیش شایستەی ئەو ئەرکە نەبێت. بەم پێیە دوو لایەن بەرەو شێوازی دیموکراتییەوە دەچن و پێگیری بە پرەنسیپییەکانی دەکەن و بە بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیەیش ڕێڕەوی ئیداری میری بەباشترین شێوە ڕێك دەخرێت، چونکە:
- دەرفەت بە هەموو لایەك دەدرێت کە تواناکانیان دەرخەن و شارەزاییان لەبواری پسپۆرییەکانیاندا بسەلمێنن.
- بوارێکی تەواویش بۆ کارمەندان دەرەخسێت کە زیاتر فێربن و ئەزموونیشیان بەهێزتر بکەن.
- گیانی کێبڕکێ لە کارکردندا پەیدا دەبێت، بەتایبەتی لەنێوان ئەوانەی بەهرەی داهێنانیان هەیە.
- کونترۆڵی زەمەن دەکرێت و لەکاتێکی پێوانەییدا کارەکان ئەنجام دەدرێن.

بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەی سەرەوەیش ئەگەر مەرجی ئاکاری فەرمانبەرێتی لەهەردوو لایەندا نەبوو، ئەوە مەترسییەکانی جێبەجێ کردنی سیستمی لامەرکەزییەت زۆر گەورەتر دەبن و هاوسەنگی کارگێڕی تێکدەچێت و مەرکەزییەت دەبێتە دیفاکتۆیەکی هەنووکەیی و خۆی فەرزدەکات. ئەمە لەلایەکەوەو لە لایەکی دیکەیشەوە بەنەبوونی لامرکەزیەت لەنێوان هەردوو لایەندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارە ئاسانەکان و دەستکەوتە گەورەکان بۆ دەسەڵات دابنرێن و ئەرکە قورسەکان و بەرهەمە بێ نرخەکانیش بۆ فەرمانبەرە ماندووەکانی خوارەوە بمێنێتەوە .. بەم شێوەیە بۆشاییەکی بەرین لەنێوان هەردوو لایەندا دروست دەبێت و ڕووبەری کێشەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ فرەوانتر دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە بە ئاسانی گوێ لە ڕاو سەرنجی یەکدی دەگرن. مەترسی گەورەش

لەوەدایە کە مەسافەکە ئەوەندە دوور بکەوتەوە کە وەکو دوو جیهانی جودا ڕەفتار لەگەڵ یەکدیدا بکەن. ئەو ڕەفتارو ئالوگۆڕییەیش لە کەناڵێکی یەك سایدیدا دەکرێت کە تەنیا فەرمانەکان لە دەسەلاَتەوە بەرەو خوارەوە شۆردەبنەوەو جێبەجێکردنیان دەکەوێتە قالبی ئەرکە بێ مافەکانەوە.

## شێوازی بەڕێوەبردن لە وەزارەتی پەروەردە

لەم ماوەیەی دواییدا وەزارەتی پەروەردە بەجدی فوکر لە جێ بەجێ کردنی سیستمی لامەرکەزییەتی کردووەو بە فەرمی هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چووەو ئەو تەمومژاوییە ڕەواندووە کە بە گومانەوە سەیری لامەرکەزییەت دەکرا. لەسەرەتاوە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بە جێ کردنی پەیامە پیرۆزەکەدا پشت بە قانوونی ژمارە (4)ی ساڵی 1992 و هەر سێ هەموارەکانی دەبەستێت، کە پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەریکردووە. قانوونەکە لە مادەو بڕگەکانیدا ڕاشکاوانە باسی لامەرکەزی بەڕێوەبردن ناکات، بەلاَم ڕەوشی ئێستە پێویست دەکات ئەوانەی ئەو یاسایە جێبەجێ دەکەن مەودای بازنەی جێبەجێ کردنی ڕێنمایەکتان فرەوانتر بکەنەوە کە لەو یاسایەوە هەڵهێنجراوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لە پلەو پایەی بالاَدایە هەندێك لە دەستەلاَتەکانی بە لایەنەکانی خوارترەوەی خۆی ببەخشێت، ئەمەیش بە داواکارییەکانی جەماوەر پشت ئەستوور دەبێت کە پێشتر بە دەستی مەرکەزییەتی توندەوە نالاَندوویانەو هێشتەیش هەر لەژێر کاریگەرییەکانیدا دەناڵێنێت لە کاتێکدا کە هاوسەنگیەکی بەرنامە بۆ دانراو لەنێوان هەردوو سیستمی مەرکەزی و لامەرکەزیدا نییە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی فێرگەکان، بۆ نموونە:

ـ دەستەلاَتی بەڕێوەبەری فێرگە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان تەنیا ڕێژەی (25٪) پێکدەهێنێت، هەرچی ڕێژەکەی دیکەیە دەچێتە خانەی دەستەلاَتی لایەنەکانی سەرپەرشتیارییەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە، ئەمەیش کەموکورتییەکی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و تەکنیکییەو پێوەرەکانی ئاستی زانستی و پیشەیی ڕاستەقینەی مامۆستایانی تێدا بزردەبێت.

ـ تەرخان کردنی ڕاستەوخۆی پارە بۆ فێرگەکان (مووچەی فەرمانبەرانی لێ دەرچێت) لەو پارە تەرخان کردنە کەمانەوە دێت کە وەزارەت ل بودجەی ساڵانەی خۆی دەستەبەریان دەکات، جگە لە داهاتی ساڵانەی حانووتی فێرگە، ئەویش

ڕێژەكەی بە پێی جۆرو شوێنی جوگرافی فێرگەكە جیاوازە، كە زۆر جاریش دەكەوێتە بازنـەو چوارچـێوەی چاوچـنۆكی و ڕووتاندنـەوەی فێرخوازانـەوە، جگـە لـەوەی حزمەتگوزاریەكانی لە شێوازی پەروەردەییەوە دوورن.
- سەبارەت بە دەزگە فەرمییەكانی سـەر بـە كـەرتی پـەروەردەیی، ئـەوانیش بـە دەستی ڕۆتین و نەبوونی فەرمانبەری تایبەت دەناڵێنن كـە دەسـتەڵاتی تـەواوەتی بەڕێخستنی مامەڵەكانی هەبێت كە بە ژمارەیەكی زۆر پەراوێزو تێبینیدا تێدەپەڕن بە پێـی زنجیرەی مەرجەعـەكان كـە كـاتێكی زۆرو ڕەنـج و كۆشـشێكی زۆریـان تێدەچێت. ئەگـەر ڕەزامەنـدیش وەربگیرێـت ئـەوە قۆناغـەكانی چـاپ كـردن و وردبینیش پشكی خۆی لە بێزاری و بەفیڕۆدانی كات هەیە.

## چاكسازییەكانی حكوومەتی هەرێم

چەندین لێكۆڵینەوە هەن لەم جـۆرە حاڵەتانـەو لـەو داواكاریـە جەماوەرییانـە دەكۆڵنەوە كە بۆ لایەنە پێوەندیـدارەكان بەرزكراونەتـەوە لـە ئاسـتی زۆر بـاڵادا، سەرەڕای بایەخدانی زۆری ئەنجوومەنی وەزیـران بـەم لایەنـە گرنگـە. لەئەنجامـدا سـەرۆكایەتی ئەنجوومـەنی وەزیـران بڕیـاری (7588)ی ڕۆژی (1-7- 2010) دەركرد و وەزارەتەكان و پارێزگەكان سەرپشك كرد و دەستەڵاتی فرەوانتر بـە یەكـە كارگێڕییەكان لەسەر ئاستی شارۆچكەو شارەدێیەكان دا، كـە ئێـستە لـە قۆنـاغی هەڵسەنگاندایە پاش ئەوەی پتر لە دوو ساڵ بەسەر دەرچـوونیدا تێپـەڕیوە. لێـرەدا بەپێویست دەزانین دەقی بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەكو بەڵگەیەكی فەرمی لەپاشكۆی ژمارە (1)ی ئەم وتارەدا دەخەینە ڕوو.

بەپێی پرۆژە چاكسازییەكەی وەزارەتی پەروەردەی كابینەی حەوتەمی حكوومەتی هەرێمیش كە لەلایەن جەنابی وەزیری پەروەردەوە ئامادە كرابوو كە چەندین تـەوەر لەخۆ دەگرێـت و گرنگترینیـان دابەزانـدنی هەنـدێك دەسـەڵاتی وەزیـر بـووە بـۆ بەڕێوەبەرە گشتییەكانی دیـوانی وەزارەت و بەڕێوەبـەرە گـشتییەكانی پـەروەردەی پارێزگەكان و بۆ ئەم مەبەسـتەیش لیژنەیـەك بـەپێی فـەرمانی وەزاری 166 لـە 2012/6/21 پێكهێنرا و لەدوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆكردن و ڕاگۆڕینـەوە لەگەڵ پسپۆران و لایەنەكان و تاوتوێكردنی لایەنە پـۆزەتیڤ و سـەلبییەكانی ئـەم مەسەلەیە هـەروەها دیراسـەتكردنی تێبـینی و پێـشنیارەكانیان كـە بـە نووسـین گەیشتبوونە لیژنەی دەستنیشانكردنی دەسەڵات. لەئەنجامدا دوا كۆنووسی لیژنەكە

خراوەتە بەردەستی جەنابی وەزیر و لەدوای پەسەندکردن و گشتاندنی بەفەرمانی وەزاری ژمارە (267) لە (2012/7/23) کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت کە دەقەکەی لەپاشکۆی ژمارە (2)ی ئەم وتارەدا هاتووە.

## هەڵسەنگاندنی کارەکان

بەپێی چەندێتی دابەزاندنی دەسەڵاتی پایەدارانی هەر دەستگەیەك بۆ خوار خۆیانەوە، ئەوەندە سیستمی بەڕێوەبردنی تێدا چالاکتر دەبێت و دەرفەت بۆ بەرەو باشترکردنیشی فەراهەمتر دەبێت. بۆ جێ بە جێکردنی ئەم هەنگاوەیش پێویستە پاشخانەیەکی ڕێخۆشکەری ئامادەکراو هەبێت، کە ژینگەیەکی کارگێڕی ـ تەکنیکی وا دروست بکرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئەنجامدانی دەسەلاتەکان و پێکاندنی ئامانجەکانیان بپارێزرێت و بەشێوەیەکی سیستماتیك ئەرکەکانیش بەرزەفت بکرێن. لەم ڕووەوە پێشنیارمان کرد، کە لەگەڵ زیادکردنی دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان و دواتر دابەزاندنی هەندێك لە دەستەلاتەکانیان بۆ فەرمانگەو دەزگەکانی خوارەوەترو بەپێویستمان زانی ئەم خالانەی خوارەوە بە یاداشتێکی فەرمی بیانخەمە بەردەستی جەنابی وەزیری پەروەردە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (166 لە 21-6-2012) و لەچواچێوەی ئەو لیژنەیەی لێی بەرپرسیاربووم دەستمان بە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستەلاتەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگەکان و بەڕێوەبەرانی پەروەردەی شارۆچکەکانیش کرد.. کارەکەیش بەردەوام بوو و بە پێی ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە تەواو بوو.. بەڵام وەك ڕاوێژکار لە وەزارەت حەز دەکەم لەو ئاکام و دەرەنجامە نیگەتیڤانەتان ئاگەدار بکەمەوە کە لێی دەکەوێتەوە کاتێك جێبەجێ دەکرێت ئەگەر لە بازنەیەکی یاسایی ـ کارگێڕی ـ چاودێری تەواوو هاوکات لە گەڵ کەوتنە واری جێبەجێ کردنەوە تەواونەکرێت، جا لەبەر ئەوەی کاری ئێستەمان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دووەمین هەنگاوی ئەو بازنەوە هەیە کە پاش پلاندانان و دانانی سیاسەتی پەروەردەیی دێت کە ئەویش جێبەجێ کردنە، هەرچی سێیەمین هەنگاوە ئەوە چاودێری و بەدواداچوونەو چوارەمین هەنگاویش پێوانەو ڕاستکردنەوەو

هەڵسەنگاندنە. ناشێت كوالیتی ئەم پرۆسەیە مسۆگەر بكرێت كاتێك دەستەڵاتی فرەوان بە لایەنە دەستەڵات بەدەستەكان بدرێت كە دووەمین هەنگاوی پێ بەهێزدەبێت، هاوكات یەكێك لە هەنگاوە سەرەكییەكان نییە یان لاوازە، ئەویش ئێستە لە وەزارەت دەیبینین، ئەمەیش پێویست بە دەست خستنە سەرو شیكردنەوەو دۆزینەوەی چارەسەری پێویستە بۆ هەر حاڵەتێك. لێرەدا دەچینە سەر باسكردنی هەردوو هەنگاوی چاودێری و بەدواداچوون و پێوانەو ڕاستكردنەوە لەبەر ئەوەی پشت بە هەنگاوی جێبەجێ كردن دەبەستن واتە دەستەڵات دان بەوانەی پرەكتیكانە پرۆسەی پەروەردە بەڕێوە دەبەن و دەستكەوتەكانی ئەوانیش دەبنە نیشانەیەكی بڕواپێكراو بۆ ئەو شتانەی چاودێری و ڕاستكردنەوەیان لەسەر بنیات دەنرێت. دەشێت گرنگی ئەم پێوەندییە یەكتربڕانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا كورت بكەینەوە).

**یەكەم: چاودێری و بەدواداچوون**

وەزارەت لە ڕێگەی سێ لایەنەوە چاودێری و زەبتی داهاتی دارایی و مادی و مرۆیی دەكات لەوانەی ئەو ئەركانەیان پێ سپێرراوە:

1ـ چاودێری ئەنباركردن، كە بەڕێوەبەرایەتییەكە ڕاستەوخۆ بە بەڕێز وەزیرەوە گرێ دراوە. بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات پسپۆری و شارەزایی لە چاودێری و بەدواداچوونی كاروباری ئەنباركردن هەیەو دوو فەرمانبەر یارمەتی دەدەن. چالاكی بەڕێوەبەرایەتییەكە ئێستە زۆر سنووردارە. پێویستە بایەخی پێ بدرێت و بە كادیری دیكەی لێهاتوو و دەست پاك متوربە بكرێت و بۆ جێبەجێ كردنی حاڵەتی نوێی جێبەجێ كردنی لامەركەزییەت ئامادە بكرێن، بەڵام ڕەوشی ئێستەی ئەنبارەكان باش نییە بەتایبەتی لە زەبتكر دنی وەرگرتەو دەركردەی مومتەلەكات و جۆرە شلەژاوییەك لەكاردا هەیە لەگەڵ حاڵەتی زەبت نەكراوی جەردی ساڵانەیش. ئەمەیش پێویست بە گۆڕینی شێوازی ئێستەی كار دەكات لەگەڵ دەركردنی ڕێنمایی نوێ كە لەگەڵ خێرایی تەواوكردن و فرەوانبوونەوەی ڕووپێوی نوێی دەستەڵاتەكانی بەڕێوەبەرایەتییەكانی پەروەردە لە شارۆچكەكان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان لە پارێزگەكان بگونجێت.

2 ـ چاودێری دارایی، ئەویش بەڕێوەبەرایەتییەكە ڕاستەوخۆ بە بەڕێز وەزیرەوە گرێ دراوە. بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات پسپۆری و شارەزایی لە وردبینی داراییدا هەبێت، بەڵام چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتییەكە تەنیا زەبتكردنی پسوولەی خەرج

کردنی ژمێریاری بەپێی ڕێنمایە ڕەچاوکراوەکان لە خۆ دەگرێت.. باشتر وایە ئەدای بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ئاستی شیکردنەوەی بودجەی وەزارەت و چۆنیەتی خەرج کردنی و زانینی تەواوی بڕگەکانی کاری یەکە ژمێریارییەکان لە بەڕێوەبەراەتییەکانی پەروەردە بەرز ببێتەوە تا لەگەڵ دەستەڵاتە نوێیەکاندا هاوسان بکرێت کە بڕگەکانی لامەرکەزی کارگێڕی دەیانگرێتەوە کە وەزارەت لەمەولا پێڕەوی دەکات، ئەویش بۆ دڵنیابوون لە ڕێکوپێکی ئەدای یەکە ژمێرییارییەکان لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگەکان و ئەو دەزگەنەی سەر بەون.. هەموو ئەوەیش لە پێناوی زەبت کردنی بودجەی کۆتایی و ئامادەکاری لایەنە پێوەندیدارەکان لە وەزارەت بۆ پێشوازی کردن و وتووێژکردن لەگەڵ لیژنەکانی دیوانی چاودێری دارایی بە شەفافیەتێکی تەواو پیشەگرییەکی بەرزەوە.

3 ـ بەدواداچوونی کارگێڕی و سەرپەرشتیاری، کە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی بەودواداچوونی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەییە لە دیوانی وەزارەت، وێڕای ئەوەی کە زۆر گرنگە کەچی وەزارەت نەیتوانیوە کادیری بۆ دابین بکات، چونکە یەك فەمانبەر کاری تێدا دەکات ئەرکی ئاشکرای پێ نەسپێرراوە .. بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتەیش بەر لە ماوەیەك بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان پێشنیاری کرد لیژنەیەك لە فەرمانبەرە کارامەکان لە کۆمەڵێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە دیوانی وەزارەت پێك بهێنرێت تا میلاك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دابین دەکرێت و ڕێنمایی نوێ سەبارەت بە ئەرك و کارەکانی ئەو کارمەندانەی دەستنیشان دەکرێت، بەلام هێشتە پێشنیازەکە قۆناغی لێکۆڵینەوەی تێنەپەڕاندووە. لێرەوەیە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێك لامەرکەزی کارگێڕی و فرەوانکردنەوەی دەستەلاتەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە جێبەجێ دەکرێت.. چونکە حاڵەتە نوێیەکە بەدواداچوونی زۆرترو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانەو شەش مانگ جارێك و ساڵانەی پێویستە سەبارەت بەو پرۆژەو خول و چالاکییانەی لە وەزارەت و یەکەکانیدا پێشکەش دەکرێن و ڕوو دەدەن... جا لە پێناوی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەدا پێشنیاز دەکەم:

أ ـ میلاکی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون بەهێزبکرێت و ڕێنمایی نوێ دەربکرێت تێیدا ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەو کاری کارمەندەکانی ڕوون بکرێتەوە بە شێوەیەك لەگەڵ لامەرکەزیەتدا بگونجێت کە تێیدا دەستەلاتەکانی بەڕێوەبەرایەتییە

گشتییەکان دەگۆڕێت و کارەکە پێویست بە شێوازێکی نوێی چاودێری و بەدواداچوون دەکات.
ب ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوونی پاڵپشت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی پەروەردەیی سەرۆکایەتی بکات و ئەندامەکانی فەرمانبەری لێهاتوو بن و نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت بکەن وێڕای ئەندامێك لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن. ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئەمانە دەبن: وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتییان چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ دەگەنە وەزارەت یان ڕەوانەی وێب سایتی وەزارەت دەکرێن، هەروەها ئەوانەی لە ڕۆژنامەو میدیا جۆراوجۆرەکاندا بڵاودەکرێنەوە. لیژنە دەتوانێت لە ڕێگەی لایەنە پێوەندیدارەکانەوە لە وەزارەت هەر یەکەو بەپێی پسپۆری خۆی بە دەنگی حاڵەتە بەپەلەکانەوە بچێت کە پێویستە دوانەخرێن و پەلەیان لێ بکرێت. هەروەها لیژنەکە ڕاپۆرتی کاری مانگانەی خۆی بە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی ئەو شتە سەرەکییانەی تێدا بخاتە سەر ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی کە پێویستە لەو بڕگە سەرەکییانە بن کە ئەنجوومەنی وەزارەت ناوە بە ناوە لێیان دەکۆڵێتەوە.
ت ـ لە پێناوی کاراترکردنی ڕۆڵی لیژنەی پاڵپشتی ناوبراو، باشتر وایە ژووری پێشوازی لێ کردنی هاووڵاتییان لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە کاراتر بکرێت کە فەرمانبەری شارەزا کاری تێدا بکەن شارەزای هەموو جۆرە ئەو خزمەتگوزارییانە بن کە بەڕێوەبەرایەتییەکە بە هاووڵاتییانی پێشکەش دەکات و ئەو توانایەیان هەبێت وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانیان بدەنەوە یان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان یارمەتییان بدەن.. باشتر وایە ڕیزبەندی ژمارەی ئیلیکترۆنی پێڕەو بکرێت کە کاری ژوورەکە ئاسانتر دەکات و موراجیعەکان خۆشنوود دەکات، هاوکات مۆرکێکی شارستانیانە بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەرد دەبەخشێت. وێڕای ئەم خزمەتگوزارییانە سندووقی سکاڵای فەرمانبەران لەم ژوورە دەبێت و فەمانبەرەکان دەیکەنەوەو هەموو داواکارییەکان دەگەیەننە سەرچاوەکانی بڕیار.
**دووەم: پێوانەو هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە**
ئێستە لە وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی ڕاستکردنەوەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان هەیە، کە ئەرکەکانی تەنیا هەڵسەنگاندنی ئەزموونە ئەنجامدراوەکان و دەرهێنانی پلە پێوەرییەکانە.... ئەم کارەیش تەنیا پێوەندی بە ڕاستکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کاری بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکانی

پەروەدەوە نییە بەڵکو لە چوارچێوەی لامەرکەزیەتەوە کە وەزارەت پێڕەوەی دەکات دەستەڵاتەکانیان بەکاردەهێنن، بۆیە پێویستە ئاوڕ لەم خاڵە گرنگە بدرێتەوەو ڕەچاو بکرێت. جا لەپێناوی ڕاستکردنەوەی ئەو حاڵەتە نوێیەی لە ئاییندەیەکی نزیکدا سەرهەڵدەدات، پێشنیاز دەکەم لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی یەکێك لە ڕاوێژکارەکان پێکبهینرێت و یەکێك لە ئەندامەکانی شارەزایی لە بواری پێوانەو ڕاستکردنەوەدا هەبێت ماوەی یەك ساڵی ڕەبەق کاربکات و لەو ماوەیەدا ئەمانەی خوارەوە بکات:

1. دانانی سیاسەتێکی ئاشکراو ڕوون پشت بە بنەمای پەروەردەیی ببەستێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای وەزارەت و چاکترکردنی جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بواری کارگێڕی و دارایی و تەکنیکیدا پێشکەشیان دەکات. دەشێت کار بەم سیاسەتە بکرێت تا بەڕێوەبەرایەتییەك پێکدەهێنرێت یان بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری پەرەی پێ دەدرێت کە بتوانێت بەرپرسیاریەتی هەڵسەنگاندن و چاکترکردنی ئەدای وەزارەت لە ئەستۆ بگرێت.

2. کۆکردنەوەی ئاماژەکان و ڕاپۆرتەکانی چاودێری و پرۆگرامەکانی سیاسەتە پەروەردەییەکان و ئاکامەکانی ڕاوەرگیریەکان لەلایەنە پێوەندیدارەکان لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کە ئەمانە دەگرێتەوە: (ئامار، پلاندانان، بەدواداچوون، سەرپەرشتیاری، نەهێشتنی نەخێندەواری فێرکردنی گەورەکان، ڕێبەرایەتی پەروردەیی ..) هەروەها چاودێری ئەنبارکردن و دارایی ئەگەر پێویستی کردو بە فەرمانی بەرێز وەزیر.

3. پاش ئەوەی بنەمای زانیاری تەواو بۆ دوایەمین جار مشتومالّ دەکرێت بەپێی شێوازە زانستییەکان شی دەکرێنەوە بۆ ئەوی لە ڕووی ئاکام و ڕاسپاردەکانەوە تەواو بن و بە شێوەیەك بتوانرێت لە بڕیار وەرگرتن پشتیان پێ ببەسترێت و بە سەرچاوەیەك دابنرێن لە پلاندارێژی سیاسەتە پەروەردەییە نوێیەکاندا پشتی پێ ببەسترێت.

لەبەر تیشکی تەواوکاری ئەڵقەکانی بازنەی کارگێڕی کە لەسەرەوە ڕوون کراوەتەوە کارکردن بە (پرەنسیپی مەرکەزییەت لە پلاندارێژی و لامەرکەزییەت لە جێبەجێ کردندا) ئاسان دەبێت کە هەنگاوێکی سەرەتایی و دروستە لەسەر ڕێگەی دروست بۆ بەدیموکراسی کردنی وەزارەت و چوونە ناو قۆناغی پرۆگرامی فێرکردنی کاریگەر و پەروەردەی زیرەك لە فرەوانترین دەروازەکانییەوە.

## پاشكۆی ژمارە ( 1 )

### دەقی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (7588)ی ڕۆژی (1-7- 2010)

بەمەبەستی کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی سنووری پارێزگەکان و یەکە ئیدارییەکانی دیکەو بەرجەستەکردنی پرنسیپی دابەزاندنی دەسەڵات و پیادەکردنی لامەرکەزی ئیداری، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی 2010/7/4، پێویستە وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیرە پێوەندیدارەکان لانی کەم ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە دابەزێنن بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە سنووری پارێزگەکان و بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی بەڕێوەبەری گشتییان لە دیوانی وەزارەتەو بەڕێوەبەرێتییان لە سنووری پارێزگەکان هەیە، لەکۆتایی ساڵدا پێداچوونەوە بۆ جۆری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەکرێت:

**یەکەم: دەسەڵاتە داراییەکان:**

1 ـ پاکتاوکردنی پێشینەی کۆتایی پرۆژەکانی بودجەی سەرمایەداری تا بڕی (250000000) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار لەسەر تەرخانکراوی پشتیوانی کراو لە خەرجییەکانی پرۆژە سەرمایەدارەکان بەپێی برگەکانی گرێبەست و ڕێنماییە پێوەندیدارەکان و ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی پلاندانان لەکاتی تەمویل.

2 ـ پاداشت کردن بۆ (غیر عاملین) تا بڕی (100000) سەد هەزار دینار لە سنووری بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە، بەپێی ڕێنماییە پێوەندیدارەکان و لەبەرانبەر کارێکی بەرژەوەندی گشتی دیاریکراو و بەمەرجێك دووبارە نەبێتەوە بۆ هەمان کەس بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدات لە دوو مانگی لە دوای یەك و لەهەموو کاتێکدا نابێت ساڵانە لە 2000000 دوو ملیۆن دینار بۆ هەمان کەس تێپەڕ بکات.

3 ـ بەخشینی پاداشت بە فەرمانبەرانی پارێزگە و ئیدارەی گەرمیان تا بڕی (150000) سەد و پەنجا هەزار دینار و بەپێی ڕێنماییە پێوەندیدارەکان و

لەبەرانبەر کارێکی بەرژەوەندی گشتی دیاریکراو و بەمەرجێك دووبارە نەبێتەوە بۆ هەمان کەس بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدات لە دوو مانگی لەدوای یەك و لەهەموو کاتێکدا نابێت ساڵانە لە 2000000 دوو ملیۆن دینار بۆ هەمان کەس تێپەڕ بکات.
4 ـ خەرج کردن لەسەر فەسلی (4) تایبەت بە (صیانە الموجودات الپابتە).
5 ـ کڕینی کەلوپەل و مەوجوداتی جێگیر تا بڕی (20000000) بیست ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك بەپێی پشتیوانەی پەسەندکراوی بودجە، جگە لە کڕینی ئۆتۆمبێل کە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان دەبێت.
6 ـ گەڕانەوە (ردیات)ی داهاتی زیادە وەرگیراو تا بڕی (5000000) پێنج ملیۆن دینار.
7 ـ خەرج کردنی پێشینەی هاوسەرگیری بەپێی ڕێنماییە داراییەکان.
8 ـ خەرج کردنی هاوکاری پرسە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان.
9 ـ خەرج کردنی پارەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و ئینتەرنێت بەپێی پسوولە.
10 ـ خەرج کردنی پارەی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان (گاز و بەنزین) بەپێی پسوولە و پێداویستی.
11 ـ کڕینی پێداویستییە پەڕاوگەییەکان (القرگاسیە) بەپێی پێویست تا بڕی (5000000) پێنج ملیۆن دینار مانگانە.
12 ـ خەرج کردنی پێشینەکان (سلف) بۆ کۆمپانیا و بەڵێندەران بەپێی بڕگەکانی گرێبەست و بە ڕەچاوکردنی مەرجە گشتییە کارپێکراوەکانی کاری بەڵێندەرایەتی گشتی.
13 ـ خەرج کردنی کرێی ماندووبوونی پارێزەران بەپێی بڕیاری دادگەی پلە کۆتا.
14 ـ خەرج کردنی دەرماڵەی فەرمانبەران بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.
15 ـ چاککردنی خەرجی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان بەبڕی (5000000) پێنج ملیۆن دینار بەپێی کەشف بۆ هەر حاڵەتێك.
16 ـ چاککردنی ئامێری ساردکەرەوە و ئامێری ساردکەرەوەی مەرکەزی تا بڕی (50000000) پەنجا ملیۆن دینار.
17 ـ بەکرێگرتنی خانوو بەپێی پێویست بۆ بەرژەوەندی گشتی.
18 ـ بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل و پاس و ئامێر (شۆفەڵ و گرێدەر و قەلابە) بۆ ماوەی پێویست کە نابێت لەهیچ کاتێکدا لە ساڵێك زیاتر بێت و بەبوونی پشتیوانەی تەرخانکراوی بودجە.

19 ـ بانگەوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و کردنەوەو شیکردنەوەی تەندەرەکان و ئیحالەکردنی بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان تا بڕی (5) پێنج ملیۆن دۆلار.

20 ـ پەسەندکردنی گۆڕانکاری لە برگەکانی پرۆژەکان بە ڕێژەیەك لە (4%)ی بڕی تێچووی پرۆژەکە کەمتر نەبێت بەپێی ئەو مەرج و زەوابتانەی لە مەرجە گشتییەکانی کاری بەڵێندەرایەتی و ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا هاتووە.

21 ـ پێدانی ماوەی زیادە بۆ تەواوبوونی پرۆژەکان بۆ ماوەیەك کە لە ڕێژەی 20%ی گرێبەستەکە تێپەڕ ناکات و بەپێی برگەکانی گرێبەست و بە هەبوونی پاساوی گونجاو و یاسایی و بەپێی مەرجە گشتییەکانی کاری بەڵێندەرایەتی.

22 ـ چاککردنی دامەزراوە ئاوییەکان و کارەباییەکان تا بڕی (25000000) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

23 ـ ئیتلافکردنی ماڵی گواستراوە بەپێی ڕێنماییەکان و بەکارهێنانی گشت دەسەڵاتەکانی وەزیر لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (32) ساڵی 1986 هەمووارکراو، تەنیا بۆ ئەو موڵك و ماڵانەی نرخی خەملاندنیان دەگاتە بڕی (5000000) پێنج ملیۆن دینار، پەسەندکردنی کۆنووسەکانی خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ناوبراو، جگە لە موڵکە نەگواستراوەکان و ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان.

24 ـ دەسەڵاتی خەرج کردنی مووچەی مۆڵەتی ئاسایی کۆکراوە تا (180) سەد و هەشتا ڕۆژ پاش خانەنشین کردنی فەرمانبەر.

25 ـ خەرج کردنی پارەی ئیفادی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

26 ـ خەرجکردن تا بڕی 1000000 یەك ملیۆن دینار بۆ بۆنەو ئاهەنگ و میوانداری.

**دووەم: دەسەڵاتە کارگێڕییەکان:**

1 ـ پێدانی دەسەڵاتی زێدە مووچە (علاوە) و بەرزکردنەوەی پلە (ترفیع)ی فەرمانبەران تا پلەی وەزیفی (4) و بەرەو خوار بەپێی ڕێنماییەکان و بەپێی شایستە بوونی یاسایی و بڕوانامەو ساڵانی خزمەت و هەبوونی پلەی چۆڵ لە میلاکدا.

2 ـ پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (1) یەك ساڵ و نابێت لەهەموو کاتێکدا بە کۆکراوەیی لە (3) سێ ساڵ زیاتر بێت و بڕینی ئەو مۆڵەتەو دەستبەکاربوونەوەی فەرمانبەر.
3 ـ ئاراستەکردنی سوپاس بۆ فەرمانبەران بەپێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران (انچباگ موقفی الدولە) ژمارە 14 ساڵی 1991.
4 ـ تەرقین قەیدکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە کۆچی دواییان کردووە.
5 ـ جێگیرکردنی فەرمانبەران دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونیان.
6 ـ جێگیرکردنی تەمەنی فەرمانبەران.
7 ـ پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بۆ گشت پلەکان بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی (90) ڕۆژ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.
8 ـ ناردنی فەرمانبەران بۆ لیژنە پزیشکییەکان و پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی.
9 ـ ئیمزاکردن لەسەر گشتاندن و نووسراوەکان جگە لەو نووسراوانەی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی نەبەستراون بە وەزارەتەوە دەکرێت.
10 ـ ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیش و کاری فەرمی لەناو هەرێم و عیراق بۆماوەی (20) ڕۆژ.
11 ـ پێکهێنانی لیژنە پێویستەکان کە لە یاسا و ڕێنماییەکاندا هاتووە وەك لیژنەی کڕین و کردنەوەی تەندەر و شیکردنەوە و لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتن و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە...تاد.
12 ـ گواستنەوەو تەنسیب کردنی فەرمانبەران لە پلەی (3) بەرەو خوارەوە لەسنووری دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە.
13 ـ ڕەزامەندی بۆ بەشداربوون لە تۆڕی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەکان بەپێی تەرخانکراوی بودجەو بەپێی پێویست.
14 ـ پێدانی مۆڵەتی دایکانەو منداڵ بوون.

**سێیەم:**

بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەسەڵاتی دابەزاندنی هەندێك لەو دەسەڵاتانەی سەرەوەیان هەبێت بۆ ئاستەکانی خوار خۆیان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خۆی.

**چوارەم:**

سەرجەم ئەو دەسەڵاتەی سەرەوە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە پیادەکردنیان بەکاردەهێنرێن.

**پێنجەم:**

دەسەڵاتە داراییەکانی سەرەوە لەسەر بنەمای پشتیوانەی تەرخانکراو لە بودجەی پەسەندکراودا دەبێت و نابێت تێپەڕێت لەو بودجەیەو بە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.

**د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**پاشکۆی ژمارە ( 2 )**

**دەقی فەرمانی وەزاری ژمارە (267) لە (2012/7/23)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیار درا:ـ
بەپێدانی ئەم دەسەڵاتەی کە لەهاوپێچدا هاتووە بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگەکان سەرەڕای ئەو دەسەڵاتانەی هەیانەو، لەبەرواری 2012/7/25 جیبەجێ بکرێت.

## کۆنووس

شوێن و کات: پاشکۆی وەزارەت / ساعەت 9:30 ی ڕۆژی 4-7-2012
بەشداربووان: لیژنەی دەستنیشانکردنی دەسەڵات بە تەواوی ئەندامەکانییەوە.
بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (166 لە 21-6-2012) لیژنەکەمان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی سازداو بەپێی پێویست پێوەندی و گفتوگۆکان تا ڕۆژی (9-7-2012) بەردەوامبوون و کارەکانیشی بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:

**یەکەم:** لە هەنگاوی یەکەمی پێدانی دەسەڵاتەکانەوە، جەخت لەسەر هەندێك حاڵەتی کارگێڕی و دارایی بکرێت، کە زۆر پێویستن لەم قۆناغەدا جێبەجێ بکرێن، ئەوانیش جەنابی وەزیر لە دەسەڵاتەکانی خۆیەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان دابەزێنێت.

**دووەم:** هەندێك لە دەسەڵاتەکانی جەنابی وەزیر کە دەکرێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت بدات، وەکو:

**1. دەسەڵاتە کارگێڕییەکان:**

ـ ئا- ئیمزاکردن لەسەر هەموو نووسراوو لێدوانەکانی ڕەسمی کە ئاراستەی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەکرێن.
ـ ئیمزاکردن لەسەر هەموو نووسراوو لێدوانەکانی ڕەسمی کە ئاراستەی وەزارەتەکانی دیکەی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەکرێن (لە جیاتی وەزیر) جگە لەوانەی ئاراستەی نووسینگەکانی وەزیرە بەڕێزەکان و ئەنجوومەنی نیشتیمانی و ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێن.
ـ ئیمزاکردن لەجیاتی وەزیر لەسەر هەموو فەرمانە وەزارییەکانی پێوەندی بە کاروباری کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خۆیەوە هەیە، جگە لە ( فەرمانەکانی دامەزراندن و گەڕانەوە بۆ سەر کار).

**2.دەسەڵاتە داراییەکان:**

لەبەر نەبوونی یەکەکانی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت (جگە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەزموونەکان، و لەپێناو ڕاپەڕاندنی کارە پێویستییەکانی ڕۆژانەیان بۆ هەر یەکێکیان مانگانە:

ئا- پێشینەیەك بە کۆژمەی (500000) پێنج سەد هەزار دینار وەکو خەرجی وردەکارییەکان تەرخان دەکرێت و بەپێی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی سەرف دەکرێت.

ب- پێشینەیەك بە کۆژمەی (500000) پێنج سەد هەزار دینار بۆ پاداشت کردنی کارمەندە لێهاتووەکان تا بڕی (100000) سەد هەزار دینار بە مەرجێك لە بەرانبەر کارێکی بەرژەوەندی گشتی دیاریکراو بێت و لە دوو مانگی لەدوای یەکدا بۆ هەمان کەس دووبارە نەبێتەوە.

پ - بەڕێوەبەرایەتیی گشتی دیوان ئەم هەردوو بڕگەی سەرەوە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان ڕێك دەخات.

**سێیەم:** هەندێك لە دەسەڵاتەکانی جەنابی وەزیر کە دەکرێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان بدات، وەکو:

**1. دەسەڵاتە کارگێڕییەکان:**

- پێدانی زێدە مووچە (علاوة) و بەرزکردنەوەی پلە (ترفیع)ی فەرمانبەران تا پلەی وەزیفی (4) و بەرەو خوار بە پێی ڕێنماییەکان و بەپێی شایستەبوونی یاسایی و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت و هەبوونی پلەی چۆل لە میلاکدا.
- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بۆ گشت فەرمانبەران بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی (90) نەوەد ڕۆژ لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات و بەپێی ڕێنماییەکان.
- پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (2) دوو ساڵ و بڕینی ئەو مۆڵەتە و دەست بەکاربوونەوەی فەرمانبەر.
- پێدانی مۆڵەتی (حەج و عەمرە) بۆ ماوەی (30) سی ڕۆژ بۆ گشت فەرمانبەران، جگە لە مامۆستایان کە دەبێت مۆڵەتی عەمرە لە کاتی پشووی هاویندا بێت.
- دانان و تەکلیف کردن و بەخشینی بەڕێوەبەری بەشەکان.

ـ جیگیرکردنی بەڕێوەبەری پەروەردەکان و یاریدەدەرەکانی بەڕێوەبەری گشتی پاش دڵنیابوون لە توانایی و دڵسۆزییان لەماوەی دیاریکراودا.

ـــ ئاراستەکردنی سزای (ئاگادارکردنەوە) بۆ بەڕێوەبەری پەروەردەکان و یاریدەدەرەکانی بەڕێوەبەری گشتی.

ـ پێدانی نووسراوی پشتگیری بۆ قونسوڵخانەکان لە سنووری پارێزگەدا.

ـ گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەرانی خزمەتگوزار لە بەردەستەوە بۆ باغەوان یان پاسەوان و بەپێچەوانەیشەوەو بەپێی بەرژەوەندی گشتی و ڕێنماییەکان.

ـ ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیش و کاری فەرمی لە ناو هەرێم و عیراق بۆ ماوەی (20) بیست ڕۆژ.

ـــ گواستنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە نێوان دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان بەپێی لاری نەبوون و ڕەزامەندی هەردوو لایەن دەبێت و تەنیا دانەیەك لە فەرمانەکەیان وەکو ئاگادارکردنەوە بۆ وەزارەت دەنێررێت.

ـ پێکهێنانی لیژنە پێویستەکان کە لە یاسا و ڕێنماییەکاندا هاتووە، وەکو لیژنەی کڕین و کردنەوەی تەندەر و شیکردنەوەو لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتن و لیژنەکانی لێکۆلینەوە...تاد.

**2 ـ دەسەلاتە داراییەکان:**

ـ بانگەوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و کردنەوەو شیکردنەوەی تەندەرەکان و ئیحالەکردنی بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان تا بڕی (5) پێنج ملیۆن دولار.

ـ پەسەندکردنی گۆڕانکاری لە برگەکانی پرۆژەکان بە ڕێژەیەك لە (4٪)ی بڕی تێچووی پرۆژەکە کەمتر نەبێت بە پێی ئەو مەرج و بەرزەفتانەی لە مەرجە گشتییەکانی کاری بەلێندەرایەتی و ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا هاتووە.

ـ پێدانی ماوەی زیادە بۆ تەواوبوونی پرۆژەکان بۆ ماوەیەك کە لە ڕێژەی (20٪)ی گرێبەستەکە تێپەڕ نەکات و بەپێی بڕگەکانی گرێبەست و بە هەبوونی پاساوی گونجاو و یاسایی و بەپێی مەرجە گشتییەکانی کاری بەلێندەرایەتی.

ـ پاداشت کردنی فەرمانبەرە لێهاتووەکان تا بڕی (100000) سەد هەزار دینار بە مەرجێك لە بەرانبەر کارێکی بەرژەوەندی گشتی دیاریکراو بێت و لە دوو مانگی لەدوای یەکدا بۆ هەمان کەس دووبارە نەبێتەوە.

ــ بەکرێگرتن و نوێکردنەوەی گرێبەستی بینایە بۆ قوتابخانەکان تا بڕی (20000000) بیست ملیۆن بۆ هەر حاڵەتێك.
ـ کڕینی کەلوپەلی کۆپی و کۆمپیوتەر تا بڕی (30000000) سی ملیۆن دینار و بەپێی ڕێنماییەکان.
ـ خەرج کردنی پارەی ئیفادی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.
ـ خەرج کردنی هاوکاری پرسەکانی فەرمانبەران تا بە بڕی (350000) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حاڵەتێك.
ـ خەرج کردنی تا بڕی (1000000) یەك ملیۆن دینار بۆ بۆنەو ئاهەنگ و مێوانداری.
ـ چاککردنی دامەزراوە ئاوییەکان و کارەباییەکان تا بڕی (25000000) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

**چوارەم:** بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەسەڵاتی دابەزاندنی هەندێك لە دەسەڵاتەکانیان هەبێت بۆ ئاستەکانی خوار خۆیان و هەر یەك لە سنووری بەڕێوەبەرە گشتییەکەی خۆی.
**پێنجەم:** سەرجەم ئەو دەسەڵاتانەی سەرەوە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە پیادەکردنیان بەکار بهێنرێن.
**شەشەم:** دەسەڵاتە داراییەکانی سەرەوە لەسەر بنەمای پشتیوانەی تەرخانکراو لە بودجەی پەسەندکراودا بێت و نابێت لەو بودجەیە تێپەڕێت و بە پێی پێڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان بێت.
**حەوتەم:** ئەم دەسەڵاتانەی سەرەوە وەکو قۆناغی یەکەم جێبەجێ بکرێن و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەتوانن بە ڕا و بۆچوونیان هەموو گرێ و ئاستەنگەکان لەبەردەم ڕاپەراندنی کارەکانیان دەستنیشان بکەن و ڕێگەچارەی گونجاویشیان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە قۆناغەکانی دیکەدا دیراسەت بکرێن و هەرجارێك کۆمەڵێك لە دەسەڵاتەکان دابەزێنرێن تا بە تەواوەتی بەڕێوەبردنی لامەرکەزیەت لە وەزارەتی پەروەردە پێڕەو دەکرێت.

**ئەندام** **سەرۆکی لیژنە**

عەبدولعەزیز سەرحان
ب. گشتی فێرکردنی بنەڕەتی
ئەندام

ئەحمەد سمایل ڕەحمان
ب. گشتی فێرکردنی ئامادەیی
ئەندام

مەریوان بەگۆك عەزیز
ب. گرێبەستەکان

د. ئەحمەد قەرەنی
ڕاوێژکار

**لەبەر گرنگی ئەم بابەتە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە، هەروەها بەردەوامبوونی پرۆسەی دابەزاندنی دەسەڵاتەکان لەناوەندە کارگێڕییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، بە پێویستی دەزانین کە گۆڤارەکەمان لەژمارەکانی داهاتوویشدا هەموو نوێکارییەکانی ئەم پرۆسەیە دیکۆمێنت بکات.**

**ـ ماویەتی ـ**

# خاڵە لاوازەکانی میکانیزمی ئێستای بەڕێوەبردنی پەروەردە

ن: تاریق ئەحمەد
و: پەروەردەو فێرکردن

## 1ـ دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانی زانیاری

لە بەڕێوەبردنی هەر دەزگە یان ڕێکخراوێکدا زانیاری بە کۆڵەگەی بنەڕەتی دەژمێررێت، هەر لەسەر بناغەی ئەو زانیارییانەیە بڕیار وەردەگیرێت و سیاسەت دادەڕێژرێت، هەر کاتێك زانیارییەکان لە ڕووی جۆرەوە ورد بوون و لە ڕووی چەندایەتیشەوە توکمە بوون، ئەو کات بەدیهاتنی ئامانج و گەیشتن بەو ئەنجامانە بە باشترین ڕێگە دەبێتە مەبەستێکی ئاسان و بە ڕێژەیەکی بەرزیش مسۆگەر دەبن، لەبەر ئەوەی ڕێڕەوو ڕووگەی قۆناغەکانی جێبەجێ کردن ڕوون و ئاشکرا دەبن و، هیچ تەگەرە یان کێشەیان تێناکەوێت لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی دروست دامەزراون ـ لەسەر گریمانەی چەسپاوی هۆکارەکانی دیکە کە کار لە کارەکە دەکەن ـ. هەروەها دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانی زانیاری لە کاتی گونجاودا ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی پەردە لادان لە ڕووی هەر چەوتییەك و ڕاستکردنەوەی هەیە بەوەی کە ئەرکی چاودێری کردن بەڕێوە دەبات کە شان بە شانی کارەکە بەرەو پێشەوە دەچێت، بە مەبەستی پەی بردن بە شوێنەکانی

کەموکورتی بۆ ئەوەی لایان بەرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێت و خاڵە بەهێزەکان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پتەوتریان بکات و بە شێوەیەك پاڵپشتییان بکات هۆکاری بەردەوامبوون و کاریگەرییان مسۆگەر بکات. هەروەها بە هۆکارێکی بنەڕەتی جێکردنەوەی گۆڕانکارییەکان دادەنرێت بێ ئەوەی کار لە ئامانج و سیاسەتەکانی بکات.

دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانی زانیاری تەنیا بە یەك سەرچاوەوە پەیوەست نییە، بەڵکو سەرچاوەو کەناڵی جۆراوجۆر هەن دەشێت سوودیان لێ ببینرێت و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پشتیان پێ ببەسترێت، ئاماژەیش بەوە دەکرێت کە بەرزبوونەوەی ژمارەی کارمەندانی پسپۆر لەم بوارەدا کار لەسەر وردی و نایابی و خێرایی دەستەبەربوونی زانیارییەکان دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەیشە کە زانیارییەکان لەیەك بواردا بەرتەسك ناکرێنەوە، بەڵکو دەبێت بە پێی بواری بەکارهێنانیان تاوتوێ بکرێن، بۆیە قسەکردن لەبارەی ئەم برگەوە ئەو تەوەرە بنەڕەتییانە دەگرێتەوە، کە پێوەندییان بە پرۆسەی پەروەردەکردن و واقیعی ئێستەی پەروەردەییەوە هەیە، کە دەشێت لە سێ تەوەری بنەڕەتیدا کورت بکرێتەوە، کە ئەمانەن:

**ئا. پلاندانان بۆ خزمەتگوزاری فێرکردن:** ئەم تەوەرە پێوەندی بە پێشبینییەکانی دوارۆژو ئامارو مەزەندە تایبەتییەکانی لەمەڕ گەشەسەندنی دانیشتوان و دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە تەمەن و ژمارەیە هەیە کە پرۆسەی فێرکردن دەیانگرێتەوە، ئەویش لە پێناوی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان لە تەلاری فێرگەو میلاکی وانەگوتنەوەو فێرکردن و پێداویستی بنەڕەتی پەروەردەیی لە کتێب و کاغەزو شتی دیکە بۆ ئەوەی بخرێنە چوارچێوەی پلانی وەبەرهێنانەوە لە وەزارەتی پەروەردە.

گرنگترین و دیارترین ئەو سەرچاوانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئامادەکردنی زانیاری تایبەت بەم لایەنە پشتیان پێ دەبەستێت دەزگەی ناوەندی ئامارە، کە دەزگەیەکی حکوومییەو بەوە ناسراوە ئەو زانیارییانەی پێشکەشیان دەکات زۆر وردن، چونکە واقیع سەلماندوویەتی ئەو ئامارانەی لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوودا پێشکەشی کردوون، بەڕێژەیەکی زۆر بەرز، لە ڕووی چەندو چۆنەوە، لەگەڵ ڕاستیدا

هاوسانن، بۆیە وەزارەتی پەروەردە بەردەوام پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، چ بە شێوەیەکی مەزەندکراو یان بە شێوەی سەرژمێری تەواوەتی بێت.

سەرچاوەیەکی دیکەیش هەیە کە وەزارەتی پەروەردە پشتیان پێ دەبەستێت ئەویش تایبەتە بەو منداڵانەی کە لە یەکەمین پۆلی سەرەتایی بۆ ساڵی ئایندە وەردەگیرێن، ئەویش بەوەی کە دەستەی فێرکردن لە فێرگە سەرەتاییەکان پرۆسەیەکی سەرژمێری سەرتاسەری لە ناوچە یان شوێنە جوگرافییەکەی سەر بە خۆیان بۆ ئەو منداڵانە ئەنجام دەدەن کە دەگەنە تەمەنی چوونە بەر خوێندن و، ئەو زانیاری و ئامارانە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دەکەن، کە ئەویش لای خۆیەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پەروەردەیی لە وەزارەت بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو پلانی وەبەرهێنانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە. ڕەوشی ئیستەی ئەم تەوەرە دووچاری هیچ کێشە یان بەربەستێك نەبووە چونکە کار تێدا کردنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو بەڕێوە دەچێت و، ئەو زانیارییانەی لەو بارەشەوە دەگەن زۆر وردو تەواون، دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانیشیان لە کاتێکی گونجاودا بۆ ئەوە دەشێت بۆ پلان داڕشتن بۆ دواڕۆژ بەکاربهێنرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت.

**ب. نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدان:** ئەم تەوەرە ئەو زانیارییە تایبەتیانەی پەیوەست بە پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەی پرۆسەی پەروەردە دەگرێتەوە بە هەموو بنەماکانیەوە لە ڕووی پرۆگرام و شێوازی وانەگوتنەوەو مەشقی دەستەی وانەبێژی و فێرکاری و تێکەڵ کردنی ئەزموون و جۆری نوێ لە فێرکردن و شتی دیکە. زانیارییەکانی تایبەت بەم تەوەرە لە زۆر سەرچاوەوە وەردەگیرێن کە خۆیان لە دەزگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ئەندامانی دەستەکانی وانەبێژی و فێرکاری و پسپۆرانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەوانەی لە وەزارەتی پەروەردە کاردەکەن و، بەشداربووانی وۆرك شۆپەکان بەرجەستە دەبێت. ئەو لایەنانە لێکۆڵینەوەو توێژینەو ڕاپۆرت و پێشنیازەکانیان لە ڕێگەی کەناڵە کارگێڕییەکانەوە بە لایەنە پێوەندیدارو پسپۆرەکان دەگەیەنن، ئەوانیش لای خۆیانەوە پرۆژەکان هەڵدەسەنگێنن و پێداویستی بنەڕەتییان بۆ دابین دەکەن بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێ کردنیان بکەن.

ڕەوشی ئەم تەوەرە بە گشتی بە دەستی هەندێك سستییەوە لە ڕووی جۆری و خێرایی دەستەبەرکردنی زانیارییەوە دەناڵێنێت، کە ئەمانەن:ـ

لــە ڕووی جۆرەکییــەوە هۆیەکــە بــۆ نــەتوانینی گواســتنەوەی بیرۆکەکــە یــان تاقیکردنەوەو ئەزموونەکە بە شێوەیەکی دروستانە دەگەڕێتــەوە چــونکە زۆربــەی پاڵێوراوان بۆ ئەم پلەو پایەیانە لە کەسانی ناپسپۆرن، ڕوانینی ڕوونیان لەمەڕ ئــەو ڕۆڵەی خۆیان نییە کە دەیگێڕن و ئەو بەرپرسیارییەتییانەی پێیان ڕاسپێرراوەو، ئەو شارەزاییەشیان نییە بتوانن ئەو ئەرکانە بەرەو پێشەوە ببەن کە پێیان ڕاســپێرراوەو ئەزموونەکان بە شێوەی دروست بگوێزنەوە.

هەرچی سەبارەت بە خێرایی دەستەبەرکردنی زانیارییە ئەوە پێوەندی بە زنجــیرەی کارگێڕی و بازنەکانییەوە هەیە، ڕەوشەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئــەم هەنگاوانــە دەبنە هۆی دواکەوتنی دەستەبەربوونی زانیارییەکان و ڕێ لــەوە دەگــرن لــە کــاتی گونجاودا بە دەستی خاوەن بڕیارەکان بگەن، ئەمەیش دەبێتە هــۆی لەدەستــچوونی ئەو هەلانەی کە دەشێت بقۆزرێنەوەو ســوودیان لــێ وەربگیرێــت، بۆیــە هــەبوونی زانیاری و دەستەبەربوونی بۆ ئەم تەوەرە بەدەستی ئەوەوە دەناڵێنێــت کــە شــێوەی ورد لەخۆناگرێت و سستەو لەکاتی گونجاودا بەدەست ناگات.

**پ. تەوەری بەدواداچوون و هەڵســەنگاندن:** ئــەو زانیارییانــەی پێوەنــدییان بــەم تەوەرەوە هەیە بەوە دەناسرێن کە زۆر گرنگن، چونکە پێوەندییان بــە قۆناغــەکانی جێبەجێ کردن و هەڵسەنگاندنی ئەداکردنــەوە هەیــە، ڕاســتەوخۆ پێوەنــدییان بــە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییەوە هەیەو دەشێت بگوترێت کە بریتییە لــە چــاودێرییەکی ڕاستکردنەوە، لایەنی لاوازو کەموکوڕی کارەکە دەردەخات و یارمەتی ئەوە دەدات لــەکاتی گونجــاودا بڕیــاری دروســت وەربگیرێــت. بەرپرســانی بەدەســتهێنان و دەستەبەرکردنی ئەم زانیارییانە خودی پــشکنەرو سەرپەرشــتیارانی پــەروەردەیی و کارگێڕی و بەڕێوەبــەرانی بەشــەکانن وێــڕای لایەنــەکانی دیکــەی چــاودێری، ئــەم لایەنانە بە ئاستی جیاجیانەوە زانیــاری لــەبارەی ڕەوشــی کــارو ئاراســتەو ئــەدای کارمەندانەوە بە کارگوزارانی باڵا لە دیــوانی وەزارەت یــان بەڕێوەبەرایەتییــەکانی گــشتی پــەروەردەی پارێزگــەکان یــانیش بەڕێوەبەرایــەتی پــەروەردەی قــەزاکان دەگەیەنن. ڕەوشی ئەم زانیاراییانە ئاماژە بەوە دەکەن کــە ورد نــین لەبــەر ئــەوەی پێوەندیداران توانای ئەوەیان نییە بە وردی شوێنەکانی کەموکورتی و ئەو کێــشانە دەستنیشان بکەن کە لە کارەکەدا دەردەکەون ئەویش بەندە بە ئاستی لێهاتووییــان

جگە لە دواکەوتنی گەیشتنی زانیارییەکانی دیکە، ئەمەیش نیگەتیڤانە کار دەکاتە سەر پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار لای سەرانی باڵا.
ڕەوشی پرۆسەی دەستکەوتن و دەستەبەربوونی زانیاری بە دەستی چەند کێشەیەکی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێت لە هەندێك لە پێکهاتەکانیدا بەهۆی لێنەهاتوویی هەندێك لەکارمەندان لەم بوارەداو ئەوەی لەو ئاکامەوە دێتە کایەوە کە زانیارییەکان ورد نین سەرەڕای تەگەرەو کۆسپ و ئەڵقەی بازنە کارگێڕییەکان کە دەبنە هۆی دواکەوتنی گەیشتنی زانیارییەکان بە دەستی لایەنە پێوەندیدارەکان لە کاتی کونجاودا، ئەمەیش نیگەتیڤانە بەسەر جێبەجێ کردنی پلان و پرۆگرام و هەڵسەنگاندنی ئەدادا ڕەنگ دەداتەوەو تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەدا دروست دەکات و ناهێڵێت بڕیاری گونجاو لە کاتی گونجاودا بێتە وەرگرتن.

## 2ـ پێوەندی و نووسراوە گۆڕین و ڕاگەیەنراوەکان

وەزارەتی پەروەردە لە ئاستە جۆراوجۆرە کارگێڕییەکانیدا پشت بە نووسراوی فەرمی دەبەستێت کە خۆیان لە نووسراوو فەرمانی کارگێڕی و وەزاری و ئەو یادداشتانەدا دەبیننەوە کە ڕاگەیەنراوو ڕێنمایی و فەرمان لەخۆدەگرن بە هەموو جۆرەکانیانەوە ئەویش وەك دەزگەو وەزارەتەکانی دیکە. شتێکی ئاساییە بە شێوەیەکی گشتی ئەم نووسراوانە بکەونە ژێر کاریگەری بارودۆخی دەوروبەری کارمەندان لەو بوارەداو بە خودی ڕەوشی کارکردنەوە. ڕەوشی ئێستەی پێوەندی و ڕاگەیەنراوەکان مۆرکی دواکەوتنی پێوە دیارە لە گەیشتن بە لایەنە پێوەندیدارەکان لە کاتی دیاریکراودا بە هۆی ئەو زنجیرە هەنگاوانەی پرۆسەی تەواوکردنەکە دەیانخایەنێت، هەر لە پرۆسەی تەواوکردنەوەکەوە بگرە تا دەگاتە ئامادەکردنی ڕێنماییەکەو تا کاتی دەرچوونەکەی، وێڕای لاوازی ژێرخان لەم ڕووەوە، لە ڕووی دەستەبەربوونی هۆیە نوێیەکانی پێوەندی و گەیاندن وەك تۆڕی ئینتەرنێت و ئەو پسپۆڕانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، لەگەڵ نەبوونی ڕێگەو کەناڵی دیکەی پێوەندی و گەیاندن.

جێی ئاماژەیە کە هەبوونی بەربەستێکی دیکە کار لە پرۆسەی ئەو ڕێنماییانـە دەکات کە بە شێوازە ڕەخساوەکان ڕادەگەیەنرێن ئەویش پێچەوانەی ڕێنماییەکانـە، چونکە چەند ڕێنماییەك دەردەچن بەرانبەر بـەویش چـەند ڕێنماییـەك لەلایـەنێکی دیکەوە دەردەچن پێچەوانەی ئەوەی یەکەمن، ئەوەیش دەبێتـە هـۆی تێکـچوون و دواخستنی کارەکە، هۆی ئەوەیش بۆ هەماهەنگی نەکردن و تێکـەڵبوونی ئـەرك و دەسـتەڵاتەکان دەگەڕێتـەوە، جگـە لـە دواکـەوتنی تـەواوکردن و گەیانـدنی ڕاگەیەنراوەکان کە ئەم تەوەرەی پێ دەناسرێت، ئەوەیش پێویست بە چاوخشاندنەوە بـە شـێوازی کـارکردن و لێهـاتوویی کارمەنـدانی ئـەم بـوارە هەیـە، هـەروەها چاوپێداخـشاندنەوەی ژێرخـان لـەپێناوی وردی و زوو تـەواوکردن و بـەدیهێنانی مەبەستی ڕاگەیەنراوو ڕێنماییەکان لەکاتی گونجاودا بـۆ ئـەم مەبەسـتە وەزارەتـی پـەروەردە پلانـی گـشتگیری داڕێـژتووە، بـەڵام تـا ئێـستە نەکەوتوونەتـە واری جێبەجێکردنەوە.

## 3ـ دامەزراندن و مەشق پێ کردنی فەرمانبەران

لـەم تـەوەرە یـان ناوونیـشانەدا دوو چـەمك هـەن: یەکـەمیان دامـەزراندنـە، دووەمیش: مەشـق پـێ کـردن، هـەر یەکـەیان پێوەنـدی بـەوەی دیکـەوە نییـەو چوارچێوەو هەنگاوی تایبەت بە جێبەجێ کردنی خۆیان هەیـە، بۆیـە لـە پێنـاوی ئەوەی خستنەڕووی بابەتەکە ڕوون بێت و مەبەستی خۆی بەدی بهێنێـت پێویـستە لێك جیا بکرێنەوەو هەر چەمکەو بە جیا تاوتوێ بکرێت تا نـاوەڕۆك و هـەنگاوو ڕەوشی ئێستەی بناسرێت.

**ئا. دامەزراندن:** مەبەست لە دامەزراندن ئەوەیە تاك بچێتە خزمەتی مەدەنییەوە بەپێی ئەو مەرج و لێهاتووییانەی بەپێی یاسا دەستنیشان کراون تا ئەرك و کارێك بەڕێوە ببات کە بەرانبەر بەو کارە ئەو ئیمتیازانەی دەست دەکەوێت لەلایـەن ئـەو دەزگە دیاریکراوەوە بەرانبەر بـە خزمەتـەکانی پێـی دەدەرێـت. فەرمانبـەران بـە جۆرەها ناوونیشانە وەزیفییەکانیانەوە بـەپێی ئـەو مەرجانـە دادەمـەزرێنرێن کـە یاساو ڕێساکان دەستنیشانیان کردووە. هەر ناوونیـشانێکی فەرمانبـەری مـەرج و

لێهاتوویی دیاریکراوی هەیە، چونکە مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستای ئامادەیی لە مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستای بنەڕەتی جیاوازە، هەروەها فەمانبەریش. هەروەها هەندێك ناوونیشانی فەرمانبەری هەن کە ناکرێت ڕاستەوخۆ فەرمانبەری لێ دامەزرێت، چونکە بە مەرجەکانی بەرزبوونەوەی فەرمانبەرییەوە پەیوەستن وێڕای مەرجی دیکە وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بەڕێوەبەری بەش، شارەزاو ئەو ناوونیشانەکانی دیکە کە پێویست بە کەڵەکەبوونی شارەزایی و بەشداربوون لە خولی ڕاهێنان و گەشەپێدانەوە هەیەو هەروەها ئەوانەی و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو شتی دیکە دەکەن.

دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگەکان لە ماوەی خوێندندا ماوەیەك مەشقی پرەکتیکییانەیان پێ دەکرێت و، دەرچووانی کۆلێژەکانی پەروردەو پەیمانگەکانی مامۆستایان وانە لە فێرگەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا دەڵێنەوە، دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگەکانی دیکە کاری کارگێڕی و ناو نووسینگەو پیشەیی دەکەن، بەم شێوەیە ئەوەی تازە دامەزرابێت بە شێوەیەکی سەرەتایی شارەزای مۆرکی ئەو کارو ئەرکانە دەبێت کە ڕاسپێرراوە ئەنجامیان بدات، بەڵام واقیع پێچەوانەیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی تازە دامەزراون بە تایبەتی لە وەزیفە فێرکارییەکاندا لە ڕووی لێهاتوویی زانستی و توانای مامەڵەو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ فێرخوازاندا لە ئاستی پێویست نین، ئەمەیش بوو بە هۆی نەمبوونەوەی ئاستی فێربوونی فێرخوازەکان. ئەوەیش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە گرنگترینیان هەبوونی جیاوازییەکی زۆرە لە نێوان ئەو پرەکتیزەکردنەی دەرچوو پاش دامەزراندنی جێبەجێی دەکات و ئەو پرەکتیزە کردنە تیوریانە کە لە کۆلێژ یان پەیمانگە وەریگرتوون، لاوازی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، نەبوونی هاندان کە پاڵنەر لای کارمەندان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان و چاکترکردنی ئەدایان دروست دەکات.

**ب.مەشق کردن:** یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکان لەچاکترکردنی ئەداو پەرەپێدانی توانای کارامەیی کارمەندان و بەرزکردنەوەی لێهاتووییان، لەبەر ئەوەیە بەرپرسانی کارگێڕی جیاوازییان لە نێوان فەمانبەری مەشق پێ کراوو مەشق پێ نەکراودا کردووەو لە ڕووی باشی و هەڵسەنگاندنەوە ئیمتیازیان پێ بەخشیوە، هەروەها پێوەرێکی جیهانییان داناوە تێیدا ژمارەی کاتژمێرەکانی مەشق کردنیان دەستنیشان کردووە کە پێویستە کارمەندان هەموو ساڵێك مەشقی تێدا بکەن

ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی باشی ئەدا. مەشق پێ کردنیش دوو جۆرە، یەکەمیان بەر لە خزمەت کردنە، کە لە برگەی پێشووی دامەزراندندا ئاماژەی پێ کراوە، دووەمیشیان لە کاتی خزمەتکردندایە، ئەمەیش بەپێی چەمك و واقیعی ئێستە باس دەکرێت.

مەشق پێ کردن سێ ئەرکی بنەڕەتی دەگرێتەوە، هەر یەکە بەپێی پرۆگرامی تایبەت بە خۆی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، یەکەمین ئەرك چاکترکردنی ئەدایە، وەك لە ناوونیشانەکەیەوە دیارە بریتییە لە ڕێڕەوی بەرزکردنەوەی لێهاتوویی کارمەندان لە چوارچێوەی ئەرك و کارەکانیاندا بۆ ئەو ئاستەی خوازراوە بۆ ئەوەی بتوانن باشترو ڕێکوپێکتر بەڕێوەی ببەن. دووەمین ئەرك پەرەپێدانە، پەرەپێدانی تواناو لێهاتوویی کارامەیی کارمەندان و بنیاتنانی تواناکانیان دەگەیەنێت بە شێوەیەك یارمەتی داهێنان و هەڵهێنجان و بەکارهێنانی شێوازی زانستیانە لە دەرخستنی دەرەنجام و لێوردبوونەوەدا بدات. هەرچی سێیەمە ئەوە ئەرکی ڕاهێنانە، ڕاهێنانیش واتای تەواوکردنی یەکێك لەو مەرجانەیە لە کارمەندان ویستراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر درێژە بە کارەکانیان بدەن و بە باشترین شێوەیش ئەدای بکەن.

ڕەوشی هەنووکەی پرۆسەی پەروەردەیی کە ئێستە بەڕێوە دەچێت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستییەکی زۆر بە بەشداری پێ کردنی دەستەکانی مەشق و فێرکردن لە خولەکانی چاکترکردنی ئەداو خولەکانی ڕاهێناندا هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر هەن سەرلەنوێ دامەزرێنراونەتەوە پاش ئەوەی ساڵانێکی دوورو درێژ پیشەکەیان بەجێ هێشتبوو، کە ئەو جێ هێشتنە بووەتە هۆی ئەوەی زانیارییە زانستییەکان و شێوازە پەروەردەییەکانیان لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازاندا لە دەست دابێت و لەبیر چووبێتەوە بۆیە پێویستیان بە خولی مەشق و ڕاهێنان هەیە. هەروەها ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگە پالپشتە ناپەروەردەییەکانی دیکە هەن کە ئەوانیش پێویستیان بە خولی ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی مەرجەکانی ڕاهێنراوی پەروەردەیی تەواو بکەن .. وێڕای ئەو ڕەنج و کۆششانەی کە لەم بوارەدا لایەنە پسپۆڕەکان لە وەزارەتی پەروەردە دەیدەن، کەچی هێشتە هەوڵی لاوازن و کۆششی کەمی بێ سوودن و مەبەست یان ئامانجی پێویست بەدی ناهێنن.

بە کورتی، ڕەوشی ئێستە ئاماژە بە لاوازی توانای کارمەندان دەکات بە تایبەتی دەستەکانی فێرکاری و وانەبێژی پێویستی زۆریان بە مەشق پێ کردن و توانانەبوونی دەزگە پێوەندیدارەکان لە بەڕێوەبردنی ئەو تەوەرە گرنگە بە هۆی لاوازی ئەداو نەبوونی پسپۆران لەم بوارەدا سەرەڕای کەمی تواناو نەبوونی ستراتیژییەتێکی سەرانسەری کە پرۆگرامی مەشق پێ کردنی تایبەتمەندو گونجاو دابین بکات.

## 4ـ بەرزکردنەوەو پاداشت و هاندەرانە

بابەتی هاندەرانە بایەخێکی تایبەتی هەیە لە شیکردنەوەو تێگەیشتنی ڕەفتاری مرۆڤ کە پێویستە کارگێڕی باڵای ڕێکخراو یان دەزگە بیزانێت لە پێناوی پەرەپێدان و چاکترکردنی ئەدای کارمەندان و ڕێ گرتن لە حاڵەتی پێشێلکاری و تێپەڕاندن، چونکە هاندەرانە پاڵنەر لای مرۆڤ دروست دەکات کە بریتییە لە هێزێکی ناوخۆیی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ڕەفتار بکات لە پێناوی تێرکردنی پێداویستییەکی خۆی کە ڕەنگە هەستی پێ نەکات، ئەو کات پاڵنەرەکە خودی دەبێت لە ناخی کەسایەتی مرۆڤەکەوە هەڵقوڵاوەو دەشێت بەناوی (بە تەنگەوەبوون) ناوی ببەین. ڕەنگە پاڵنەرەکەیش لە ئاکامی هۆکاری زانراوی دەرەکییەوە بێت وەك: (سەرمووچە، پاداشت، بەرزکردنەوە)، لەم حاڵەتەیشدا بەو هاندەرانە ناو دەبرێت کە پاڵنەر دروست دەکەن. ڕەنگە هاندەرانەکان کاریگەری پۆزەتیڤانەیان لەسەر مرۆڤ هەبێت وەك ئەو هاندەرانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، یان کاریگەری نیگەتیڤانەیان هەبێت کاتێك شێوەی هەنگاوی توند وەردەگرن وەك (سزا، گواستنەوە، مووچەبڕی ...) و شتی دیکە لە پێناوی ڕێ گرتن لە کارمەندان بۆ ئەوەی کەمتەرخەمی نەکەن و شت پشت گوێ نەخەن و هان بدرێن بە ئەرکەکانی خۆیانەوە پابەندبن بۆ ئەوەی خۆیان لەو هەنگاوانەو لەو زیانە مادی یان مەعنەوییانە دووربگرن کە تووشیان دەبن، بۆیە پێویستە کارگێڕی بەکارهێنانی هاندەرانە بە ئاراستەی خۆیدا چاکتر بکات بۆ ئەوەی ڕێ لە حاڵەتی بێ گوێی و پشت گوێ خستن بگرێت و هانی جیاکاری و داهێنان بدات.

ئەم تەوەرە لە سیستمی ئێستەدا خەریکە پشت گوێ دەخرێت، ئەمەیش ئاکامی نیگەتیڤانەی لەسەر پرۆسەی پەروەردە لە هەموو بەشەکانیدا لێ دەکەوێتەوە، چونکە تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆربەی مامۆستایانی بنەڕەتی و مامامۆستایانی دواناوەندی و ئامادەیی و سەرپەرشتیاران و کارگێڕان بە شێوەیەکی دروست کارەکانیان بەڕێوە نابەن، بۆیە ئاستی ئەدا دابەزیوەو، حاڵەتی پێشیلکاری سیستم و یاساکان پەرەی ستاندووەو وای لێهاتووە بووەتە دیاردەیەك هەموو بەشەکانی پرۆسەی پەروەردە بگرێتەوەو بووەتە هۆی دابەزینی کارامەیی سیستمی ئێستەی پەروەردە، هۆی ئەوەیش بۆ بەکارنەهێنانی هاندەرانی نیگەتیڤانەی توند بەرانبەر بە کەمتەرخەمان و سەرپێچیکاران دەگەڕێتەوە، جگە لە نەبوونی ڕۆڵی چاودێری لەلایەن دەزگە پێوەندیدارەکانەوە، کە ئەویش بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، شان بە شانی هۆکاری دیکەیش.

هەرچی سەبارەت بە هاندەرانی پۆزەتیڤانەیە، ئەوە بێ سوودەو قازانجی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، چونکە پاداشتی دارایی زۆر کەمە لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێنوێنی و دەستەڵاتەکان دەستنیشان کراون و لەگەڵ کۆشش و ئەو کارە دیارانەدا ناگونجێت کە کارمەندان دەیکەن، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر جار پاداشت لە سەر بنەمای جیاکاری لێهاتوویی نابەخشرێت، بەڵکو بە پێی میزاج و هۆکاری کەسیەتی دەبەخشرێت، هەروەها هەمان شتیش سەبارەت بە نووسراوی سوپاس و پێزانین دەگوترێت کە بە پاداشتی مەعنەوی دادەنرێت، ئەگەرچی دەبێتە هۆی دەستەبەربوونی مافی مادی کە سەرمووچە یان بەرزکردنەوە بۆ یەك مانگ دەگرێتەوە. هەرچی سەبارەت بە سەرمووچەو بەرزکردنەوەیشە، ئەوە سەرمووچە زیادکردنی ساڵانەی مووچەیە، کە لە واقیعی ئێستەیدا زۆر کەمەو ئەوەی کارمەندان سوودی لێ دەبینن هەر شایەنی باس کردن نییە. سەبارەت بە بەرزکردنەوەیش ئەوە واتای ئەوەیە کە کارمەندان دەچنە پلەیەکی فەرمانبەری بەرزترەوە لە ئاکامی ئەو بەرزکردنەوەیەوە بڕی مووچەکەی بەرزدەبێتەوە، ئەوەیش بەپێی یاسا دیاری کراوەو هەموو کارمەندان بە ناونیشانە جۆراوجۆرەکانیانەوە دەگرێتەوە.

واقیعـــی ئێـــستەی تـــەوەری بەرزکردنـــەوەو پاداشـــت و هاندەرانـــە بـــەپێی پێویـــستییەکان نییـــەو پێویـــست بـــە چاوپێداخـــشاندنەوە دەکـــات بـــە شـــێوەیەك دادپەروەری لە بەخشیندا مسۆگەر بکات و قازانج و سوود لێ بەدی بێت.

## 5ـ دروستکردنی بڕیارگەلی ڕۆژانەو ساڵانەو ستراتیژی

بڕیارەکە پێوەندی بە کێشەیەکەوە هەیە ڕوو بە ڕووی بەرپرس دەبێتەوە، دەبێـت بە بڕیارێك بەرەنگاری ببێتەوە لەسەر بنەمای پرۆسەی باچاکترزانینی یـەکێك لـە ئەڵتەرناتیڤە جۆراوجۆرەکان دامەزرابێت، ئەگەر بێت و تـەنیا یـەك ئەڵتـەرناتیڤ هەبوو ئەو کات هەڵسوکەوتی بەرپرسەکە دەبێتە هەڵسوکەوتێکی بـەزۆرو ناچـاری نەك بە بڕیار، ئەگەرچـی پرۆسـەی بڕیـاروەرگرتن پرۆسـەی بەچـاکترزانینی نێـوان ئەڵتەرناتیڤەکانە، کەچی لەسەر بنەمای پێشبینی کردنیش ئەو ئاکامانە جێبـەجێ دەبن کە بە هۆی ئەو بڕیارەوە بەدی دێن، کەواتە بڕیارەکە لە سـنووری چـاکترزانین ڕاناوەستێت بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت و پرۆسەی پێشبینی کردنـی ئـەوەی ڕوودەدات دەگرێتەوە کە ئەویش لای خۆیەوە پشت بە توانای بەڕێوەبردن لە شیکردنەوەو ئاکام هەڵهێنجان دەبەستێت کە ناشێت لە هەموو کەسێکدا بەرچاو بکەوێت.

پرۆسەی بڕیار دروست کردن لە ڕووی ئاستی گرنگییەوە پێویـست بـە پێناسـین ناکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە هزرەڤانان و توێـژەران لـە بـواری بەڕێوەبردنـدا جەختیان لەسەر ئەم گرنگییە کردووەتەوە، تەنانەت یەکێکیان تیۆرییەکی لە بارەی بەڕێوەبردنەوە داناوە ناوی (تیۆری بڕیار وەرگرتن)ی لێ ناوە بە شێوەیەك پرۆسـەی بڕیاروەرگرتنی بەدڵی ئیشکەری بەڕێوەبردن چواندووە کە بـەردەامبوون و چـالاکی نواندن بۆ دەزگە یان ڕێکخراوەکە دەستەبەر دەکات. ئاکام بەڕێوەبردن بـە هـەموو جۆرە کەرتەکانییەوە کە کاریان تێدا دەکرێت خۆی لە خۆیدا پرۆسەی وەرگرتنی ئەو بڕیارانەیە کە بە هۆیانەوە کارو چالاکییەکان ئەنجام دەدرێن، جا بۆ ئەوەی پرۆسـەی بڕیـار دروسـت کردنەکـە پرۆسـەیەکی سـەرکەوتووانە بێـت پێویـستە هـەموو کارمەندەکان بەشداری تێدا بکەن ئەویش بە پێشکەش کردنی زانیاری دروست بـە لایەنە بەرپرسەکانی باڵای بەڕێوەبردن سەبارەت بە ئاراستەو ڕێـڕەوی کارەکـە، بـۆ ئەوەی بڕیارەکان واقیعیانە بن و پەسەند بـن و شـیاوی جێبـەجێ کـردن بـن، بـە

پێچەوانەوە ئەوەوە بڕیارگەلی نادروست دەبن و مەبەست ناپێکن، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای زانیاری ناواقیعیانە بنیات نراون.

دارِشتنی پلانگەلی ستراتیژی مامناوەندو دوور مەودا بریتین لە بڕیاری تەواو لە نێوان خۆیاندا کە بۆچوونێکی ئایینـدەخوازی و پێشبینی کردنی ڕووداوەکان لەخۆدەگرن، هەرچی بڕیارگەلی ڕۆژانەیە ئەوە هەنگاوی ڕاستکردنەوەی تەواوکارین بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەردەوامبوونی کار بە ئاراستەی دروستدا وەردەگیرێن و، بەوەیش دەناسرێن کە هەنگاوی تەکتیکی کاتین ڕەوشێك یان حاڵەتێکی کاتیانە چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەگەر درێژمەودا بوون ئەوە دەبێتە پرۆسەیەکی بنیاتنانی پلانێکی دوارۆژانەو دەستنیشان کردنی ستراتیژگەلێك کە ئامانجی دیاریکراو لەخۆبگرن، بۆیە پێویستە جیاوازی لە نێوان هەردوو جۆردا بکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی واقیع و جیاکردنەوەی هەر حاڵەتێك لە یەکدی بە هۆی جیاوازی نێوانیان لە ڕووی جێبەجێ کردن و هەڵسەنگاندنەوە، لەسەر ئەم بنەمایە دەست بە هەڵسەنگاندنی واقیعی بڕیارە ستراتیژی و ساڵانەکان و پاشان واقیعی بڕیارگەلی ڕۆژانە دەکرێت.

سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان پشت بە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1992 و هەموارکراوەکانی دەبەستێت و بەوە دەناسرێت کە ستراتیژیەتێکی ئامانج و ڕوخسار ئاشکراو ڕوونی هەیە، لە ئامانجە پەروەردییە گشتی و تایبەتەکانەوە هەڵقوڵاوەو بەپێی پلانگەلی ساڵانە جێبەجێ دەکرێت کە بە بڕیارگەلی لە شێوەی ڕێنمایی و ڕاسپاردەدا دیاری کراون. جێی ئاماژەیە کە دەست بەجێبەجێ کردنی پلانی ساڵانە پێوەندی بە دەست پێ کردنی ساڵی خوێندنەوە نییە بەڵکو پێش دەست پێ کردنی ساڵی خوێندن دەست پێ دەکات کاتێك دەست بە خۆئامادەکردن دەکرێت کە پرۆگرام و کتێبی خوێندن و تێنووس و پێداویستییەکانی دیکە ئامادەدەکرێن. هەروەها تەلاری فێرگەکان ئامادەدەکرێن لە ڕووی ڕاهێنان و تەواوکردنی کەموکوڕی و پاراستن و دەست پێدا هێنان، جگە لە مەشق پێ کردنی دەستەی فێرکاری میلاکی فێرگەکان و پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان بەر لە دەست پێکردنی خوێندن.

دەست پـێ کردنـی جێبـەجێکردنی پلانـی سـاڵانە وەك خـاڵی سـەرەتا بـەرەو بەدیهێنانی ستراتیژیەت و ئەو ئامانجانـەی ڕوو بـە ڕووی زۆر بەربەسـت و کێشە دەبنەوە کە لـە قۆناغـەکانی جێبـەجێ کردنـدا سـەرهەڵدەدەن بـە هـۆی هۆکـارو فاکتەری جۆراوجۆری گۆڕینەوە پێویست بە بڕیارگەلی لێکۆڵراوەو تونـد هەیـە کـە چارەسەرگەلی گونجاو دابنێن، بەلاّم لە واقیعدا بەو شێوەیە نییە، چـونکە زۆربـەی بڕیارەکانی ڕۆژانە لێیان نەکۆڵراوەتەوەو نیوچە چارەسـەر لـەخۆدەگرن و پـشت بـە چارەسەری تەواو نابەستن، ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕووداوگەلی دیکە کە تەگەرە لەبەردەم کارەکەدا دروست دەکەن، هەروها ئەوانەی ئەو بڕیارانە دەدەن ئەو ئاکامانە ناخەنە پێش چاوی خۆیان کە لێیان دەکەوێتەوە، ڕەنگە هەندێك جـاریش لەگەڵ بنەماو یاسا کار پێکراوەکاندا نەگونجێن ئەمەیش وایان لـێ دەکـات ببنـە بڕیاری بێ سوودو ئەو قازانجە نەگەیەنن لێیان چاوەڕوان دەکرێت، هۆی ئەوەیش بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانەی ئەو بڕیارانـە دەدەن یـان ئەوانـەی لێـی بەرپرسـیارن ئەوەند پسپۆر نین و باش ڕانەهێنراون و توانای بەڕێوەبردنی ئەوانەیان نییـە لێیـان بەرپرسیارن و لە بنیاتنانی بڕیارەکانیاندا پشت بە زانیاری دروست نابەسـتن لەبـەر ئەوەی لە واقیعەوە دوورن و بۆچـوونی دروسـتیان لـەبارەی مـۆرکی ئـەو ئـەرك و کارانەوە نییە، کە پێیان ڕاسپێرراون، لەبەر ئەوەی لە پسپۆڕو شارەزاکان نین، جگە لە لاوازی ڕۆڵی چاودێری سیستمی بەدواداچوون.

# ڕێنمایی دەروونی بۆ مامۆستاو پەروەردەکاران

ن: بۆنیٚ میللەر(*)
لە ڕێکخراوی .W.H*
وەرگێڕان بە دەستکارییەوە: د. ڕێدار محەمەد ئەمین

پرۆسەی پەروەردە، کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر منداڵان هەیە، لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی پارێزەر و پاڵپشتکەر لە فێرگە، بە هۆی بەهێزکردنی لایەنە پۆزەتیڤ و تواناکانی و چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان و دەوڵەمەندکردنی پەروەردەکاران بە شارەزایی و کارامەیی، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ گرفتە دەروونییەکانی فێرخوازان و پاڵپشتیکردنی خێزانەکانیان، ئەوە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر ئاستی دەروون دروستی کۆمەڵگە بە گشتی.

**ئامانجە سەرەکییەکانی نامیلکە:**

1- زیاترکردنی تواناکانی پەروەردەکاران، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە دەروونییەکانی منداڵان لە ڕێگەی دابینکردنی ئامراز و شارەزایی پێویست.

2- زیادکردنی تواناکانی پەروەردەکاران، بە مەبەستی ڕێگەگرتن، هەڵسەنگاند ، یارمەتی فێرخوازەکی تایبەت لە گرفتێکی دەروونی، ڕەوانە کردنی بۆ لای پزیشك بە مەبەستی چارەسەرکردن .
3- زیادکردنی ڕادەی هۆشیاری هەستیاری پەروەردەکاران و کەمکردنەوەی لەکەو پەڵەو عەیبە کە بە مەسەلەی گرفتە دەروونییەکانەوە پەیوەستن. دروستکردنی ژینگەیەکی پۆزەتیڤانە، میهرەبانانە، هاندەرانە، دۆستانە ئامێز لەگەڵ منداڵان لە فێرگەکانی کوردستاندا.
4- زیادکردنی تواناکان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ گرژی و فشارە دەروونییەکان و گونجاندن لە منداڵان،گەنجان، هاندانی گیانی هاوکاری لە نێوان فێرگە ـ ماڵ ـ کۆمەڵگە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە دەروونییەکانی منداڵانی عێراق.
5- گەیاندنی زانیاری و سەرچاوە دەروون دروستییەکانی کۆمەڵگە بۆ منداڵان، خێزانەکانیان و پەروەردەکاران.

## ناوەرۆکی بابەتەکان

1. نامەیەك بۆ مامۆستایان. 2. دەروون دروستی. 3. ئەو گرفتە تایبەتییانەی تووشی منداڵ و گەنجان دەبن. 4. بابەتەکانی دەروون دروستی لە منداڵان و گەنجان. 5. فێرگەی دۆستی منداڵان. 6. شێوازەکانی پێوەندی.7. چارەسەری لە پۆل. 8. هاندانی خۆ گونجاندن. 9. چارەسەری و مامەڵە کردن لەگەڵ فشارە دەروونییەکاندا. 10. هاوکاری نێوان دایباب و مامۆستایان.

## نامەیەك بۆ مامۆستایان

**مامۆستای ئازیز**
ئایا لە یادتە کاتێك تۆ لە فێرگەی سەرەتایی یان دواناوەندی فێرخواز بوویت ؟
ئایا هیچ مامۆستایەکت هەبوو کە :
(هیچ هەوڵێکی هاندانی نەبوو بۆ بیرکردنەوەی جوان و داهێنانی نوێ ).

(هەمیشە فێرخوازەکانی دەترساند).
(تۆ یان فێرخوازەکانی دیکەی تەریق دەکردەوە - بەسەر خۆیدا دەشکاندنەوە).
(یاسا و ڕێسای توندی دادەنا بێ ئەوەی حسێب بۆ توانا، یان هەستی فێرخوازان دابنێت).
یان مامۆستایەکی دیکە هەبوو کە :
. (هانی تۆی دەدا کە پرسیار بکەیت، داهێنان بکەیت، شێوازی نوێ بۆ فێربوون درووست بکەیت)..
. ( وەڵامی پرسیارەکانی دەدایتەوە، ڕێزی لە بیرۆکەکانت دەگرت و لەناو پۆلدا هانی گۆڕینەوەی بۆچوونی دۆستانەی دەدا)..
. (ئامادەیی بۆ تێگەیشتن و گوێ گرتن لە تۆ دەردەبری، کاتێك گرفتێکی کۆمەڵایەتی، سۆزداری، یان فێربوونت دەبوو).
. (بە تەنیا سەرچاوەی دەسەڵات و زاڵبوون نەبوو، بەڵکو ڕێ نیشاندەرو ئامۆژگاری کاریش بوو).
. (یارمەتی دەدایت کە متمانە و باوەڕ بە خۆت و تواناکانت زیاد بکەیت).
. (شێوازەکانی فێرکردنی بە ژیانی ڕۆژانەتەوە پەیوەست دەکرد).
.(هانی دەدایت، ئەو بەهایانە گەشە پێ بدەیت کە بە درێژایی ژیانت پێویستیت پێیان دەبێت).
زۆر گرنگە مامۆستایان، یادەوەری منداڵی خۆیان بێتەوە یادو خۆیان لە شوێنی ئەو منداڵانە دابنێن کە وانەیان پێ دەڵێن.
ئایا تۆ دەتەوێت چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکرێت؟
چ شێوازێکی فێرکردن سەرنج ڕاکێشە؟
بە چ ڕێگەیەك مامۆستایان دەتوانن یارمەتی فێرخوازان بدەن، تامەزرۆی زانیاری نوێ بن و بۆ فێربوونی بەردەوام هان بدرێن؟
چۆن دەتوانرێت کەش و هەوای ناو پۆل بۆ ژینگەیەك بگۆڕرێت، بە جۆرێك هەموو فێرخوازان هەست بە ئارامی و دڵنەوایی بکەن و شانازی بە دەستکەوتەکانیانەوە بکەن و ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکاربهێنن؟
فێرخوازەکان چۆن دەتوانن، نەك هەر ڕاستییە سەلمێنراوەکان بەڵکو شارەزایی و تواناکانیش وەك پێوەندی کردن، چارەسەری ململانێکان، چارەسەری فشارە

دەروونییەکان و دەربڕینی سۆز و میهرەبانی فێربن، کە ئێستا و لە داهاتووشدا زۆریان سوود پێ دەگەیەنێت؟

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆی پڕ لە ئاڵۆزی و فشاری دەروونی و زەحمەتکێشی، زۆر لە فێرخوازان گرفتە سۆزداری و دەروونییەکانیان لەگەڵ خۆ بۆ فێرگە دەهێنن، دەکرێت فێرگە بۆ فێرخوازان وەك بەهەشت بێت، شوێنێکی ئارام و گونجاو بێت، تێیدا تواناکانیان پەرە پێبدەن و هەست بکەن لەلایەن بەرانبەرەکەیانەوە قبوولکراون، بەم شێوەیەش دەتوانن لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بکەن، وەك لایەنی جەستەیی، ئەقڵی، سۆزداری و کۆمەڵایەتی. ئایا تۆ چۆن دەتوانیت وەك مامۆستایەك بۆ فێرخوازێکی هەستیار ڕۆڵی پەروەردەکار و هاندەر ببینیت؟

چۆن دەتوانیت لەو فێرخوازە گەنجانە تێبگەیت کە شەرمن، دیکەساو، توندوتیژ و هاروهاج، خەواڵوو، یان ئەوەنەی داوای بایەخپێدان و سەرنجدان دەکەن؟ چۆن دەتوانیت یارمەتی فێرخوازێك بدەیت کە گرفتی فێربوونی هەیە، گرفتی جەستەیی هەیە، منداڵی بێ باوك یان دایکە، ئاوارەیە، هەژارە، تووشی زەبری دەروونی بووە لە شەڕەکاندا، یان لە ماڵێکی پڕ لە فشارو ئاژاوەدا دەژیت؟

## تێبینییەکی دیکە

ئەم بابەتە بۆ تۆیە ! هەندێك لە زانیارییەکان گشتی و هەندێکیان تایبەتین.هیوادارم زۆربەی ئامرازەکان و بیرۆکەکانی ناو ئەم بابەتە، ئەوەندە بن کە پێوەندییان بە وانە وتنەوەی تۆوە هەیە و پێداویستی فێرخوازەکانت دابین دەکەن.

پێویست ناکات ئەم بابەتە وەك ڕۆمانێك لە سەرەتاوە تا کۆتایی بخوێنیتەوە، بەڵکو پێویستە پەروەردەکاران سەیری بەشەکان بکەن و، بزانن کامەیان لەم کاتەی ئێستادا پێوەندی بە وانەوە هەیە، ئەم بابەتە بە شێوەیەك ڕێك خراوە کە لەگەڵ بارودۆخی تۆ و فێرخوازەکانتدا بگونجێت.

بارودۆخەکان، لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، تەنانەت لەناو یەك وڵاتیش جیاوازە، لە وڵاتێکی وەکو عیراق مامۆستایان و فێرخوازان ئەزموونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی لە کوێ دەژین، ڕادەی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکە، جیاوازی نێوان شار و لادێ، شێوازی پرۆگرامەکان و سەرچاوەو

ئامرازەکانی خوێندن، ئەوەی کە زۆر گرنگە بریتییە لە کولتوور، دابونەریت، ئایین و فاکتەری دیکە کە کاریگەرییان لەسەر هەموو لایەنێکی ژیان هەیە لە عیراقدا هەیە، بۆیە هیوادارم تۆ ئەم بابەتە بەکار بهێنیت و بەپێی شوێن و ناوچەی خۆت بیگۆڕیت، تا زۆرترین سوودی لێ وەربگیرێت.

## دەروون دروستی

**لیستی دەروون دروستی**

چەند دەستەواژەیەك هەیە لە بارەی دەروون دروستی. تۆ بڕیار دەدەیت کە تا چ ڕادەیەك کە لەگەڵ کامە ڕادایت ، ئەویش بە کێشانی بازنەیەك بە دەوری وەڵامەکان. تەنیا یەك بازنە دابنێ بۆ هەر وەڵامێك .

زۆر لەگەڵ ئەو ڕایەم

لەگەڵ ئەو ڕایەم

لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم

زۆر دژی ئەو ڕایەم

دڵنیا نیم

1- ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە ڕەفتاری سەیر دەکەن و زۆر لە خەڵکی ئاسایی جیاوازن.

2- گرفتە دەروونییەکان نیشانەی لاوازی و مایەی شەرمەزارین بۆ مرۆڤ.

3- ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە ئەوە زۆر جاران توندوتیژ و مەترسیدارن.

4- ئەو کەسەی نەخۆشی دەروونی هەیە هەرگیز چاك نابێتەوە.

5- زۆربەی ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، تەنیا دەتوانن ئیشی سووك بکەن.

6- ئەو گرفتە دەروونییانەی لە منداڵان هەیە، ئەوە زۆر جاران بە هۆی خراپ مامەڵەی دایبابەوەیە.

7- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە ئەوە جنۆکە چووەتە لەشیان.

8- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، ئەوە سزای ئەو خراپەیە وەردەگرنەوە کە لەم ژیانە، یان ژیانێکی دیکە کردوویانە.
9- پێویستە هانی پەرەپێدان بە توناکان و خۆگونجاندن بدرێت تاکو یارمەتی خەڵك بدرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ گرفتە دەروونییەکان دەکەن .
10- ئەو کەسەی کە زۆر دیندارە و بڕوای زۆر بەهێزە ئەوە بەرگری دژ بە گرفتە دەروونییەکان زۆرە.
11- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە هەردەم ڕەفتاری شێتانە دەکەن.
12- گەنجان تووشی گرفتی دەروونی نابن.
13- ئەو کەسانەی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و چینی ناوەند پەروەردە بوونە، گرفتی دەروونییان نییە.
14- گرفتی دەروونی لەو کۆمەڵگەیانەی تووشی شەڕ و ئاژاوە نەبوون زۆر کەمە (کۆمەڵگەی ئارام) .
15- ئەگەر تۆ سەردانی پسپۆری بواری دەروونی بکەیت، ئەوە خەڵك بە چاوی نزم سەیرت دەکەن.
16- نەخۆشی دەروونی تەنیا کاریگەری لەسەر تاکە کەس نییە، بەڵکو هەموو خێزان دەگرێتەوە.
17- هەرچەندە چارەسەری زۆر یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە گرفتی دەروونییان هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵك بە دوای چارەسەردا ناگەڕێن.
پاش ئەوەی بازنەت بە دەوری وەلامەکاندا کیشا بۆ هەر یەك لە خاڵەکان ئەوە ئەمانەی خوارەوە بخوێنەوە:
پاش تەواوکردنی لیستی دەروون دروستی ئەوە پێویستە گرنگی بە کاریگەری سۆسیۆلۆژی، زانست، ئایین و ئەفسانە بدرێت لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤ.
ئیستاش رایە دروستەکان بخوێنەوە
1- ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە، ئەوە زۆر جاران و بە شێوەیەکی ناوازە و سەیر ڕەفتار دەکەن و زۆر لە خەڵکی دیکە جیاوازن .
ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە لە نێو ئێمەدا دەژین و ناتوانین هەموو دەم بە ڕەفتاری ناوازە و سەیر بیانناسینەوە، نابێت ئەوانە لە خۆمان

جیابکەینەوەو هاوێریـان بکـەین، ئـەوان هـەروەك ئـەو نەخۆشـانەن کـە تووشـی نەخۆشییەکی جەستەیی وەك شەکرە، یان فشاری خوێن بوونە.

2- گرفتە دەروونییەکان نیشانەی لاوازی و مایەی شەرمەزارین بۆ مرۆڤ.

خەڵك ناتوانن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن گرفتـی دەروونییـان هەیـە . هۆکـاری نەخۆشی دەروونی تێکەڵەیە لە فاکتەری بۆماوەیی و فشارەکانی ژیان. زۆر گرنگـە گلەیی لەو کەسە نەکەین کە نەخۆشی دەروونی هەیـە، چـونکە ئەوەنـدە گرفـت و نارەحەتی خۆیان هەیـە و تـۆش بۆیـان زیـاتری دەکـەیت، ئـەوان پێویـستیان بـە پاڵپشتیە نەك گلەیی و ڕەخنە لیٚ گرتن.

3- ئـەو کەسـانەی گرفتـی دەروونییـان هەیـە ئـەوە زۆر جـاران توندوتیـژ و مەترسیدارن.

هەندێك لەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە توندوتیژ و ترسناکن.

بەڵام خەڵکی دیکە هەیە گرفتـی دەروونیـشی نییـە و توندوتیـژ و مەترسـیدارە، زۆربەی ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە مەترسـییان بـۆ خۆیـان یـان کەسـانی دەوروبەریان نییە.

4- ئەو کەسەی نەخۆشی دەروونی هەیە هەرگیز چاك نابێتەوە.

لەگەڵ دەستنیشانکردن و چارەسەرەکی گونجـاو، زۆربـەی خـەڵك دەتـوانن بەسـەر نەخۆشییەکەیاندا زاڵ بن و چاك ببنەوە.

5- زۆربەی ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، تەنیا دەتوانن ئیشی سـووك بکەن.

زۆربەی ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە ئـەوە هـیچ گرفتێکـی گەشـەیان نییـە و بیرکـۆڵ نـین، زۆربـەی ئەوانـەی گرفتـی دەروونییـان هەیـە، دەتـوانن بـە سەرکەوتوویی لە پیشەی جیـاواز کاربکـەن، بەتایبـەتی کـە پاڵپـشتی بکـرێن و چارەسەری بـەردەوامیان هـەبێت و لـە کارەکانیـان مامەڵـەی جیاوازیـان لەگـەڵ نەکرێت.

6- ئەو گرفتە دەروونییانەی لە منداڵاندا هەیە، ئەوە زۆر جـاران بـەهۆی خـراپ مامەڵەی دایبابەوەیە.

ئەو منداڵانەی تووشی گرفتی دەروونی دەبن، ئەوە بە هۆی هەریەك لە فاکتەری بۆماوەیی و فشارەکانی ژیانەوە، هەندێك گرفتی دەروونی هەیە بنەمای بـایۆلۆژی

هەیەو هەر لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ دێتە ئاراوە، مامەڵەی دایباب گرفتەکانی زیاتر دەکەن، یان یارمەتی منداڵ دەدەن بە سەرکەوتوویی لەگەڵیان بگونجێن، گلەیی کردن لە دایباب لەسەر گرفتی دەروونیی منداڵ، کارێکی بێ ئەنجامە ، وا باشترە لەگەڵ دایباب وەك یەك تیم کار بۆ یارمەتیدانی منداڵەکە بکرێت.
7- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە ئەوە جنۆکە چووەتە ناو لەشیان.
ئایا ئەمە بڕوایەکی باوە لە کۆمەڵگەی تۆ؟ چی هۆکاری ئەم بڕوایەیە؟ چۆن پەروەردەکاران دەتوانن یارمەتی خەڵك بدەن و، لە دەروون دروستی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەخۆشی دەروونی بگەن.
8- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، ئەوە سزای ئەو خراپەیە وەردەگرنەوە کە لەم ژیانە یان لە ژیانێکی پێشتر کردوویانە.
گرفتە دەروونییەکان دەرەنجامی هەریەك لە فاکتەری بۆماوەیی، بایۆلۆژی، فشارەکانی ژیانن، ئەم نەخۆشییانە بەهۆی هێزی باڵادەستەوە نین کە لەسەر بێ باوەڕی و گوناه کردن خەڵك سزا بدات.
9- پێویستە هانی پەرەپێدان بە تواناکان و خۆگونجاندن بدرێت تاکو یارمەتی خەڵك بدرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ گرفتە دەروونییەکاندا دەکەن.
بەڵێ ! ئێمە دەتوانین بەشێك لە چارەسەر بین، نەك بەشێك لە گرفتەکە بین، ئەویش لە ڕێگەی یارمەتیدانی خەڵك چۆن خۆیان دەگونجێنن و مامەڵە لەگەڵ گرفتە دەروونییەکاندا دەکەن.
10- ئەو کەسە زۆر دیندارە و بڕوای زۆر بەهێزە، ئەوە بەرگری دژ بە گرفتە دەروونییەکان زۆرە.
گرفتە دەروونییەکان پێوەندییان بە دیندار و بەها بەرزەکانەوە نییە، هەرکەسێك ئەگەری تووشبوونی بەم نەخۆشیانە هەیە.
11- ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، هەموو دەم ڕەفتاری شێتانە دەکەن.

ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە، زۆر هەوڵ دەدەن وەك مرۆڤی ئاسایی ڕەفتار بکەن، گرفتە دەروونییەکان بە شێوەی سووك، مام ناوەند، یان بە شێوەی توندن و، چارەسەرش یارمەتییان دەدات کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتیان بکەن.
12- گەنجان تووشی گرفتی دەروونی نابن.

گەنجانیش تووشی گرفتی دەروونی دەبن، زوو دەستنیشانكردن و چارەسەركردن ، زۆر یارمەتی دەرە لە كۆنترۆڵ كردنی نەخۆشەكە، بەم شێوەیەش نیشانەكانی كەمتر دەبنەوە و باری نەخۆشەكە خراپتر نابێت.

13- ئەو كەسانەی لە خێزانێكی ڕۆشنبیر و چینی ناوەند پەروەردە بوون گرفتی دەروونییان نییە.

نەخۆشییە دەروونییەكان جیاوازی لە نێوان چین و، ڕەگەز و، پلەی كۆمەڵایەتی و، باری ئابووری یان ئاستی ڕۆشنبیریدا ناكەن، ئەگەری ئەوە هەیە هەموو كەسێك تووشی ببێت.

14- گرفتی دەروونی لەو كۆمەڵگەیانە زۆر كەمە كە تووشی شەڕ و ئاژاوە نەبوونە.

ئەوە ڕاست نییە، شەڕ و توندوتیژییەكان دەبنە هۆی فشاری دەروونی بۆ زۆربەی خەڵك و ڕادەی گرفتی دەروونی زیاتر دەكەن، بەڵام لەو كۆمەڵگەیانەش كە شەڕیان تێدا نییە و توندوتیژی كۆمەڵایەتی زۆر كەمە، نەخۆشی دەروونی بە ڕێژەیەكی بەرچاو هەیە، ( یەك لە پێنج )ی خەڵك لە كاتێك لە كاتەكانی ژیانیان گرفتی دەروونی یان دەمارییان هەیە، ئێستاكە نزیكەی ( 450) ملیۆن كەس لە جیهان بەم نەخۆشییانەوە دەناڵێنن، ئەمەش نەخۆشییە دەروونییەكان دەخاتە خانەی هۆكاری نەخۆشی و پەككەوتەیی لە سەرتاسەری جیهان.

15- ئەگەر تۆ سەردانی پسپۆری دەروونی بكەیت، ئەوە خەڵك بە چاوی نزم سەیرت دەكەن.

ئایا لە كۆمەڵگەكەی تۆ بەم شێوەیە؟ ئایا دەبێت ئێمە چی بكەین، تا پەڵە و عەیبە لەسەر نەخۆشییە دەروونییەكان لابەرین و هانی خەڵك بدەین سەر لە پزیشكی دەروونی بدەن؟

16- نەخۆشی دەروونی تەنیا كاریگەری لەسەر تاكەكەس نییە، بەڵكو هەموو خێزان دەگرێتەوە.

بەڵێ، ڕەفتارە ناوازەكان و گرفتە سۆزداری و دەروونییەكان تاك كاریگەری لەسەر هەموو ئەندامانی خێزان دەبێت.

17- هەرچەندە چارەسەر زۆر یارمەتی ئەو كەسانە دەدات، كە گرفتی دەروونییان هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵك بەدوای چارەسەردا ناگەڕێن.

بەداخەوە زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە چارەسەر کردن یارمەتییان دەدات، بەدوایدا ناگەڕێن، ئەو کەسانەی تووشی گرفتی دەروونی بوونە، پێویستە یارمەتی بدرێن، لە تێگەیشتنی هۆکارەکان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، بەم شێوەیەش ئەوان خۆیان بەدوای سەرچاوەی چارەسەردا دەگەڕێن.

## پەڵە و جیاوازی کردن

پەڵە یان جیاوازی کردن هەڵوێستێکە بەهۆی ترس، بێ متمانەیی، ئەفسانە و خورافات، حوکمی پێش وەختە، خستنە ناو قاڵبێکی تایبەت و کەمی زانیارییەوە بە گشتی لای تاك یان کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات. پەڵە و جیاوازیکردن دژی ئەو خەڵکانەی گرفتی دەروونییان هەیە چەندین جۆری هەیە و بە شێوەی نادیار و ئاشکرا دەبێت و وەهاش لە ئێمە دەکات کە بە هەڵە لێیان تێبگەین، گلەییان لێ بکەین، گاڵتەیان پێ بکەین، یان چارەسەریان نەکەین.

لەوانەیە خێزانی ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە بکەونە ژێر کاریگەری نێگەتیڤی کەسانی دەوروبەر، بەڵام لە هەندێك باردا ئەندامەکانی خێزان خۆیان، کارایەکی خراپ و زیان بەخشن، بەهۆی ئەو مامەڵە خراپەی لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەکە دەیکەن، هەر چۆنێك بێت کاتیك ئەم هەڵوێست و ڕەفتارەی ئەوان ببێتە هۆی پاڵپشتی و یارمەتیدانی نەخۆش، ئەوە خێزانەکان دەبنە کارایەکی گرنگ بۆ یارمەتیدان و گونجاندن لەگەڵ گرفتەکانیان.

پەڵە و جیاوازی و پشت گوێ خستن، دەبنە هۆی ڕێگری لە چارەسەری و چاودێریکردنی نەخۆشە دەروونییەکان (وەك لە ڕاپۆرتی مانگی ئۆکتۆبەری 2001ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووە)، ئەم فاکتەرانە، گرفتە دەروونییەکان ئاڵۆزتر دەکەن و وا لە نەخۆشی دەروونی دەکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی گرفتەکانیان بە دوای یارمەتی و چارەسەری پێویستدا نەگەڕێت.

زۆربەی خەڵك گرفتە دەروونییەکان، بە خاڵی لاوازی کەسایەتی دادەنێن و بڕوایان وایە کەسەکە بە تەواوی چاك دەبێتەوە گەر ئیرادە و هێزی تەواوی هەبێت. زانایان ئەمڕۆ پێمان دەڵێن، کە زۆر لە گرفتە دەروونییەکان بنەمای بایۆلۆژییان

هەیە و دەبێت وەك نەخۆشییەکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هەندێك خەڵك پێیان وایە ڕەحە شەیتانییەکان هۆکاری نەخۆشییە دەروونییەکانن، بۆیە دەبێت ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە لە کۆمەڵگە دوور بخرێنەوە، ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ئەوەیە، کە نەخۆشە دەروونییەکان پێویستیان پێیەتی، چونکە ئەوان پێویستیان بەوەیە کە تێیان بگەین، قبووڵیان بکەین، بەشدارییان پێ بکەین.

چۆن ئێمە ڕێگری لە پەڵە و جیاوازی کردن دەگرین، بەرانبەر ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە ؟

وەڵامەکە لەوەدایە، کە زانیاری پێویست بدەینە کارمەندانی تەندروستی، پەروەردەکاران و خەڵك بەگشتی لەبارەی هۆکارە بایۆلۆژی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی گرفتە دەروونییەکان. زۆر گرنگە ئەو کەسانە فێربکەین، کە مامەڵەکردنی میهرەبانانە و هەڵوێستی خۆشەویستانە و چارەسەری تەواو یارمەتی دەرێکی گرنگە بۆ گرفتە دەروونییەکان. ئەمەش مەبەستی ئەم نامیلکەیە. بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەم نامیلکەوە، پەروەردەکاران و کەسانی دیکەیش فێردەکرێن چۆن ژینگەیەکی پاڵپشتیکەر بۆ گەنجان و منداڵان دابین بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی گرفتی دەروونییان هەیە، بەم شێوەیەش کۆمەڵگە دەبێتە بەشێك لە چارەسەر نەك گرفت . ڕەنگە گۆڕینی هەڵویستە کۆنەکان کاتیکی زۆری بوێت، بەڵام دەستپێکردنی ئەم هەنگاوە لە فێرگەدا، بۆچوونێکی لۆژیکانەیە.

## ڕاستییە سەلمێنراوەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان

نەخۆشییە دەروونییەکان ، ئەو گرفتانەن، کە بەو شێوەیە بیرکردنەوە ، هەست کردن، میزاج و توانای کارکردنی تێکدەدەن، هەروەك چۆن نەخۆشی شەکرە، دەرەنجامی خراپ کارکردنی پەنکریاسە، ئەوە نەخۆشییە دەروونییەکان ئەو گرفتانەن، دەبنە هۆی کەم بوونەوەی توانای نەخۆش بۆ گونجاندن و وەڵامدانەوەی پێداویستییە ئاساییەکانی ڕۆژانە.

نەخۆشییە دەروونییە گرنگەکان بریتین لە باری خەمۆکی گەورە، شیزۆفرینیا، نەخۆشی دوو جەمسەرە، گرفتی وەسواسی ـ ناچاری، گرفتەکانی تۆقین، فشاری

دەروونی دوای زەبر و شڵەژانی کەسایەتی سنووری، هەواڵی دڵخۆشکەر سەبارەت بە نەخۆشی دەروونی ئەوەیە کە ئەگەری چاك بوونەوەی هەیە.

گرفتە دەروونییەکان تووشی هەریەك لە ئێمە دەبن، لە هەر تەمەنێك، ڕەگەزێك، ئایینێك یان باری ئابووری. نەخۆشییە دەروونییەکان دەرەنجامی بێ هێزی کەسایەتی نین، نارێکی ڕوخسار یان پەروەردەی نادروست، زۆربەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی توندبوونە، دەکرێت چارەسەر بکرێت، گەر پلانێکی چارەسەری تۆکمە دابنرێت.

جگە لە چارەسەری بە دەرمان، چارەسەری دەروونی وەك چارەسەری گۆڕینی پەیبردن(بیرکردنەوە)و ڕەفتار، چارەسەری نێوان کەسەکان، چارەسەری بەهۆی پاڵپشتی هاوڕێ و چەندین چارەسەری دیکەی نێو کۆمەڵگە . دەبنە پێکهاتەیەکی گرنگ لە پلانی چارەسەرکردن و یارمەتی زووتر چاکبوونەوە دەدەن. بوونی شێوازەکانی گواستنەوە، خواردنی تەندروست، وەرزش کردن، خەوتن، هاوڕێ و چالاکی خۆبەخشانە دەبنە هۆی تەندروستی باش بەگشتی و دەروون دروستی بە تایبەتی.

**لێرەدا باسی چەند ڕاستییەك دەکەین لە بارەی نەخۆشی دەروونی و ئەگەری چاکبوونەوەیان :**

نەخۆشییە دەروونییەکان، گرفتی ڕاستەقینەن، ئەم نەخۆشییانە تەنیا بەهۆی ئیرادە و بەهێزی کەسایەتییەوە کۆنترۆڵ ناکرێن و بە ئاستی زیرەکی مرۆڤەکەوە پەیوەست نین، نەخۆشییە دەروونییەکان سنوورێکی فراوانیان هەیە، لە حاڵەتی سووك بگرە تا ئەوپەڕی توندی، زۆر جاران نەخۆشییە دەروونییەکان لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیاندا تووشی مرۆڤ دەبن، بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری یان گەنجێتیدا هیچ قۆناغێك یان تەمەنێك لە تووش بوون بەم نەخۆشییە بەدەر نییە، بەڵام گەنج و پیر زیاتر ئەگەری تووش بوونیان هەیە. بەبێ چارەسەری دەرەنجامی نەخۆشی دەروونی گرفتی زۆر بۆ کەسەکە و هەموو کۆمەڵگە دروست دەکات وەك بێکاری، پەککەوتەیی، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، دەربەدەر بوون و بێ جێگەیی، خۆکوشتن و بەهەدەر بردنی ژیان.

ئەمڕۆکە چارەسەری پێویست و گونجاو بۆ سەختدیکەین نەخۆشی دەروونی دۆزراوەتەوە، لە 70٪ تا 90٪ ی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەروونی سەخت

بوون، گرفتەکانیان کەمتر بووەتەوە و ژیان و گوزەرانیان بەرەو باشتر چووە، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری دەروونی و پاڵپشتی پێکەوە.

لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمانی کاریگەر و خزمەتگوزاری پێویست، زۆربەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی سەخت بوونە، کاریگەری نەخۆشییەکە لەسەریان کەم دەبێتەوە و دەتوانن بڕۆنەوە سەر کارەکانیان و ژیانێکی خۆش بەسەر بەرن. کلیلی چارەی نەخۆشی دەروونی، بریتییە لە بەدەست هێنانی ئەزموونی پێویست بۆ چارەسەر، زوو دەستنیشان کردن و چارەسەر کردن زۆر گرنگە، ئەمە سەلمێنراوە کە چارەسەری زوو و پاڵپشتی بەردەوام لە چارەسەردا کاریگەرە، هەروەها چاکبوونەوە خێراتر دەکات و ئەگەری تووش بوونەوە و زیان کەتر دەکاتەوە، پەڵە و جیاوازیکردن ، ئەم متمانە و بڕوایە لادەبات کە نەخۆشییە دەروونییەکان ڕاستەقینەن و چارەسەیرش دەکرێن. ئێمە پەڵە و جیاوازی کردن و بێ هیوایی دروست دەکەین، تاکو لەم نەخۆشییانە پارەی پێویست و کات بەفیڕۆ نەدەین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم بەربەستە لابەرین.

## فاکتەرە مەترسیدارەکان و گرفتی دەروونی

## گرفتە ئەقلیەکان و پەککەوتەیی لە منداڵان

چەندین جۆر فاکتەری وەك بۆماوەیی، فاکتەرەکانی بەر یان لەدوای لەدایك بوون، خاسیەتەکانی کەسایەتی، خێزان و فاکتەری دەوروبەر هەن، کە منداڵ و هەرزەکار تووشی گرفتە دەروونییەکان، هۆشدارییەکان و پەککەوتەیی دەکەن. شتیکی بەلگە نەویستە، کە بوونی زیاتر لە فاکتەرێك، بوونی نەخۆشی دەروونی چەند جارە دەکات.

**لە فاکتەرەکانیش :**

هۆکاری بۆماوەیی، بۆهێڵەکان. کاریگەری دایباب ـ فشار، دەرمان، نەخۆشی. تێکچوونە زگماکیەکان، ئالۆزی و گرفتەکانی لەدایکبوون، منداڵی ناکام. نەخۆشییەکانی دوای لەدایك بوون. ڕووداوەکان. کەمی خۆراك یان بەدخۆراکی. هەژاری. ئەزموونی ناخۆشی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی زوودا. بوونی گرفتی

سایکۆلۆژی لە دایباب، فشار و گرفتی بەردەوام لە خێزان. خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵ و پشتگوێ خستنی. چەند گرفتێکی سایکۆلۆژی تایبەت وەك هەست بە بێ هێزی، بیرکردنەوەی ڕەشبینانە، میزاجی خراپ. زەبری دەروونی تایبەت، لەدەستدانی کەسێك یان شتێك.

## چەند گرفتێکی تایبەت کە تووشی منداڵ و گەنج دەبن

لەم بەشەدا چەندین فاکتەری جیاواز کە کار دەکەنە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی ـ سۆزداری و توانای خوێندنی منداڵان و گەنجان باس دەکرێن. ئەم بەشە باس لە کاریگەرییە بۆماوەییەکان و کاریگەرییە ژینگەییەکان دەکات. باسی یەکەم سەبارەت بە ڕۆڵی پلەی گەرما، خاسیەتەکانی لەدایکبوون کە بەشێك لە کەسایەتی منداڵ پێکدەهێنن، دەست پێدەکات. پەککەوتەیی جەستەیی، ئەو کاتە باس دەکرێت، کە منداڵەکان دەچنە فێرگە و تێکەڵ بە فێرخوازان دەبن. گرفتەکانی فێربوون و نەبوونی تەرکیز و زۆر جووڵەیی باسیان لێوە دەکرێت، چونکە کاریگەری زۆریان لەسەر توانای خوێندنی منداڵان هەیە.

منداڵی تووڕە یان شەڕانگێز، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە پێشتر میزاجی خراپ بووە و کاردانەوەی ئەوە بێت کە ئەزموونی خراپی لەناو خێزان یان کۆمەڵگە هەیە، لە بەشەکانی دوایی باسی گرفتەکانی وەك کۆست کەوتن ( خەمی لەدەستچوونی کەسێك و خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵ دەکەین.

هەروەها لە فلیمەکانی کارتۆن وزنجیرە نواندەکان دەبینین، زۆر لە منداڵان کاتێك دێن بۆ فێرگە، چەندین گرفت لەگەڵ خۆیان دەهێنن وەك هەژاری، تێکچوونی شیرازەی خێزان، خانووی بچووك، بەدخۆراکی، بەرپرسیاریەتی و کاری قورس لە ماڵەوە و توندوتیژی کۆمەڵایەتی کە بەشێکە لە ژیانیان. هەموو ئەو گرفتانە کاردەکەنە سەر تەرکیز و ڕادەی ئەنجامدانی کارمەندان لە فێرگە. زۆر گرنگە مامۆستایان ئەو گرفتانە بدۆزنەوە، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی فێرخوازەکانیان دەبنەوە و بە میهرەبانی و سۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، چونکە ئەوان پێویستیان بەمەیە.

## میزاج

میزاج: بریتییە لە کۆمەڵێك خاسیەت لە کەسایەتی منداڵ، کە ئەوە دیاری دەکەن چۆن منداڵ لەگەڵ بارودۆخە ناوەکی و دەرەکییەکان و کاریگەرییەکانی ژیاندا مامەڵە دەکات. ئەو دایباب و مامۆستایانەی کە لە میزاج تێدەگەن، دەتوانن چۆن خۆیان لەگەڵ میزاجی تایبەتی منداڵ بگونجێنن.

## جۆرەکانی میزاج

1- منداڵی نەرم و نیان و گوێڕایەڵ

لە فرمانە بایۆلۆژییەکاندا ڕێکوپێکە وەك خواردن، نووستن.

نەرم و نیانە و زوو لەگەڵ گۆڕانکاری نوێ دەگونجێت.

حەزی لە ئەزموونی تازە هەیە.

میزاجی دڵخۆشکەر و پۆزەتیڤە.

هێمنە و زوو بێزار نابێت.

خاوە لە بەخشینی سۆز و بەگومان و ئاگایە.

ترساو، شەرمن، بە دایکی دەنووسێت.

خۆی لە ئەزموونی نوێ دوور دەخاتەوە.

بە خاوی لەگەڵ ئەزموونی نوێ خۆی دەگونجێنێت.

کاتێك تەواو دڵنیایە، ئینجا هەڵوێستی پۆزەتیڤانە دەبێت.

2- منداڵی بەزەحمەت و گرژ

خواردن و خەوتنی نارێکە.

میزاج و بیرکردنەوەی ڕەش بینانەیە.

کاردانەوەی نێگەتیڤانەیە و زۆر بە هێواشی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و، خەڵکانی نوێ و شوێنی نوێ دەگونجێت.

# جۆرەکانی تەکنیک بۆ میزاجی جیاواز

1- منداڵی نەرم و نیان و گوێڕایەڵ
ئەم منداڵە زوو دەگونجێت و گوێڕایەڵی داواکارییە پۆزەتیڤ و بنیادکەرەکانی دایباب دەبێت.
منداڵەکە ئامادە بکە بۆ گۆڕانکاری.
بە هێواشی منداڵەکە بخەرە ناو چالاکی نوێیەوە.
هەر لێرە فێری بکە پشت بە خۆی ببەستێت.
فێری ڕۆتینی بکە و ئاسایش و ئارامی بۆ دابین بکە.
2- منداڵی بە زەحمەت و گرژ
هەموو جاران گرژ و نارەحەتە. زۆر داوای شت دەکات و ئارەزووی زۆرن و سەرسەخت و کەللە ڕەقە. ئارەزووکانی زوو تێر دەبن و بە کەمتر شت هەڵدەچێت.
لەوانەیە زۆر چالاك بێت، بەڵام مەودای تەکیزی زۆر کورتە.
جەخت لەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوە و هەست کردن بکەوە.
سنووری بۆ دابنێ و لەم ڕەفتارە بەردەوام بە.
منداڵەکە بۆ گۆڕانکاری ئامادە بکە.
فێری بکە چاوەڕێی گرفت بکات و خۆی لەگەڵی بگونجێنێت.
ئەو منداڵانەی زۆر چالاکن، یاری زەحمەت و هەلی قورسیان بخەرە بەردەم.
گەر هەستت کرد بێزار دەبێت،دووبارە ئامۆژگاری بکەوە.
چەندین هەڵبژاردنی بدەیە و سەرپشکی بکە.
هێمن و ئارامی پێ ببەخشە.
هەوڵ بدە میزاجە نێگەتیڤە سووکەکان پشت گوێ بخەیت، بەڵام کاتێك زۆر گرژ دەبێت، مامەڵەی پێویستی لەگەڵ بکە .

# مامەڵە کردن
# لەگەڵ چەند گرفتێکی تایبەت

## منداڵی شەرمن:

منداڵی شەرمن، هەمیشە بەڕێز، دوورەپەرێز و داهێنەرن، شەرمنی سیفەتێکی بۆماوەییە، بەڵام ڕەنگە هۆکارەکەی دایباب، گرفتەکانی ناو خێزان، گرفتەکانی فێربوون یان گرفتەکانی قسەکردن، گونجان لەگەڵ فێرگەی تازە، هەست بە کەمزانین، یان خراپ مامەڵە کردنی هاوڕێیان بێت. لەوانەیە شەرمنی تەکنیکی خۆگونجاندن بێت لەگەڵ بارودۆخی نوێی پڕ لە هەڕەشە، بەڵام دەبێتە تەکنیکی بەدگونجاندن ( نەگونجان ) کاتێك کار دەکەنە سەر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ و توانای لە فێرگەدا. کاتێك ترس لە ڕەخنەگرتن، هەڵە کردن، یان هەر سەرەڕۆییەك کۆنترۆڵی منداڵی شەرمن، یان کاتێك گۆشەگیر دەبێت و تێکەڵی منداڵان نابێت، ئەوە پێویستی بە یارمەتییە، ئەم گۆشەگیرییە تووشی تەنیایی دەکات و دەرەنجام هاوڕێکانیشی لێی دوور دەکەونەوە، بەم شێوەیەش بازنەکە بەردەوام دەبێت.

## ئایا مامۆستایان دەتوانن چی بکەن؟

زۆر بە نەرم و نیانی و بە هێواشی قسە لەگەڵ فێرخوازەکە بکە، کاتی تەواو بدە بە منداڵەکە تاکو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

شەرمنی تەنیا سیفەتێکی منداڵەکەیە، تۆ منداڵەکە بە گشتی قبووڵ بکە. هەوڵ بدە بڕوای بەخۆی لا دروست بکەیت، بەم شێوەیەش کاتێك تووشی بارودۆخ و ئەزموونی نوێ دەبێت، ئەوە هەست بە ئارامی و بڕوا بەخۆبوون دەکات، لایەنە بەهێزەکانی پێ نیشان بدە، بەڵام حەماسەتی زۆری مەدەیەو فشاری زۆری مەخەرەسەر، نەوەك تووشی شەرمەزاری و تەریق بوونەوە بێت.

منداڵەکە فێربکە با یارمەتی منداڵی بچوکتر بدات، یان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداری چالاکی فێرگە بکات.

هانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤەکانی بدە، هەروەها هانی تێکەڵبوونی گونجاو لەگەڵ هاوەڵانی بدە.

کاتێك منداڵەکە لە بەرانبەر بارودۆخی نوێدا دوودڵە، سۆز و میهرەبانی نیشان بدە.

هەندێك جار زۆر زەحمەتە هەوڵی شتی نوێ بدەیت و زوو لەگەڵی بگونجێیت، بەڵام من دڵنیام دوای ماوەیەك هەست بە گونجان دەکەیت.

لێگەڕێ با منداڵەکە بە هێواشی لەگەڵ بارودۆخی نوێ کاربکات و بۆ بەخۆدا چوونەوە و کاتی پێویست بۆ گونجان هەلی پێویستی بدەیە، لەگەڵی ئارام بە.

یارمەتی منداڵەکانی دیکە بدە، ئەم منداڵە شەرمنە قبووڵ بکەن.

## منداڵی بێ ورە

ئەم منداڵە لە هەر کارێك نزیك بێتەوە دەڵێت ( من ناتوانم بیکەم )، ئەم منداڵە هەمیشە هەست بە بێ ئارامی دەکات و لە دڵەڕاوکێ و ترسدایە لەوەی کارێکی نادروست بکات. ئەم جۆرە منداڵە لەلایەن هاوڕێکانیانەوە قبووڵ ناکرێن، چونکە ئەوان منداڵی گەشبین و ورە بەرزیان دەوێت.

**مامۆستایان دەتوانن چی بکەن؟**

گرنگی تایبەتی بە منداڵەکە بدە و هانی زیاتری بدە، هەوڵ بدە بڕوای بەخۆی بۆ دروست بکەیت، یارمەتی بدە خۆی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانەتر ببینێت.

دەسەڵاتی پێ بدە، لە ئەنجامدانی کاردا سەرپشکی بکە، هەلی زۆری بدەیە تاکو بتوانێت سەرکەوتوو بێت.

هانی بدە بەشداری لە گفتوگۆ و چالاکییەکانی پۆلدا بکات، بەتایبەتی کاتێك وەڵامی هەڵە و ڕاست نییە.

لەوە دڵنیابە کە منداڵەکە تەواو تێگەیشتووە و ئامرازی پێویستی هەیە. هانی بدە، ئەو پرسیارانە بکات، کە یارمەتی دەدەن زیاتر تێبگات، بۆ ئەوەی ئەرکەکەی باشتر جێبەجێ بکات.

وشەی ( من ناتوانم ) پشتگوێ بخە و جەخت بکەوە کە دەتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

سەرپشکی بکە لەوەی کامە گرفت لە ئەرکەکان چارە بکات، چ پێنووسێك بەکاربهێنێت ... تاد.

هانی بدە، دووبارە هەوڵ بداتەوە و ئافەرینی بکە کاتێك هەوڵ دەدات و خۆی دەخاتە مەترسییەوە.

ئەگەر گرفتێکی گەورە بەردەوام بوو، هەوڵ بدە منداڵەکە هەڵبسەنگێنە، ئایە هیچ گرفتێکی فێربوون یان بیرکۆڵی هەیە.

## منداڵی بێ ئیرادە و هاندان

فاکتەری زۆر هەن دەبنە هۆی بێ ئیرادەیی و نەمانی گیانی هاندان لای منداڵان، ئەوان ڕەنگە هەست بەوە بکەن کە فێرگە پێوەندی بە ئێستە و داهاتوویانەوە نییە، ڕەنگە ئەزموونی تاڵیان لە ڕابردوودا هەبووبێت و بڕوایان وابێت هەرچەندە هەوڵبدەن ئەوە ناتوانن لە داهاتوودا سەربکەون، لەوانەیە ئەوانە مێشکیان بە هەندێك شتی دەرەوەی فێرگە سەرقاڵ بووبێت وەك ( گرفتی ماڵەوە، زەحمەتییەکانی ناو کۆمەڵگە، ژینگەیەکی نائارام).

**ئایا مامۆستایان دەتوانن چی بکەن؟**

هەلی بەردەوامیان بۆ بڕخسێنن و لە شوێنی سەرکردایەتییان دابنێن وەك چاودێری پۆل.

پێدا هەڵگوتن بە هەوڵ و پێشکەوتنەکانیان لە ئەنجامدانی کاردا.

بەستنەوەی فێربوون لە پۆل بە شتەکانی دیکەی ژیانەوە.

فێرخوازەکان بکە گرووپ، بەشداری چالاکەیان پێ بکە، لەو پرۆژەو چالاکییەیان پێ بدە کە بۆ خۆش گوزەرانییە.

چەندین چالاکی پێ پیشان بدە و سەرپشکی بکە لە هەڵبژاردنیان.

بۆ بوونی ئەگەری گرفتەکانی فێربوون یان بیرکۆڵی هەڵسەنگاندن بکە.

ئەو ئامرازانە بەکار بهێنە، کە پێوەندییان بە شێوازی ژیانیەوە هەیە وەك ( شێوازەکانی بیستن، بینین، هەست کردن).

لایەنەکانی ئارەزوو و لایەنەکانی هێز لە منداڵەکە ببینەوە و هەلی بۆ بڕەخسێنە، تاکو وانە بە فێرخوازانی دیکە بڵێتەوە.

## ئەو منداڵانەی گزی و قۆپییە دەکەن

ئەو منداڵەی متمانەی نییەو ترسی ئەوەی هەیە گەر سەیری پەڕەی تاقیکردنەوەی منداڵێکی دیکە نەکات، خۆی قۆپییە نەکات و لە پەڕەی ورد شت نەنووسێتەوە، ئەرکی ماڵەوەی ئەوانی دیکە نەبات، ئەوە ناتوانێت دەربچێت.
مامۆستایان دەتوانن چی بکەن ؟
ڕووبەڕوو گلەیی لێ مەکە و مەیخەرە لیستی ڕەشەوە، بەڵکو بەتەنیا قسەی لەگەڵ بکە.
تێی بگەیەنە کە مەبەستی منداڵ ئەوەیە سەرکەوتوو بێت، ئەم گزیکردنەش لەو ترسەوە یان بێ متمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو دەتوانێت بەبێ ئەم ڕێگەیە نادروستە کارەکەی ئەنجام بدات.
ئەم ڕەفتارە تایبەتەی منداڵەکە لە ئاکاری منداڵەکە بە گشتی جیا بکەرەوە ، منداڵەکە وەك مرۆڤێك قبووڵ بکە، بەڵام ئەم کارە نارەوایەی ڕەت بکەوە.
لە بیرت بێت کە مەبەستی تۆ ڕێگەگرتنە لە ڕەفتاری ناڕەوا، نەك سزادانی منداڵەکە.
ئەو شتە دیاری بکە کە دەتەوێت ( وا چاوەڕوان دەکەم، هەموو فێرخوازەکان ئەرکی ماڵەوەیان لەم ئەزموونە ئەنجام بدەن ).
ئەو منداڵە لە پەڕەی تاقیکردنەوەی منداڵەکانی دیکە دووربخەوە.
بڕوای منداڵەکە بە خۆی زیاد بکە و فێری بکە لە دوارۆژ ڕاستگۆبێت ( من دەزانم گەر تۆ بخوێنیت، دەتوانیت ئەنجامی باش بەدەست بهێنیت، بەبێ ئەوەی قۆپییە بکەیت، من دڵنیام تۆ جاری داهاتوو دەخوێنیت و قۆپییە ناکەیت).

## لەخۆبایی بوون

ئەو فێرخوازانە دەگرێتەو ، کە خۆیان وا نیشان دەدەن هەموو شتێك دەزانن، ئەوانە حەز دەکەن لە سەنتەر بن و هەمیشە لە پێشبڕکێدا بن، هەندێك جار ئەم منداڵانە هەست بە نەبوونی ئارامی دەکەن، بۆیە هەوڵ دەدەن، تیشکەکە هەمووی لەسەر ئەوان بێت، تاکو سەرنجی بەردەوامی ئەوانی دیکە ڕابکێشن.

**مامۆستایان دەتوانن چی بکەن؟**

پێداویستی فێرخوازەکە بۆ بەشدار بوون و هەست کردنی بە گرنگی خۆی دیاری بکە.

هانی بدە ئەم پێداویستییانە بە ڕێگەیەکی گونجاو بەئەنجام بگەیەنێت.

تێی بگەیەنە، کە پێویست ناکات ئەوەندە لە خۆی بایی بێت و تەنیا دەبێت باشترین کەس بێت، تا لەلایەن هاوڕێیان و مامۆستایانەوە جێگەی قبووڵ بێت.

سەرنجی پۆزەتیڤانە بدە منداڵەکە بەرلەوەی ئەو بەدوای سەرنجی نێگەتیڤانەدا بگەڕێت، منداڵەکە قبووڵ بکە تەنیا کاتێك ئەویش ڕێز بۆ ئەوانی دیکە دادەنێت، تەنیا لە سەرەی خۆی قسە بکات و، دەبیت بەشداری فێرخوازانی دیکە بکات.

هەلی بدەیە با هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات وەك ئەرکی ناو پۆل، یارمەتیدانی مامۆستا، پێشکەش کردنی پرۆژە ... تاد.

بەرەو لای فێرخوازەکە بڕۆ، کاتێك بە فیز و لەخۆبایی بوون قسە دەکات، سەیری بکە، یان دەست لەسەر شانی دابنێ، یان بڵێ ( تکایە ).

بڵێ ئەمە خاڵێکی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام ئەی ئێوە فێرخوازانی دیکە چی دەڵێن؟

ئەگەر منداڵەکە تاکرەوانە گفتوگۆکەی بەڕێوە برد بڵێ ( با هەل بدەینە فێرخوازەکانی دیکە وەڵامی پرسیارەکانی دیکە بدەنەوە).

چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ منداڵەکە ببەستە و پێی بڵێ تۆ کە بایەخی پێ دەدەیت.

پێی بڵێ ( نامەوێت منداڵانی دیکە بیرکردنەوەی نێگەتیڤانەیان بەرانبەر تۆ هەبێت).

## ئەو منداڵەی لە فێرگەدا نوێیە

هەندێك جار چوونە فێرگەیەكی نویێ بۆ منداڵ كارێكی زۆر مەترسیدارە، بەتایبەتی گەر دوای دەست پێكردنی وەرزی خوێندن بوو، ڕەنگە منداڵەكە لە ئاستی پرۆگرامی جیاواز و تەنانەت زمانی جیاوازیش بێت، ڕەنگە بەهۆی ژیانی ئاوارەیی یان هەر بارودۆخێكی دیكەوە بێت چەندین هەفتە یان مانگ خوێندنی لەكیس چووبێت، ئەمەش بۆشاییەكی گەورە دەخاتە خوێندنەكەیەوە.

### مامۆستایان دەتوانن چی بكەن؟

گەر بكرێت بارودۆخی منداڵەكە و خێزانەكەی بزانە، بەرلەوەی بێتە فێرگە، چاوپێكەوتنێك لەگەڵ منداڵەكە و دایبابی سازبدە، بزانە ئارەزوو و حەزی منداڵەكە چییە؟ هەروەها نارەحەتییەكانی چین و خێزانەكە لە چ بارێكدایە ( كەمپی ئاواران، مردنی یەكێكی خۆشەویست، گواستنەوەی بەردەوام .... تاد ).

پۆلەكە بۆ فێرخوازە نوێیەكە ئامادە بكە، ئەو شێوازانە دیاری بكە، كە هاوڕێكانی لە پۆل بەهۆیەوە پێشوازی لێ دەكەن. ( بەیادیان بێنەوە كە هەستیان چۆن دەبێت، گەر ئەوان بچنە پۆلێك و كەس نەناسن).

هاوڕێیەكی بۆ پەیدا بكە، تاكو لەگەڵ پۆلە نوێیەكە دەگونجێت.

با فێرخوازەكان خۆیان بناسێنن و باسی یاساكانی پۆل بكەن.

یارمەتی بدە ئەو كەلێن و بۆشاییانەی زانیاری پڕ بكاتەوە، كە لە فێرگەكەی دیكە لەدەستی داون، یان بۆی دەستەبەر نەبوونە.

## منداڵی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەوانەی لە بواری مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەكان چالاكن، داوای داهێنانی زاراوەی مرۆڤانەتر دەكەن بۆ ئەم توێژە.

بۆیە لەجیاتی وشەی پەككەوتە باشترە وشەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان بەكاربهێنرێت، چونكە یەكەم ئەوانە مرۆڤن و دووەم ئەم پەككەوتەییە تەنیا

بەشێکە لەوان، ئەوان لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە پەککەوتە نین، بۆیە گرنگە سەیری ئەوە بکەین کە چیان پێ دەکرێت، نەك ئەوەی چیان پێ ناکرێت!

خۆت بێنە بەرچاو هەستت چۆن دەبێت، گەر لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان، پەککەوتە بیت وەك (جوولە، بینین، بیستن، تەندروستی، دەروونی، ئەقڵی)، دەتەوێت چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکرێت؟ ئێستەکە لە جیهان ئاراستەیەك هەیە کە منداڵانی بیرکۆڵی سووك و مامناوەند بخرێنە فێرگەی ئاسایی، بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە ژیانی ئاسایی و بەشداری چالاکییەکان بکەن، ئەمەش وا لەو منداڵە ئاساییانە دەکات کە زیاتر لەو منداڵانە بگەن و قبووڵیان بکەن و درك بەوە بکەن، کە ئەم منداڵانەی هەندێك بەهرەی تایبەتیان هەیە ئەوان نیانە، هەروەها ئەم تێکەڵبوونە ڕادەی پەککەوتەیی ئەم منداڵانە کەمتر دەکاتەوە.

زۆر گرنگە بزانین، کە خێزانی منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان پێویستیان بە سۆز و پاڵپشتە، هەستکردن بە شەرم و بێ ئومێدی، دوو هۆکاری ئازاردانی دایبابی ئەم منداڵانەن، پەڵە و جیاوازیکردن دوو هۆکاری دیکەن ، کاری ئەوەن زەحمەتدیکە دەکەن ، گلەیی کردن و خۆدوور گرتن لە خێزانی ئەم منداڵانە گرفتەکە قورسدیکە دەکات ، مامۆستایان و کۆمەڵگە بە گشتی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە وەرگرتن، قبووڵکردن و یارمەتیدانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی و خێزانەکانیان .

## تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی بە منداڵانی دیکە

ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ، بەندی 23 ڕادەگەیەنێت کە مافی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیە، ژیان خۆش و بەختەوەر بگوزەرێنێت، لە ژیانێك بژیت، یارمەتی بدات متمانەی بەخۆی زیاد بکات. هەروەها ڕادەگەیەنێت کە مافی خۆیانە چاودێری بکرێن، بخرێنە بەرخوێندن، چاودێری تەندروستیان بکرێت، ڕابهێنرێن، پێ بگەیەنرێن و خۆش گوزەرانییان بۆ دابین بکرێت. دەبێت هەموو ئەمانە بە شێوەیەك بن، لەگەڵ تواناکانی منداڵەکە بگونجێت ( لایەنی کۆمەڵایەتی

تەواو پێ بگات و لایەنی تایبەتی گەشە بکات ئەمەش کولتوور و داب و نەریت لایەنی ڕەحیش دەگرێتەوە).

## خوێندن مافێکی سەرەتایی هەموو منداڵانە

**تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە منداڵانی دیکە سێ ئامانجی سەرەکی هەیە :**

1- بۆچوون وبیروڕای کۆمەڵگە ( لەوانەش هاوڕێیانی لە پۆل ) سەبارەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان بگۆڕێت.

2- منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ببنە بەشێك لە فێرگە و کۆمەڵگە، بەم شێوەیەش هەلی ئەوەیان دەبێت ژیانێکی سروشتی بژین.

3- ئەم منداڵانە فێربکەین ببنە گەورەیەکی بەرهەمهێن، نەك ببنە بار و قورسایی بەسەر کۆمەڵگەوە.

تێکەڵکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ژیانی ئاسایی، مانای دیتنی ئەوانە زیاتر لەوەی کە تەنیا پەککەوتەیەك بن، فێرکردنی ئەو منداڵانەیە کە چالاك، خاوەن بڕیار، نەرمونیان و داهێنەر بن ، لەو بوارانەی پێویستیان بە چارەسەری گرفت و ئەزموونی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها ئاگادارکردنەوەی گەورانە بەو بەرپرسیاریەتییەی هەیانە، پێویستە گەوران بزانن کە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی بێ بەها و بێ سوود نین، ئەوان لە پێویستیان بۆ سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی جیاواز نین. تێکەڵکردن واتە ژیانێك کە پشت بە خۆت ببەستیت و بڕیار بدەیت.

لەجیاتی ئەوەی فێرخواز خاوەن پێداویستی تایبەت وەك گرفت سەیر بکرێت، باشتر وایە شێوازێکی پەروەردەیی دابهێنرێت بۆ گونجاندنی ئەم منداڵانە، نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو، نەبوونی ئامراز و پێداویستییەکانی خوێندن، حوکمی پێشینەی مامۆستایان یان لەسەر فێرخوازی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان، بوونی شێوازی ڕەق لە وانە وتنەوە و نەبوونی نەرم و نیانی لە پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی نەبوونی سیستمێکی پەروەردەیی کاریگەر بۆ ئەم منداڵانە لە فێرگەدا.

# هەنگاوەکانی تێکەڵکردنی فێرخوازانی خاوەن پێداویستی تایبەت

**پێویستە بەربەستەکان بگۆڕرێن بە هۆی :**
باس لە واتاکانی تێگەیشتنی هەڵە و جیاوازیکردن بکرێت لە فێرگە.
ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ئەو تەکنیکانەی یارمەتییان دەدەن پێداویستییەکانی فێرکردن هەڵبسەنگێنن و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی شێوازی تایبەت بە خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم فێرخوازانە.
دابینکردنی ئامرازی فێرکردنی تایبەتی و شێوازی نوێی خوێندن، بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
فراوان کردنی مەودای یارمەتی دایباب و ڕاهێنانیان، ئەمەش توانستی خێزان بەهێز دەکات و وا لە خێزان دەکات پشت بە گروپێکی تایبەت ببەستن، کە متمانەیان پێیە.
هەموو ئەو منداڵانەی تووشی گرفتی کەمتوانایی سووك و مامناوەندی جووڵە یان ئەقل، بینین یان بیستن بوونە، دەبێت هەلی ئەوەیان بدرێتێ لە کۆمەڵگەی خۆیان پەروەردە بن و لە دایباب دوور نەخرێنەوە، گرووپی پاڵپشتی لە خێزان پێویستە لە کۆمەڵگە دابمەزرێت، بەم شێوەیەش خێزانەکان تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبن.

## پێویستی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی

منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی تووشی زەحمەتی ناخۆشی دەبن، بەهۆی ئەو نارێکییەی لە گەشەیا دا ڕوودەدات.
لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان پێویستە ئەمانە بە هەند وەربگیرێن: ترس ، دڵتەنگی و خەمۆکی، ئەوان جیاوازن، ئەوان هەست دەکەن بەسەر کەسانی دیکەوە بارگرانین. ئەوان دەزانن هەگیز خەونەکانیان وەك خەونی منداڵی ئاسایی نایەتە دی.

بۆ ئەوەی یارمەتی منداڵ بدەیت ئەم پێداویستە بەدەست بهێنێت، پێویستە منداڵەکە وەك یەکەیەکی گشتی بناسین، نەك تەنیا وەك ئەوەی ئەوان پەککەوتەن، تێکەڵکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە منداڵان لە فێرگەی ئاسایی و بەشداری پێکردنیان لەو چالاکییانەی دەتوانن ئەنجامی بدەن، سوودێکی زۆر بە ژیانی ئەوان دەبەخشێت، تێکەڵبوونیان لەم قوتابخانانە و لە شوێنی دیکەیش وایان لێ دەکات هەست بکەن کە لە هەردوو لایەنی فێربوون و کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کراون.

ڕەنگە منداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان هەندێك گرفتی سۆزدارییان هەبێت کە منداڵانی دیکە نەیانبێت.

## قبووڵ نەکردن و ڕەتکردنەوە

ئەوان وا هەست دەکەن لە منداڵانی دەوروبەر جیاوازن.
پێویستیان بە سەرنج، بایەخ پێدان، قبووڵکردن هەیە، تاکو هەست بە بەها و ڕێزی خۆیان بکەن، زۆر گرنگە بەشداری چالاکییەکانی فێرگە بکەن، تا هەستی خۆیان دەربڕن و بەهرەکانیان نیشان بدەن.
پەروەردەکاران، دایباب و کەسانی دیکەیش، دەتوانن داوا لە کۆمەڵگە بکەن هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەم خاوەن پێداویستییە تایبەتییانە بگۆڕن.

## هاوێرکردن و پەراوێزخستن

ڕەنگە دایباب هەست بە شەرم، گوناه و خەمۆکی بکەن، ئەوان ڕەنگە ترسیان لە کاردانەوەی کەسانی دیکە هەبێت بەرانبەر ئەوان و، منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکە یان هەندێك منداڵ، بە ئەنقەست منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بێزار و تووڕە دەکەن.

لە وەڵامی ئەمەدا ڕەنگە دایباب منداڵەکانیان جیا بکەنەوە و لە ماڵدا گۆشەگیریان بکەن، بەم شێوەیەش لە ئەزموونەکانی گەشە و پێوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان بێبەشیان دەکەن، ئەمەش هەستی منداڵەکە و خێزانەکەی بۆ تەنیایی زیاتر دەکات.

زۆر گرنگە ئەم گۆشەگیرییە نەمێنێت، ئەمەش بە دابینکردنی چالاکی و یاری جیاواز بۆ منداڵەکە نەبوونی هاندان و هەست کردن بە نزمی خود.

پێویستە مامۆستا و دایباب هانی بدەن، خۆی یارمەتی خۆی بدات و پشت بە خۆی ببەستێت، نابێت هەموو شتێك بۆ منداڵ بکەن، بەتایبەتی ئەو کارانەی خۆی دەتوانێت ئەنجامیان بدات، پێویستە ڕووبەڕووی منداڵەکە ببنەوە و تەنانەت لێی گەڕێن هەندێك هەڵە بکات.

دووبارە پەککەوتنەکەی هەڵبسەنگێنەوەو، بزانە ئەو دەتوانێت چی بکات، هێز و تواناکانی بەکاربهێنە بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

## تووڕەبوون

ڕەنگە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە خودی خۆیان تووڕە بن، بەهۆی پەککەوتەکەیان و جیاوازیان و قبوولٚ نەکردنیان لەلایەن منداڵانی دیکەوە، لەوانەیە گۆشەگیربن یان چاونەترس و بوێر دەربچن.

پێویستە گەورە یارمەتی منداڵ بدەن، کۆنترۆڵی تووڕە بوونیان بکەن و بە شێوەیەکی دروست دەریببڕن، پێویستە هەریەك لە منداڵان، دایباب و مامۆستا فێربن کە قبوولی پەککەوتەیی بکەن و ئەوەش بزانن هەرچەندە پەککەوتەیش هەبێت، گەشە هەر بەردەوام دەبێت.

## منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و گرفتی کەمی تەرکیز کردن

گرفتی کەمی تەرکیز و پەککەوتەیی کاردەکەنە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵ. ئەو منداڵانەی ئەم گرفتەیان هەیە تووشی گرفتی دەماری دەبن، کە کاریگەری لەسەر ڕادەی فێربوون و پێوەندی کردن و تەرکیز کردنیان هەیە.

## منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت

منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، چەند گرفتێکی دیاریکراویان دەبێت، زۆربەیان چەند بەهرەیەکی تایبەتمەندیان هەیە، پەککەوتەیی منداڵ کار لەسەر توانای مێشکی دەکات، بەوەی کە ڕاڤەیەکی جیاواز دەداتە ئەوەی دەیبیستێت یان دەیبینێت. هەندێك منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دەربڕینی هەستیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە وشە یان بە نووسین زەحمەتیان هەیە، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت چەند لایەنێکی بەهێزیان هەیە و دەتوانن لە پۆلی ئاسایی منداڵاندا فێربن، بەڵام بۆ زاڵبوون بەسەر خاڵە جیاوازەکانیاندا پێویستیان بە بایەخی تایبەت هەیە.

منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەم زیرەك، کەموکوڕی گەشە، بیرکۆڵ نین، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، ڕادەی زیرەکیان وەك ئاسایی یان لە سەرووی ئاساییە. هۆکاری پەککەوتەیی بەهۆی لەدەست دانی بینین و بیستن نییە. هۆکاری گرفتی سۆزداری، زەبری دەروونی، گرفتی ماڵەوە، فێرکردنی لاواز، بارکردن و گواستنەوەی ماڵ، خوێندن بە زمانێکی جیاواز نییە.

**هەندێك لەو لایەنانەی کە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت گرفتیان لێی هەیە:**

### بینین

ئەمەش چەند لایەنیك دەگریتەوە: گرفتەکە لەوەدایە کە دەبینێت. گرفت لە بینینی تەختە ڕەشە، گرفت لە پەیوەست کردنی دەنگ بە وێنە و سیمبۆلەکان (وەك پیتەکان ) و ( وشەکان )، بە پێچەوانە نووسین یان خوێندنەوەی وشە و پیتەکان.

### بیستن

ئەمەش چەند لایەنیك دەگریتەوە: گرفت لەوەی کە دەیبیسن. گرفتی ( دەربڕین و بیستن )ی ئەو چەمکانەی ئاڵۆزن. زەحمەتی لە دۆزینەوەی ئەوەی لە ژاوەژاو گرنگە لەکاتی وانە وتنەوەدا.

## ڕێکخستن

ئەو شتانەی پێویستی پێیەتی بزریان دەکات، یان لە شوێنی خۆی دایانـــنانێت. کتێب و دەفتەر و ژووری نووستن، هەمووی ناڕێکن. گرفـت لـە ڕێکخـستن و یـەك لـەدوای یـەکی هــەر کارێـك و تێکــەڵکردنی هــەنگاوەکان. لاوازی زمانــەوانی، دەربڕینی وشە و ڕستە و ڕای خۆی.

## یادەوەری

گرفت لە یادکردنەوەی ئەوەی فێری بووە. گرفت لە زانینی ئەوەی ئەو ئێستە لە کوێیە. تێکەڵکردنی ڕاست و چەپ، گرفتی جووڵەی دەست لەکاتی وێنەکێشان یان نووسیندا.

## شارەزایی کۆمەڵایەتی

پەککەوتەیی کاردەکاتە سەر گونجـان لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە. بیرکردنــەوەی ڕووت و زەحمەتی لە تێگەیشتنی مانا، قــسەی نەســتەق و نوکتــە. زەحمــەتی لــە وەرگرتنــی ڕێنمــایی و گوێڕایــەڵی کــردن. لاوازی لــە چارەســەرکردنی گرفــت و هەڵچوونەکان، لاوازی لە هەڵبژاردنی چارەسەری دیکەی جیاواز و هەڵــسەنگاندنی هەنگاوەکانی خۆی.

هەموو ئەمانەی سەرەوە مانــای پەککەوتــەیی ناگەیــەنن. هــەموو منــداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەتیش هەموو، یان تەنانەت زۆربەی ئەوانەیش نییــە. بــەڵام ئەمانە نیشانەی ئاگادارکردنەوەن، کە مانای هەڵسەنگاندنی زیاتر نیشان دەدەن.

پەککەوتەیی تەنیا هۆکاری دواکەوتوویی منداڵ نییە لە فێرگە. ئــەو گرفتانــەی دیکە کە دەبنە هۆی دواکەوتوویی لە خوێندن ئەمانەن : دڵەڕاوکێ یان خــەمۆکی، گرفتەکانی تەرکیز، کاردانەوەی فشاری دەروونی، نەهاتن بۆ فێرگە، بوونی بۆشایی لە پرۆسەی خوێندن لە کاتی توندوتیژیەکاندا، گواستنەوە لە فێرگەیەك بۆ یەکێکی دیکە.

## گرفتی کەمی تەرکیز و زۆری جووڵە

ئەم گرفتە لەناکاو پەیدا نابێت و بەهۆی زەبری دەروونی، یان گرفتی ماڵەوە نییە و بنەمایەکی دەماری هەیە. هەندێك منداڵ لە تەمەنی هەرزەکاری ئەم گرفتەیان نامێنێت، بەڵام لە هەندێکی دیکە تا ژیانی گەورەیی بەردەوام دەبێت.

گرفتی کەمی تەرکیز و زۆری جووڵە، کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵ هەیە، لە فێرگە، ماڵ، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆربە، بەڵام نەك هەموو منداڵان گرفتی کەمی تەرکیز و زۆری جووڵەو گرفتی فێربوونیان هەیە.

**سێ خاسیەتە سەرەکییەکەی گرفتی کەمی تەرکیز و زۆری جووڵە بریتین لە:**

1- نەبوونی تەرکیز و ڕۆیشتنی تەرکیز بۆ سەر شتی لاوەکی. 2- زۆری جووڵە. 3- زوو هەڵچوون.

### 1- نەبوونی تەرکیز و ڕۆیشتنی تەرکیز بۆ سەر شتی لاوەکی

تەرکیز کردن بۆ ماوەیەکی کەم. زەحمەتی لە تەرکیز کردن لەسەر شتێکی دیاریکراو و بە ئاسانی ڕۆیشتنی تەرکیزەکە بۆ سەر شتێکی لاوەکی ( وەك لە کاتی وانە وتنەوە، لە پەنجەرەوە سەیری چۆلەکەیەك بکات). زەحمەتی و سەختی لە تەواو کردنی ئەرکەکانی. زەحمەتی لە گوێگرتن و پەیڕەو کردنی فرمانەکان و ڕێنماییەکان. کەمی تەرکیز لە گوێگرتن لە درێژە باسەکان، کردنی هەڵەی بچووك و زەق. زەحمەتی لە گواستنەوە لە چالاکییەك بۆ یەکێکی دیکە. گرفتی لە ڕێکخستنی کارەکان. بزر کردنی شت، لەبیر چوونەوە.

### 2- زۆری جووڵە

زۆربە بەڵام نەك هەموو منداڵانی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵە نیشانەکانی زۆری جووڵەیان هەیە. کچان بە زۆری لە جۆری نەبوونی تەرکیزن و کەمتر زۆری جووڵەیان هەیە. هەمیشە لە شوێنی خۆیان جووڵە دەکەن، یان شوێنی خۆیان جێ دەهێڵن. هەمیشە ڕادەکەن و بەسەر شت دەکەون (لە جووڵەدا). قسەکردنی زۆر.

### 3- زوو هەڵچوون

حەز دەکات یەکسەر تەرکیزی لەسەر ئەو بکەیت کاتیك قسە دەکات. قسە و گفتوگۆی خەڵك دەبڕێت. چاوەڕوانی سەرەی خۆی ناکات و ئۆقرە ناگریت. وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە بەرلەوەی دەست بەرز بکاتەوە. بەرلە ئەنجامدانی کار،

بیرناکاتەوە. ناتوانێت پێشبینی کارەکان بکات. هەمیشە بەڵێنەکانی بە جێ ناگەیەنێت.

هەموو ئەو نیشانانە مانای ئەوە ناگەیەنن کە منداڵەکە گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵەی هەیە. لەوانەیە هەندێك هۆکاری دیکە هەبن بۆ ئەم ڕەفتارانە، زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵە داوای یارمەتی شارەزایان بکەیت.

هەندێك جار خێزان و هاوڕێکان بەرانبەر ئەو منداڵانەی گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵەیان هەیە بێزار دەبن یان ئارامیان نامێنێت. زۆر جار ئەم منداڵانە تووشی بێ ئومێدی و نەبوونی ئیرادە دەبن، یان ڕقیان لە خۆیان هەڵدەستێت. لەوانەیە وا هەست بکەن لە خەڵکی دیکە جیاوازن و هەست بە بێ متمانەیی و کەمی ڕێزگرتن دەکەن.

## چۆنییەتی یارمەتیدانیان

**هەنگاوەکانی یارمەتیدانی گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵە:**

هەریەك لەم منداڵانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و شێوازی فێربوونی جیاوازی هەیە. پێویستە هەریەکە لە مامۆستا و دایباب پرۆگرامی تایبەت بەکاربهێنن، تاکو لەگەڵ پێداویستییە تایبەتییەکانی منداڵدا بگونجێت. زۆر گرنگە لە هەر یەکە لە فێرگە و ماڵەوە ژینگەیەکی چەسپاو و دیاری کراو دابمەزرێنرێت. پێویستە ئەم منداڵانە ڕۆتینی ڕۆژانە و چەند یاسایەکی بەردەوامیان هەبێت، تا بە ئاسانی بتوانن پێوەندی بکەن.

## دانیشتن لە فێرگە

منداڵی گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵە لەگەڵ هەبوونی پەککەوتەیی لە ڕیزی پێشەوەی دابنێ لە پۆلدا. دوور لەو شوێنانەی دابنێ کە تەرکیزی پێ دەڕوات وەك دەرگە، پەنجەرە، دەنگەدەنگ ... تاد . لە نزیك ئەو منداڵانەی دابنێ کە ئاقڵ و ژیرن. هەمیشە چاوت لەسەری بێت.

## وانە وتنەوە

وا بکە منداڵەکان ئارەزووی خوێندن و فێربوون بن، گیانی حەماسەت و حەزی تیدا بورووژێنە. هەوڵ بدە لەگەڵ قسەکانت نواندنیش بکەیت، دەربڕینی وشەکان لە دەموچاوت ڕەنگ بداتەوە. بەپێی بارودۆخەکە تۆنی دەنگت لەم نزم بۆ بەرز، بۆ هێواش ... خێرا ... تاد بگۆڕە. ڕووداوەکان بە شێوەی چیرۆك باس بکە. قسەی خۆش و نوکتە بکە ! وانەکان بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازانەوە پەیوەست بکە.

هەر وانەیەکی نوێ، بە پێداچوونەوە بە وانەکەی پێشوو دەست پێ بکە و باس بکە چۆن ئەم وانەیە پێوەندی بە وانەکەی پێشووترەوە هەیە .

## فێربوونی چالاکانە

زیاتر لە هەستێك بەکاربهێنە بۆ فێربوون : بینین، بیستن، هەست، تەنانەت بۆن و تام کردنیش. وانە وتنەوەکەت هەمەجۆر بکە بە بەکارهێنانی پرۆجێکتەر، وێنە ، نەخشە ... تاد. منداڵەکان بکە گرووپی بچووك، ئەو ئامرازانە بۆ فێربوون بەکاربهێنە کە منداڵەکان بتوانن دەستی لێدەن و هەوڵ بدە منداڵەکان تا لە دەرەوەی پۆل بخولێنەوە. هەل بۆ فێرخوازان بڕەخسێنە وانە پێشکەش بکەن، بە شێوەی نواندن لاسایی کردنەوە ... تاد. چەمکەکان ڕوون بکەوە. بۆ ڕاڤە کردنی چەمکەکان شێوازی ئاسان بەکاربهێنە. فێری شێوازەکانی بەهێزکردنی یادەوەرییان بکە (چۆن یادەوەری بەهێز دەکەن). ڕێنمایی سادە، ڕوون و ئاسانیان پێ بدە. ئەرکی ماڵەوە بدە بە زارەکی و بە نووسین. لەوە دڵنیا بە منداڵەکان لە ئەرکی ماڵەوە تێگەیشتن. سەردێری نووسینەکانی ماڵەوەیان بۆ بنووسە.

## بەردەوامبوونی تەرکیز

لەکاتی وانە وتنەوەدا بە ناو پۆلدا بجوولێوە، تاکو فێرخوازەکان بەردەوام تەرکیزیان هەبێت. ئاماژە و ئاگاداری بکە ـ تاکو تەرکیزی فێرخوازان نەڕوات، بە بەکارهێنانی زەنگ ، لایت ... تاد. بڵێ (هەموو ئامادەن ؟)، دەی با دەست پێ

بکەین. پرسیاری ئاسان لەو منداڵە بکە کە خەریکە تەرکیزی نامێنێت. ناوی منداڵەکە بڵێ، کاتێك پرسیارێکی ڕاستەوخۆی لێ دەکەیت. پرسیاری کراوە بکە، بەبێ ئەوەی تاکە وەڵامێکی ڕاست هەبێت، بەم شێوەیەش ڕای هەموو فێرخوازان وەردەگیرێت و ڕێزی لێ دەنرێت. دوایی وەڵامێکی تایبەت و یەکگرتوو بدەوە. ئەرك و کارەکانیان بگونجێنە، ماوەی ڕاهێنانەکانیان کەم بکەوە. ئەرکەکان دابەش بکە بۆ چەند بەشێکی بچوکتر و با منداڵانیش لەمە بەشدار بن، بەم شێوەیەش ئەوان دەزانن ئەرکەکانیان کۆتاییان هەیە. کاتی زیاتر بدە ، تاکو ڕاهێنانەکان و ئەزموونەکان جێبەجێ بکەن. بێنەوە یادیا ، ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن. لە نێوان دوو ڕاهێناندا پشووی کورت دابین بکە.با هەموو فێرخوازەکان دەفتەری تێبینی ڕاهێنان و ئەرکەکانی ماڵەوەیان هەبێت. زیاتر سەیری دەفتەری تێبینییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و گرفتی نەبوونی تەرکیز و کەمی جووڵە بکە، تاکو دڵنیا بیت، ئەرکی ماڵەوە تەوان ئەنجام دراوە. یارمەتی فێرخوازان بدە، دەفتەری تێبینییەکان ڕێکبخەن. بۆ وەڵامە ڕاستەکانی فێرخوازان کۆد دابنێ بۆ (ڕاستیەکان ) لە جیاتی دانانی نمرەی کەم بۆ وەڵامە ناڕاستەکان. ئەوە دووپات بکەوە کە منداڵەکە تێبگات، هەڵەی چی بوو لە وەڵامە ناڕاستەکان. ئەگەر زمانی نووسین لاواز بوو، ئەوە جێگرەوەکەی قبوولّ بکە وەك زمانی قسەکردن بۆ هەندێك بابەت وەك پێشکەش کردنی سیمینار. لاپەڕە هێلکارییەکان بەکار بهێنە بۆ بابەتی وەك بیرکاری .

## کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار

لە بەرانبەر منداڵەکە ڕاوەستە، یان دەست لەسەر شانی دابنێ ، بۆ دووبارە هێنانەوەی تەرکیزەکەی، یان هاندانی ڕەفتارێکی تایبەت. پێی ڕابگەیەنە کە ئەو ڕەفتارەی لای تۆ قبووڵە. بە زمان ڕەفتارە گونجاوەکە هان بدە. یاساکانی دوای پۆل دابنێ، هەموو فێرخوازەکان لە شێوازی پێوەندی کردن تێبگەن. بە وردی چاودێری فێرخوازان بکە لە کاتەکانی گواستنەوە و جێگۆڕین. ڕەفتاری ناڕێکی لاوەکی پشتگوێ بخە. ئەو منداڵە دەست نیشان بکە کە دەستی بەرز کردووەتەوە و پشت گوێی بخە کاتێك لە شوێنی خۆی بانگت دەکات. هەوڵ بدە پێشبینی گرفت

بکە بە رلە ڕوودانی، هەوڵ بدە فشارەکان کەم بکەیتەوە، کاتێك منداڵەکە هەست دەکات لەژێر فشارە، هێمن و ئارام بە. منداڵەکە فێر بکە چۆن تووڕەیی خۆی کۆنترۆڵ دەکات وەك هێوربوونەوە، ڕۆیشتن، هەناسەی قووڵ ... تاد.

## بنیادنانی بەهای خود

هانی بدەو دڵی بدەوە، هەر سەرکەوتنێك گەر بچووکیش بێت ستایشی بکە و باسی بکە. لێدوانی بنیادنەرانە بدە، نەك ڕەخنەی ڕوخێنەر. سەرنج بدە چ کاتێك منداڵەکە ڕەفتاری گونجاو دەکات، سەرنجی هەر چاکبوونێك و پێشڤەچوونێك بدە لە خوێندندا و تیشك بخەرە سەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان. بە بەردەوامی پێوەندیت لەگەڵ دایباب هەبێت دەربارەی هەر پێشڤەچوونێکی منداڵەکەیان و پێویستییەکی تایبەت. بەهرە تایبەتییەکانی بێنەوە یاد، کاتێك هەست بە لاوازی و بێ هیوایی دەکات. با منداڵەکە بەهۆی ئەم بەهرەوە یارمەتی منداڵەکانی دیکە بدات. هەلی بۆ برەخسێنە تا شوێنی بەرپرسیاریەتی وەربگرێت و سەرکردایەتی بکات لەو چالاکییانەی کە تێیاندا بەهرەمەندە وەك ( وەرزش، نواندن، هونەر، بیرکاری یان زمانەوانی). چاودێری منداڵەکانی دیکە بکە تاکو ڕەخنە یان بێزاری ئەم منداڵە نەکەن کە خاوەن پێداویستی تایبەتییە و گرفتی نەبوونی تەرکیز و زۆری جووڵەی هەیە.

## دروستکردنی تیم لەگەڵ دایباب

پێویستە دایباب و مامۆستایان وەك یەك تیم کاربکەن. پێویستە مامۆستایان لە هەر پێشکەوتنێکی نوێی منداڵەکە، دیباب ئاگادار بکەنەوە ، چ لە ڕێگەی نووسین یان بە زارەکی. پێکەوە ستراتیژێك دابنێن تا پرۆگرامێکی چەسپاو لە ماڵ و فێرگە هەبێت.

# منداڵ و هەرزەکاری تووڕە و توندوتیژ

ئەو منداڵەی سەربەگۆبەن و توندوتیژ و بێ میزاجە و هیچ سۆزێکی بۆ هەست و گرفتی بەرانبەرەکەی نییە، ئەوە تەنیا گرنگی بە خۆش گوزەران و دەسەڵاتی خۆی دەدات و ئەوە حەزدەکات لە ئەنجامی بەکارهینانی توندوتیژی سەرنجی کەسانی دیکە بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ڕەنگە ئەم منداڵە بۆچوونی لاوازی بەرانبەر خودی خۆی هەبێت و هەست بکات لە ناخەوە ئازاری هەیە، بۆیە ئەو کاتە بەهێزە کە کەسانی دیکە کۆنترۆل دەکات و ئەو کاتە گرنگە کە بە سەریاندا زاڵە. لەوانەیە منداڵی تووڕە و توندوتیژ، لەلایەن دایباب یان خوشك و برای گەورەتر لەماڵەوە خراپ مامەڵەی لەگەڵ کرابێت، بۆیە ئەمیش ئەم توندوتیژیە بۆ کەسانی لاوازتر دەگوێزێتەوە. لەوانەشە ئەم منداڵە توندوتیژی و شەڕی دیبێت و هێز و توندوتیژی خۆی بەکاربهێنێت تا هەست بە بێ هێزی نەکات.

**مامۆستایان دەتوانن چی بکەن ؟**

1- پێوەندی: پێوەندی قووڵی لەگەڵ دروست بکە، بە شێوەیەك ئەو بزانێت تۆ گرنگی پێ دەدەیت.

2- شێوازێکی ڕێزگرتن بۆ خۆت، بۆ فێرخوازەکە، بۆ فێرخوازەکانی دیکە دابنێ.

3- شارەزایی لە گونجان و چۆنییەتی پێوەندی کردن و هۆشیاری خود لای زیاد بکە، هەوڵبدە تێیبگەیەنیت چۆن ڕەفتاری ئەو کار لە فێرخوازەکانی دیکە دەکات. شێوازەکانی پێوەندی کردن بەکاربهێنە و ئەویش فێربکە، کە چۆن وزەی خۆی بە شێوەیەکی بەرهەم هێن بەکاربهێنێت.

4- یارمەتی منداڵەکە بدە هەستەکانی بناسێتەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەریانببڕێت. بە تەنیا قسەی لەگەڵ بکە لەبارەی ئەو هەست کردنەی بە نەبوونی ئاسایش و ئەگەری ئازاردانی . ئەگەر خۆی ئارەزووی هەبوو، با ئەو بارودۆخە ناخۆشانە بێنێتەوە یاد، کە تووشی ئەم حاڵەتەیان کردووە. بە منداڵەکە بڵێ تۆ قبووڵی ئەو هەستە تووڕەی ئەو دەکەیت، بەڵام هەندێك پێشنیازی دیکەی بۆ بکە، تا تووڕە بوونەکە بە شێوەیەکی دوور لە توندوتیژی دەرببڕێت.

5- ئەو تەکنیکە پێوەندییانەی فێربکە، کە متمانەی بە خۆی زیاتر دەکەن.
6- هەوڵبدە لایەنی سۆزی گەشە پێ بدەیت، تێی بگەیەنە هەستی منداڵانی دیکە لەم حاڵەتانەدا چۆن .
7- فێری بکە چۆن تەکنیکەکانی زاڵ بوون بەسەر تووڕەییدا بەکاربهێنێت ( لە یەك تا دە دەژمێریت ... تاد). زیاتر هانی بدە، کاتێك بە سەرکەوتوویی ئەنجامی دەدات.
منداڵەکە لەسەر تەکنیکەکانی چارەسەرکردنی فشار ڕابهێنە، خاوبوونەوە، قسەکردن لەگەڵ خود، چارەسەرکردنی گرفت و ململانێکان.گرژییەکان بە قسەی خۆش و نوکتە خاوبکەوە.
8- بونیادنانی بەهای خود و وێنای پۆزەتیڤی خود. یارمەتی منداڵەکە بدە خۆی بە بەها و بەسوود و گرنگ بێتەبەر چاو . پێداهەڵگوتن بە کارە باشەکانی و زۆر تەرکیز لەسەر ڕەفتارە نابەجێکانی مەکە. هەلی بۆ بڕەخسێنە تا ئاستی بەرپرسیاری و سەرکردایەتی وەربگرێت و بەشێوەیەکی دروست جێگەی سەرنجی خەڵك بێت. پاڵپشتی ئەو چالاکییانە بکە، یارمەتی سەرکەوتنی دەدەن و خاڵە بە هێزەکانی دەردەخەن. یارمەتی بدە وزەکانی بە شێوەیەکی بنیادنەرانە بەکاربهێنێت، وەرزش یان ئەو چالاکییانە ئەنجام بدات کە پێشبڕکێیان تێدایە و هێزیان تێدا تاقی دەکرێتەوە.

## دیسپلین

تۆ هێمن بە، تەنانەت گەر منداڵەکە بێزاریش بوو. هەوڵبدە پاڵنەری ڕەفتارەکانی دیاری بکەیت (تەرکیز کردن، هێز، تۆڵەسەندنەوە، هەست کردن بە بێ توانایی) و تەکنیکی گونجاو بۆ چارەسەران بەکاربهێنە. ئەگەر منداڵەکە ڕەفتارێکی کرد بۆ سەرنجڕاکێشان، هەوڵبدە ڕەفتارە لاوەکییەکان پشت گوێ بخەیت. زوو دەستنیشانی ڕەفتاری نەگونجاو و تووڕە بوون بکە، تا تووڕەبوونەکە زیاتر نەبێت. بە هێمنی و میهرەبانی و دەنگی نزمەوە دووبارە ئامۆژگاری بکە. بە دەنگێکی ئاساییەوە بڵێ ( یاساکان ئەوەن کە ( نەك بڵێ ) وا مەکە ) و فەرمان دەربکەیت. چەند یاسایەکی ڕوون و دیموکراتیانە و دادپەروەرانە بۆ ناو پۆل دابنێ

و بە بەردەوامیش خەختیان لەسەر بکەوە. ئەگەر منداڵەکە قسەی ناڕێک یان توندوتیژی جەستەیی بەکارهێنا ئەوە دەبێت سزای گونجاوی خۆی وەربگرێت. ڕووبەڕووی منداڵی توندوتیژ مەبەوە و هێزی لەگەڵ بەکارمەهێنە. ڕەنگە ئەم منداڵانە هەست بە هێز و دەستەلات و زاڵبوون بکەن بەسەر مامۆستادا،ئەو ڕێگە چارانە بدۆزەوە کە بەسەر ئەو هەستەی ئەودا زاڵ دەبێت. باسی ڕووداوەکە، لەگەڵ فێرخوازەکە بکە و پێی بڵێ چۆن دەکرا ڕووی نەدابایە، چۆن دەتوانرا کۆنترۆڵی خۆی بکات و لە داهاتوو چۆن ڕەفتار بکات.ڕەفتاری ئێستەی منداڵەکە بەگشتی جیابکەوە، تێیبگەیەنە، کە تۆ وەك مرۆڤێك ئەوت خۆش دەوێت، بەلام ئەو توندوتیژیەی ئەو (بە قسە یان بە جەستە) بەرانبەر فێرخوازانی دیکە قبووڵ ناکەیت. هیچی دیکە مەیبە بۆ گۆشەی سایکۆلۆژی ( ئەو گۆشەیەی منداڵ لە پۆل دەبێت لێی ڕاوەستیت کاتێك ڕەفتاری نەشیاو دەکات)، کاتێك هەست بە هەڕەشە دەکات، یان وا بیردەکاتەوە پێویستە خۆی بگۆڕێت. پەیمانێکی لەگەڵ ببەستە و قسەی لێ وەربگرە. کە پاداشتی هەر ڕەفتارێکی گونجاوی بکەیت. دەستکاری ژینگەی دەوروبەر ( پۆل ) بکە، بە شێوەیەك ڕەفتارە نەشیاوەکان و گرفتەکان کەمتر ڕووبدەن.

## شتی دیکە

هەوڵ بدە ئەگەری گرفتەکانی فێربوون، پەککەوتەیی یان نەبوونی تەرکیز و زۆر جووڵە بدۆزیتەوە و هەنگاوی پێویست بنێ بۆ چاککردنیان، ڕەنگە ئەم منداڵانە بتوانن کەموکوڕی خۆیان یان سەرنەکەوتنیان لە فێرگە بشارنەوە.

بۆ هۆکارەکانی دیکەی تووڕە بوون و توندوتیژی بگەڕێت و هەوڵ بدە فێرخواز تا هەستەکانی خۆی دەرببڕێت. کۆبوونەوەیەك لەگەڵ دایباب ئەنجام بدە و باس لە ئەنجامە خراپەکانی ڕەفتارە توندوتیژییەکەی منداڵەکەو، نەگونجانی لەگەڵ یاساکانی فێرگە بکە. پرسیاری ئەوە بکە ، ئایا هەمان ڕەفتاری توندوتیژی لە ماڵەوە یان لە گەڕەکیش هەیە، پێشنیازی دایباب وەربگرە و وەك یەك تیم لەگەڵیان کاربکە، بۆ دانانی ستراتیژی بۆ یارمەتیدانی منداڵەکە. سیستمێکی

گونجاو دابنێت، تا پێوەندی بەردەوامت لەگەڵ دایباب هەبێت، بۆ هەر گرفت یان پێشقەچوون لە ڕەفتاری منداڵەکە. لە هەر خراپ مامەڵە کردندێکی خێزان لەگەڵ منداڵەکە وشیار بە ، گەر هەر ڕەفتارێکی توندوتیژ بەرانبەر منداڵەکە هەبوو، ئەمە بە لایەنی کەمەوە پێوەندیدار بگەیەنە. منداڵەکانی دیکەیش لەسەر باوەڕ بەخۆبوون ڕابهێنە و فێریان بکە چۆن خۆیان لە منداڵی شەڕانگێز دەپارێزن.

## چەقاوەسوویی

هەموو شەوێك تا دەنووم، دەگریم، ئاخر بۆچی من ...؟
لە خەو ڕادەپەڕم، چونکە خەوێکی ناخۆشم بینیوە.
هاوار دەکەم، فریام کەون، کاتێك تارماییەکە بەرەو من دێت.
تارماییەکە هاوار دەکات ( هاوار مەکە، ئەگینا خراپترم لایە).
من ئەو بەیانییە خۆم نەخۆش کرد، هەشت جاری دیکە وام کردووە.
دایکم گومانی پەیدا کرد، بۆیە پرسیاری قورسی ئاراستەکردم.
( ئەم داڕووشانەی پێستت کەی پەیدا بووە؟ ئایا شەڕت کردووە؟).
من هاوارم کرد( نەخێر )، ( هیچم نەکردووە).
من ئەوڕۆ چوومە فێرگە، ئەو داوای پارەی کرد، من پێم نەدا، ئەو بەزۆر لێی بردم، داڕووشانێکی دیکەم بۆ زیاد بوو، دیسانەوە ئەو پرسیارەم کرد، ئاخر بۆچی من؟ ئەمە، لە لایەن فێرخوازێکەوە نووسراوە کە قوربانی دیاردەی چەقاوەسوورییەکە.

چەقاوەسوویی گرفتێکی بڵاوە لە هەموو جیهاندا و لە هەموو وڵاتێکدا ڕوودەدات، چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵی دەوەستێتە سەر کەسایەتی چەقاوەسووەکە، قوربانییەکە، کولتووری کۆمەڵگە و ژینگەی فێرگە. چەقاوەسوویی بەوە پێناسە دەکرێت ، کە بریتییە لە بێزارکردن و ئازاردانی بەردەوامی کەسانی دیکە، لەوانەیە شێوازی توندوتیژی جەستەیی، ترساندن، دزینی شت یان شێوەی زارەکی، دەروونی بێت وەك گاڵتەپێکردن، ناووناتۆرە لێنان، هەڕەشەکردن، دەرکردنی ... تاد.

چەقاوەسوویی هەموو کات بێ سۆز و بێ بەزەییە بەرانبەر منداڵانی دیکە و حەزی لە دەستەڵات و زاڵبوونە، ئەمانە ڕەنگە ئەزموونی کۆمەڵایەتییان کەم بێت و نەتوانن بەسەر خۆیان زاڵبن، لەوانەشە گرفتی فێربوونیان هەبێت، هەندێك لە چەقاوەسووەکان چاونەترسن و ڕووبەڕووی بەرانبەر دەبنەوە، ڕەنگە چەقاوەسووەکە سەرۆکی باندێکی چەقاوەسووە بێت، کە ئەندامەکانی هەمان ئارەزووی دەستەڵات و زاڵبوونیان هەبێت، یان لەلایەن چەقاوەسووەکەوە ترسێنرابن و بە ناچاری لەگەڵیدا بن.

چەقاوەسووەکان حەزدەکەن ئەو منداڵانە بێزاربکەن کە بێ دەستەڵاتن، ئەو قوربانیانە دەبنە ئامانج کە لە جلوبەرگ جیاوازن، درەنگ فێردەبن، ترسنۆکن، جەستەیان بچووکە یان بێ هێزن، هاوڕێیان کەمە یان ئەزموونی کۆمەڵایەتیان نییە، هەروەها چەقاوەسووەکان ئەو منداڵانە دەکەنە ئامانج کە لە ڕەگەز یان توخم جیاوازن، لەوانەیە قوربانییەکە بێ دەسەڵات و نەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، زوو بگریت و توانای شەڕکردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی نەبێت. ئەگەر منداڵەکە هاوڕێی نەبوو، ئەوە کەس بەرگری لێ ناکات بەرانبەر بە چەقاوەسووەکە. شەڕی چەقاوەسووە زیاتر لە کاتی پشووداندا ڕوودەدات وەك : کاتی یاری کردن، لە ئاودەست، کاتی نان خواردن ... تاد، لەو ساتانەدا منداڵ کەمتر چاودێری دەکرێت، پێویستە مامۆستایان ئاگایان لەو منداڵانە بێت، کە ئەگەری بوونە قوربانییان هەیە وەك لەو لیستەی لە پێشتر باسکرا و داڕووشان و برینیان لە جەستەدایە و جلەکانیان دڕاوە، بە خوێنە، یان پیس بووە. لەوانەیە قوربانییەکان پارە یان شتی دیکە ون بکەن، لە ئەنجامدا ڕەنگە ئەم منداڵانە ترسی ئەوەیان هەبێت، بچنە ئاودەست، شوێنی یاریکردن، شوێنی نانخواردن، یان خۆیان نەخۆش بخەن، خەمبار دیار بن، لە هاوڕێیان دابڕێن، یان گرفتی دیکەیان هەبێت وەك : تەرکیز کردن، دڵەڕاوکێ، گرفتی نووستن و خواردن، گرفتی جەستەیی وەك سەرئێشە، سك ئێشە. زۆر گرنگە تێبینی ئەوە بکەیت، کە قوربانییەکان، نکۆڵی لەوە دەکەن کە لەلایەن منداڵی چەقاوەسووەکەوە هەڕەشەیان لێ کرابێت، یان ئازار درابن.

پێویستە مامۆستایان زۆر وشیاربن، تاکو ئەم نیشانانە بناسنەوە و چاودێری ورد بکەن، تاکو ئەم ڕەفتارانە ڕوونەدەن، پێویستە هەر ڕەفتارێکی چەقاوەسوویی

ڕابگرن و بە تەنیا قسە لەگەڵ چەقاوەسووەکە و قوربانییەکە بکەن. سەبارەت بە چەقاوەسووەکە، پێویستە مامۆستایان دووبارە یاساکانی وەبیر بهێننەوە و، ڕێگە لەم ڕەفتارەی بگرن، سەبارەت بە قوربانییەکەش، پێویستە دڵنیای بکەنەوە، کە ئەم ڕەفتارەی چەقاوەسووەکە بەرانبەری بە هۆی هەڵەی ئەوەوە نییە و شایەنی ئەم جۆرە مامەڵەیەش نییە. هەروەها پێویستە قوربانییەکە دڵنیا بکرێتەوە کە مامۆستا و فێرگە، هەموو شتێك دەکەن، تاکو ئەم ڕەفتارانە دووبارە نەبنەوە. هەروەها پێویستە فەرمانبەرانی فێرگە یارمەتی قوربانی بدەن، چۆن بەبێ هیچ ترسیك داوای یارمەتی بکات، کاتێك ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەبێتەوە.

پێویستە ئەو مندالانەی دەبنە قوربانی چەقاوەسووەکان فێربکرێن چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەن، چۆن خۆیان لە چەقاوەسووەکان لادەدەن، یان بوونی خۆیان دەسەلمێنن، ئەگەر شیاو بێت پێویستە چەند وەلامێکی توند بدەنەوە وەك (بەڕاستی تۆ گرفتت هەیە، کاتێك ناوناتۆرە لە من دەنێیت). پێویستە مامۆستایان یارمەتی ئەم فێرخوازانە بدەن، تا متمانەیان بەخۆیان زیاتر بێت. هەروەها یارمەتییان بدەن، ئارەزووەکانیان لەو بوارەدا پەرە پێ بدەن، کە خۆیان حەزیان لێیە، متمانە بە خود بەخشین و وانەکانی فێربوونی هونەری جەنگ یارمەتیدەرن بۆ ئەم جۆرە فێرخوازانە، پێویستە مامۆستایان لەناو پۆلیشدا لەنێو ئەو فێرخوازانەیان دابنێن  کە زیاتر قبوولیان دەکەن.

پێویستە یاسای توند سەبارەت بە ڕەفتاری توندوتیژی و شەڕانگێزی هەبێت، هەروەها پێویستە فێرخوازان ئەوە بزانن کە لێپرسراویەتی هەمووانە  ئارامی فێرگە بپارێزن، دەبێت هەموو فێرخوازان فێربکرێن کاری چەقاوەسووەیی قبووڵ نەکەن و هەر کارێکی توندوتیژیش بگەیەننە مامۆستا یان بەڕێوەبەرایەتی فێرگە، ئەمەش دووزمانی و قسە گێڕانەوە نییە، بەڵکو پارێزگاری کردنی فێرخوازان و گەیاندنی ڕووداوەکانە. لە هەندێك فێرگەدا فێرخوازان دادگەیان داناوە و گفتوگۆ و دەمەقالێی تێدا دەکرێت تا ئەنجامێکی دادوەرانە بەرانبەر بە ڕەفتارێکی نەشیاو دەردەچێت. ئەم ئەنجامانەش وەك گێڕانەوەی ئەو پارەیەی چەقاوەسووەکە بردوویەتی، یان چاککردنەوەی شتە شکێنراوەکان، دەرکردن لە هەندێك چالاکی و یاری خۆش، هێشتنەوەی چەقاوەسووەکە چەند خولەکێك دوای فێرگە، تا لە ڕێگەدا قوربانییەکە ئازار نەدات.

مامۆستایان دەتوانن بۆ باس كردن لە پرسی چەقاوەسووەیی لە پۆل كۆببنەوە، هەندێك بابەتی گفتوگۆیش ئەمانە دەبن :
پاڵنەرەكانی چەقاوەسووەیی چین ؟
چۆن چەقاوەسووەكە، پێویستیەكانیان بە ڕێگەیەكی شارستانییەتر دابین دەكەن ؟
قوربانییەكە هەستی چۆنە ؟ چۆن دەتوانین یارمەتی بدەین؟
چۆن خۆت لە بوونە قوربانی چەقاوەسووەیەك دەپارێزیت؟
نواندنی ڕۆڵ ( بە شێوەی شانۆ یان نواندن)، بۆ وەڵام دانەوەی ڕەفتارەكانی چەقاوەسووەكە ئەنجام دەدرێت.
زۆر پێویستە زووتر مامەڵە لەگەڵ چەقاوەسووەكە بكرێت و، یارمەتی بدرێت ڕەفتارەكانی بگۆڕێت و بە شێوازێكی شارستیانەتریش مامەڵە لەگەڵ داواكان و پێداویستییەكانی بكات. ئەگەر ڕەفتارەكان لە سەرەتای تەمەنی 10-20 ساڵییەوە چاك نەكرانەوە، ئەوە ڕەنگە تا تەمەنی .... بەردەوام بێت و ببێتە كەسێكی توندوتیژ و دژە كۆمەڵ و تاوانبار.
بۆ پێشنیازەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ چەقاوەسووەكە سەیری بەشی منداڵی تووڕە و توندوتیژ بكە.
بەشی فێرگەی دۆستی منداڵ و دیسپلین باس لەو شێوازانە دەكات، كە دۆخێك لە فێرگە دروست دەكرێت بۆ ڕێگرتن لە چەقاوەسووەیی.

## مامەڵەكردن لەگەڵ كۆست كەوتن

## ( دڵتەنگی بەهۆی مردنی كەسێك ) لە فێرگە

ڕوانینی منداڵ بۆ مردن دەوەستێتە سەر كولتووری كۆمەڵگە و قۆناغەكانی گەشە، منداڵی بچووك بیر لە وردەكارییە بایۆلۆژییەكانی مردن دەكاتەوە، ئەوان وا دەزانن مردن شتێكی كاتییە و دووبارە كەسەكە دەگەڕێتەوە. دوای تەمەنی 6 ساڵی، منداڵ وردە وردە هەست دەكات كە مردن گەڕانەوەی نییە، بەڵام ڕەنگە وا بیربكاتەوە، مردن ئەو شتە بێت یان ئەو كەسە بێت كە بە شەو دێت و یەخەت دەگرێت ( بۆیە ترس لە شەو و خەونی ناخۆش دروست دەكات ).

لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی دەروونی و ئەقڵی، منداڵ بۆی دەردەکەوێت کە مردن هەمیشەییە و ناگەڕێتەوە چ بۆ خۆی یان خۆشەویستانی، کاتێك کەسێکی نزیك لە منداڵەکە دەمرێت، ئەوە زۆر بیر لە تەندروستی خۆی دەکاتەوە و تووشی گرفتی دەروونجەستەیی یان ژان دەبێت و وا دەزانێت ئەمانە هۆکاری مردنن. بۆیە تووشی دڵەڕاوکێ دەبن ، نەوەك دایباب یان کەسانی دیکەی نزیکیان بمرن و لێیان دووربکەونەوە، ڕەنگە تازەگەنجان، بیرکردنەوەی ئەفسانەییان هەبێت و هەست بکەن ئەوان لە مردنی کەسەکە بەرپرسن، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان پڕ بە دڵ حەزیان کردووە ئەو کەسە ئازار بدەن، کە ئێستا مردووە، هەستکردن بە گوناه دەرەنجامی ئەم بیرکردنەوە هەڵانەیە، کە پێیان وایە گەر ئەوان باشتر بوونایە، خۆشەویستەکەیان نەدەمرد، یان ئەوان دەیانتوانی مردووەکە لە مەترسی بپارێزن و بەم پێیەش لە مردنیان دەپاراست.

## پێشنیازەکان

ڕوونکردنەوی واقیعی، ڕاستی ئامێز و سادە پێشکەشی منداڵەکە بکە. کە لەگەڵ توانای ئەقڵی سۆزداری بگونجێت. باس لە مردن مەکە وەك ( خەوتن) یان ( گەشت کردن )، چونکە ڕەنگە ئەمە مەترسی خەوتن یان گەشت کردن لەلای دروست بکات. لێگەڕێ، با منداڵەکە بە شێوازی خۆی مردن شی بکاتەوە، پێت ئاسایی بێت گەر منداڵەکە لە سەرەتاوە زۆر بێ تاقەت نەبوو، چونکە ڕەنگە لە قۆناغی ( نکۆڵی کردن). بێت و باوەڕ نەکات مردن ڕاستییە، لێی گەڕێ با خەم و پەژارەکەی دوا بخات و دڵنیای بکەوە کە هەستەکەی ڕاستەقینەیە. تەنیا دەربڕینی دڵتەنگی تاکە ڕێگەی دەربڕین نییە لای منداڵ، بەڵکو هەندێك منداڵ تووڕەیی و توندوتیژی دەنوێنن، زۆر پێویستە پشوو بەو منداڵانە بدرێت و یارمەتییان بدرێت یاری بکەن. هانی بدە ( بەڵام زۆری لێ مەکە )، کە باس لە هەستی خۆی بکات و پرسیاریشی لێ بکە. باس لە یادەوەرییەکانی مردووەکە بکە، خۆشی و ناخۆشییەکان. هانی منداڵەکە بدە وێنە بکێشێت، یاری بکات و هەستەکانی دەربڕێت. نووسینی نامە بۆ مردووەکە یان لاساییکردنەوەی کارەکانی تووشی

گۆشەگیری دەکات. ڕەنگە منداڵان پرسیاری بەردەوام لە بارەی مردنەوە بکەن، تا بە تەواوی هەست بکەن لە مردن گەیشتوون. بە بەردەوامی منداڵان دڵنیا بکەوە، کە هەموو دەم گرنگییان پێ دەدەیت و وازیان لێ ناهێنیت و لە هەموو شتێك دەیانپارێزیت. منداڵەکە بۆ ئامادەکارییەکانی پرسە ئامادە بکە و فێریان بکە چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ئایین و بڕوا بە خوا بوون بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنە، تاکو یارمەتییان بدەیت چۆن مامەڵە لەگەڵ مردن بکەن، لەوە دڵنیا بە منداڵان بڕوای بەهێزیان هەیە.

## کۆست کەوتنی ئاسایی بەرانبەر
## کۆست کەوتنی بە ئازار لە منداڵان

**کۆست کەوتنی ئاسایی**

لەکاتی کۆست کەوتنی ئاسایی و کۆست کەوتنی بە زەبر، منداڵان هەست بە دڵتەنگی و خەمباری زۆر دەکەن و، ڕەنگە گرفتی خەوتن، کەمی ئارەزووی نانخواردن و کەمی ئارەزووی تێکەڵبوون بە خێزان و هاوڕێیانیان هەبێت، لەوانەیە گرفتی جەستەییان هەبێت و بگەڕێنەوە ڕەفتاری منداڵی، وەك میزبەخۆدا کردن، پەنجە مژین و خۆنووساندن بە دایباب ، هەروەها گرژ و گۆشەگیر دەبن، گرفتی تەرکیزیان دەبێت و خەیاڵیان لای مردن دەبێت.

ئەو منداڵانەی کۆست کەوتنی ئاساییان هەیە، لەو چالاکییانە بەشدار دەبن، کە یارمەتییان دەدات لەگەڵ ژیان بگونجێنەوە.

لە میانەی پرۆسەی کۆست کەوتنی ئاسایی منداڵان دەتوانن :

واقیع و مردن وەك ڕووداوێکی هەمیشەیی نەگۆڕ قبووڵ بکەن.

هەست بە ناسۆری لەدەست دانی کەسێك بکەن و بتوانن لەگەڵی ڕابێن هەروەها لەگەڵ خەم، تووڕەیی، بێزاری هەست بە گوناھ کردن ڕابێن و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیان و کەسایەتیاندا ڕوویان داوە، خۆیان ڕابێنن. پێوەندی نوێ دروست بکەن، یان پێوەندییە کۆنەکان قووڵ بکەنەوە، تا یارمەتییان بدەن، بەسەر ناخۆشییەکاندا زاڵ بن وەك هەست بە تەنیایی کردن.

دروستکردنی پێوەنـدی نـوێ و بەشـدار بـوون لـە چـالاکی وەك ڕێگەیـەك بـۆ بەرەوپێش چوون، بەبێ ئەوەی مردووەکە لێرەبێت. پێوەندییـەکی بـەردەوام لەگـەڵ مردوو هەبێت، لە ڕێگەی یادکردنەوەو وەبیرهێنانـەوە و باسـکردن. مانایـەك بـە مردن ببەخشە، لە ڕێگەی ( بۆچی ئەو مرد). هەوڵ بدە لە قۆناغـە ئاسـاییەکانی گەشەی منداڵی و هەرزەکاریدا بێت.

**کۆست کەوتنی بە ئازار لای منداڵان**

ئـەم حاڵەتـە دوای مردنـی دایبـاب، یـان کەسـێکی نزیکـی ڕوودەدات وەك ئەندامانی خێزان. ئەو منداڵانە وا بیر لە مردن دەکەنەوە کە شتێکی پڕ مەترسی و تۆقێنەرە، جا مردنەکە لـەناکاو و چاوەڕوانــنەکراو بوویێـت یـان بـە هۆکـارێکی سروشتی بوو‌بێت. خاڵی جیاکردنەوەی کۆست کەوتنی بە ئازار لای منداڵان ئەوەیە کە کار لە توانای منداڵەکە دەکات بە پرۆسەی کۆست کەوتنی ئاسـاییدا بـڕوات. لەم حاڵەتەشدا تەنانەت، بیرکردنەوەی خۆش و یـادەوەری شـیرینی مردووەکـە بـۆ منداڵ بە ئازارە و چۆنییەتی مردنی کەسەکەی بیر دەخاتەوە.

ڕەنگە منداڵەکە بیرکردنەوە و یادکردنەوەی بەردەوامی سەبارەت بە مردن هەبێت و لە خەوندا وەك مۆتەکە بیانـبینێت، یان هەست بە گوناه و گلەیی لـەخۆکردن و بیرکردنەوە لەو شێوازە ترسناکەی منداڵەکە پێی مرد بکات.

ڕەنگە منداڵەکە هەندێك نیشانەی گۆشەگیری و سڕبوون نیشان بـدات وەك دوورە پەرێزی، وا نیشان بدات کە دڵتەنگ نییە و خۆی لـە یادەوەرییـەکانی مردووەکـە لابدات، لەبیری خۆی بباتەوە کە کەسەکە چۆن مرد، یان هۆکاری مردنەکەی چـۆن بوو. لەوانەیە نیشانەی جەستەیی و دەروونی نیشان بدات وەك زیادبوونی ئاگایی و گرژی، تووڕەبوون، گرفتی خەوتن، کەم بوونـەوەی تـەرکیز، نـزم بوونـەوەی نمـرەی وانەکانی، ژانی گەدە، سەرئێشە، زیاد بوونی ئاگایی و ترس لە تەندروسـتی خـۆی یان کەسانی نزیکی خۆی. ئەم نیشانانە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی گەشە زۆر یان کەم دەبن. گەر ئەم گرفتە بەبێ چارەسـەری جـێ هێڵـرا، ئـەوە گرفتـی سەختـــتر دروست دەکات وەك فشاری دەروونی دوای زەبر، خەمۆکی لە گەوران، ئاڵوودە بوون بە دەرمان و مادەی هۆشبەر، گرفتی خواردن و چەندین گرفتی دیکەی دەروونی.

مەرج نییە هەموو منداڵێك گەر کەسیکی خۆشەویستی بـە شـێوەیەکی زەبـر و ئازار لەدەست دابێت، تووشی گرفتی کۆسـت کـەوتنی بـە ئـازار بێـت، زۆربـەیان

کۆست کەوتنی ئاسـاییان دەبێـت، ئـەو منداڵانـەی پێـشتر ژیانیـان ئـاڵۆزبووە و بەردەوام لە ململانێ بوونە، ئەوە زیاتر ئەگەری تووش بوون بە کۆست کەوتنی بـە ئازارن.

## خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵ

پێناسەی ئەم حاڵەتە بەپێی شوێن و کولتوور جیاوازە، بەڵام خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ بە هەموو شێوەیەك زیان بە منداڵ دەگەیەنێت، تەنانەت گـەر هـیچ نیشانەیەکی هەنووکەیی نەبێت.

### 1- خراپ مامەڵەکردنی جەستەیی

ئازاردانی جەستەیی، کە بەهۆی مشتەکۆڵە، لێدان، شـەق، گـازگرتن، سـووتاندن، هەژاندن یان هەر شێوازێکی دیکەوە بێت، کـە دەبێتـە هـۆی زیـان گەیانـدن بـە منداڵەکە . ئازاردانی زۆر وەك زلە لێدان لە پاشەوەی منداڵ، یان لێـدان کـە شـین بوونەوە ( لایەنی کەم ). بۆ ماوەی 24 کاتژمێر دروسـت دەکـات، یـان دارکـاری کردن بە قامچی، کە سوور هەڵگەڕان دروست دەکات ، ئەمانە هەمووی بە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ دادەنرێن، ڕەنگە توند ڕاهەژاندن و ڕاچلەکاندنی منـداڵ ببێتە هۆی زیان کەوتن بە مێشك یان مردن.

### 2- خراپ مامەڵەکردنی سێکسی

منداڵ وەك ئامرازێکی ڕازیکردنـی ئـارەزووی سێکـسی هـەرزەکار، یـان گـەوران بەکاردەهێنرێت . ئەگەر منداڵ بە دەست لێدانی ئاسایی بێـزار و ناڕەحـەت بـوو، ئەوە مانای خراپ مامەڵەکردنی سێکسییە، هەر چالاکیەکی سێکـسی لـە نێـوان منداڵ و چـاودێریکار، یـان پـەروەردەکاری، بـە خـراپ مامەڵـەکردنی سێکـسی دادەنرێت، وەك :

**بەرکەوتنی جەستەیی:**

دەست دانە ئەندامی زاوزێی منداڵ، یان فـشار خـستنە سـەری تـاکو دەسـت لـە ئەندامی زاوزێ، یان دەرچەکانی ئەو بدات .

کرداری سێکسی بەبێ بەرکەوتنی جەستەیی :

وەك خۆ ڕووت کردنەوە لەبەردەم خەڵك . پیشاندانی گۆڤار و فلمی سێکسی بە منداڵ. قۆزتنەوە (إستغلال ). کردنی منداڵ، وەك بەکارهێنانی بۆ کاری سێکسی یان وێنەگرتن.

**3- خراپ مامەڵەکردنی سۆزداری، دەروونی، زارەکی.**

بەردەوام گلەیی کردن ، بێ ڕیزکردن، یان دەم کوت کردنی منداڵ. دیکەساندن، هەڕەشەکردن بە سزادانی توند، یان بێ بەش کردنی منداڵ. تووشکردنی منداڵ بە جۆرەها کاری خراپ وەك بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، کاری خراپە و تاوانکاری . بێ بەش کردنی منداڵ لە پەروەردەی پێویست.

4- پشتگوێ خستنی منداڵ

پێنەدانی پێویستیە سەرەکییەکانی منداڵ لە ڕووی جەستەیی، دەروونی، پەروەردەیی، تەندروستی

پشت گوێ خستنی منداڵ، یان کەمتەرخەمی لە چاودێری کردنی.

## نیشانەکانی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ

1- خراپ مامەڵەی جەستەیی، ئاکاری منداڵ، ڕەفتاری منداڵ

شین بوونەوە، سووتان سووربوونەوە، داڕووشان، شکانی ئێسك، شوێنی گازگرتن، شوێنی جگەرە لەسەر پێست. دەترسێت لە گەوران نزیك بێتەوە، گۆشەگیرە، دەترسێت بچێتە ماڵەوە، ڕەفتاری کاولکاری هەیە، توندوتیژە، گلەیی و گازاندەی هەیە، ئەو جلوبەرگانە لەبەر دەکات کە لەگەڵ کەشوهەوا ناگونجێن.

2- پشتگوێ خستن

پیس و پۆخڵ، کەم خۆی دەشوات، جلی نارێك و نەگونجاو، بەردەوام ماندووە ، هیچ خزمەتێکی تەندروستی نییە. سواڵ کردن، دزینی خواردن، ئامادەنەبوون لە فێرگە، پێوەندی کۆمەڵایەتی لاوازە.

3- خراپ مامەڵەکردنی سێکسی

جلی ژێرەوەی بە خوێنە، دڕاوە، خوریشت، یان ژان لە ئەندامی زاوزێ ، زەحمەتی لە ڕۆیشتن، یان دانیشتن، هەوکردن بە نەخۆشییە سێکسییە گوێڤراوەکان.

گۆشەگیری، خەیاڵکردن، پێوەندی خراپ لەگەڵ هاوڕێیان، زانیاری کەم، یان ڕەفتاری ناوازەی سێکسی، کەمبوونەوەی نمرەکانی خوێندن کەمی ئارەزوو بۆ بەشداری کردن لە هەندێك چالاکی فێرگە.
4- خراپ مامەڵەی سۆزداری
گرفتەکانی قسەکردن، دواکەوتن لە گەشەی جەستەیی.ڕەفتاری ناوازە ( سەر جووڵاندن، سەر لە دیوار دان)، دڵەڕاوکێ، تووڕە، گرژ ، لاساری، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، درۆکردن، هەست کردن بە بێ ڕێزی خود، نزمبوونەوەی نمرەکانی لە خوێندن.

## ئاکامەکانی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ

1- جەستەیی
شین و مۆڕ هەڵگەڕان، داروشان، شکانی ئێسك. زەبری سێکسی، نەخۆشییە سێکسییە گوێزراوەکان، سکپڕی. زەبر کەوتن بەر مێشك، پەککەوتەیی بەردەوام. مردن
2- دەروونی
هەست کردن بە بێ بەهایی خود. گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکان وەك خەمۆکی ، دڵەڕاوکێ، فشاری دەروونی دوای زەبر. گرفتی تەرکیز کردن، گرفتەکانی فێربوون. گۆشەگیری. پێوەندی خراپ یان نەتوانینی دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیان. هەڵچوون و تووڕە بوون. ڕەفتاری سێکسی ئامێز. ڕەفتاری توندوتیژ، کە کاری تاوانکاری بەرهەم بهێنێت.
تەنانەت گەر منداڵان خۆیان بەر لێدان نەکەون، ئەوە لێدانی کەسانی دیکەی ناو خێزان، کاریگەری تەواوی بەسەریان دەبێت، وەك ئازاردان ( دەروونی یان جەستەیی )، ئەندامێکی ماڵ بەرانبەر یەکێکی دیکە، بۆ نموونە باوك بەرانبەر دایك, یان منداڵێکی دیکە، ئەو ئەزموونەی منداڵان لە ماڵ، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ چۆنیەتی

مامەڵـەکردنیان، چارەسـەران بـۆ گرفـت، دەربڕینـی تـووڕەیی پێوەنـدیان لەگـەڵ ئەندامانی دیکەی خێزان ئێستە و لە داهاتوودا

ئەگەر پەروەردەکاران هەستیان بە خراپ مامەڵەکردنی منداڵ کرد، پێویـستە چـی بکەن ؟

ڕۆژانە تێبینی خۆت لەسەر ڕەفتار، یان نیشانەکانی ئەو منداڵە بنووسـە لەوانەیـە خراپ مامەڵەی لەگەڵ کرابێت .

پێوەندیەکی قووڵ و پڕ متمانە لەگەڵ منداڵەکە دروست بکە . گوێگرێکی باش بە و پرسیاری کراوە بکە، تاکو یارمەتی منداڵەکە بدەیت، بە شێوازی خۆی باس لـە گرفتەکەی بکات.

ئاگادار بە، لەوانەیـە منداڵەکـە، خـراپ مامەڵـەکردن لەگـەڵی بـاس نـەکات و بیشارێتەوە، لەوانەیە لەترسی دەسەڵات بێت ، کەسی دەست درێژی کار هەڕشـەی لێ کردبێت، هەوڵبدات پارێزی لە دەستدرێژیدار بکات، چ دایباب، یان کەسـێکی دیکە بێت، لەوانەیە بەڵگە و بەهانە بـۆ برینـەکانی بهێنێتـەوە وەك : لـە پەیـژە کەوتووەتە خوارەوە، لە یاریکردن بەری کەوتووە، بەر دەرگە کەوتووە، لە ئـەنجامی شەڕ کردن لەگەڵ براکەی وای لێهاتووە ... تاد.

میهرەبان و ئارام بە، گەر هەستت کرد، توانـای خوێنـدنی منداڵەکـە لـە ئاسـتی پێویست نییە.

گرنگییەکی تایبەتی پێ بدە و ڕێز و بەهای خودی لا بەهێز بکە.

مەهێڵە، منداڵەکانی دیکە بێزار و گاڵتەی پێ بکەن.

گەر پێوەندییەکی بەهێزت لەگەڵ دایبابەکە هەبوو، باس لەو ڕێگەیانە بکە، بـەبێ توندوتیژی منداڵ پەروەردە دەکەن.

ئاگاداری ڕاوێژکاری فێرگە ، یان پسپۆری دەروونی بکەوە و باس لـە گومانـەکانی خۆت بکە و چی بکەیت ؟

ئاگاداری دەسەڵاتی ئەو شوێنە بکە و ڕاپۆرت دەربارەی مامەڵە خراپەکە بنووسە.

# گرفتە دەروونییەکانی منداڵان و گەنجان

پێشەکییەك بۆ گرفتە دەروونییەکانی منداڵ :
ئەم بەشە، باس لە گرفتە دەروونییە سەرەکییەکان دەکات، کە تووشی منداڵی تەمەن قۆناغی فێرگە دەبن وەك خودتەنیایی ( ئۆتیزم )، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و فشاری دەروونی دوای زەبر. پێویست نییە مامۆستایان ئەم حاڵەتانە دەست نیشان بکەن، بەڵام پێویستە ئاگاداری هەر نیشانەیەك بن. ئەم بەشە باس لە گرفتە دەروونییە گەورەکان دەکات و پێشنیازی پراکتیکی دەداتە مامۆستایان، تاوەکو یارمەتی ئەم منداڵانە بدەن، لێرەدا مەبەست دەستنیشانکردنی گرفتەکە و پسپۆریەتی نییە لەم بوارەدا، بەڵکو تەنیا چەند ڕێنماییەکی پێویستە، لەلایەن مامۆستاوە بدرێتە ئەو منداڵانەی تووشی ئەم گرفت بوونە، شتێکی بێ سوودە، گرفتەکان بکەیتە ( سروشتی ) و ( ناسروشتی ) بەڵکو هەست، بیرکردنەوە و ڕەفتارەکان لە هێڵێکی نەپچڕاون، لە نێوان ( سروشتی ) و ( ناسروشتی )دا.
پێویستە ئەم پرسیارەی بکرێت.
* ئایا ئەم بیرکردنەوانە، ئەم هەستانە، یان ئەم ڕفتارانە کار لە چالاکی ڕۆژانە دەکەن؟
* ئایا دەتوانین یارمەتی منداڵ بدەین، ئاسوودەتر و بەرهەم هێنەرتر بێت؟
خودتەنیایی ( ئۆتیزم ): ئەم گرفتە پێوەندی بە کێشەکانی ژیانەوە نییە ، دەکرێت لە قۆناغی زوو دەست نیشان بکرێت، منداڵانی ئۆتیزم لە فێرگەی تایبەتی دادەنرێن، بەڵام دەشێت ئەو منداڵانەی توانای زیاتریان هەیە لە فێرگەی ئاسایی دابنرێن . لەم بەشەدا باس لە بیرکۆڵی توند و مامناوەند ناکەین، چونکە ئەم جۆرە منداڵانە، لە فێرگەی ئاسایی دانانرێن.
شیزۆفرینیا :-نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەختە و ، لە 1%ی خەڵك لە جیهاندا تووشی دەبن ، یەکەم نیشانەی نەخۆشییەکە لە ئافرەت بەزۆری لە سەرەتای تەمەنی بیست ساڵی، یان دواترو لە پیاوانیش لە قۆناغی هەرزەکاری تا تەمەنی

بیست ساڵی دەردەکەوێت، هەر بۆیەش مامۆستای سەرەتایی و ناوەندیش، ئەم نەخۆشییە نابینن و لێرەش باسی ناکەین.
ئەلکهول و مادەی هۆشبەر لەوانەیە گەنجان تووشی ئەم گرفتە بێن ، ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوە و چارەسەری زوو، زۆر گرنگە.

## دڵەڕاوکێ و خەمۆکی

بەهۆی هەریەك لە فاکتەرە بۆماوەییەکان و گوشارەکانی ژیان لە وڵاتێکی وەك ئێراق، بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك بڕێك لە دڵەڕاوکێ پێویستە ( دڵەڕاوکێی فسیۆلۆژی )، کە یارمەتی منداڵ دەدات، بەرانبەر هەر هەڕەشە و مەترسییەك ئاگاداربێت، ڕاهێنانی منداڵ، بۆ خۆپاراستن لە مەترسی ڕاستەقینە وەك کێڵگەی مین، گوللە و فیشەکی نەتەقیو، ڕفاندن ، دڵەڕاوکێیەکەیان کەمتر دەکاتەوە.

## خودتەنیایی ( ئۆتیزم )

خودتەنیایی، گرفتێکی بایلۆژییە، کە بە درێژایی ژیان بەردەوامە، ئۆتیزم یەکێکە، لەو کۆمەڵە گرفتەی پێیان دەوترێت، کەموکوڕی گەشەی ناوازە، چونکە نیشانەکان بەر لە تەمەنی 3 ساڵی دەردەکەون و دەبنە هۆی دواکەوتن، یان دروستکردنی گرفت لە گەشە و لایەنەکانی دیکەی منداڵ.
هەندێك لێکۆڵینەوەی نوێ، باس لە ئەگەری بۆماوەیی دەکەن و باس لە زیاتر لە بۆهێڵێك دەکەن، بۆ ئەم گرفتە، خوشك و براکانی منداڵی ئۆتیزم لە خەڵکی ئاسایی زیاتر، ئەگەری تووش بوونیان بەم گرفتە هەیە، ئۆتیزم بەهۆی پەروەردەی خراپ، پشتگوێ خستن، یان کەمتەرخەمی دایباب نییە و کوتان ( ڤاکسین ) نابێتە هۆی ئەم حاڵەتە، ڕێژەی ئۆتیزم لە نێردا 3-4 ئەوەندی ڕێژەیە لە مێدا.
ئۆتیزم گرفتێکی ئاڵۆزە و تووشی جۆرەها خەڵك دەبێت، چونکە ئۆتیزم چەند لەیەك چوونێك و چەند جیاوازییەکیان هەیە، بۆیە ئێستا باس لە ئۆتیزم وەك ( شەبەنگ) دەکرێت، لە جیاتی یەك نیشانە، ئەوە بریتییە لە کۆمەڵێك گرفت و

نیشانەی جیاواز و لەیەك چوو. پزیشکان زاراوەی ( گرفتی شەبەنگی ئۆتیزم ) بەکاردەهێنن تاکو باس لە حاڵەتی سووك و توند و ئەو حاڵەتانەش بکەن، کە دەکەونە نێوانیان .

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئۆتیزم دەبێتە هۆی :

* گرفت لە پێوەندی کردن، ( چ بەزارەکی یان جووڵە).

* گرفت لە پێوەندی کۆمەڵایەتی.

* گرفتی ڕەفتار وەك ئەنجامدانی ڕۆتینی بێ سوود، دووبارە کردنەوەی کاری بێ ئەنجام وەك دووبارە گوتنەوەی وشەیەك، یان ڕەفتارێك، ڕێکخستنی شتەکان بە شێوەیەکی تایبەت .... تاد .

ئەم نیشانانە وادەکەن، منداڵەکە لە دەوروبەر دابڕێت، منداڵی ئۆتیزم نایەوێت دایکی لەباوەشی بکات، هەندێکیان هەرگیز فێری قسە نابن، ئەم ڕەفتارانە تەنیا ژیان لای ئۆتیزمەکان قورس و زەحمەت ناکات، بەڵکو کاریگەری لەسەر خێزانەکانیشیان، مامۆستایان و هەرکەسێکی دیکەیش هەیە، کە لە ئەوەوە نزیکن.

**گرفتی شەبەنگی ئۆتیزم ئەمانە دەگرێتەوە :**

* گرفتی ئۆتیزم (هەندێك پێی دەڵێن ئۆتیزمی کلاسیك).

* گرفتی ئەسپەرجەر ( بارێکی سووکی ئۆتیزمە و زیرەکی ئاساییە).

* گرفتی هەڵوەشانەوەی (پاشەکشەکردنی منداڵی ) کە پێشتر منداڵەکە زمان و یاری کردن و جووڵەی پێ و دەست وەك منداڵی ئاسایی فێردەبێت تا تەمەنی 2 ساڵی، بەڵام دوایی پاشەکشە دەکات.

* کۆنیشانەی ڕێت ( لە کچاندا، کەموکوڕی توانای کۆمەڵایەتییان لە 5 مانگی تا 30 مانگی دەست پێدەکات).

* ئەم منداڵانەی تووشی گرفتی ئەسپەرجەر بوونە، زیرەکییان ئاساییە و دەخرێنە فێرگەی ئاسایی.

**نیشانەکان :**

بە تەنیان ـ جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەست دەکەیت سۆزیان لە تۆ دوورە، یان هەست بە گەرموگوڕی سۆز ناکەیت، سەیری چاوت ناکەن، بزە و زەردەخەنە و پێکەنینیان نییە، کاتێك بانگیان بکەیت وەڵامت نادەنەوە و وەڵامی هیچ هەستێکی سۆزداری نادەنەوە. وەڵامی دڵخۆش، زەردەخەنە، دڵتەنگی تۆ نادەنەوە. زیاد لە پێویست بۆ دەنگ، یان دەست لێدان هەستیارن. ڕادەی زیرەکییان کەمە . لەوانەیە هەندێکیان بەهرەی تایبەتیان هەبێت. کەموکوڕی لە پێوەندی کردن، لەوانەیە هەرگیز فێری قسە و گفتوگۆ نەبن، وشە و ڕستە چەند بارە بەکار بهێننەوە، دەربڕینی دەم و چاو قسەکردنیان لە یەکتر جیاواز، یان نەگونجاو بێت، هەندێکیان بە بەردەوامی ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە پێیان دەوترێت. ئەستەمی لە دەربڕینی بێ وشە. هەستیارن لە هەر گۆڕانکارییەك، تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، کاتێك لە دەوروبەر دڵنیانین، یان ڕۆتینی ژیانیان دەگۆڕێت، بۆیە میزاجیان دەگۆڕێت، یان خۆیان بریندار دەکەن. نەبوون یان تێکچوونی توانای یاریکردن ( بەتایبەتی گەر پێویستی بە خەیاڵ یان نواندن بێت ). پەیوەست بوون بە شتی بێ گیان وەك بووکەشووشە، پەیوەست بوون بە بەرنامەیەکی تایبەت وەك هەموو شەموان بچێتە بازاڕ، تەنیا سەیری کەناڵی (س) دەکات ، ئارەزووی چالاکی و یاری نییە). دووبارە کردنەوەی جووڵەی بێ مەبەست و بێ ئەنجام وەك سەرلەقاندن). بەردەوام بوون لەسەر شتێك و دووبارە و چەندبارە کردنەوەی، بەبێ ئەوەی هیچ بێزار بێت. جووڵەی سەیر وەك ( دەست شەقاندن )، ڕۆیشتن لەسەر پەنجەکانی پێ ، جووڵە و ڕاوەستانی سەیر .

## چارەسەری

ئۆتیزم چاك نابێتەوە، بەڵام هەندێك چارەسەری گرفتەکان کەمتر دەکاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی، تا چارەسەری زووتر بکرێت، نەخۆشەکە زیاتر بەرەوپێش دەڕوات، چارەسەری ڕەفتاری، کاریگەری هەیە بۆ بەهێزکردنی ڕەفتاری گونجاو و کەمکردنەوەی ڕەفتاری نەگونجاو، ئەم جۆرەی چارەسەری بریتییە لە هاندانی ڕەفتارە پۆزەتیڤەکانی منداڵ و پشتگوێ خستنی ڕەفتارە نێگەتیڤەکان.

ڕاهێنــانی فێربــوونی شــارەزایی کۆمەڵایــەتی، یارمــەتی دەدات، پێوەنــدی و کارتێکردنی کۆمەڵایــەتی و دەربڕینــی هەســت و ســۆزی باشــتر دەبێــت و زیــاتر پەیوەست بە پــۆل دەبێــت، ڕاهێنــانی شــارەزایی کۆمەڵایــەتی، بــە بــەکارهێنانی هەموارکردنی ڕەفتار، نواندنی ڕۆڵ، ڕاهێنانەکانی بینین، ڕەنگە لەگەڵ ئەو منداڵانە سەرکەوتووبێت کە توانای ژیرییان زیاترە .

چارەسەری بە قسە / زمان، ڕەنگە یارمەتی منداڵی ئۆتیزم بدات ، توانای پێوەندی کردن بەهێزتر بکات و کاریگەرانەتر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکات و زمانی زیاتر گەشــە بکــات، چارەســەری دەبێتــە هــۆی گەشــە ســەندنی ڕێگــەکانی نــازارەکی (جووڵەیی). بۆ پێوەندی کردن وەك جووڵەی دەست، پێکەنین، دەنگ ... تاد .

**چارەســەری فیزیکــی** : بەشــداری کــردن لــەو چــالاکییانەی، جووڵــەی باشــترو هاوسەنگی ڕێکتر دەکەن، بۆ نموونە یارمەتی ئەو منداڵانــە دەدەن کــە خۆیــان لــە خەڵك لادەدەن ، بەشداری چالاکی و یاری لەگەڵ منداڵانی دیکە بکەن.

دەرمان : ڕەنگە بۆ هێور کردنەوە یان ڕێگەرگرتن لە خۆئازاردان بەکاربهێنرێت .

## ستراتیژییەکانی فێرکردن

پێویستە پۆلەکە زۆر ڕێکوپێك بێت و کەمتر دەنــگ و جووڵــەی تێــدابێت نــەوەك منداڵەکە پێی خەریك بێت .

ڕۆتینێکی ڕۆژانە دابنێت. منداڵەکە بۆ هەر گۆڕانێك لە ڕۆتینەکە ئامادەبکە.

بەرنامەیەکی بینین دابنێ، بەشێوەیەك کاتێك منداڵەکە چاوی بە شتەکە دەکەوێت، بزانێت چاوەڕێی چی.

ڕێنمایی بــە شــێوەی بیــنین بەکاربهێنــە، لەگــەڵ وردەکــاری هــەر قۆناغێــك لــە ڕێککەوتنەکەی نێوانتان.

یارمەتی بدە، کاتێك دەچیتە ژوورێکی دیکــە، شــوێنی پــشوودان، یــان چــالاکی دیکە.

ئەو شوێنانە هەموار بکە، کــە پێــت وایــە دڵــەڕاوکێ و فــشار دروســت دەکــەن، ئاگاداری هەر شتێك بە). ئاگادارکەرەوەیەك ( وەك دەنــگ، کــە وابکــات منــداڵ کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات.

خۆت لە هاندانی زیاد لابدە، هێمن بە و کەشێکی ئارام دروست بکە لە پۆلدا.

بە ڕستەی کورت و سادە قسەی لەگەڵ بکە.
منداڵی ئۆتیزم کاتێکی زیاتر بۆ تێگەیشتنی پرسیار پێویستە، بۆیە زیاتر چاوەڕێ بکە، تا وەڵامەکەت وەردەگرییەوە.
ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی و هێورکردنەوەی خودی فێربکە.
پێوەندی بە دایباب بکە، لەوە تێبگە کە دایباب، زەحمەتی زۆریان هەیە، لە پەروەردەکردنی منداڵی ئۆتیزم .

## دڵەڕاوکێ لە منداڵان و هەرزەکاران

ڕەنگە دڵەڕاوکێ سوودی هەبێت و وەك حاڵەتێکی بەرگری دەروونی بەکاربهێنرێت، دڵەڕاوکێ زەنگی مەترسییە و مرۆڤ بۆ ( شەڕ یان هەڵاتن) و زیادبوونی ڕێژەی ئەدرینالین ئامادە دەکات، توانای ئامادەگی زیاد دەکات و یارمەتی مانەوەمان دەدات، بەڵام دڵەڕاوکێی لەڕادە بەدەر، دەبێتە هۆی سەرف کردنی کات و توانای زۆر، دوورکەوتنەوە لە خەڵك و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمهێنانی بیری بێ سوود و هەستکردنی ئازار لە جەستە. لە گرفتی دڵەڕاوکێدا، ڕێژەی کیمیاوی لە جەستەدا، زیاتر بۆ هاندەرە دەرەکییەکان هەستیارە، بۆماوە و میزاج، منداڵ تووشی هەندێك جۆری دڵەڕاوکێ دەکەن وەك گرفتی وەسواسی ـ ، گرفتی تۆقین و فۆبیا.
زۆر گرنگە جیاوازی لەنێوان دڵەڕاوکێی ئاسایی و نەخۆشیدا بکەین، کە دووەمیان دەرەنجامی ترسێکی ناماقووڵە و ژیانی منداڵ تێك دەدات لە وڵاتێکی وەك ئیراق، کە مەترسی سەر گیان بوونی هەیە، زۆر گرنگە جیاوازی لەنێوان مەترسی ڕاستەقینە و مەترسی بێ بنەما بکرێت، پێویستە منداڵان فێربکرێن خۆیان لە مەترسی ڕاستەقینە بپارێزن، بەڵام زۆر گرنگیشە ئەوە بزانیت، کە چ کاتێك دڵەڕاوکێیەکەی منداڵەکە، بنەمای ڕاستی نییە و چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی هەیە.

## گرفتەکانی دڵەڕاوکێ

دڵەڕاوکێ بریتییە لە باری هەستکردن بە نیگەرانی، ترس و بێزاری، دڵـەڕاوکێ لە دوو بەش پێکهاتووە:
یەکەم : جەستەیی ( نموونە : سەرئێشە، هێڵـنج هـاتن، ئارەقـە کـردن)، دووەم : دەروونی، گرژبوون و ترس. ئەو دڵەڕاوکێیەی بەهۆی بیرکردنەوەی بەردەوام لە ترس کاردەکاتە سەر توانای بڕیاردان، توانای فێربوون و تەرکیز کـردن. ئـەو منداڵانـەی دڵەڕاوکێیان هەیە، زۆر زوو بێ ئومێد دەبن، هەموو دەم دڵەڕاوکێی ئەوەن نـەوەك شتێکی هەڵە بکەن و زەحمەتیان هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەرکی فێرگە لە ماڵەوە، لەوانەیە ئەم منداڵانە لە فێرگە دوا بکەون، یان هەر نەچـن بـۆ فێرگـە و ئەمـەش دڵەڕاوکێی سەرنەکەوتن زیاتر دەکات .

## جۆرەکانی دڵەڕاوکێ لە منداڵاندا

1- گرفتی دڵەڕاوکێی گشتی

نیشانەکانی بریتین لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بە بـەردەوامی، هەسـت بـە تـرس و ئاگایی، ڕەنگە منداڵەکە هەسـت بـە نائـارامی، گـرژی ، و ناڕەحـەتی بکـات و زەحمەتی هەبێت لە تەرکیزکردن لە فێرگە.

**لە نیشانەکان**

دڵەڕاوکێی بەردەوام لەو شتانەی کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

* پێویستیان بە دڵنیایی بەردەوام هەیە.

* دڵەڕاوکێی بەردەوام لەسەر خێزان، فێرگە، هاوڕێ، یان چالاکییەکان .

* پێویستی بە ڕێکوپێکی و ترس لە شەرمەزاربوون ( ئیحراج بوون ) یان کردنـی هەڵە.

* کەمی متمانە بە خود و هەست کردن بە بێ ڕێزی خود.

2- دڵەڕاوكێی جیابوونەوە (فیراق).

دڵەڕاوكێی جیابوونەوە كردارێكی ئاساییە بۆ منداڵی بچووك، یان لەو بارودۆخانەی مەترسی ڕاستەقینە هەیە و منداڵەكەش ترسی لەسەر سەلامەتی خۆی یان سەلامەتی خێزانەكەی هەیە، بەڵام كاتێك ئەم تردیكەسە لە سنووری لۆژیك دەردەچێت، ئەوە بە نەخۆشی دادەنرێت، دڵەڕاوكێی جیابوونەوە دەبێتە هۆی فۆبیای فێرگە، كە منداڵ نایەوێت لە دایباب جیابێتەوە و ناچێتە فێرگە.

**لە نیشانەكانی :**

* ترس و بیركردنەوەی بەردەوام لەبارەی سەلامەتی دایباب، یان پەروەردەكار.
* نەچوون بۆ فێرگە .
* ژانە سك و گرفتی جەستەیی.
* زۆر پەیوەستە بە كەسەكانی نزیكی خۆی.
* ترس و تۆقین لەكاتی جیاكردنەوەی لە دایباب.
* گرفتی نووستن و مۆتەكە لە خەودا.

3- فۆبیای تایبەت

فۆبیا، بریتییە لە ترسێكی بەردەوام، كە لەڕادە بەدەرە و لە سنووری لۆژیكی دەردەچێت، ئەم ترسە بە هۆی بوونی، یان هەست كردن بە بوونی بارودۆخێك یان شتێكی تایبەتە و تووش بوون بەم بارودۆخە، یان دیتنی شتەكە، یەكسەر تووشی دڵەڕاوكێی دەكات. بێزاربوون، گۆشەگیری، دڵەڕاوكێ، پێشبینی كردنی دۆخێكی مەترسیدار، یان شتێكی دیاریكراو، ئەمانە هەمووی كار لە ئەنجامدانی فرمانە ئاساییەكانی منداڵ دەكەن.

هەندێك لە فۆبیا تایبەتییەكانی منداڵ :

* ئاژەڵ ، زیندەوەر
* ڕەشەبا، بەرزایی، ئاو، تاریكی.
* شوێنی داخراو وەك ئەسكەلە ـ ئەسانسێر ( مەسعەد )، فڕۆكە، پرد، تونێڵ ... تاد.
* نەشتەرگەری یان هەر پشكنینێكی پزیشكی.

جگە لەمانە، منداڵ تووشی فۆبیای خەڵك، شوێن دەبن كە پەیوەستن بە ڕووداوێك ئەوان پێشتر بینیویانە.

4- دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی

بریتییە لە باری شەرم کردنی لەڕادە بەدەر و وریایی زۆر لە هەندێك باری کۆمەڵایەتیدا، منداڵان دڵەڕاوکێی ئەوەیان هەیە کە چاودێری بکرێن، یان سەیریان بکرێت، یان کاتێك قسە بۆ یەکێك دەکەن، تووشی ڕەخنە و گاڵتەجاڕی ببنەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی نەچوون بۆ فێرگە.

**نیشانەکانی بریتین لە**

* ترس لە قسەکردن و دیتنی خەڵکی دیکە ( هاوڕێی کەمە ).

* خۆلادان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان .

* سەرهەڵدانی نیشانەی جەستەیی و دەروونی لەو شوێنانەی ئەوان هەست بە شەرم دەکەن .

5- نۆرەی تۆقین

بریتییە لە حاڵەتی دڵە ڕاوکێی لەناکاو کە ترسێکی زۆری لەگەڵە بەبێ بوونی هیچ هۆکاریکی دیار.

ئەو خەڵکانەی حاڵەتی نۆرەی تۆقینی دووبارەیان زۆرە، یان ترسی ئەوەیان هەیە، لە داهاتوودا تووشی نۆرەی تۆقین بن، بەجۆرێك چالاکییان سنووردار دەکەن، ئەوە دەکەونە خانەی گرفتی تۆقین، ئەوان بیرکردنەوەی خراپ و مەترسیدارانەیان دەبێت و ترسی ئەگەری تووش بوون بە نەخۆشی جەستەییان هەیە.

نیشانەکانی نۆرەی تۆقین لەوانەی خوارەوە پێکدێت، کە لەناکاو سەرهەڵدەدات و پاش چەند خولەکێك دەگاتە لووتکە.

دڵەکوتێ، زیاد بوونی دیکەپەی دڵ. ئارەقە کردن. لەرزین. هەست کردن بە زەحمەتی هەناسە و بەرهەنگی(هەناسە تەنگی). هەست کردن بە خنکان. ژانە سنگ یان ناڕەحەتی لە سنگ. هێڵنج هاتن، یان ژانە سك. هەست کردن بە گێژی، هێڕبوون، سەرسووڕان. هەست کردن بەوەی لە دەوروبەر دابڕاوە. هەست کردن بەوەی کۆندیکەۆڵی خۆی لەدەست دەدا یان شێت دەبێت. دیکەس لە مردن. سڕبوون. لەرزین و سووربوونەوە.

# چارەسەری گرفتەکانی دڵەڕاوکێ

1- چارەسەری دەروونی بە پەیبردن ( الإدراك) : لێرەدا باس لەو هۆکارانە دەکرێت، کە بوونەتە هۆی ئەم بیرکردنەوە هەڵانە و ئەو هەستەی دەرەنجامی ئەم باوەڕە چەوتانە دروست دەبن و یارمەتیدانی منداڵان تا ئەم بیرکردنەوانە بگۆڕن، بە بیرکردنەوەی باشتر، هەروەها منداڵان فێربکرێن، کە باس لەم گرفتە بکەن و هەریەك دڵەڕاوکێ، وەسواسی ـ ناچاری وەك دوژمن سەیر بکەن و بە ئاشکرا باسی لێوە بکەن، هەروەها منداڵ فێربکرێن، بیر لە ئێستە بکەنەوە، نەك ترس لەوەی لە داهاتوودا ڕوودەدا ، فێربکرێن کە دڵەڕاوکێیەکەیان وەك شەپۆلی دەریا هەست پێ بکەن، بێت و بڕوات، بەڵام کاتێك دابێت نەگەڕێتەوە.

2- چارەسەری بە خستنە بەردەم و کاردانەوە

هەروەها پێی دەوترێت ڕاهاتنی پەیژەیی(کەمبوونەوەی هەستیاری وکاردانەوە)، کە کەسەکە، بە شێوەی پلەدار و بەرەبەرە دەخرێتە بەردەم شتە ترساوەکە، ڕەنگە ئەم تەکنیکە هاوجووت بکرێت لەگەڵ تەکنیکەکانی خاوبوونەوە، یان پلەی پێوانی دڵەڕاوکێ ، کەسەکە بەرەبەرە بەو شتە زۆر مەترسیدارەکان دەڕوات، تاکو لە کۆتایی کەمترین دڵەڕاوکێی دەمێنێت.

3- دەرمان

هەندێك جار دەرمانەکانی دژەخەمۆکی وەك گروپی SSRI، یان دەرمانەکانی دژە دڵەڕاوکێ ، پێکەوە بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ چارەسەری دەروونی، دەرمان یارمەتی دەدات دڵەڕاوکێیەکەی خاو بێتەوە کاتێك چارەسەری بەرکەوتنی بۆ دەکرێت.

4- پاڵپشتی خێزانی و ڕۆشنبیری دەروونی

گەر یارمەتی خێزان بدەیت، لە گرفتی دڵەڕاوکێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە لە پرۆسەی چارەسەری، پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان منداڵ و خێزان لەگەڵ ئەم ڕێگە چارەسەرانەی سەرەوە، یارمەتیدەری منداڵە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەدا.

# گرفتی وەسواسی ـ ناچاری

هەموو منداڵێك ترس و نیگەرانی هەیە، بەڵام بەردەوام بیری لێ دەکەنەوە و ئەم بیر کردنەوەیەش کار لە ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژانە دەکات، ئەوە دەبێتە گرفت. لێکۆڵینەوەی نوێ دەریانخستووە کە گرفتی وەسواسی ـ ناچاری، گرفتێکی دەمارە خانەکانە و بەهۆی گۆڕانی مادەی کیمیاوییە، گرفتی وەسواسی ـ ناچاری بنەمای بۆماوەیی هەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە، گەر منداڵێك دایبابی ئەم گرفتەیان هەبێت، دەبێت ئەویش تووش بێت.

ئەو خەڵکەی گرفتی وەسواسی ـ ناچارییان هەیە ئەوە بەردەوام بیرۆکەی نەویست و نیگەران مێشکیان پڕدەکات ( وەسواسی) و هەست بە پاڵنەرێك دەکەن ( ناچاری ) بۆ ئەنجامدانی بیرۆکەکە، بۆیە چەندین جار ئەم پاڵنەرە دووبارە دەکەنەوە تاکو دڵەڕاوکێیەکەیان کەم بێتەوە، ئەم نیگەرانییە، لەبارەی شتە سادەکانی ژیانەوە نییە، ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی تووشی وەسواسی ناچاری بوونە، ئەوە ترسێکی لەڕادە بەردەری نالۆژیکی بێ بنەمایان هەیە و بە جۆرێك کاریان لێدەکات ناتوانن وەك مرۆڤی ئاسایی بژین، وەسواسی و ناچاری کاتێکی زۆر دەبەن و مرۆڤ نیگەران دەکەن، ئەوانەی تووشی وەسواسی ـ ناچاری بوونە، ڕەنگە وەسواسییان لەبارەی پیسی و پۆخڵییەوە بێت، یان لەبارەی ئەو ڕەفتارەیان بێت، کە گرفتی بۆ کەسی دیکە دروست کردووە، وەسواسی دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ناچاری ( کە بریتییە لە چەندین بارە ئەنجامدانی کارەکە، تاکو دڵەڕاوکێیەکەی کەم بێتەوە)، ڕەنگە نەخۆشەکە، کاتی زۆر بەسەر ببات بۆ شوشتنی دەست، لەترسی ئەوەی تووشی پیس بوون نەبێت، لەوانەیە چەندین جار دووبارە سەیری دەرگە بکەنەوە و دایبخەن نەوەك دایان نەخستبێت، هەردەم دڵەڕاوکێی ئەوەیان هەبێت کە ئایا بەبێ ئەوەی ئاگاداربن ئازاری کەسیان نەداوە (وەك لەکاتی شۆفیری لە کەسێکی نەداوە)، هەرچەندە ئەوان ڕەنگە بزانن ئەم بیرکردنەوانە لۆژیکی نین، بەڵام هەر لە دڵەڕاوکێیەکەیان بەردەوامن، تا ئەو کاتە کارێك دەکەن ( ناچاری )بۆ خاوکردنەوەی دڵەڕاوکێیەکە.

ئەو کەسانەی گرفتی وەسواسی ـ ناچارییان هەیە ئەوە هەمیشە هەست بە شەرمەزاری و ئیحراج بوون دەکەن، بۆیە هەوڵ دەدەن گرفتەکە بشارنەوە.

## نیشانەکان

1- وەسواسی

ترس لە پیسی یان میکرۆب. حەزیان لە یاسا و ڕێکوپێکییە. چوونە سەرئاو لە کاتی دیاریکراو. بیرکردنەوەی بەردەوام. ژمارەی بەبەخت و بێ بەخت. بیرکردنەوەی سێکسی ـ توندوتیژی کە خۆی دەزانێت خراپن و ئەخلاقی نین. وەسواسی پەیوەست بە ئایین (وەك دیکەس لە کوفرکردن). ترسی ئەوەی ڕووداوێکی خراپ بەسەر یەکێکی خۆشەویستی بێت. ترسی ئەوەی بە بێئاگایی ئازاری کەسێکی دابێت.

2- ناچاری

دووبارە و چەندبارە شوشتنەوەی دەست. زۆر ددان شوشتن چوونە گەرماو بۆ کاتی زۆر. قژ دەرهێنان . دووبارە و چەندین بارە پشکنینی دەرگەکان. هەڵگرتن و ئەمبارکردنی شتی بێ سوود. دووبارە و چەندبارە ژماردنی شتەکان. دووبارە ڕێکخستنەوەی شتەکان، بۆ دانانیان بە ڕێکوپێکی. دووبارە و چەندبارە دەست دانە شتێك. ئەنجامدانی سرووت، یان چالاکی بۆ پێچەوانە کردنەوەی بیرۆکەکە. کردنی شتێك و تێکدانەوەی تا لە کۆتایی تەواو بەدڵی دەبێت. بەردەوام پێویستی بە دڵنیاکردنەوەیە، کە شتەکان تەواون.

## چارەسەری

تەکنیکەکانی چارەسەری دەروونی بە پەیبردن، چارەسەری بە خستنەبەر، دەرمان و پاڵپشتی خێزان و ڕۆشنبیری دەروونی هەمووی بەکاردێن وەك چۆن لە دڵەڕاوکێ باس کرا.

## خەمۆکی لە منداڵان و هەرزەکاران

خەمۆکی گرفتێکە کاردەکاتە سەر میزاج، بیرکردنەوە، فرمانی کۆئەندامەکانی لەش و ڕەفتار. لەوانەیە هۆیەکی بۆماوەیی، یان دەماری هەبێت و بەڵام زیاتر بێت

بەهۆی فشار، زەبر، لەدەستدانی کەسێکی ئازیز، ساتی ناخۆش، گرفت لە ماڵەوە، دایبابی تووش بوو بە خەمۆکی، دایبابی تووش بوو بە ئالۆودە بوون، نەخۆشی جەستەیی ... تاد . خەمۆکی مانای بێ هێزی کەسایەتی نییە، منداڵی خەمۆك سەرنجی مامۆستا ڕاناکێشێت، بەڵام زۆر گرنگە کە تێبینی ئەو منداڵە بکەیت، کە بێدەنگ و گۆشەگیر و غەمبار و دڵتەنگ دیارە، ڕەنگە نیشانەکانی خەمۆکی لە منداڵان بریتی بێت لە توورەبوون وگرژی و جووڵەی زۆر، زوو دیاریکردنی ئەم نەخۆشییە زۆر گرنگە و ڕێگە لە خراپتر بوونی باری منداڵەکە دەگرێت.

## نیشانەکان:

1- میزاج

نەمانی ئارەزوو لەو چالاکییانەی پێشتر حەزی لێیان بوو. میزاجی غەمبار و گریانی بێ مەبەست. میزاجی گرژ، گۆڕانی میزاج لەناکاو، کەم بەرگەگرتنی ناڕەحەتی.

2- گرفتی جەستەیی : سەرئێشە، ژانەسەر، ژانی ماسولکە.

تێکچوونی ئارەزووی خواردن، زیاد بوون یان کەم بوونی کێش. تێکچوونی خەو، خەوزڕان، یان زۆر نووستن، زەحمەتی لە چوونە ناو پێخەف، زوو لەخەو ت، خەوی ناخۆش.

3- چالاکی لەش

زیاد بوونی جووڵە، ناڕەحەتی، بێ ئارامی، تووڕە و توندوتیژی، یان کەم بوونی جووڵە، ماندوویی، شەکەتی، بێ هێزی.

4- پەیبردن ( الإدراك ).

هەست کردن بە گوناهـ، بە بێ هێزی خود، بێ بەهایی خود، بێ ئومێدی، بۆشایی. ڕەشبینی لە بارەی دواڕۆژ، دەوروبەر، خود. گرفتی تەرکیز کردن، دواکەوتن لە فێرگە. بیری خۆکوشتن، یان هەوڵی خۆکوشتن. خوێندنەوە و خۆ خەریك کردن بە کتێبەکانی دەربارەی مردن، خەمباری، خۆکوشتن.

5- ڕەفتار

گۆشەگیربوون و خۆلادان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو چالاکییانەی پێشتر دڵی پێیان خۆش بوو.

بیری کاولکاری لەبارەی خود. نەچوون بۆ فێرگە. بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و ئەلکهول. گرنگی نەدان بە خود یان خاوێنی خود. گرفتی دوو جەمسەرە لە منداڵان و هەرزەکاران هەروەها پێی دەڵێن ( نەخۆشی شادی ـ خەمۆکی)، گرفتێکی دەروونییە، دەبێتە هۆی گۆڕانی گەورە لە میزاجی مرۆڤ، لە ووزەی مرۆڤ و لە توانای مرۆڤ بۆ کارکردن. منداڵان و هەرزەکاران کە تووشی گرفتی دوو جەمسەرە بوونە، تووشی شادی، بەتەنیا، دڵتەنگی بە تەنیا، یان هەردووکیان دەبن، بەڵام بە زۆری خەمۆکی و دوای ئەویش خەمۆکی و شادی پێکەوە، زۆرترن، ئەم خەمۆکی و شادییە، لەوانەیە ماوەی چەند کاتژمێرێك، چەند ڕۆژێك، یانپتر بەشێوەی بازنەیی دوای یەك بێت.

## نیشانەکانی گرفتەکانی شادی ئەمانەن :

1- گۆڕانی زۆر لە میزاج ، شادی زۆر یان بێ مانا.
2- زۆر جووڵە کردن ، تووڕە ، توندوتیژ، چاونەترس ، لەوانەیە میزاجی بە شێوەیەکی کاولکارانە بێت.
3- زۆر بڕوای بە خۆی هەیە و خۆی پێ بەرزە، پێی وایە سوپەرمانە و هێزێکی تایبەتی هەیە.
4- زیادبوونی زۆر لە هێز بۆ کارکردن و جووڵە کردن و کەمی پێویستی بۆ خەوتن، بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکات.
5- زۆر قسەکردن، هەرزەکاران زۆر خێرا و زۆر بڵێ دەبن و زوو بابەتەکە دەگۆڕن و پێیان ناخۆشە قسەیان ببڕیت.
6- نەمانی تەرکیز :-تەرکیزیان زۆر بە خێرایی لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە دەڕوات.
7- نەمانی دانایی ( حیکمەت)، زوو هەڵچوون، ڕەفتاری مەترسیدار و سەرەڕۆیی وەك بەکارهێنانی ئەلکهول، دەرمان و کاری سێکسی بەبێ بەکارهێنانی مەرجەکانی تەندروستی.

**نیشانە خەمۆکییەکان ئەمانەن :**

زۆر جووڵە و گرژی، خەمۆکی، دڵتەنگی بەردەوام، گریانی زۆر. بیرکردنەوە لە مردن و خۆکوشتن. نەمانی ئارەزوو لە بەشداری لە چالاکییەکان. زۆر گلەیی و

نالاَندنی جەستەیی وەك سەرئێشە و سك ئێشە. کەم توانایی، بێ هێزی، کەمی تەرکیز، هەست بە بێزاری کردن. گۆڕانی گەورە لە خواردن و شێوازی نووستن. هەندێك لەم نیشانانە هاوشێوەی ئەم نیشانانەن، کە لە هەرزەکاران ڕوودەدەن کە تووشی گرفتی دیکە بوونە وەك خراپ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، لاساری، نەبوونی تەرکیز و زۆری جوولە، یان شیزۆفرینیا. زۆربەی نیشانەکان بریتین لە زەحمەتی لە تەرکیز ئەمەش کاردەکاتە سەر چوونی بۆ فێرگە. ڕەنگە گرفتی دوو جەمسەرە لە منداڵ، یان هەرزەکاری دەست پێبکات، هەرچەندە دوایی دەستنیشان دەکرێت، ئەم نەخۆشییە، تووشی هەر کەسێك دەبێت، بەلاَم ئەو کەسەی هەردوو دایبابی تووشی بووبن، زیاتر ئەگەری تووش بوونی هەیە، بوونی مێژووی بەکارهێنانی ئەلکهول و دەرمان لە خێزان، ئەگەری زیاتری تووش بوون بەم نەخۆشییە دەکات.

**چارەسەری :**

ڕۆشنبیرکردنی نەخۆش و خێزان لەبارەی نەخۆشییەکە و بەکارهێنانی دەرمانی چەسپاندنی میزاج و چارەسەری دەروونی. دەرمانەکان دەبنە هۆی کەم کردنەوەی نۆرە (ئەگەری دووبارەبوونەوە)و ڕادەی توندی نەخۆشییەکە و ڕێگەگرتن لە تووش بوون بە خەمۆکی، چارەسەری دەروونی یارمەتی منداڵ دەدات لەخۆی بگات و خۆی لەگەڵ فشار بگونجێنێت و پێوەندی باشتر بکات و دووبارە بەهای خود بنیات بنێتەوە.

## خۆکوشتن لە هەرزەکاری

زۆربەی نیشانەکانی هەستی خۆکوشتن، هاوشێوەی نیشانەکانی خەمۆکین ، پێویستە لەسەر دایباب ئاگاداری ئەم نیشانانەی خوارەوە بن، لەو هەرزەکارانەی لەوانەیە خۆیان بکوژن. گۆڕان لە خەوتن و خواردن. دابڕان لە هاوڕێیان، خێزان و دوورکەوتنەوە لە چالاکییەکان. نەمانی ئارەزوو لەو چالاکییانەی دڵخۆشکەرن. کاری توندوتیژ، کاری سەرەڕۆیی، ڕاکردن لە ماڵ. بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر یان ئەلکهول. پشتگوێ خستنی ڕێکوپێکی و تەندروستی لەش. گۆڕانی گەورە لە

کەسایەتیدا. بێزاری بەردەوام، زەحمەتی لە تەرکیز کردن و نـزم بوونـەوەی ئاستی خوێندن. گلەیی و گازانـدەی زۆر لـەبارەی جەسـتەوە، کـە پەیوەسـتن بـە لایـەنی دەروونی وەك ژانەسەر، سەرئێشە، بێ تاقەتی. گرنگی بە پیاهـەڵگوتن و پاداشـت نادات.

**ئەو هەرزەکارەی پلانی خۆکوشتنی داناوە لەوانەیە :**

1- هەست بکات یەکێکی خراپە و لە ناخەوە بۆگەن بووە.

2- هەندێك ئاماژە و لێدوان دەدات، وەك ( هیچی دیکە نامەوێت ببمە سەرئێشە بۆت )، ( هیچ شتێك گرنگ نییە)، ( جارێکی دیکە ناتـبینمەوە).

3- شتە گرنگەکانی خۆی بەلاوە دەنێت، یان فڕێـیان دەدات.

4- پاش ماوەیەك دڵتەنگی، لەناکاو دڵخۆش دەبێت.

5- نیشانەکانی دێوانەیی ( سایکۆسیس)ی هەیە، وەك هەڵوەسـە و بیرکردنـەوەی نارێك).

ئەگەر گەنجێك گوتی ( دەمەوێت خۆم بکـوژم) ئـەو ئـەم لێدوانـە، بـە گـرنگ وەربگرە و یەکسەر داوای یارمەتی لە پسپۆرێکی دەروونی بکە، خەڵك بە گـشتی دڵتەنگن کاتێك باسی مردن دەکەن، بەڵام پرسیارکردن لە منـداڵ، یـان هـەرزەکار لەوەی دڵتەنگە، یان بیر لە مردن دەکاتەوە، یارمـەتی هەڵـسەنگاندن دەدات، بـە پێچەوانەوەش پرسیاری ئەم جۆرە، منداڵەکە دڵنیا دەکاتـەوە، کـە یـەکێك هەیـە گرنگی بە ئەو دەدات و هەلی ئەوەشی پێ دەدات، کە باس لە گرفتەکان بکات.

ئەم بابەتە باس لە خۆکوشتنی ئەو گەنجانەیە، کە گرفتی دەروونییـان هەیـە، نـەك ئەوانەی بەهۆی پاڵنەری سیاسی و ئایینی خۆیان و کەسی دیکە دەکوژن.

**چارەسەری دەروونی بۆ منداڵان و هەرزەکاران**

1- چارەسەری بە پەیبردن ـ ڕەفتار : یارمـەتی کەسـەکە دەدات میزاجـی بـاش بکـات ، هـەروەها ڕەفتـار و دڵـەڕاوکێی نـەمینێت، بـەهۆی وردبوونـەوە لـە بیرکردنەوەی شێواو و ئاڵۆز. لە ڕێگەی چارەسـەری پـەیبردن- ڕەفتـار، منـداڵان و هەرزەکاران فێردەبن، چۆن بیرکردنەوە دەبێتە هۆی هەست کردن و سۆز کـە ڕەفتـار دەگۆڕن. لە میانەی چارەسەری بـە پـەیبردن- ڕەفتـار، کەسـەکە فێردەبێـت چـۆن بیرکردنەوە خراپـەکان بناسـێتەوە، پاشـان چارەسـازی دەروونـی، ئـەم بیرکردنـەوە

خراپانە، بە بیرکردنەوە و ڕەفتاری پۆزەتیڤانە دەگۆڕێتەوە، ئەم جۆرەی چارەسەری لە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی کاریگەرە.

2- چارەسەری بە یاری

وەك بەکارهێنانی یاری، بووکەشووشە، ئۆتۆمبێلۆکە، وێنەکێشان ... تاد، تاکو یارمەتی منداڵ بدات هەستەکان بناسێتەوە و باسیان بکات. چارەسازەکە تێبینی ئەوە دەکات، کە منداڵەکە چۆن ئەم کەرەستانە بەکاردەهێنێت و بەم شێوەیەش لە گرفتی منداڵەکە تێدەگات، لە ڕێگەی یاری و قسەکرنەوەوە، منداڵ هەلی هەیە باس لە ململانێکانی بکات و ڕەفتار و هەستی چارەسەر بکات.

3- چارەسەری خێزانی :

ئەم شێوازەی چارەسەری تیشك دەخاتە سەر خێزان، کە چۆن ڕۆڵی بنیاتکەرانە دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی باشکردنی شێوازەکانی پێوەندی و پاڵپشتیکردن و ڕۆشنبیریکردن، چارەسەری خێزانی هەریەك لە دایباب، منداڵ، خوشك و برا، تەنانەت داپیرە و باپیرەش دەگرێتەوە.

بەکارهێنانی پتر لە جۆرێکی چارەسەری، کاریگەری پتر، بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری دەروونیش پێکەوە کاریگەرتر دەبێت.

## پەروەردەکاران دەتوانن چی بکەن

1- ئەو ڕەفتارەی لە پۆل دەیکات، ڕەنگە بەهۆی خەمۆکی بێت ( ئەوە دیاری بکە).

2- لەوە تێبگە، کە ڕەفتاری فێرخواز لەناو پۆل، ڕەنگە بەهۆی خەمۆکییەوە بێت، بۆیە چاوەڕێی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بکە.

3- هەلی دەربڕین و قسەکردن بدە بە فێرخوازان.

4- گیانی بڕوابەخۆ بوونی لا پتر بکە، بەوەی پێی بڵێ ( باشە، ئافەرین ).

هانی بدە بەشداری چالاکییەکان بکات، بەڵام بە زۆرەملێ نا، بەتایبەتی گەر کاتێك هەست دەکات نیگەرانە. میهرەبان بە، گوێگر بە، حوکمی لەسەر مەدە و هێمن بە، پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ دروست بکە، بەم شێوەیەش ئەو کراوەتر دەبێت و باس لەوە دەکات، کە نیگەرانی کردووە، پاڵپشتی بکە و پێی بڵێ کە

هەستەکانی ئەو ڕاستەقینەن ( وەك دڵتەنگی و ئازار ). یارمەتی بدە تەکنیکەکانی خۆگونجاندن و چارەسەری فشار بەکاربهێنێت. باس لە تێبینییەکانی خۆت لەگەڵ دایباب بە شێوەیەکی هێمن و بەبێ دروست کردنی ترس بکە، یارمەتی دایباب بدە لە گرفتی خەمۆکی بگەن، ڕێنماییان بکە چۆن داوای یارمەتی لە پسپۆری دەروونی دەکەن.

## زەبری دەروونی

ڕووداوی زەبر، ئەو ڕووداوەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت، یان دەیبینێت و دەبێتە هۆی برینداربوونێکی سەخت، یان مەترسی و ئەگەری مردن، زەبری دەروونی، بریتییە لەو هەستەی مرۆڤ بەرانبەر ئەم ڕووداوە کە کاریگەری دەروونی، ئەقڵی، جەستەیی جێ دەهێڵێت. کاریگەری ڕووداوە لەسەر مرۆڤەکە، بریتییە لە ترسێکی زۆر، بێ ئومێدی و تۆقین، لە ئێراقدا منداڵان ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی بە زەبر دەبنەوە، وەك توندوتیژی، ترسی ڕفان، ئەتککردن، ئازاردان، تەقینەوە ... تاد، بەڵام سەرەڕای زەبرە دەروونییەکانی جەنگ، منداڵان تووشی زەبری دەروونی دیکە دەبنەوە، وەك زەبری جەستەیی، سیکسی، دەروونی، شتی دیکەیش نیگەرانیان دەکات وەك کارەساتە سروشتییەکان، ڕووداوی ئۆتۆمبێل، نەخۆشی و نەشتەرگەری، تەڵاقدان و جیابوونەوەی دایباب ... تاد.

کاریگەری زەبری، دوای چەند ڕۆژێك، هەفتەیەك، یان تەنانەت چەند مانگێك دەردەکەوێت، پێویستە پەروەردەکاران ئەوە بزانن کە نیشانەکان لە منداڵان جیاوازن و پێشبینی نەکراون و ڕەنگە سەرهەڵبدەن و دوایی بڕۆن بەبێ هیچ هۆیەکی دیار. ڕەنگە لایەنی دەروونی و گەشەی منداڵ بپووکێتەوە و لە خوێندنیش دوا بکەوێت، ئەمەش بەهۆی کەمی تەرکیز، تووشی گرفتی وەرگرتنی زانیاری و پەرت و بڵاوی لە یادەوەری بێت. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە زەبری دەروونی کاردەکاتە سەر ڕێژەی کۆرتیزۆن (هۆرمۆنی فشار) لە مێشکی منداڵان و هەرزەکاران. جگە لە زەبری دەروونی، منداڵان تووشی گرفتی لەدەستدان دەبن، ڕەنگە ژیانی ئەوان لە یەك ساتدا تا هەتایە بگۆڕێت. لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست، یان وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی لە تەمەنی زوو ( بەبێ ئامادەیی لە

ڕووی جەستەیی و دەروونی )یەوە. بە هەمان شێوە ژیانی منداڵ پەرتەوازە دەكەن، تەواو نەكردنی كار وەك جێبەجێ نەكردنی گفت و پەیمان، قەتیس مانی قسە لە سینگ، پۆزش نەهێنان و داوا نەكردنی لێبوردن بۆ ڕەفتاری ناڕێك، هەست بە گوناه كردن، ئەمانەش هەمووی ڕێگەگرن لە زوو چاكبوونەوەی لە زەبری دەروونی دوای مردنی كەسێكی خۆشەویست، ژینگەی نوێ وەك : گواستنەوە بۆ ماڵێكی نوێ، فێرگەیەكی نوێ، دەربەدەری و ئاوارەبوون، یان بەخێوكردنی لەلایەن پەروەردەكارێكی دیكەوە ( بەتایبەتی گەر دایباب، داپیرە و باپیرە، خوشك و برا ڕۆیشتوون، یان كوژراون )، كاریگەری خراپیان لەسەر منداڵ دەبێت. ڕۆشنبیری دەروونی و دەربڕینی سۆز ( پێدانی زانیاری لەسەر زەبری دەروونی و كاریگەری و میكانیزمەكانی خۆگونجاندن ) و چارەسەری پەیبردن، یارمەتی منداڵ دەدەن، تەكنیكی گونجاو بەكاربهێنێت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ لەدەستدانی كەسێكی خۆشەویست.

## فشاری دەروونی دوای زەبر

كاردانەوەی توندی فشارو فشاری دوای زەبری دەروونی، دوو گرفتن، كە كاردەكەنە سەر منداڵ. كاردانەوەی توندی فشار، بارێكی كاتییە، كە یەكسەر دوای زەبری دەروونی درووست دەبێت و كەمتر لە 4 هەفتە دەخایەنێت و هەرچەندە كات بڕوات نیشانەكانی كەمتر دەبنەوە.

## نیشانەكان بریتین لە:

شێواوی، سڕبوون، شۆك، دابڕان لە دەوروبەر. زەحمەتی تەركیز كردن، دواكەوتن، یان نەچوون بۆ فێرگە. هەست كردن بە نیگەرانی و پەشۆكاوی. نیشانە دەروونییەكان، خەوزڕان، سەرئێشە، سك ئێشە، ژانە سنگ، دڵەكوتێ. خەمۆكی و گۆشەگیری. لەبیرچوونەوەی ڕووداوەكە. دڵەڕاوكێ ، جووڵە و گرژی. دووبارە، وەبیرهاتنەوەی زەبرە دەروونییەكە لە ڕێگەی خەون، یان یادكردنەوە. لە منداڵاندا نیشانەی پەیوەست بوونی منداڵ بە دایكی، ترسان بۆ چوونە ناو پێخەف، گریان و گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری منداڵی ( وەك پەنجە مژین و میز بەخۆدا كردن ).

**فشاری دەروونی دوای زەبر :**

لەوانەیە یەكسەر دوای ڕووداو ڕووبدات، یان دوا دەكەوێت، بەڵام نیشانەكانی پتر لە مانگێك دەخایەنن و دەبنە هۆی پەككەوتەیی لە كاركردن.

نیشانە گەورەکان، جگە لەمانەی سەرەوە بۆ فشاری دەروونی دوای زەبر بریتین لە: مۆتەکە لە خەو، بەتایبەتی دەربارەی مردن، خەوی ناڕێك. وەبیرهاتنەوەی یادەوەری ناخۆش بەبێ بوونی هیچ پاڵنەرێك. فلاش باك ( بە شێوەی وێنە، دەنگ، بۆن، بە شێوەیەك وا هەست دەكەن، كە لە ناو ڕووداوەكەن)، دڵەڕاوكێ و نیگەرانی زۆر.

## خۆلادان

هەوڵدان بۆ خۆلادان لە بیرکردنەوە، هەست کردن، شوێن، بارودۆخ، خەڵك یان ئەو چالاكییانەی كە پەیوەستن بە زەبرەكە. نەتوانینی وەبیر هێنانەوەی چەند لایەنێكی گرنگ لە ڕووداوەكە. نەمانی ئارەزوو لەو چالاكییانەی پێشتر حەزی لێ دەكردن. دووركەوتنەوە و دابڕان لە خەڵك. دەربڕینی هەستی سنووردارە، هەوڵ دەدات هیچ هەستێك دەرنەبڕێت، سڕبوون لە سۆز. خواردن و وەرگرتنی ئەلكهول. ئاگایی و هۆشیاری زۆر. هەستیاری زۆر بۆ دەنگی بەرز، هۆڕنەلێدان، ڕووناكی زۆر، یان جووڵەی لەناكاو. هەموو ساتێك هەست دەكات بەرانبەر شتێكی مەترسیدار ڕاوەستاوە. تێكچوونی خەو. گرژی و زۆر جووڵە كردن. تووڕە بوون بەبێ بوونی هیچ هۆكارێك. ئەوانەی تووشی فشاری دەروونی دوای زەبر دەبن، هەست بە دڵتەنگی و بێ ئومێدی زۆر دەكەن و هەست دەكەن خەریكە بمرن، منداڵی بچووك تەكنیكی خۆگونجاندنیان نییە و ڕەنگە نەتوانن باس لە زەبرەكە بكەن، لەجیاتی ئەوە نیشانەی دیكە پیشان دەدەن وەك هاوێركردن، دڵەڕاوكێ، گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری منداڵی و ترسی زۆر. یان ڕەنگە یارییەك چەند جارە دووبارە بكەنەوە و دووبارە خۆیان لە ڕووداوەكە بنوێنەوە و چەندین جار ئەمەش بكەن، ڕەنگە منداڵی گەورەتر ڕەفتاری توندوتیژی، یان خود- لەناوبەرانە بكەن.

**فاكتەرە مەترسیدارەكانی فشاری دەروونی دوای زەبری دەروونی**

1-فاكتەری تاكەكەسی ، خێزانی یان دەوروبەرن.

2- میزاجی هەستیار یان بەزەحمەت.

3- زەبری دەروونی پێشتر، یان لەدەست دانی پێشتر.

4- ڕادەی توندی زەبرەکە.
5- ئایا زەبرەکە دووبارە بووەتەوە.
6- نزیکی منداڵ لە ڕووداوەکە.
7- ئایا منداڵەکە خۆی یان یەکێکی نزیکی بەر زەبرەکە کەوتووە.
8- کاریگەری زەبر بەسەر دەروونی دایباب.
منداڵی بچووك پتر ئەگەری تووش بوونی بە فشاری دەروونی دوای زەبرەوە هەیە، چونکە میکانیزمەکانی گونجانی گەشەسەندوو نییە و زمان و بیرکردنەوەی لاوازە، ئەوان ڕەنگە هەست بە بێ ئومێدی بکەن و زۆر بە نارەحەتی دایباب نیگەران بن، ئەوان هەست بە بێ هێزی دەکەن، کاتێك سەیر دەکەن دایباب ناتوانن لە مەترسی بیانپارێزن، منداڵی فێرگە و هەرزەکار ڕەنگە هەست بە گوناه بکات، کاتێك باوەڕی وایە نەیتوانیوە خۆی یان کەسە خۆشەویستەکانی لە مەترسی بپارێزێت.
ئەگەر زەبرەکە لەلایەن کەسێکەوە بوو منداڵەکە متمانەی پێیەتی ( نموونەی دەستدرێژی سێکسی، یان جەستەیی)، منداڵ هەست بە شێواوی دەکات و چی دیکە بڕوای نامێنێت، کە گەورە دەتوانن بیپارێزن.
پەروەردەکاران، چۆن دەتوانن یارمەتی ئەو فێرخوازانە بدەن، کە بە دەست کاریگەری زەبری دەروونییەوە دەناڵێنن؟
ڕەنگە کاتی زۆری بوێت، تا یەکێك لە زەبری دەروونی چاك دەبێتەوە و یادەوەرییەکانی بێ ئازار دەبن و دەتوانیت لەگەڵ هەست کردن بە گوناه، کۆست کەوتن، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بژیت، لە میانەی پرۆسەی چاکبوونەوە، پەروەردەکاران دەتوانن چەند کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان هەبێت، گەڕانەوە بۆ ڕۆتینی ژیان، ژینگەیەکی لەبار و ئەنجامدانی چالاکییە ئاساییەکان، یارمەتیدەرن بۆ هەست کردن بە ئارامی. مامۆستایان چارەساز نین، بەڵام دەتوانن، کاریگەرییەکی چەسپاو و دڵنەواییان هەبێت لەسەر ئەو منداڵەی هەست بە نیگەرانی دەکات.
**ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێویستن :**
1- گیانی قبوڵکردن و ئاسایش و متمانە لەگەڵ فێرخواز دروست بکە.
2- میهرەبانی و پاڵپشتی خۆتی بۆ دووپات بکەوە. هەموو دەم ئامادە بە بۆ یارمەتی و گوێی لێ بگرە، نهێنییەکانی ئەویش بپارێزە. ئەگەر گونجاو بوو،

یارمەتی منداڵەکە بدە، ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، بەڵام تۆ چەمکە هەڵەکان و خاڵە شێواوەکانی بۆ ڕاست بکەوە، هەوڵ بدە لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆك و وێنەکێشاندا کۆتاییەکی جوانتری بۆ دابنێیت.

3- ئەگەر منداڵەکە، هەستێکی نیگەرانی هەبوو لە کاتی یادکردنەوەی ڕووداوێك، یان منداڵەکە لەناو ڕووداوەکە دەژیا، تێی بگەیەنە کە ئەم ڕووداوە پێوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و هیچ کارگەری لەسەر ئێستە نییە.

4- داوای لێ مەکە ڕووداوەکە لەبیر بکات، ڕەنگە فشاری دەروونی دوای زەبر، دەرەنجامی هەوڵی لەبیرکردنی ڕووداوەکە بێت ئەم داواکارییە لە گرنگی زەبرەکە کەم دەکاتەوە و کاتێك منداڵەکەش ناتوانێت لەیادی بکات، هەست بە بێ ئومێدی دەکات.

منداڵەکە دڵنیا بکەوە، کە ئەم نیشانە و ڕەفتارانە، دەرەنجامی بەرکەوتنی بە زەبرن و منداڵەکە نە شێت بووە و نە تیکچووە.

5- لە ڕۆتینی ئاسایی بەردەوام بە، چونکە منداڵەکە بەم شێوەیە هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکات.

6- چەند هەڵبژاردنێکی بدەیە، ڕووداوی بە زەبر دەبێتە هۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی خود، بۆیە کاتێك چەند هەڵبژاردنێکی پێ دەدەیت، ئەوە یارمەتی دەدەیت، کۆنترۆلی خۆی بکات.

7- سنووری دیاریکراو بۆ ڕەفتاری نەگونجاو دابنێ و لەجیاتی سزا، لۆژیکانە مامەڵە بکە.

لەوە تێبگە، کە ڕەنگە ئەم ڕەفتارانە کاتی بن و پەیوەست بن بە زەبرەکە، تەنانەت ڕەفتاری زۆر توندوتیژیش، بەهۆی دڵەڕاوکێی پەیوەست بە ڕووداوە درووست دەبن.

8- شوێنێکی ئارام بۆ منداڵەکە دابنێ تاکو باس لەوە بکات کە ڕووی داوە و کاتی تەواوی بۆ تەرخان بکە، تاکو یارمەتی بدەیت، هەست بەوە بکات، ئاساییە کە باس لە ڕووداوەکە بکات.

9- وەڵامی سادە و واقیعیانە بۆ پرسیارەکانی منداڵ لەبارەی ڕووداوەکە دابنێ و چەمکە هەڵە و شێواوەکانی بۆ ڕاست بکەوە.

10- وشیار بە ڕەنگە هەر جووڵەیەکی دەوروبەر، منداڵەکە بخاتەوە ناو حاڵەتەکە.

11- پاڵپشتی بکە و پێشبینی کاتی ناخۆشیش بکە، چونکە زۆر لە بارودۆخەکان، یارمەتی وەبیر هاتنەوەی ڕووداوەکە دەدەن، ئەگەر تۆ توانیت ئەوانە دەست نیشان بکەیت، دەبنە هۆی یادکردنەوە، ئەوە دەتوانیت یارمەتی منداڵەکە لەو دۆخەدا بدەیت.

بەرلەوەی شتێکی نائاسایی بکەیت، منداڵەکە ئاگادار بکەوە، وەك، کوژاندنەوەی گڵۆپ و دەنگی بەرز ... تاد.

12- ئاگاداری کاردانەوەی منداڵەکانی دیکە، بەرانبەر ئەو منداڵەی تووشی زەبر بووە.

لێمەگەڕێ منداڵەکانی دیکە ڕووداوەکە بزانن، چونکە کاریگەری خراپتری بۆ سەر دەروونی دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی زەبری دەروونی بۆ.

ڕەنگە منداڵکە خۆی لەگەڵ زەبرکە بگونجێنێت، بەهۆی یاریکردن، یان تێکەڵ بوون لەگەڵ منداڵانی دیکە، یان بەهۆی نواندنی ڕووداوەکە، گوێڕایەڵییان مەکە، کاتێك هەوڵدەدەن تۆ بخەنە ناو لایەنە نێگەتیڤەکانی زەبرەکەوە، بۆ نموونە هەندێك منداڵ داوا لە مامۆستا دەکەن، هەمان ئەو مامەڵە خراپەی لەگەڵ بکەن، کە لە ماڵەوە لەگەڵیان دەکرێ!

13ـ هەرچەندە گشت منداڵان بیروڕای ئایینییان نییە، ئاگادار بە کاتێك منداڵەکە هەست بە تووڕەیی، گوناهکردن، شەرم یان سزادان دەکەن کە بە هێزەکانی سەرەوە پەیوەستن، گفتوگۆی ئایینی لەگەڵ مەکە و لەجیاتی ئەوە بینێرە بۆ شوێنێك کە پاڵپشتی بکەن.

**بەکارهێنانی هونەری وێنەکردن بۆ فشاری دەروونی دوای زەبر :**

کاتێك وشەکان ناتوانن وەك پێویست ڕووداوەکە دەربڕن، یان یادەوەرییەکان زۆر بە ئازارن و ناتوانن باسیان لێوە بکات، هونەری وێنەکێشان شێوازێکی کاریگەری پێوەندییە و یارمەتی زوو چاکبوونەوە دەدات، ئارەزووی منداڵ بۆ چاکبوونەوە، وای لێدەکات بۆ زاڵبوون بەسەر بێ ئومێدیدا هێلکاری بەکاربهێنێت، دڵتەنگی و بێزاری .

هەندێك خاڵ کە چارەسەری دەروونی، یان چارەسەری بە وێنەکێشان پێویستیانە:

1- ڕێگەی بدە بە هەر شێوازێك بێت وێنە بکێشێت، گرنگ نییە وێنەکان ناشیرین و ناڕێك بن گرنگ دەربڕینە.

2- ڕەخنە مەگرە، شوێنێکی ئارام دابین بکە و گوێگرێکی باش بە، پاڵپشتی بکە و هەموو هەست و بیرکردنەوەکانی قبووڵ بکە و شانازی بە کارەکانییەوە بکە ( نەك چۆنییەتی وێنەکێشان ( بەڵکو لە چۆنییەتی دەربڕینی ڕووداوەکە بە وێنە. بە چاو بە گوێ و بە دڵ گوێ بگرە لە قسەکانی، دەنگی، گۆرانییەکانی، وێنەکێشانی خەمەکانی، یارییەکانی، ڕەفتاری، شیعرەکانی، یان هەر شێوەیەکی دیکەی دەربڕینەکانی.
3- هەوڵ بدە پێوەندی لەنێوان وێنەکێشانەکە و قسەکردن دروست بکەیت، بەبێ هیچ ڕاڤەیەك بۆ وێنەکانی، چیرۆکەکانی قبوول بکە، چونکە ئەمە فشارەکەی کەمتر دەکاتەوە.
4- ئامۆژگاری مەکە، هەوڵمەدە لە هەست و دەربڕینەکانی ڕێگر بێت.
هەوڵ مەدە هانیان بدەیت لەم ژیانەیان دووربکەونەوە، چونکە ئەمە لە گرنگی ئازارەکە کەمتر دەکاتەوە، بەم پێیەش ڕێگر دەبێت لە هەوڵدان بۆ چاکبوونەوە.
کۆست کەوتن، لە ڕووداوە کاولکارییەکان و جەنگەکاندا زۆرە، لەدەستچوونی ئەندامێکی خێزان، هاوڕێ، ئاژەڵێکی ماڵی، ئاسایشی ماڵەوە، زێڕ و زیو و سامان، فێرگە، گەڕەك، یاری، وێنە، ڕۆتینی ڕۆژانە و کۆمەڵگە، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی کۆست کەوتن و خەم خواردنی زۆر.
هەوڵ بدە کاردانەوەی ئەوان بۆ ڕووداوی نائاسایی و جەرگبڕ ئاسایی بکەیتەوە.
جگە لە بەکارهێنانی چارەسەری بە وێنەکێشان، چارەسەری بە یاری، چارەسەری بە پەیبردن و ڕەفتار ( چارەسەری دڵەڕاوکێ، تەکنیکەکانی گرفتی یادەوەری) و تەکنیکەکانی خاوبوونەوە، هەموویان بەسوودن لە چارەسەرکردنی ڕووداوی بە زەبر، ڕۆشنبیری دەروونی ( زانیاری لەبارەی نیشانەکانی فشاری دەروونی دوای زەبر و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ) بۆ منداڵی گەورەترو دایباب، فێریان دەکات، کە کاردانەوەکەی ئەوان ئاسایی بوو بۆ بارودۆخێکی نائاسایی، کاریگەری زەبر لەسەر منداڵ باشتر دەبێت، ئەگەر دایباب یان پەروەردەکار، شارەزایی گونجانیان هەبوو، بەمەش پاڵپشتیپتر دەدەنە منداڵ.

## مادەی هۆشبەر و گەنجان

### بۆچی منداڵان دەرمانی هۆشبەر بەکاردەهێنن ؟

نە گەنج و نە هیچ گەورەیەك حەزناكات تووشی ئالوودەبوون بە دەرمان بێت، کەسیش پێشبینی ناكات پێیەوە بناڵێنێت، لە سەرەتادا منداڵ مادەکانی سەر شەقام تاقی دەکەنەوە وەك جگەرە، ئەلکهول و ماریوانا، بەڵام کاتێك پتر ئارەزووی دەکەن، ئەوە مادەی بەهێزتر بەکاردەهێنن وەك حەب، هەڵمژراوەکان، کۆکایین و هیرۆیین، منداڵ بە سروشتی خۆی حەز لە زانین و تاقیکردنەوە دەکات و دەیەوێت بزانێت دەرمانی جیاواز چ کاریگەرییان لەسەر مێشك دەبێت. جگە لەوە هەرزەکاران دەیانەوێت لەلایەن هاوڕێیانیان قبوول بکرێن و جێگەی ڕەزامەندی ئەوان، ئەوان سەیری هاوڕێی گەورەتر دەکەن و لاساییان دەکەنەوە، بەڵام لاسایی دایباب و کەسانی بە ناوبانگیش دەکەنەوە، کاتێك دایباب بە جگەرە، یان مادەی دیکە ئالوودە بوونە و بە ئەلکهول و حەب گرفت و فشارە دەروونییەکانیان چارەسەر دەکەن، ئەوە دەبنە نموونەیەکی ترسناك بۆ منداڵەکانیان. هەموو ئەو هەرزەکارانەی دەرمان بەکاردەهێنن، تووشی ئالوودە بوون نابن، زۆربەیان لە قۆناغی سەرەتایی وازدەهێنن، هەندێکیان تەنیا لە بۆنەکان بەکاری دەهێنن و ناچنە قۆناغی ئالوودە بوون.کەچی سەرەڕای زانینی زیانەکانی وا لە خەڵك دەکات لە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بەردەوام بن؟

لەو فاکتەرانە بۆماوەیی ( مێژووی ئالوودە بوون لە خێزان )، گرفتی دەروونی، گوشاری ڕۆژانە و هاوڕێی ئالوودە بوو بە دەرمان.

هەرزەکاران دەرمان بەکار دەهێنن، تاکو هەست بە شادی و خۆشی بکەن، ئەوان بە دوای جۆشاندن و خرۆشاندندا دەگەڕێن، بەڵام هەندێك جار دەرمان بەکاردەهێنن تاوەکو ئاسایی ببنەوە، یان لە دۆخەکە ڕابکەن، ئەگەر لاوان گرفتی دەروونییان هەبوو وەك دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، ڕەنگە مادەی هۆشبەر بەکاربهێنن تاکو ئەم گوشارە و خەمۆکییە لابەرن، ئەو منداڵانەی تووشی ڕووداوی بە زەبر بوونە، ڕەنگە دەرمان بەکاربهێنن، تاکو ئازارەکانیان سڕبکەن، لەبەر ئەم هۆکارانە، زۆر پێویستە دایباب و مامۆستا پێوەندییەکی قووڵ لەگەڵ فێرخوازدا دروست بکەن و ئاگاداری

هەر نیشانەیەکی دەروونی بن، ئەگەر منداڵەکە دڵتەنگ یان دڵەڕاوکێی هەبوو، پێویستە دایباب ببیەنە لای پسپۆری دەروونی، کاتێك گەنج بۆ ڕاکردن لە بارودۆخ یان کەمکردنەوەی ئازار، مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت، ئەوە نەك هەر لە ڕووی دەروونییەوە تووشی ئاڵوودەبوون دەبن، بەڵکو تووشی ئاڵوودە بوونی جەستەییش دەبن، جگە لەمانەش ئاڵوودەبوون گەشە و پێگەیشتنی گەنج دوادەخات وەك شارەزایی و لێهاتوویی لە کار دواکەوتن لە فێرگە و ئاستی خوێندن.

**نیشانەکانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر**

1- گۆڕان لە کەسایەتی

نەمانی ئیرادە (هیچ گرنگ نییە).

کەمتر تێکەڵ بوون لە ماڵ، لەگەڵ هاوڕێیان، لە فێرگە.

2- گۆڕانی میزاج.

گرژی و دەمەقاڵێی زۆر. بێ هێزی و بێ تاقەتی. گۆڕانی پێشبینی نەکراو لە میزاج لە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ بۆ جووڵەی زۆر کەللە ڕەقی و سەرەڕۆیی. بەکارهێنانی جوێن بەرانبەر ئەندامانی خێزان. گۆڕانی میزاج و تووڕەبوون بە شتی بچووك.

3- گۆڕانی جەستەیی :

جلی نارێك و قژدانەهێنان (گرنگی نەدان بە خود)، لەدەستدانی کێشی لەش، ڕەنگ هەڵبزرکان، بوونی چەند بازنەیەك لە ژێر چاو. چاو سوور هەڵگەڕان، فراوان بوونی بیلبیلەی چاو.کۆکەی بەردەوام، پەسیو و بێ هێزی بەرانبەر نەخۆشی.

4- گۆڕان لە خەو.

5- گۆڕان لە ڕەفتار.

ڕەفتاری شێواو، لەنگ بوونی زمان و قسەی نارێك و حەلەق و بەلەق.

6- گرفت لە چوون بۆ فێرگە.

نزم بوونەوەی پلەکانی لە فێرگە.

7- نەمانی تەرکیز و تێڕامان.

8- پتر پێویستی بە پارەیە.

9- لای کەس باس لە هاوڕێیە نوێیەکانی ناکات.

10- درۆکردن و ساختەکاری.

11-کاتی زۆر بەسەر بردن لە ژووری خۆی، یان دوور لە ماڵ . .
12- هەلگرتن یان بوونی هەندێك کەرەستە لای وەك دەرمان، یان قەپاغی دەرمان، ئەو مادانەی لە ماڵ کە هەڵدەمژرێن. بەشێك لە کەرەستە وەك سەبیلەی ماریوانا.

**ڕێگەگرتن لەبڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان**

خراپ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان گرفتی هەریەك لە تاك، خێزان و کۆمەڵگەیە بە گشتی. خێزانەکان، هاوڕێیان، مامۆستایان، ڕاوێژکاران و کەسانی دیکەی پێوەندیداریش دەتوانن ڕێگە لە بڵاو بوونەوەی مادەی هۆشبەر بگرن بە چەندین شێوازی جیاواز.

هەریەکە لە خێزان و فێرگە و کۆمەڵگە، بەرپرسن لە چۆنییەتی پەروەردەکردنی گەنجان، تاکو لە هەردوو لایەنی جەستەیی و دەروونی بەرهەمهێن بن و، دوور بن لە بەرکارهێنانی مادەی هۆشبەر، کاتێك هەرزەکار و گەنجان دەکەونە داوی ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر، ئەوە پێویستیان بە یارمەتییە، نەك بە توانج لێدان و سەرکۆنەکردن و دوورخستنەوە.

پێویستە هەریەك لە حکوومەت و فێرگە بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵان، دایبابان، مامۆستایان و کۆمەڵگە بە گشتی لەبارەی مادە هۆشبەرەکان و شێوازی ڕێگەگرتنی، زوو ناسینەوەی حاڵەتەکانی ئاڵوودەبوون و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان هەنگاوی فراوان بهاوێژن. لە زۆربەی وڵاتان پرۆگرامی ڕێگەگرتن لە مادەی هۆشبەر بەسەرکەوتوویی ئەنجام دراوە و، خراوەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن لە زۆربەی ئاستەکانی خوێندندا.

لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین کۆرس لە بارەی ڕۆشنبیری تەندروستی و جەستەیی، کە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پەیوەست بن بە بابەتەکەوە نەك بە شێوەی فێرکردنی ئاسایی و ئامۆژگاری، ئەوە فێرگەکان دەتوانن بەشداری بە فێرخوازەکان بکەن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی فێرکردنی تازە، کە فێرخوازان هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکەن، کاتێك بەشداری گفتوگۆکانی پۆل دەکەن و پرسیار دەکەن و ڕاکانیان بەهەند وەردەگیرێت.

جگە لەمانە، میدیاکان دەتوانن ئەو بەرنامانە پێشکەش بکەن، کە سەرنجی گەنجان ڕادەکێشن و، زانیاری پێویستیان دەربارەی مەترسییەکان و ئاکامە خراپەکانی

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان تێدایە، ئەمیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازەکانی نواندن وەك شانۆگەری و دراما و کورتە تەمسیل. ئەو چالاکییانەی کە بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن و خۆش گوزەرانین، هەروەها ئەو ئامۆژگارییانەی لەلایەن کەسانی پێگەیشتووەوە ئاراستە دەکرێن و وەکو شێوازێکی نموونە بالآ سەیر دەکرێن، کە یارمەتیدەرن لە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر و باش ئاراستە کردنی منداڵان بە ئاراستەی پۆزەتیڤی.

هەرزەکاران پێویستیان بە ڕێنمایی و یارمەتی هەیە، کاتێك تووشی هەر گرفتێك دەبن، وەکو گرفتەکانی فێرگە، پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیان، یان ئەندامانیماڵەوە، وەکو تەڵاقدان، مردنی یەکێك لە دایباب، توندوتیژی خێزان، یان ئەو دایبابانەی بەهۆی گرفتی دەروونی، یان ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان پەککەوتە بوونە. پێویستە لەفێرگەکان ڕاوێژکاری شارەزا هەبن ، بۆ ناسینەوەی ئەو هەرزەکارانەی لە ژێر مەترسیدان، بەرلەوەی بکەونە داوی ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان .

**حاڵەتی ململانێ و ناخۆشیەکان**

کاتێك گەنجان ئارەزووی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەکەن، بۆ دوورکەوتنەوە و هەڵاتن لە بارودۆخەکە، ئەوە پێویستە لەسەر شێوازە دروستەکانی خۆ گونجاندن و چۆنیەتی تێگەیشتن لە گرفتەکانی هێورکردنەوەی خود قسەیان لەگەڵ بکرێت، نەك بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، جگە لەوە زۆر گرنگە باس لە ئاکامە خراپەکانی مادەی هۆشبەر بکرێت و جەخت لەسەر مەترسی مادە هەڵمژراوەکان و مادە هۆشبەرەکانی دیکەی سەر شەقام بکرێتەوە، ئەو دەرمانانەی لەلایەن پزیشکەکانەوە بەمەبەستی چارەسەر کردن دەنووسرێن و خراپ بەکار دەهێنرێن ، ئەوانە یارمەتی هەرزەکاران دەدەن، لەوە تێبگەن کە هەر لە سەرەتای بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەوە ڕەنگە زیان کەوتن بە مێشك، دڵ، هەناسە یان تەنانەت مردنی زوو ڕووبدات،. کاتێك مادەی هۆشبەر بڵاو بووەوە و ئاسان دەست دەکەوت ئەوە پێویستە ئەو ڕاهێنان و شێوازانە فێری هەرزەکاران بکەین، کە یارمەتییان بدات ڕووبەڕووی ئەو فشارە نێگەتیڤانە ببنەوە و دژیان ڕاوەستن، کە هاوڕێکانیان دەیانخەنە سەر، بۆ تاقیکرنەوە و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، تاکو لەلایەن هاوڕێکانیانەوە جێگەی قبووڵ بن.

لە میانەی مامەڵەی ڕۆژانە لەگەڵ گەنجاندا، پێویستە گەوران :
1-گرنگیان پێ بدەن و قبووڵیان بکەن، نەك تەنیا بەمەبەستی ئەوەی منداڵان دەتوانن کار بە ئەنجام بگەیەنن بەڵکو چونکە ئەوان مرۆڤی بەهادارن.
2-بەستنی پێوەندی قووڵ لەگەڵ هەرزەکاران و منداڵان لە ڕێگەی گوێگرتن و سەرزەنشت نەکردن و پیشاندانی ئارەزوو بۆ بەشداری کردن لەگەڵ بیروڕاکانیان، بیرکردنەوەیان و چالاکییەکانیان.

## 5- فێرگەی دۆستی منداڵ

### پەروەردەکار وەك یارمەتیدەر :

ڕۆڵی فێرگە لە پاراستنی نەخۆشی دەروونی

لەبەر چی ڕۆڵی پەروەردەکاران ، لە چاککردنی لەلایەنی دەروونی فێرخوازان گرنگە؟

فێرگەکان، شوێنێکی گشتین، کە هەموو منداڵێك لەخۆ دەگرن، فێرگەی پاڵپشتیکەر، فاکتەرێکی سەرەکییە لە ڕێگە گرتن لەو هۆکارانەی دەبنە گرفت بۆ منداڵ.

فێرگەکان دەتوانن خرمەتی گەورە بە لایەنی دەروون دروستی بکەن، ئەویش لە ڕێگەی ( پاراستنی سەرەتایی)یەوە، کە پێشکەش بە هەموو فێرخوازان دەکرێت و فێری تەکنیکە گرنگەکانی ژیان دەکرێن و فێردەکرێن چۆن لایەنی دەروونییان بەهێزتر بکەن، لە ( پاراستنی دووەمی) ئەو منداڵانە دیاری دەکرێن، کە گرفتێکی سووکی دەروونییان هەیە و چارەسەری پێویستیان بۆ دادەنرێت، تاوەکو بەرەو حاڵەتی خراپتر نەچن، لە ( پاراستنی دووەمی) ئەو فێرخوازانەی دیاری دەکرێن، کە ئەگەری تووش بوونیان بە نەخۆشی دەروونی زۆرەو پاڵپشتی تەواو و چارەسەری تەواویان بۆ دەکرێت، بەر لەوە گرفتەکە خراپتر بێت، ( چارەسەری سێیەمی) چارەسەری پتر و ئاڵۆزتر پێشکەش دەکات، تاوەکو یارمەتی فێرخوازان بدات، لەگەڵ گرفتە دەروونی ـ کۆمەلآیەتییەکاندا بگونجێن.

بەڕێوەبەری فێرگە بەرپرسە لەوەی چۆن پلان بۆ فێرگەکە دابنرێت، لـە چـۆنیەتی چارەسەرکردنی فێرخوازان، فێرکردنی تەکنیك، پابەند بـوون بـە یاسـا و پاڵپـشتی کردنی دەستەی فێرکردن. مامۆستایان ڕۆژانە پێوەندییان لەگەڵ فێرخوازان دەبێت. تاوەکو گەشەی ئەقڵی و جەستەییان هەڵبسەنگێنن و هەر گۆڕانکارییەك لە ڕەفتار و دەروون دیاری بکەن. مامۆستایان وەکو نموونەی باڵا، کاریگەری گرنگیان لەسەر هەموو فێرخوازان هەیەو دەبنە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاری گەورە لێیاندا.

جگە لە مامۆستایان، پێویستە هـەموو فێرگەیـەك پـسپۆری بـواری دەروونـی هـەبێت کـە لــە ڕێنماییکــار، توێــژەری کۆمەڵایــەتی، یــان دەروونــاس خــۆی پێکهاتبێت، ئەم شارەزاییانە دەتوانن زووتـر نەخۆشـی دەروونـی دیـاری بکـەن و ڕێنمایی فێرخوازان بکەن و لەگەڵ دایباب پێکەوە کاربکـەن و لـە هـەمان کاتـدا ڕێنمایی پێویست بدەنە مامۆستا، تاوەکو پێکەوە یارمەتی ئەو منداڵە بـدەن کـە گرفتی دەروونی هەیە.

مامۆسـتایان، پزیـشك، یـان چارەسـازی دەروونـی نـین و نـاتوانن نەخۆشـییە دەروونییــەکان دەستنیــشان بکــەن ، بــەڵام ئــەوەن دەتــوانن تێبینــی نیــشانە دەروونییەکان لە منداڵاندا بکەن، ئەوان دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کـە ئایـا گرفتــە کۆمەڵایەتییــەکان کاردەکەنــە ســەر ئاســتی خوێنــدن و پێوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵەکە. لەگەڵ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاهێنـانی پێویـست لە نامیلکە و وۆرکشۆپەکان، پەروەردەکاران دەتوانن منداڵان و خێزانەکانیان بنێرن بۆ پسپۆری دەروونی کاتێك هەست دەکەن گرفتێك هەیە و پێویستی بە چارەسەرە، لــەوەش گــرنگتر بــەهۆی مامەڵــەی ڕۆژانــەوە، لــەناو پــۆل لەگــەڵ فێرخــوازان، مامۆستایان دەتوانن کارایەکی پۆزەتیڤ و هاریکار بن لە زوو چـاکبوونەوەی ئـەو منداڵانەی بە دەست گرفتی دەروونییەوە دەناڵێنن.

کاتێك پلانی ساڵێك دادەنێیت گەنمەشامی بچێنە

کاتێك پلانی چەند ساڵێك دادەنێیت درەختێك بچێنە

کاتێك پلان بۆ هەموو ژیان دادەنێیت خەڵك فێری ڕۆشنبیری و ڕاهێنان بکە

# فێرگەی دۆستی منداڵ

فێرگە دەتوانێت، ژینگەیەك دروست بکات، کە هەر ئامرازێك بۆ فێرخوازان دابین بکات، لە هەر بوارێکی ژیان پێویستییەکانیان پێ پڕبکەنەوە، بەرپرسیاریەتی فێرگە ئەوەیە کە گەشە بە هەموو لایەنەکانی منداڵەکە بدات، نەك تەنیا لایەنی زیرەکی، بەڵکو جەستەیی، دەروونی، مۆرالی و کۆمەڵایەتی، هەلی یەکسان بە هەموان بدات، بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئایینی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو فێرگانەی هانی گیانی هاوکاری بۆ فێرکردن دەدەن و گیانی ڕێز لە یەك گرتن لە نێوان مامۆستا و فێرخواز بڵاو دەکەنەوە، ئەو بەهایە پەرە پێدەدەن، کە منداڵ پێویستیەتی کاتێك گەورەتر دەبێت.

**هەندێك لە خاسیەتەکانی فێرگەی دۆستی منداڵ بریتین لە**

1- ڕوانگەی ( مافی منداڵ ) بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەدا زاڵە لە فێرگە.

2- یەکسانی نێر و مێ و جیاوازی نەکردن لە نێوانیان بەهایەکی گرنگە.

3- فێرگە شوێنێکی ئارام بەخشە، ئاسایش و قبووڵکردنە، کە منداڵان لە هەر زیانێکی دەروونی و جەستەیی دەپارێزێت.

4- ڕێنماییکار، یان توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە فێرگەدا هەن، تاکو یارمەتی ئەو فێرخوازانە بدەن گرفتی دەروونی – کۆمەڵایەتی، یان گرفتی فێربوونیان هەیە، فێرخوازان، مامۆستایان، بەڕێوەبەران هەست بە ڕێز و حورمەت دەکەن.

5- جەخت کردن لەسەر ( منداڵ) وەك سەرچاوە، دڵنیامان دەکاتەوە، کە هەموو فێرخوازەکان وەك یەکێك تەماشا دەکرێن، کە خاوەن هێز، پێداویستی، ماف و ڕای بە نرخی خۆیەتی.

6- هانی هەموو منداڵێك دەدرێت، بۆ سەرکەوتن.

7- پەروەردەکاران هەوڵدەدەن، کەسایەتی منداڵ لە دەرەوەی پرۆسەی فێرکردنیش بەهێز بکەن.

8- هەڵەکان، بە ئامرازێکی فێرکردن دادەنرێن، تاوەکو یارمەتی مامۆستا بدەن، شێوازی نوێ بۆ پێوەندیکردن و فێرکردنی فێرخواز بدۆزێتەوە.

9- مامۆستایان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی فێرگەو، فێرخوازان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت، وەك پسپۆڕێکی خاوەن ئەزموون و شارەزایی زۆر. بەڕێوەبەرایەتی هانی مامۆستا دەدات، کە هەردەم زانیاری خۆی پتر بکات و داهێنانی نوێ دابێنێت.
10- یاساکان بە شێوەی دادوەرانە، ڕوون و ئاشکرا و بەردەوام هان دەدرێن. یاسا و ڕێکوپێکی پێویستیە، دادوەرییە و پارچە پارچە ناکرێت، مەبەست لێی فێرکردنی ڕەفتاری گونجاوە نەك سزادان.
11- گیانی پۆزەتیڤانە و ڕەفتاری مەدەنیانە لە فێرگە، هەمووان دەگرێتەوە.
12- فێرگە وەك کۆمەڵگەیەك سەیر دەکرێت.
13- منداڵان بەشداری و شانازی بە فێرگەکانیانەوە دەکەن.
14- هاندانی گیانی هاوکاری لەنێوان فێرخوازان و گۆڕینەوە و تاوتوێکردنی زانیاری لە نێوان مامۆستایان. پاڵپشتی هاوڕێیان و یارمەتیدانیان لە بوارەکانی ژیاندا.
15- هەل بە منداڵان دەدرێت شوێنی بەرپرسیاریەتی وەربگرن و بەشداری لە دانانی یاساکانی فێرگەدا بکەن. منداڵان لە خوێندنی خۆیان بەرپرسن.
16- ژیانی تەندروستانە لەلایەن مامۆستایانەوە هان دەدرێت و دەبێتە نموونەش بۆ فێرخوازان.
17- لە ناو پۆلدا بایەخی تەواو بە فێرخواز دەدرێت. هەر منداڵێك وەك کەسێکی سەربەخۆ و تایبەت سەیر دەکرێت. بەهاکانی میهرەبانی، پاڵپشتی و یارمەتی لەلایەن مامۆستایانەوە هان دەدرێت و فێرخوازانیش لاسایی ئەوان دەکەنەوە. هەر ڕەفتارێکی پۆزەتیڤ لەلایەن مامۆستاوە ستایش دەکرێت و پاداشت وەردەگرێت.
18- شارەزایی کۆمەڵایەتی لە پاڵ شارەزایی ئەکادیمی فێری فێرخواز دەکرێت. ململانێکان بە شێوەیەك چارەسەر دەکرێن، کە ڕێز و بەهای فێرخواز ڕابگرن و فێری بکەن چۆن بە شێوازێکی بنیادنەرانە گرفت چارەسەر دەکات.
19- فێرکردن، پرۆسەیەکی دڵخۆشکەرە دەکرێت فێرکردن وەك کات بەسەر بردن بێت، قسەی خۆش و نوکتە یارمەتی پتری زانیاری و شارەزایی دەدەن.

20- مامۆستایان، ستایشی بیرکردنەوەی بەهێز، تێڕامان شێوازی نوێی چارەسەرکردنی گرفت دەکەن. هاندانی گیانی پرسیار، داهێنان، گۆڕانکاری لە هەریەك لە فێرخواز و ستافەکە بە گشتی.
21- فێرکردنی چالاکانە، کارکردنی بە گرووپ، گفتوگۆ کردن، چارەسەرکردنی گرفت، یاری پەروەردەیی و شێوازی دیکەیش بۆ فێربوون بەکاردەهێنرێت.
فێرخوازان دەتوانن پێوەندییەك دروست بکەن لە نێوان ئەوەی فێر دەبن لە فێرگە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیان، ئەوان فێری شارەزایی ژیان دەبن.
منداڵان متمانە بە خۆیان زیاد دەکەن، کاتێك وەك فێرکار هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان خۆیان بە لێهاتوو دەبینن و هەست دەکەن لە چەمکی نوێ دەگەن.
22- مامۆستایان ، بەهرە و زانیاری فێرخوازان لە پۆل بەکاردەهێنن. هانی هەر پێشنیازێك و پرسیارکردنێك دەدرێت. پرۆسەی فێرکردن، لە ڕێگەی گفتوگۆو پرۆژەی نوێ و تەکنیکی تازەوە خۆشتر دەبێت. وێنە کێشان و نواندن وەك جێگرەوەیەك بۆ دەربڕین دەخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە.
23- هەلی ئاسان و سادە لە ناوەوی فێرگەو دەرەوە هەیە بۆ یاریکردن. فێرگە پێوەندییەکی پۆزەتیڤانەی لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگە هەیە. مامۆستا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دایبابی هەر فێرخوازێك هەیە و ئاگەی لە هەر بارودۆخێکی فێرخوازە کە پێویستی بە گرنگی پێدانە وەك (لەدایك بوون، مردن، نەخۆشی لەناو خێزان، گواستنەوە، گرفت ... تاد). هانی دایباب دەدرێت بەشداری لە فێرگە بکەن. هانی منداڵان دەدرێت بەشداری لە پرۆژەکانی کۆمەڵگە بکەن. ڕێز لە ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگە دەگیرێت و ستایش دەکرێن. چارەسەری لە پۆل، یان ڕۆلی مامۆستا لە گۆڕینی بارودۆخی ناو پۆل. من گەیشتمە ئەو ئەنجامە ترسناکەی، کە من ئامرازی یەکلا کەرەوەم لەناو پۆلدا. هەنگاوەکانی من ئەم کەشوهەوایە دروست دەکەن. میزاجی من ئەم بارودۆخە دروست دەکات. وەك مامۆستایەك من هێزی زۆرم هەیە تاکو ژیانی فێرخواز خۆش یان تاڵ بکەم. من دەتوانم ئامرازی ئازاردان یان هێزی گیان بەخشین بم. من دەتوانم ئەوی دیکە زەلیل بکەم، کەشی گاڵتە و خۆشگوزەرانی دروست بکەم، ئازار بگەیەنم، یان چارەسەری بکەم.

لە هەموو بارەکاندا، کاردانەوەی من بڕیار دەدات، کە قەیرانەکان دامرکێنەوە یان بەرزتر ببنەوە، منداڵەکە بێ ڕێز بکرێت یان ڕێزی لێ بگیرێت.

## داهێنان و کارامەیی مامۆستا

بەرلەوەی ببنە شارەزا لە بواری فێرکردن و لە میانەی پرۆسەی پەروەردەدا، پێویستە مامۆستایان هەڵسەنگاندنی خۆیان بکەن لە پشت بەستن بەم بنەمایانەی خوارەوە و بنەمای دیکەیش بدۆزنەوە گەر ئەمانەیان بە دڵ نەبوو.

1- ئایا من فێرخوازم خۆش دەوێت و دەمەوێت یارمەتی و هانیان بدەم؟

2- ئایا من بیرم ماوە، هەستی منداڵی چۆنە؟

3- ئایا من دەتوانم لە گۆشەنیگای منداڵەوە سەیری شتەکان بکەم؟

4- ئایا من هەوڵ دەدەم هەر منداڵێك هان بدەم توانای خۆی بەکاربهێنێت؟

5- ئایا من سەیری خاڵە بەهێز و ئارەزووەکانی منداڵ دەکەم؟

6- ئایا من بە سەبر و ئارامم لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە گرفتی دەروونییان هەیە و بە زەحمەت و نارەحەتن؟

7- ئایا من چ ڕەفتارێکم کردووە ئەمڕۆ و تێیدا سەرکەتوو بووم؟ پێویستە چ بگۆڕم؟

8- تا چەند بۆ من گرنگە کە هەموو کات لەسەر هەق بم؟

9- ئایا من سەرنجی زۆر دەدەمە ڕەفتارە نێگەتیڤەکان، بەشێوەیەك کە هانی دووبارە بوونەوەیان دەدەم؟

10- ئایا من ستایشی ڕەفتاری چاکە دەکەم؟

11- ئایا من گوێگرێکی باشم؟

12- ئایا پۆلەکەی من، ژینگەیەکی گونجاوی بۆ نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنین ڕەخساندووە؟

13- ئایا من چۆن دەتوانم، یارمەتی فێرخواز بدەم تێبگات، کە هەڵەکان ڕێگەیەکی باشن، بۆ فێربوون؟

14- ئایا من ڕێگەی نوێ فێرکردن و وانە وتنەوە قبووڵ دەکەم؟

15- ئایا من ڕا و سەرنجەکانم لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە دەگۆڕمەوە و ڕا و سەرنجی ئەوان سەبارەت بە خۆم قبووڵ دەکەم؟

16- ئایا من لە خاڵی بەهێز، سنوور، خاڵی لاوازی خۆم لە فێرگە تێگەیشتووم؟

17- ئایا من وشیاری ئەوەم هەیە، کە نیشانەکانی فشار لەسەر جەستەی خۆم بناسمەوە و بۆ چارەسەری دەروونی یارمەتی خۆم بدەم، گەر پێویست بوو؟

18- ئایا لە دەرەوەی فێرگە هیچ ئارەزووم هەیە وەك خێزان، یاری ... تاد؟

17- ئایا من هاوسەنگیم لە نێوان فێرگە و ژیانی تایبەتیم لەناو خێزان داناوە؟

## پێوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز

لە زۆر وڵاتاندا، مامۆستا هێمای هێز و دەسەڵاتە و خاوەن زانیاری و هێزی ڕەهایە. زۆر جاران بۆشاییەکی دەروونی فراوان لە نێوان مامۆستا و فێرخواز هەیە. هەندێك مامۆستا پێیان وایە فێرخواز ڕێزیان ناگرن ئەگەر توندوتیژ و زەبت کردن بەکارنەهێنن، ترس هانی فێربوون دەدات، بەڵام ئارەزووی پرسیارکردن و بەردەوامی فێربوون نادات، چونکە فێربوونی بە ترس تەنیا بۆ خۆ دەربازکردنە لە سزادان چ لەلایەن مامۆستا، یان ماڵەوە، یان خۆلادانە لە شەرمەزاری و پلەی نزم. جگە لەوە ترسی زۆر دەبێتە هۆی دڵەڕاوەکێ، کە کاریگەری خراپی لەسەر خوێندن دەبێت.

لەگەڵ پەیدابوونی شێوازی نوێی فێرکردن و دڵنیابوون لە گرنگی ڕۆڵی مامۆستایان بۆ تێگەیشتن لە لایەنی سایکۆلۆژی منداڵ و پێداویستییەکانی خوێندنی ئەوە فێرگە هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ دووبارە دیاریکردنی ڕۆڵی مامۆستا. گەشەپێدانی پێوەندییەکی مرۆڤانەتر و هاندانی زیاتری فێرخوازان، مانای ئەوە نییە لە پایە و دەستەڵاتی مامۆستا کەم دەکرێتەوە، لە ڕاستیدا فێرخوازان ڕێزی ئەو مامۆستایانە دەگرن، کە مرۆڤانەتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، جگە لەمەش ئەمە سەلمێنراوە کە فێرخوازان باشتر وانەکە فێردەبن و ئارەزووی دەکەن، کاتێك هەست بە ڕێز و ستایشی مامۆستا دەکەن و بڕوایان بە خۆیان زیاترە، نەك کاتێك لە ژێر کاریگەری ترس و سزادان.

کاتێك سەیری منداڵ دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی گرانبەها، کە دوارۆژی ئەم وڵاتە پێك دەهێنن، پەروەردەکاران ئەوە دەزانن کە تەنیا پێویست نییە منداڵ فێری

زانیاری بکەیت، بەڵکو هانی خۆشەویستی فێربوونی بدەیت هەروەها فێری بکەیت چۆن بەرانبەر ناخۆشییەکانی ژیان دەوەستێتەوە، کاتێك منداڵ بەهۆی خودی خۆی، نەك دەستکەوتەکانی ڕێزی لێ دەگیرێت، مامۆستایان هێزی منداڵیان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك منداڵ هەست دەکەن کە مامۆستا لایەنگیری ئەوانە و سوود و قازانجی ئەوانی دەوێت، ئەوە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ مامۆستا دروست دەکەن و زیاتر هەست بە ئارامی و ڕێزو بەهای خۆیان دەکەن.

## دروست کردنی جیاوازی

جارێکیان پیاوێکی پیر لە ڕۆخی دەریا لەگەڵ نەوەکەی دەڕۆیشت، منداڵەکە لە ڕێگەدا چاوی بە هەر ئەستێرەیەکی دەریا بکەوتایە هەڵی دەگرتەوە و فڕێی دەدایە ناوە ئاوەکە. منداڵەکە وتی : ئەگەر من لێرە جێیان بهێڵم ئەوە وشك دەبنەوە و دەمرن، من ژیانی ئەوان ڕزگار دەکەم، پیاوە پیرە وەڵامی دایەوە « بەڵام ڕۆخی ئەم دەریایە چەند میلێك درێژە و بە ملیۆنان ئەستێرەی دەریای لێیە، تۆ هیچ جیاوازییەك دروست ناکەیت » منداڵەکە سەیری ئەستێرەی دەریای ناو لەپی کرد و فڕێی دایە ناو ئاوەکەوەو وتی « بەڵام بۆ ئەمە جیاوازی دروست دەکات».

## مامۆستایان ڕۆڵی نموونەی باڵان

## مامۆستایان، مرۆڤی میهرەبانن

زانینی پێداویستی هەر فێرخوازێك و ستایش کردنی بەردەوام چ بە زار یان بە هێما و هاندانی بەردەوامیان بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن، تەکنیکی گرنگن لەلایەن مامۆستاوە بەکاردەهێنرێن بۆ پیشاندانی میهرەبانی و گرنگی دان بە فێرخواز.

## مامۆستایانیش هەڵە دەکەن

لە جیاتی ئەوەی ببنە نموونەی ڕەها، مامۆستایان دەتوانن فێرخوازان فێر بکەن، کە هیچ کەس نییە هەڵە نەکات، لە جیاتی گلەییش دەتوانین سوود لەم هەڵانە وەربگرین بۆ باشترکردنی تواناکانمان، زۆربەی خەڵك بڕوایان وایە، ئەو کەسەی داوای شتی کەم دەکات زیاتر ڕێزی لێدەگیرێت لەوەی حەزی لە دەسەڵاتی بەردەوامە، هەرگیز داوای شتی ڕەها مەکە و هەوڵ بدە ڕێز بەدەست بهێنیت وەك داوای بکەیت.

## مامۆستایان هەڵگری کولتووری کۆمەڵگەن

مامۆستایان، گوێزەرەوەی سەرەکی کولتووری کۆمەڵگەن، ڕۆڵی ئەوان بریتییە لە فێرکردنی فێرخوازان کە سنگیان فراوان بێت و گیانی قبوولکردنیان هەبێت بەرانبەر ئەو کەسانەی جەستە و توانای ئەقڵی جیاوازیان هەیە، ئەوەنەی کەمئەندامن ، لە ئایینی جیاوان یان لە کۆمەڵگەیەتی دیکە هاتوون، ئاوارە بوون، کولتووری جیاوازیان هەیە.

## مامۆستایان نموونەی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزن

پێویستە مامۆستایان هانی جیاوازی بدەن، پێویستە هەموو بیروڕاکان ڕێزیان لێ بگیرێت، تەنانەت گەر پێچەوانەی ڕای مامۆستاش بوون، چونکە ئەمە زەمینەیەکی لەبار بۆ گفتوگۆ و بیر کردنەوەی چالاك خۆش دەکات، مامۆستایان دەتوانن منداڵان فێربکەن یارمەتی یەکدی بدەن، ڕێز لە یەکدی بگرن، گرفتی یەکدی چارەسەر بکەن، ئەو کەسانەی توانای کارکردنی بەرهەمهێنانیان هەیە لەگەڵ کەسانی دیکە و ڕێز لە ڕا و بۆچوونیان دەگرن، ئەوە شارەزایی بە بەها و بە نرخ دەهێننە ناو فێرگە.

## مامۆستایان نموونەی فێربوونی هەتاهەتایین

خوێندنەوە، نووسین دۆزینەوەی زانیاری نوێ ئەو چالاکییانەن کە پێویستە هەر مامۆستایەك هانی فێرخوازەکانی بدات بۆیان، کاتێك مامۆستایان هەست بە جۆش و خرۆش دەکەن بۆ فێربوونی شتی نوێ، فێرخوازان لاسایی ئەمە دەکەنەوە و ئەوانیش ئارەزووی شتی نوێ دەکەن و گەشە بە مەعریفەی خۆیان دەدەن.

## مامۆستایان هیوا بە دوارۆژ دەدەن

لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شێوازانەی فێرکردنەوە، کە وا لە فێرخواز دەکات، تێبگات ئەو شتەی فێری دەبێت، پێوەندی بە ئێستە و داهاتووشەوە هەیە، ئەوە مامۆستایان فێریان دەکەن، کە ئەم فێربوونە سوودی بۆ هەموو ژیانی ئەوان هەیە.

## فێرکردنی گیانی قبووڵ کردن لە فێرگە

فێرگە بەرپرسیاریەتی گەورە هەڵدەگرێت، لە فێرکردنی فێرخوازان تاکو ڕەگەزی جیا، نەتەوە و ئایینی جیاواز قبووڵ بکەن، زۆر لە پرۆگرامەکان باس لە جیاوازی کولتوور دەکەن و داوای ڕێزگرتن لە بیر و بۆچوونی جیاواز دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە، جەخت لەسەر ئەو لەیەکچوونە بکرێتەوە، کە مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن و یەك هەستیان هەیە، بنیادنانی گیانی متمانە و ڕێزگرتنی دوولایەنە، بنەمای سەرەکی ئاراستەی قبووڵکردنی یەکدییە.

زۆر گرنگە منداڵانی گەنج فێر بکەین، سنگیان فراوان بێت و هەر منداڵێکی دیکە قبووڵ بکەن، بەبێ سەرنجدان لە ئایین، ڕەگەز، نەتەوە، باری ئابووری، بارودۆخی خێزان، گرفتی دەروونی، یان پەککەوتەیی. ئەو پۆلەی زەمینە سازدەکات بۆ پێوەندیەکی کراوە و ڕێز بۆ خود و کەسانی دیکە و قبووڵکردنی هەر ڕا و جیاوازییەك، ئەوە زەمینەیەکی لەبارە بۆ گیانی قبووڵکردن.

پێویستە مامۆستایان نموونەی باڵای گیانی قبووڵکردن بن، پێویستە ئەوان پێشتر هەست و بیرکردنەوەی خۆیان تاقی بکەنەوە و بە هیچ شێوەیەك لانەدەن لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازان، جگە لەوەش پێویستە مامۆستایان چاودێری فێرخوازان بکەن، کە هیچ حوکمێکی پێشینە، جیاوازی کردن، هاوێرکردن و دەستنیشان کردن نییە لە پۆل، یان لەکاتی یاریدا. پێویستە لە پۆلدا کۆبوونەوە بکرێت، بۆ گفتوگۆ لەسەر قبووڵکردن و ڕاهێنانیش لەسەر چۆنییەتی پڕاکتیزەکردنی.

## یەکسانی نێر و مێ

ئەمە بابەتێکی گرنگە لەنێوان هەموو فێرخوازان، پێویستە مامۆستایان بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیان تاقی بکەنەوە لەبارەی توانای هەریەك لە کچ و کوڕ، بەم شێوەیەش تووشی هیچ هەڵەیەك نابن لە جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، چ لە پۆل، یان شوێنی یاری کردن، ئەو مامۆستایانەی بڕوایان وایە کە کچان لە بیرکاری،

زانیاری، بەهرەمەند نین و ناتوانن ڕۆڵی سەرکردانە ببینن ( وەك بۆ نموونە چاودێری پۆل ( ئەوە کچان بێ بەش دەکەن لە چەند توانایەك کە هەیانە، بە هەمان شێوە، گشتگیرکردنی سیفەتێکی تایبەت لە کوڕان، وا لە کوڕان دەکات هەستەکانیان دەرنەبڕن و بەشداری چالاکییەکان نەکەن.

هەڵسوکەوتی یەکسانانە لە نێوان کچان و کوڕان پێویستە لە ساڵانی زوو دست پێ بکات، پێویستە هانی ئەو پێوەندییانە بدرێت کە متمانەی هاوبەش و پێوەندی ڕاستەقینە دروست دەکەن و خراپ مامەڵە کردن و زۆرەملێ بەلاوە دەنێن.

## فێربوونی چالاکانە

من دەبیستم، من لەیاد دەکەم

من دەبینم، من دێتەوە یادم

من بیر دەکەمەوە، من تێدەگەم

ئێمە وانە دەڵێینەوە، ئەوان لەیاد دەکەن

ئێمە نیشانیان دەدەین، ئەوان دێتەوە یادیان

ئێمە نواندن دەکەین، ئەوان تێدەگەن

ئێمە لە 10٪ ی ئەوەمان دێتەوە یاد کە دەیخوێنینەوە

20٪ ی ئەوەی دەبیستین

30٪ ی ئەوەی دەیبینین

50٪ ی ئەوەی دەبیستین و دەیبینین

70٪ ی ئەوەی دەیڵێین

90٪ ی ئەوەی دەیڵێین و دەیکەین

## دەکرێت فێربوون وەك پرۆسەیەکی خۆش ڕابواردن بێت

سەیری هەر منداڵێك بکە چۆن فێر دەبێت. ئەو شتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەپشکنێت، هەست بە پێکهاتەکەی دەکات، ڕایدەهەژێنێت تاکو بزانێت ئاخۆ دەنگ دروست دەکات یان نەء ، هەروەها دەیخاتە دەمی تاکو تامی بزانێت، ئەو خەیاڵی خۆی بەکاردەهێنێت تاکو هەست بکات کە شتەکە جیاوازە و دوایش یاری پێ دەکات.

هەندێك خەڵك بە هەڵە لە پرۆسەی پەروەردە تێگەیشتوون، کاتێك وادەزانن دانیشتن لە پۆل و گوێ گرتن لە مامۆستا شتێکی باشە، بەڵام یاری کردن لە گۆڕەپانی فێرگە شتێکی خراپە، بەڵام منداڵ قاپی بەتاڵ نین تاکو بە هەندێك ڕاستی ڕووت پڕبکرێنەوە ! توێژینەوەکان دەریان خستووە، کە شێوازی پراکتیکانە و یاری کردن، زۆر کاریگەرن بۆ فێرکردنی منداڵ، ئایا تۆ چۆن بە باشترین شێوازێك فێر دەکرێیت کێکێك دروست بکەیت؟ ئایا پێویست دەکات کتێبێك بخوێنیتەوە و وتارێکی لەبارەوە بنووسیت؟ یان پێویست دەکات بچیتە چێشتخانەی ماڵ و ئارد و شەکر و شیر و منەنجەڵ و فڕنی ...تاد لەبەر دەست بێت؟ کاتێك منداڵ هەموو جەستەیان بەشداری کارێك دەکەن و هەموو هەستەکانیان بەکار دەهێنن وەك بینین بیستن، تام کردن، بۆن کردن، دەست لێدان ئەوە قووڵتر دەچنە ناو بابەتەکە و شارەزایی زیاتر پەیدا دەکەن.

زۆربەی منداڵان شێوازێکی تایبەتیان بۆ فێربوون هەیە وەك بینین، بیستن، کردن ( ئەنجامدانی کارەکە بە دەست). هەندێکیان بڕێك کەم و کوڕییان هەیە کاتێك دەیانەوێت زانیاری لە ڕێگەی بینین، یان بیستنەوە وەربگرن، وەرگرتنی هەر مادەیەکی نوێ بە هەموو هەستەکان، هەلی زیاتر دەداتە منداڵ ، تاکو بە شێوازی خۆی لە بابەتەکە تێبگات. لە ڕێگەی وێنەکێشان، مۆسیقا، ڤیدیۆ، گفتوگۆ، یاری ...تاد مامۆستایان لە جیهانی واقیعیدا نەك هەر ڕاستییەکان، بەڵکو چەمکەکان و شارەزاییش فێری منداڵ دەکەن.

ئێمە دەتوانین جگە لە ئەزموون، بە شێوازێکی دیکەیش وەك کاری هونەری، کتێبی چیرۆك، پرۆژەو داهێنانی نوێ، کە بە هۆیانەوە زانیاری، خاڵی بەهێز و شێوازی پێوەندی کردنیان، فێرخواز هەڵبسەنگێنین، ئەمانە یارمەتی ئەو فێرخوازانە دەدەن، کە لە بوارێکدا لاوازن، هەوڵبدەن لە بوارێکی دیکە خۆیان بەهێز بکەن و پلەی باشتر بهێنن.

جگە لە فێربوونی چالاك بۆ زیاترکردنی شارەزایی منداڵ، زۆر گرنگە لە منداڵ بگەڕێیت، بۆ خۆشی خۆی یاری بکات، بەهای چارەسەری یاری ئەوەیە کە یارمەتی منداڵ دەدات، بە شێوەیەکی کاتی گرفتەکانی لەیاد بکات و کاتێکی خۆش ڕابوێرێت، هەلی هەبێت بۆ دەربڕینی خۆشی و چالاکی جەستەیی، داهێنان بکەن لە

ڕێگەی یاریکردن و خەیاڵکردن، هەروەها لەگەڵ هاوتەمەنی خۆی بجوڵێتەوە. ئەمەش گرنگە بۆ گەشەی دەروونی و جەستەیی.
ئارام بە لەگەڵمدا !
من تەنیا منداڵێکم ، چاوەڕوانی زانینی هەموو زانیاریەکم لێ مەکە وەك گەوران !
من بەردەوامم لە گەشە، بەردەوامم لە فێربوون، بیرکردنەوەم ڕووتە و بە قووڵی لە مانای شتەکان ناگەم، بۆیە پێویستم بە شێوازی تایبەتییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان.
هەڵەکانی من وەك ئامرازێك بەکاربهێنە، تاکو یارمەتیت بدات، من چۆن فێردەبم و لە چ کاتێك پێویستم بە یارمەتییە.
منداڵان بە شێوازێکی جیاجیا فێردەبن ، تۆ دەتوانیت ئەو مامۆستایە بیت کە شێوازی من دەست نیشان بکەیت و یارمەتیم دەدەیت بۆ سەرکەوتن. دانانی خاڵی خراپ لەسەر من و بڕیاری پێش وەختە ڕێگرە لەوەی من هیچ دەست بهێنم.
ئەگەر تۆ بە من بڵێیت گێلم یان تەمبەڵم، ئەوە بڕوام بەخۆم نامێنێت و وام لێ دەکات واز لە خوێندن بهێنم، تۆ نموونەی باڵای بۆ من، بۆیە بڕوام بە هەر شتێك هەیە تۆ دەیڵێیت یان پێم نیشان دەدەیت.

## پێشبینییە چالاکەکانت، زیاتر هانم دەدەن

ئەگەر تۆ تێبینی ئەوەت کرد کە من هەوڵ دەدەم و بەرەو پێش دەچم، ئەوە منیش پتر هان ـدەدرێم تاکو پتنر ماندوو ببم و پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم.
شتەکانت دیاری بکە، با بزانم تۆ حەزت لە چییە و چیت گەرەکە.
ئەگەر تۆ تێبینی ئەوەت کرد، من کارێك بە باشی دەکەم، تەنانەت گەر زۆر بچووکیش بوو، ئەوە من بەردەوام هەوڵ دەدەم، گەر تۆ ستایشم بکەیت، جا ئەو شتە کاری فێرگە، ڕەفتار، یان پێوەندی کۆمەڵایەتی بێت.
تەرکیز لەسەر تەکنیکی فێربوونی ڕاست بکە، نەك وەڵامی ڕاست. قسە لەسەر ئەو هەوڵانە و وەڵامانەم بکە، کە کەوتوونەتە لای ڕاست، ئەو ئامرازانەم پێ بدە، کە زانیاری زیاتریان پێوە فێردەبم، ئەو پرسیارانەم لێ بکە، کە یارمەتیم دەدەن چارەسەری گرفتەکانم بکەم.

پۆلەکەم بکە ئەو شوێنەی تێیدا هەست بە ئارامی و ڕێز و بەهای خۆم دەکەم.
من ڕەنگە هەموو شتێکم بۆ مانگ یان ساڵی داهاتوو لەیاد نەمێنێت، بەلاّم ئاکاری تۆ، دەنگی تۆ، ڕای تۆ بەرانبەر من و شێوازی وانە وتنەوەکم لەیاد دەمێنێت. پۆلەکەم بکە شوێنێکی خۆش بۆ فێربوون. حەزی من بۆ فێربوون و داهێنانەکانم بەکاربهێنە تاکو بەردەوام بم لە فێربوون، مانایەك بە پرۆگرامەکان ببەخشە و فێرم بکە چۆن فێرگە پێوەندی بە ژیانەوە هەیە و فێربوون لێرە یارمەتیم دەدات لە داهاتوودا.

# پێوەندیکردن

## پێوەندیکردنی پۆزەتیڤانە
دەکرێت ئەم شێوازە پێوەندییانەی خوارەوە بەکار بهێنرێن، بۆ خۆ پاراستن لە ڕەخنە و سزای توند، زۆر لە ڕەفتارە خراپەکان لەناو دەچن، گەر مامۆستا بتوانێت پێوەندییەکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ فێرخواز دروست بکات.
1- «بکە» لەجیاتی «مەکە» بەکاربهێنە.
2- «تکایە»، بە هێواشی و لەسەرخۆ لە ڕاڕاوەکە برۆ لە جیاتی «ڕامەکە».
3- وەسفی ڕەفتار یان دۆخەکە بکە.
4- «من دەبینم» ( کاتێك بۆ نموونە: کتێبێك لە شوێنی خۆی دانەنراوە، کاغەز لەسەر زەوییە ..تاد).
5- ئەو شتە بڵێ، کە دەتەوێت.
«من پێویستم بە تۆیە، کورسییەکەت خاون بکەیتەوە، تاکو بچینە سەر چالاکی داهاتوو»
6-ڕەخنەی بنیادنەر بەکار بهێنە.
«پێویستە ئەم وتارە بکرێتە چەند پەرەگرافێك».
«پێویستە ئەم تاقیکردنەوە زانستییە بەو شێوەیە بنووسرێت، کە ئێمە لە پۆلدا باسمان کرد ».
7- هاندانی پۆزەتیڤانە بەکاربهێنە.

« تۆ لە (1-8)ت بە سەرکەوتوویی نووسی، ئێستە کاتی ئەوە هاتووە 9 و 10 بنووسیت»
8- ڕەفتار یان کارێکی تایبەت ستایش بکە.
« لە نووسینەکەتدا وشەی جوانت بەکارهێنابوو ».
« ئەو ڕەنگە جوانانەی لە تابلۆکەت بەکارهێنابوو، زۆر جوان بوون».
« تۆ یارمەتی هاوڕێکەت دا، کاتێك چەمکەکەت بۆ ڕوون کردەوە».
**هەر کاتێك**
«هەر کاتێك هەموو بێ دەنگ بوون، من چیرۆکەکە دەخوێنمەوە».
«هەر کاتێك کتێبەکانتان هەڵگرت، ئەوە دەست بە نیگارکێشان دەکەین».
9- پێیان ڕاگەیەنە، کە هەموو هەستکردنێك قبوولٚ دەکرێت، بەڵام هەندێك ڕەفتار سنووریان هەیە.
«من دەبینم کە تۆ تووڕەیت، ئەوەی دەتەوێت بە قسە دەریببڕە نەك بە هەڕشە و لێدان».
10- گوێگرتنی چالاکانە
با منداڵەکە بزانێت کە تۆ ئامادەیت گوێی لێ بگریت و بایەخی پێ دەدەیت، هەر یەکە لە گفتار و ڕەفتار گرنگە بۆ یارمەتیدانی فێرخواز تاکو کێشەکانی چارەسەر بکات .
11- بە وردی گوێ بگرە
چاوت بخەرە سەر چاوی و زمانی جەستە بەکاربهێنە.
وشەکانی گوێگرتن بەکاربهێنە وەك «ئممم» «بەڵێ ێ ێ »
12- هاوسۆزی بە.
«خۆت لە شوێنی منداڵەکە دابنێ »
«ڕەنگە ئەوە بۆ تۆ ترسناك ـ زەحمەت بێت».
13- قسەی زیاتری پێ بکە.
«زیاترم پێ بڵێ »
«ئایا چی دیکەت هەیە، لەبارەیەوە پێم بڵێت ؟».
14- هەستەکان بە هەند وەربگرە.
«وادیارە کە تۆ بە ڕاستی تووڕەیت – دڵتەنگی –لەم بابەتە بێزاریت».

دووبارە بیپشکنەوە ( پرسیاری لێ بکەوە، بەڵام بەبێ حوکم لەسە ردان.
15 - بە شێوازێکی گونجاو، تێگەیشتنی خۆت لە گرفتی منداڵەکە باس بکە، پرسیاری کراوە بکە، تاکو یارمەتی بدەیت قسەی زیاتر بکات ( نەك ئەو پرسیارانەی وەڵامیان بە ئا یان نەء )، بەڵام فشاری مەخەرە سەر بۆ وەڵام دانەوەی زیاترە، کاتێك ئەو هەست بە ناڕەحەتی دەکات.

**ڕستەکان، ڕاستییەکان**

16- ڕاستییەکان بخەرە ڕوو ( تەنیا قسەی ئەو دووبارە مەکەوە).

**پرسیاری واڵا**

لە پرۆسەی فێربووندا پرسیاری واڵا، بۆ باسکردنی زیاتری بابەتەکە بەکاردەهێنرێت، جگە لەمە کاتێك مامۆستا گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ فێرخوازێك هەیە، پرسیاری کراوە یارمەتی فێرخواز دەدات باس لە گرفتەکانی بکات.

**خاسیەتەکانی پرسیاری واڵا**

ناتوانیت بە یەك دوو وشە وەڵامی بدەیتەوە.

بە «چۆن» یان «چی» دەست پێ دەکات.

هانی دەدەیت قسە بکات.

**خاسیەتەکانی پرسیاری داخراو**

دەتوانرێت بە «نەء » یان «ئا » یان وشەیەك وەڵام بدرێتەوە.

هانی نادات قسە بکات.

گفتوگۆکە خاو دەکاتەوە.

هەندیك پرسیار کە بیکەیت یان نا

بیکە    مەیکە

پرسیار بە ڕوونی و سادەیی بکە. پرسیاری نا پەیوەست مەکە، تەنیا بۆمەبەستی خۆت

پرسیارەکان ئێستە بکە.مەڵێ «بۆ؟» پرسیاری درێژ و ئاڵۆز مەکە.

**بەکارهێنانی پرسیاری واڵا**

1- دەستپێکردنی گفتوگۆ

«حەزدەکەیت باسی چی بکەیت؟».

2- ڕوون کردنەوە و تیشك خستنە سەر.

«مەبەستت چییە لە ... ؟ »
«ئەمە چۆن دەبێتە گرفت بۆت ؟»،«ئەمە بۆ تۆ چۆن دیارە؟».
3- مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکان.
«هەستت بەرانبەر ئەمە چۆنە»، «ڕات بەرانبەر ئەمە چۆنە؟
4- چارەسەرکردنی گرفت
«چ ڕێگە چارەسەکی دیکەت هەیە؟ بە ڕای تۆ چی باشە بکەین؟».
«خراپترین / چاکترین شت چییە کە ڕوو بدات ؟».
«ئەو کاتانە چین کە گرفت ڕوونادات؟ جیاوازی نێوان ئەم کاتانە چیە؟».

**ڕێگەی پێوەندی کردن**

1- فرمان پێکردن: داواکردن، تۆ پێویستە، تۆ دەبێت
2- هەڕشە لێکرد: ئەگەر وانەکەی، دوایی ...
تۆ باشترە وا بکەیت، ئەگەر نا ....
3- ئامۆژگاری: تۆ پێویستە، تۆ لەسەرتە
4- وانە پێگوتن: لێرەدا دیارە تۆ بۆچی هەڵەی کە ...
5- گریمانە: تۆ وات کرد چونکە ...
ئەوەی تۆ مەبەستت بوو ئەوەبوو کە ...
6- گلەیی لێکردن: حوکمدان، تۆ خراپی، بڵێیت هەڵەیت.
7- لێکۆڵینەوە: زۆر بە تووڕەیی پرسیارکردن.
8- دەستنیشان کردن: تۆ تەنیا مەبەستتە سەرنجی ئێمە ڕابکێشیت.

**وشە دەتوانێت ئازارمان بدات !**

ئەو شێوازەی کە مامۆستایان قسە لەگەڵ فێرخوازان دەکەن، زۆر گرنگە ( وشە و چۆنییەتی گوتنی)، کاریگەری ئەم پێوەندیە لەسەر فێرخواز، ئەو جیاوازییە پیشان دەدات لەنێوان فێرخوازێك کە هەست بە متمانە و بڕوا دەکات و ئارەزووی زیاتر دەبێت و فێرخوازێك کە هەست بە ترس و تووڕبوون دەکات.
هەندێك شت پێویستە یادیان بکەیتەوە.
هەڕەشە دەبێتە هۆی ترساندن.

هەرِەشە تەنیا ئەو فێرخوازە ناترسێنێت، کە ئاراستەی کراوە، بەڵکو هەموو فێرخوازانی پۆل دترسێنێت، بەتایبەتی ئەو فێرخوازانەی ترسنۆکن، یان دڵەڕاوکێیان هەیە، ڕێگەی زۆر جیاوازتر هەیە بۆ ڕێکخستن و گوێڕاڵی فێرخواز.

**وشەکان دەتوانن ڕێزی خود نزم بکەنەوە :**

ناوناتۆرەی وەك ((دەبەنگ))، ((تەمبەڵ))، ((دۆڕاو)) کار لە فێرخواز دەکات و خۆی بەو شێوەیە دێتە بەرچاو، بۆیە نابێت لەلایەن مامۆستاوە بەکاربهێنرێت.

بەراوردکردنی وەك (( تۆ ناتوانیت وەك هاوڕێیەکەت زیرەك بیت؟)) دەبێتە هۆی هەست کردنی نێگەتیڤانە بەرانبەر خود و ڕق هەڵستان بەرانبەر کەسی بەراوورد پێکراو.

سووکایەتی پێکردن دەبێتە هۆی ورە ڕووخاندن و نەهێشتنی گیانی هاندان لە فێرخوازدا.

((ئەوە تۆ چیتە ؟)).

((تۆ ناتوانیت هیچ شتێکی ڕاست بکەیت؟)).

((تۆ لە داهاتوودا سەرکەوتوو نابیت؟)).

گاڵتەجاڕی و هیچ و پووچی فێرخوازان لە ڕووی دەروونییەوە ئازار دەدات و نموونەیەکی باش نین بۆ پێوەندی کردن لە پۆلدا.

لەوانەیە تۆ مەبەستت ئەمە نەبوو.

لەوانەیە تۆ زوو لەیادی بکەیت بەڵام منداڵەکە ئەوە لەبیر ناکات، کە تۆ گوتت.

بەرلەوەی قسەبکەیت، بیربکەوە.

## گلەییکردن، شەرمەزارکردن و ناووناتۆرە لێنان کاریگەرییان لەسەر منداڵ لەناو پۆلدا

هەندێك جار مامۆستا گلەیی کردن، شەرمەزارکردن، ناوناتۆرە لێنان بەکاردەهێنن، تاکو سزای فێرخواز بدەن، هەندێك پێیان وایە ئەم شێوازە زیاتر منداڵ بۆ فێربوون هان دەدات، هەندێك مامۆستا لە بێزاری و بێ ئومێدی خۆیان ئەم شێوازانە بەکاردەهێنن، لە هەر حاڵەتێکدا دەرەنجامەکەی خراپە و بۆ هەمیشە دەبێت. ئەم قسە خراپانە ئەم کاریگەرییانەی خوارەوەیان دەبێت لەسەر فێرخواز:

1- نەهێشتنی گیانی ئارەزوو و هاندان. ڕەخنەی توند، ناوناتۆرە لێنان و حوکمدانی پێش وەختە، کاردەکەنە سەر فێرخواز و متمانەی بەخۆی کەم دەبێتەوە و لە ئەنجامدا توانای زانستی دادەبەزێت، بەردەوام ئەو شتە بەخۆی دەڵێت کە مامۆستاکەی پێی گوتووە « من گێلم، من ناتوانم ئەرکەکانم ئەنجام بدەم ، من لە داهاتوودا نابمە هیچ » لە ئەنجامی ئەوەش، ڕەنگە منداڵەکە هیچ هەوڵێکی دیکە نەدات و واز لە خوێندن بهێنێت و وا نیشان بدات کە هیچ لای گرنگ نییە.

2- ئارەزوو بۆ تۆڵە سەندنەوە:

منداڵ هەست بە سووکایەتی پێکردن دەکات و تووڕە دەبێت، کاتێك مامۆستا لەبەردەم فێرخوازانی دیکەدا شەرمەزاری دەکات، لە ئەنجامدا ژاوەژاو لە پۆل دروست دەکات، منداڵانی دیکە بێزار دەکات و هەوڵ دەدات مامۆستا بخاتە هەڵوێستی شەرمەزارییەوە.

3- ترس و دڵەڕاوکێ:

ئەگەر مامۆستا بەسەر فێرخوازێکدا هاوار بکات، ئەوە ئەو منداڵە ترسی ئەوەی دەبێت، لە داهاتوودا شەرمەزار بکرێت، تەنانەت گەر مامۆستا فێرخوازێك ئیحراج بکات، ئەوانی دیکە ترسی ئەوەیان دەبێت لە داهاتوودا نۆرەی ئەوانیش دێت. دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن، لەوانەیە فێرخوازان گۆشەگیر بن و لە پرسیارکردن بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە دوودڵ بن.

## پەیام ( 1 )

مەبەستەکانی پەیام (1)

تاکو وا لە کەسەکە بکەیت ڕەفتاری بگۆڕێت.

تاکو وای لێ بکەیت هەست بە باشی بکات و متمانەی بە خۆی بمێنێت.

تاکو پێوەندییەکی باش بهێڵێتەوە.

تۆ کاتێك .... ( ڕەفتارەکە وەسف بکە).

من هەست دەکەم ..... ( باس لە هەستی خۆت بکە، تووڕە، خەمبار، دڵشاد، ترساو، بێ ئومێد).

چونکە .......... باس لەو هەستە بکە، کە بە هۆکارەکەوە پەیوەستە.
ئەوەی کە من پێم خۆشە ئەوەیە کە... ( وەسفی ئەو ڕەفتارە بکە، کە ئارەزووەکانی تۆ جێبەجێ دەکات).
کاتی تەواو وەربگرە بەر لەوەی ڕووبەڕوو بیتەوە.
چاو و گوێ بۆ پێوەندی کردن بەکاربهێنە.
مانای ڕووت بدە و نموونە بهێنەوە.
نموونەی پەیام (1) بۆ مامۆستایان

کاتێك تۆ بە قەڵەمەکەت لە مێز دەدەیت
من بێزار دەبم
چونکە دەنگەکە سەرنجی من و فێرخوازەکانی دیکەیش لە وانەکە دوور دەخاتەوە.
ئەوەی کە من حەزم لێیە لە تۆ ببینم، قەڵەمەکەت تەنیا بۆ نووسین بەکاربهێنە
کاتێك تۆ قسەی ناخۆش بە ئەحمەد دەڵێیت من هەست بەتووڕەیی، بێ ئومێدی دەکەم، چونکە ئەمە ئازاری دەروونی دەدات. ئەوەی من پێم خۆشە ئەوەیە کە تۆ هەستی خۆتی پێ بڵێیت و بەبێ بەکارهێنانی قسە تێی بگەیەنی چیت دەوێت.

## بەڕێوەبردنی پۆل

دیسپلین : شێوازی نەهێشتن و ڕێگەگرتن:
زۆر کەس پێیان وایە دیسپلین هاوتای سزادانە، بە پێچەوانەوە، دیسپلین مانای وایە فێرخوازان فێربکەیت ڕەفتاری نەگونجاو و نەویستراو بۆ ڕەفتاری گونجاو و ویستراو بگۆڕن، مەبەست لە دیسپلین کۆنترۆڵکردنی فێرخواز نییە، تاکو گوێڕایەڵی فەرمان بێت، هەر کەسێك دەتوانێت گوێڕایەڵییەکی کاتی دەستەبەر بکات، ئەگەر هات و شێوازی توندوتیژی سزا بەکاربهێنێت، لە جیاتی ئەوە، پێویستە مامۆستایان هەوڵی فێرکردنی دیسپلین لە فێرخوازان بدەن، وەك فێرکردنیان کە چۆن بڕیار دەدەن، چۆن بەسەر خۆیاندا زاڵ دەبن و خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن، هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر کارەکانیان دەکەن و بەها و نموونەی بەرز پەیڕەو دەکەن.

مامۆستایان بە شێوەیەك پۆل ڕێك دەخەن، تاكو هانی فێرخواز بدەن ڕەفتاری پۆزەتیڤانە ئەنجام بدات.
ئەمانەی خوارەوە چەند شێوازێکی نەهێشتن و ڕێگەگرتنن، بۆ خۆلادان لە ڕەفتاری نێگەتیڤ و سزادان:
1- هانی جۆشدان ئارەزوومەندی بدە.
2- بۆ كۆنترلکردنی وانە وتنەوە مافی هەڵبژاردنیان بدەیە و کەشێکی دیموکراتی لە پۆل دروست بکە.
3- لێهاتوویی ( هاندانی پۆزەتیڤانە بەرپا بکە ( پێوەندی لەگەڵ ئەوەنی دیکە ببەستە ( هاوکاری و یارمەتی لە فێربووندا بەکاربهێنە).
4- فێربوون بکە بە شتێکی دڵخۆشکەر.
5- چالاکی سەرنج ڕاکێش بەکاربهێنە، بۆ بەردەوامی ئارەزوو و سەرنجی فێرخوازان. وانەی ئەمڕۆ بە نوکتە، گۆرانی، چیرۆك، چالاکی دەست پێ بکە تا ئارەزوو و حەزی فێربوون زیاتر بکەیت.
6-کەشو هەوایەکی گەرموگوڕ و بەرهەمهێن لە پۆل دروست بکە.
7- ببە نموونەی باڵا بۆ ڕەفتاری جوان و پێوەندی باش و گیانی خۆشەویستی بنوێنەو پێوەندی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن دروست بکە.
8- بە «بەیانی باش» و زەردەخەنە دەست پێ بکە.
9- باس لەوە بکە کە دەتەوێت، نەك ئەوەی ناتەوێت. با ڕێنماییەکان لە خانەی پۆزەتیڤ بن نەك لە خانەی «من نامەوێ ئێوە ... ».
10- دەنگێکی سەرنج ڕاکێش و بەرز لە کاتی قسەکردن بەکاربهێنە.
11- هێماکانی جەستە ( دەست جووڵاندن، دەربڕینی دەم و چاو بەکاربهێنە.
12- هاندان و ستایش کردنی ڕەفتاری جوان.
وەك تکایە، فەرموو، سوپاس.
13- هەڵبژاردنەکانی بخەرە بەردەم و دەرئەنجامەکانیشی بۆ ڕوون بکەوە.
14- نەرم و نیان بە.
15- حسێب بۆ کەسایەتی و پێداویستی جیاواز بکە.
16- بەشداری لە پۆلی دیموکراتیانە بکە.

17ــ بــە فێرخوازەکــان پیــشان بــدە، کــە تــۆ متمانــەت پێیانــە بــۆ وەرگرتنــی بەرپرسیاریەتی بۆ خۆیان و ئەوانی دیکەیش.
دەرفەت بدە فێرخوازان تا بەشـداری چـالاك بـن لـە بڕیـاردانی یاسـاکانی پـۆل و ئاکامەکانیان بەتایبەتی بۆ گاڵتەجاڕی و توندوتیژی.
18- یاساکان لەسەر دیوارەکان هەڵواسە.
19- باسی بەهاکان بکە. پرسیار لە فێرخوازان بکە، کامــە بــەها لــە هــەمووان گرنگترە بۆ پەیڕەو کردنــی لــە پــۆل ( نموونــە بایەخــدان بــە یەکــدی، یارمــەتی و هاریکاری بەرپرسیاریەتی، ڕاستگۆیی، ڕێز).
**ئەم بەهایانە لەسەر دیوار هەڵواسە**
20- چالاکییە جیاوازەکان
چالاکییەکان بگۆڕە لە نووسین لەسەر تەختە بۆسەر کاغەز، کاری بە تەنیا بۆ کاری بە گرووپ.
21- پشوو لە نێوان چالاکییەکان دابنێ، بەتایبەتی بۆ فێرخوازانی تەمەن بچووك پلانی ڕێکوپێك و داڕێژراو بۆ وانە وتنەوە دابنێ.
پێویستە منداڵان ڕۆتینــیان هەبێت و بزانن چاوەڕێی چی دەکەن .
22- خشتەی ڕۆژانە یان هەفتانە لەسەر تەختە بنووسە.
لەبارەی ڕێکەوتن و ڕێنماییەکانەوە بە سادەیی و ڕوون و ئاشکرا قسە بکە.
23- هانی فێرخوازان بدە ئاهەنگێکی بچووك یــان چــالاکییەکی تایبــەت ئــەنجام بدەن، لە کۆتایی هەفتە، ئەگەر فێرخوازان هەموو ئەرکەکانیان کردبوو و ڕەفتاریان گونجاو بوو.
24- ئاگاداری پاڵنەرەکانی ڕەفتار بە. دەستنیشانی ئەوە بکە کە ئایــا مەبەســت لەم ڕەفتارە نارێکەی فێرخواز بریتییە لە بەدەستهێنانی ســەرنج، ســەپاندنی هێــز، تۆڵە سەندنــەوە، بێ ئومێدی، یان نیگەرانی.
تەکنیکی گونجاو، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەریەکەیان بەکاربهێنە.
ڕەفتاری لاوەکی ناوازە پشت گوێ بخەو ستایشی ڕەفتاری جوان بکە.
بایەخ بەو فێرخــوازە مــەدە، کــە مەبەســتی لێــی ســەرنج ڕاکێــشانی تۆیــە، بــە ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو .

25- خۆت لە ململانێ لابدە . دەرفەت بدە منداڵەکە با ڕەفتارەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە .
26- بە دەوری پۆلدا بخولێوە . نزیك بوونەوەت ، ئەو ڕەفتارە ڕادەگرێت، کە خەریکە لەدەست دەردەچێت.
27- کۆنفرانسێکی تایبەت ببەستە، با فێرخوازەکان بزانن، تۆ چاوەڕێی چی دەکەیت.
بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکە باس لە ئاکامی ڕەفتارە خراپەکانی لەسەر پۆل بکە.
داوا لە منداڵەکە بکە کە باشترین شێوازی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ڕێگەگرتن لە گرفت و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی لە داهاتوودا.
28- سنوورەکانی خۆت بزانە : ئاگاداری خۆت بە، چاودێری خۆت بکە، میزاج و جامی تووڕەیی خۆت بەسەر فێرخوازاندا مەڕژێنە.
29- وەك یەك تیم لەگەڵ دایباب کاربکە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەست و ڕەفتارە نەشیاوەکانی منداڵەکەیان.

## تەکنیکەکانی مامەڵەکردن لەناو پۆلدا

• لەوە دڵنیا بە کە یاساکان تایبەتن، ڕوون و ئاشکران و هەموو تێگەیشتوون.
• پێویستە یاساکان مانا بەخش و ژمارەیان کەم بێت.
• یاساکان و دەرەنجامەکانیان لەسەر دیوار هەڵبواسە.
• باشترە گەر فێرخوازان بتوانن بەشداری لە یاساکانی پۆل بکەن.
• یاساکان بە شێوازی پۆزەتیڤی دابنێ و باسی بکە چیت دەوێت «بکە» لە جیاتی «مەکە» بەکاربهێنە.
• پاڵنەری ڕەفتاری نەگونجاو دیاری بکە.
• یارمەتی فێرخوازان بدە سەرنجیان پۆزەتیڤانە بێت.
• فێرخوازەکان باش بناسە، بە جۆرێك گەر گرفتێکی دەرەکی، کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان هەبوو، ئەوە یەکسەر دەست نیشانی بکەیت.

**پێشبینی و ئاکامەکان**

• هەوڵ بدە بەر لە ڕەفتارە ناوازەکە، بزانیت چ ڕوودەدات، دوای ئەو چ ڕوودەدات، تاکو بڕیاری ئەوە بدەیت، کە ڕەفتارە ناوازەکە چۆن دووبارە ڕێی لێ بگریت، ئەگەر دووبارە بووەوە.

• هەوڵبدە شوێنی فێرخوازان بگۆڕیت، بەم شێوەیەش فێرخوازێك بۆ ڕەفتارە ناوازەکەی سەرنجی مامۆستا و فێرخوازان ڕاناکێشێت.
• فێرخوازان ڕۆشنبیر بکە، بەو هەنگاوانەی پێویستە لەجیاتی ڕەفتاری نەشیاو بیهاوێژن.
• مافی هەڵبژاردنی بدەیە بۆ دەرهاتن لەم دۆخە، تەکنیکەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ فشار بەکاربهێنە.
• تەکنیکی ڕاگرتنی کاتی یان هەڵپەساردن بەکاربهێنە بۆ ئەو فێرخوازانەی لەدەست دەرچوونە.
• تەکنیکی ڕاگرتنی کاتی سزا نییە، بەڵام منداڵ دوور دەخاتەوە لە هەر هاندانێکی پۆزەتیڤی، لەوانەش سەرنج دانی هاوڕێکانی .
• تەکنیکی ڕاگرتنی کاتی یان هەڵپەساردن، میزاجە نێگەتیڤەکانی فێرخواز تێك دەشکێنێ و کاتی دەداتێ بیر لە ڕەفتارە نەگونجاوەکانی بکاتەوە.
• بەڵێن لەگەڵ فێرخواز بە تەنیا ببەستە و ڕەفتارەکانیان بگۆڕە.
• ستایشی کار بکە، خشتە بەکاربهێنە، تا ئەو لایەنانە دیاری بکەیت کە پێویستیان بە هەوڵی زیاترە.
• خشتە و تێبینییە پۆزەتیڤەکان دەنێردرێنە ماڵ بۆ لای دایباب، تا وەك شێوازێك ڕوون بکرێتەوە منداڵ چەندە بەرەو باشتر چوونە .
• دەرەنجامی لۆژیکیانە بەکار بهێنە.
• پێویستە درەنجامەکان لەگەڵ ڕەفتاردا بگونجێن لە ڕووی جۆر و ڕادەی توندی وەك دوور خستنەوە لە چالاکییەك ، داوای لێ بکرێت لێبوردن لە منداڵێك بکات کە لەلایەن ئەوەوە ئازار دراوە، بێ بەش کردنی لە ئیمتیازات ... تاد.
• کردەوەش بکە، تەنیا قسە و هەڕشە مەکە.
• یەك ئاگادار کردنەوە بدە ئەم ڕەفتارە دژی یاساکانە، تکایە بوەستە.
• ئەو هەڕەشانە بەکارمەهێنە، کە ناتوانیت، ئەنجامیان بدەیت.
• پێویستە دەرەنجامەکان یەکسەر دوای ڕەفتارەکە بکەن.
• ڕوون و ئاشکرا بە، لە کاتی مامەڵەت لەگەڵ فێرخوازان.
• ڕوون و ئاشکرا بە، دەربارەی ڕەفتارێك، کە لە لات گرنگە، یان چاوەڕێی ڕوودانی دەکەیت. ئەو وشانە بەکار مەهێنە، کە لە ڕێزی فێرخوازان کەم دەکەنەوە.

• لەبەر چاوی ئەوانی دیكە ڕەخنە لە فێرخواز مەگرە، چونكە مەبەست لە ڕەخنە، ڕێگەگرتنە لە ڕەفتارەكە، نەك شەرمەزاری و ئیحراجكردن و لێدانی كەسایەتی.

• لەجیاتی سزا، بەتەنیا قسە لەگەڵ فێرخواز بكە و بڵێ ئێمە چۆن دەتوانین ئەم گرفتە چارەسەر بكەین.

• لە فێرخوازەكە بگەیەنە، كە ئەو لەو ڕەفتارە بەرپرسیارە.

• ڕێز لە پێشنیازەكانی بگرە و حسێبیان بۆ بكە لە داهاتوودا.

• پاش ڕێكخستن و بەرزەفت كردنی فێرخواز، ستایشی كارە پۆزەتیڤەكانی بكە.

• چەند خولەكێك، یان كاتژمێرێك چاوەڕێ بكە، تاكو دەبینی منداڵەكە شتێكی بنیاتكەرانە دەكات. **بۆ منداڵی زۆر بڵێ**

• ئەگەر بە دەنگی بەرز و تووڕە قسەی كرد لە شوێنەكەی دوور بخەرەوە.

• برۆ لای فێرخوازەكە و دەست لەسەر شانی دابنێ، بەڵام بێ ئەوەی وانەكە ڕابگری پرسیاری ڕاستەوخۆی لێ بكە، تاكو سەرنجی ڕابكێشیت.

• قسەكانی پێ مەبڕە و سەرنجی تەواوت بخەرە سەر ئەو منداڵەی قسە دەكات.

• ئەگەر شێوای بەرزەفت كردنەكەت سوودی نەبوو، لەسەری بەردەوام مەبە.

• هەوڵ بدە داهێنانی دیكە لە شێوازی بەرزەفت كردن بكە.

## گۆڕینی ڕەفتار

گۆڕینی ڕەفتار لەسەر ئەو بنەمایە ئیش دەكات، كە ستایش كردنی پۆزەتیڤانە ( نمرە، ئەستێرە، هاندان، پاداشت، دیاری ( بۆ ڕەفتارێكی دیاریكراو، ئەگەری دووبارە بوونەوەی ڕەفتارەكە لە داهاتوودا زیاتر دەكات.

هەندێك خەڵك سیستمی گۆڕانی ڕەفتار بە شێوازێكی بەرتیل دادەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە پرۆگرامی هاندانی ڕەفتاری جوانە، زۆر لە فێرگەكان سیستمی گۆڕانی ڕەفتار بۆ هەندێك یان تەواوی پۆلەكە دادەنێن، ئەو پۆلانەی خاڵی پێویست بەدەست دەهێنن، لە كۆتایی هەفتەدا پاداشت دەكرێن، بە ئەنجامدانی چەند چالاكییەك، گێڕانەوەی چیرۆك، یاری كردن ... تاد، دەتوانرێت ئەم پرۆگرامانە لەلایەن مامۆستای كارامەوە بە شێوەیەك دەستكاری بكرێن، كە لەگەڵ پرۆگرامی خوێندندا بگونجێن.

پرۆگرامی گۆڕینی ڕەفتار دەتوانرێت لەگەڵ ئەو فێرخوازانەش بەکار بهێنرێت، کە پێویستی تایبەتیان هەیە، خشتەی گۆڕینی ڕەفتار زۆر سوودی هەیە، لەوانەش وەك بیرخستنەوە بۆ منداڵەکە بەکاردەهێنرێت و یارمەتیشی دەدات پێوەندی لەگەڵ دایباب بکات، پێویستە خشتەی گۆڕینی ڕەفتار پاش چاوپێکەوتنی دایباب – مامۆستا – فێرخواز دابنرێت و پاش گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو ڕەفتارەی پێویستە بگۆڕدرێت .

پێویستە ئامانجەکان بە شێوازی پۆزەتیڤانە بنووسرێن، هاوکاری کردنی هاوەڵان لەجیاتی شەڕنەکردن لەگەڵیدا، مامۆستا تەنیا چەند چرکەیەکی لە کۆتایی وانەدا پێویستە تاکو خشتەی فێرخوازەکە بە ئەستێرە ، یان دەم و چاوی شاد پڕبکاتەوە. دەتوانرێت خشتەکە ببردرێتەوە ماڵەوە و دایباب ئیمزای بکەن چ ڕۆژانە یان هەفتانە، لە ماڵەوە فێرخواز و دایباب دەتوانن بڕیار لەسەر ئەو پاداشتە بن، کە زیاتر هانی فێرخواز دەدەن، بە شێوەیەك پاداشتەکە لەڕادە بەدەر یان کەمتر لە پێویست نەبێت .

**نموونەی: خشتەی گۆڕانی هەفتە**

| ئامانج | شەممە | یەکشەممە | دووشەممە | سێشەممە | چوارشەممە | پێنج شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوێگرتن | | | | | | |
| ئەرکی ئەنجامداوە | | | | | | |
| یارمەتی هاوڕێیانی دەدات | | | | | | |
| دەستی بڵند دەکات | | | | | | |

| ئامانج | شەممە | یەکشەممە | دووشەممە | سێشەممە | چوارشەممە | پێنجشەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوێگرتن | ☺ | ☺ | | | | |
| گوێڕایەڵی ڕێنماییەکان دەبێت | ☺ | | ☺ | | | |
| ئەرکی دەکات | | | ☺ | | | |
| بەڕێکی کات بەکاردەهێنێت | | ☺ | ☺ | ☺ | ☺ | |

## هەڵپەساردن یان ڕاگرتنی کات

هەڵپەساردن یان ڕاگرتنی کات، شێوازێکی فێرکردنی فێرخوازانە، کە هەندێك ڕەفتار، قبووڵنەکراون و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بەم ڕەفتارانە دەستیان ناکەوێت، هەڵپەساردنی کات منداڵ لە هەموو هاندانێك دوور دەخاتەوە، لەوانەش ئەو سەرنجە نێگەتیڤەیە کە ئەو مەبەستیەتی، ئەم تەکینکە سنوورێك بۆ ڕەفتارە نەگونجاوەکانی منداڵ دادەنێت و کاتی پێویستی دەداتێ بۆ هێور بوونەوە و بیرکردنەوە لەوەی چ ڕەفتارێکی دیکە بکات بۆ بەدەستهێنانی هەمان ئامانج. جگە لەمەش دەرفەت دەداتە گەوران تاکو سارد ببنەوە و ، بەرانبەر ڕەفتاری فێرخوازەکە و پڕۆگرامەکە بەگشتی بڕیارێکی گونجاو بدەن.

شێوازی هەڵپەساردن بە زۆری لە قۆناغی بەر لە فێرگە و فێرگەی سەرەتایی بەکاردەهێنرێت ( 3 ـ 10 ساڵان)، ئەو ڕەفتارانەی پێویستیان بە هەڵپەرساردن هەیە بریتین لە : شەڕ یان ڕەفتاری توندوتیژی، هاوارکردن، شەرانگیزی، شت فڕێدان، یان شکاندن، بەرپەرچدانەوەی مامۆستا ... تاد.

مامۆستا لە سەرەتادا دەتوانێت شتێك بڵێت وەك بۆ نموونە:" ئەم ڕەفتارە ت نەگونجاوە"،" وشەی ڕێكوپێك بەكاربهێنە"، " لەجیاتی ئەوەی بێزاریان بكەیت، یان ئێستا كاتی ئەوەیە بوەستیت و بیربكەیتەوە"، پاشان مامۆستا دەتوانێت ئاگاداری بكاتەوە ئەگەر ئەم ڕەفتارەت بەردەوام بوو، ئەوە دەبێت بچیتە باری هەڵپەساردن، لە هەندێك باردا ئەمە ناكرێت، وەك ئەگەر فێرخوازەكە ئازاری فێرخوازانی دیكەی دابوو، یان دەست وەشێنە، لەم حاڵەتانەدا دەبێت زوو لەم شوێنە دوور بخرێتەوە. پێویستە مامۆستا بە ئارامی زمانێكی دوور لە هەڕەشە قسە بكات وەك" پێویستە ئێستا بچیتە شوێنی هەڵپەساردن"هەوڵ بدە خۆت لە گفتوگۆ و هێز لابدە، ئەگەر منداڵەكە ڕەتی كردەوە، ئەوە بەبێ نیشاندانی هیچ دەربڕینێك لە ئاكارت قسەكە دووبارە بكەوە" پێویستە هەر ئێستا بچیتە شوێنی هەڵپەساردن".

دەبێت شوێنی هەڵپەساردن، بێزاركەر و دوور لە هیچ هەست بەخۆشی كردنێك بێت، گۆشەی پۆل یەكێكە لەوانە، پێویستە مامۆستا سەرنج نەداتە فێرخواز لەكاتی هەڵپەساردن و لێنەگەڕێش منداڵانی دیكە قسە، یان چاوی بخەنە سەر. بنەمای سەرەكی هەڵپەساردن ئەوەیە كە منداڵەكە پێویستە لە شوێنی خۆی بۆ هەر ساڵێك لە تەمەن خولەكێك بمێنێتەوە، ( بۆ نموونە فێرخوازێكی تەمەن شەش ساڵ، شەش خولەك دەمێنێتەوە( بەڵام ئەگەر مامۆستا سەیری كرد، منداڵەكە هێور بووەتەوە و ئارەزوو دەكات بگەڕێتەوە پۆل ژیرانە ڕەفتار بكات، ئەوە دەكرێت ماوەی هەڵپەساردن كەمتر بكرێتەوە. پاش تەواو بوونی ماوەی هەڵپەساردن، پێویستە مامۆستا هەوڵبدات تێبینی و قسە لەسەر ڕەفتارە گونجاوەكانی بكات.

## هاندانی چاكبوونەوە یان گەڕانەوە بۆ باری جاران

## زیرەكی و سۆزداری

چی وادەكات مرۆڤ لە ژیان سەركەوتوو بێت؟ ئایا مەرجە خەڵكی زیرەك، دڵشادترین و سەركەوتووترین كەس بن لە ژیاندا؟ ئایا كەسێك دەناسیت، كە زیرەكە، بەڵام لەگەڵ خەڵك ناگونجێت، بەهۆی نەشارەزایی لە پێوەندی كردن، نەبوونی نەرم و نیانی لە مامەڵە كردن، هەڵچوون، یان زەحمەتی كۆنترۆڵكردنی تووڕەیی؟

بەدەر لە زیرەکییە جیاوازەکەیان، زۆر جاران ئەم خەڵکانە لە پێوەندیەکانیان دڵشاد نین و لە کارەکانیان بە ئومێد و سەرکەوتوو نین.

زۆر فاکتەر بۆ سەرکەوتن پێویستن و زیرەکیش تەنیا یەکێکە لەمانە، لە هەمووان گرنگتریش زیرەکی سۆزدارییە، کە بریتییە لە توانای یەکێك بۆ مامەڵەکردن لە دەربڕینی خۆشەویستی و گونجان لەگەڵ شتە جیاوازەکان و هاوسۆزی دەربڕین بۆ خەڵکانی دیکە.

---

**(*) بۆنی میللەر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەروونناسی و بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی مشیگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەستهێناوە، کارەکانی ئەم بەڕێزە چەند ڕوویەك لەخۆ دەگرن، وەك: کۆمەڵناسی، چارەسەری دەروونی، فێرکەر، ڕاوێژکار، چالاکوانی کۆمەڵایەتی، ڕاهێنەر، کاری وانەی لە دەروونناسی، کاری کۆمەڵگە، کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و ئاسیا گوتووەتەوە.**

**بۆنی وەك ڕاوێژکار بۆ چەند ڕێکخراوێك بۆ یارمەتیدانی (شۆکی لاوان) و پەناهەندەکان و سەرکردەکانی گەنج و خێزانە کەم دەرامەتەکان و ئافرەتە لێقەوماوە کۆچبەرەکان کاری کردووە.**

**ڕێبەری پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن بۆنی (گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵ) باس لە پێداویستییە دەروونییەکانی منداڵ دەکات.**

**بۆ بەراوردکردن لەگەڵ پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی فێرکردنی دایکان و باوکان و ڕێگەگرتن لە چەوساندنەوەی منداڵ بەکارهاتووە.**

**بۆنی بە هاوکاریی وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێبەری فێرکردنی دایکان و باوکان و ڕێبەری مامۆستایانی پێشکەش کرد (پێوەندی کردن لەگەڵ منداڵ لەناو پۆل) بۆ چەند زمانێك و بۆ دەیان و هەزاران دایك و باوك و فێرکەر لەهەموو جیهان وەرگێڕاوە.**

**بەڕێز خاتوو بۆنی ئێستە وەك مامۆستا و ئیشکەر لەبواری تەندروستی دەروونی کار دەکات، بۆ بەکارهێنانی نوێترین تەکنیکەکانی پەروەردەیی و ڕاوێژکاری بۆ یارمەتیدانی خەڵك لە حاڵەتەکانی دوای جەنگ.**

# لەبارەی کتێبی
# (ڕێگە هاوچەرخەکانی وانە گوتنەوە)وە

**ئا: سەلاح عومەر**

ساڵی (2010) کتێبی ڕێگە هاوچەرخەکانی وانە گوتنەوە لەلایەن هەردوو مامۆستا خالید حەمید خۆشناو و یووسف عوسمان حەمەدەوە بلاوکرایەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاپی کردووە، کتێبەکەش بریتییە لە کۆمەڵێك بەشی گرنگ و جیاو پێشەکییەکی تێروتەسەل ڕاماندەکێشێتە ناو جیهانی پەروەردەوە و فەلسەفەی پەروەردەیی و ڕێگە تازەکانی وانەگوتنەوە. هەروەها دەرخستنی بایەخ و گرنگی سیستمی پەروەردەیی باس دەکات و ڕۆڵی مامۆستا وەك کەسایەتییەکی پەروەرکار و کاریگەر لە ژیانی فێرخواز و پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندنی و پێشخستنی ڕەوشی پەروەردە لە سەر بنەمایەکی زانستی هاوچەرخ. چونکە ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە ئاسۆی مێشکی فێرخواز پتر دەکاتەوە و وای لێ دەکات ئازادانە سەرنج و ڕاکانی دەربڕێت و لەڕێی گریمانەوە کێشەکانی چارەسەر بکات. فێرکردنی سەردەم کۆمەڵێك ستراتیژی وانەگوتنەوە لەخۆ دەگرێت، وەك وانەگوتنەوەی ئالۆ گۆڕ و هەرەوەزی و کێشە شیکارکردن، واتە خشتەی چەمکەکان.

لەپەروەردەی تازەدا مامۆستا نابێتە تەوەر بەڵکو کلیلی ژووری ئەو زانیارییانەیە کە مێشکی فێرخواز هەوڵی کرانەوەی دەدات تا زانیاری ڕاستی لێ دەربهێنێت، گەیەنەری زانیارییە جۆراو جۆرەکانیشە و چەندین سەرچاوە بەکار دێنێت و دەبێتە هاوڕێی فێرخواز ئەمەش پێی دەڵێن (مامۆستای خاوەن ستراتیژ)، لە پەروەردەی تازەدا سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە سەرشانی مامۆستایە. هەندێك جار مامۆستا خۆی دەبێتە فێرخواز و هەندێك جاری تریش مامۆستایە.

گەورەترین کەرەستەو ئامانجی ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوەش بریتییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامانجی (پێداگۆگی)، واتە بەشداری پێکردنی کاریگەری فێرخوازە لە خوێندنی پرۆگرامی فێرگە لەسەر هەردوو بنەمای وانەگوتنەوە و پرۆگرامدا. میتۆدی وانە گوتنەوەش زۆر شێوازی هەیە و پێی دەگوترێت (پێداگۆگی) کە زانستی سەربەخۆیە و لەمێژە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت و وا لەگەڵ دەروونناسی تێکەڵ بووە، واتە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان فێرخواز و فێرگە و مامۆستا و وانە گوتنەوە.

لە پێداگۆگیدا ڕۆڵی فێرخواز دەبێتە بکەر و بابەت لە پرۆسەی فێرکردندا و خۆی خۆی فێردەکات، نەك مامۆستا و نابێتە مادەی فێرکردن، بۆیە دەبێت ئێمەش وەك ئەو وڵاتانە نوێترین و بەسوودترین ڕێگەی وانە گوتنەوە بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەکی چەکدار بە زانستی سەردەم بەکاربهێنین.

لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەدا ڕاو سەرنجی زۆر لە زانایانی پەروەردە و فێرکردن و فێربوون خراوەتە ڕوو وەك (جۆن دیوی) کە دەڵێت: باشترین فێربوون، فێربوونە بە کردار.

لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنیشدا سوکراتی فەیلەسووف شێوازی پێدانی پرسیاری بە فێرخوازان پیادە کردووە و پێی وابوو کە شێوازەکانی وادەکات فێرخواز سوود لە بەشداریکردن لەگەڵ یەکتر وەردەگرن. ئەفلاتوونیش یەکەم زانکۆی لە جیهان دامەزراندووە و بایەخی زۆری بە بواری پەروەردە داوە. ئەرستۆ لە وتەیەکدا دەڵێت: فێربوون کردارێکی بەردەوامە و بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ ڕوودەدات. هەروەها کۆنفۆسیۆش دەڵێت: من کە تەنیا گوێم لێی دەبێت لە بیردەکەم، کەبینیم لەوانەیە بەبیرم بێتەوە، بەڵام کە بەکردار بیکەم تێی دەگەم.

لە فەلسەفەی ئەوروپایشدا یۆهان فردریك هێربەرت بە باوکی زانستی بنەڕەتی وانە گوتنەوەی زانستی دادەنرێت و بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن جەخت لەسەر کردارە سایکۆلۆژییەکان لە پرۆسەی فێربوون دەکاتەوە. خوازیارانی هێربەرتیش شێوازی وانە گوتنەوەیان لەسەر ئەم پێنج بنەمایە دیاری کردووە.

1. ئامادەکردنی فێرخواز بۆ وانەی تازە.
2. خستنەڕووی وانەی تازە.
3. بەستنەوەی وانەی نوێ بە بیرۆکەکانی پێشووەوە.
4. بەکارهێنانی نموونە.
5. هەڵسەنگاندنی فێرخواز.

بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە باس لە راهێنان و پێداگۆگی، گەشەپێدان و بەرەوپێشبردن و سیستمی نوێی پەروەردە دەکات و دەڵێت: ڕاهێنان پرۆسەیەکی داڕێژراو و نەخشە بۆ کێشراوی فێربوون و پەروەردەیە بۆ گۆڕین و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم لەم بوارەدا.

**پێداگۆگی:** بریتییە لە زانستی وانە گوتنەوە و فێربوون، بەشی یەکەمی (پێد) بەمانای منداڵ و وشەی (ئاگۆگس) بەمانای سەرکردە دێت.

پێشتر فێربوون بریتی بوو لە گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز، بەڵام ئەمڕۆ گۆڕاوە و پتر گرنگی بە شێوازەکانی بەشداریکردنی ئەو دەدات بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری گەشەپێدان بەردی بناغەی سەرکەوتنی پەروەردە و فێرکردنە وانە گوتنەوەیە، کە پێکەوە گرێدراون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بە تایبەتی ئامانجەکانی (ڕێگە هاوچەرخەکانی وانە گوتنەوە). هەمیشەیش داهێنان و بەرەوپێشبردن هۆکارن بۆ چاکسازی پەروەردە و دەرخستنی تواناکانی فێرخواز، ئەمەش لە ڕێی هاندانی مامۆستایانەوە دێتە دی.

ئەوەی لەم کتێبەدا باس کراوە لەبارەی سیستمی نوێی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا بریتییە لە هۆکارەکانی گۆڕانکاری سیستمی پەروەردە و فێرکردن و چاکسازی و گۆرانکارییە بنەڕەتییەکانە.

## ئاستەکانی زانین بۆ فێربوون

زانین ڕادەی بیرکردنەوەیەو ئەو کۆمەڵە زانیاری و شارەزاییانەی مرۆڤە کە بەڕێگەی جۆراوجۆر، وەك تێڕوانین و لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەو پشکنین، تێکەڵوی کۆمەلاٌیەتی و تاقیکردنەوەو وەریاندەگرێت دەگرێتەوە، فەلسەفەی وانەگوتنەوەش حەفت لەسەر سێی بواری گرنگ دەکاتەوە بەمەبەستی گەشەپێدانی فێرخوازان لە ڕووی بیرو ویژدان و کارامەییەوە و بۆ ئەوەی مامۆستا کارابێت پێویستە ئاوڕ لە بیرو بۆچوون و شارەزاییە پێشینەکانی فێرخواز بداتەوە و لەسەر ئەوانە زانینە تازەکانی دابمەزرێنێت.

لە وانەگوتنەوەی نوێدا بوار بۆ فێرخواز دەرەخسێت تێڕوانینی بۆ زانیارییەکان هەبێت و تەنیا پشت بە یەکێکی دیاریکراو نەبەستێت و هەمیشە چاودێری کاری فێربوونەکەی بکات تا هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و بەڕاستی بگات و ئامانجەکەی بپێکێت، کە ئەمەش پێی دەگوترێت درك پێکردنی سەرووی زانین.

فێرکردنی نوێ چەندین ستراتیژی وانەگوتنەوە لە خۆدەگرێت وەك وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، وانە گوتنەوەی هەرەوەزی کێشە شیکارکردن، نەخشەی چەمکەکان، بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز، پرۆژە و لێکۆڵینەوەی (ئیجرائی).

## فێرکردنی بیانی

فێربوون لە سەردەمی ئێستاماندا بە مانای گۆڕینی (بنیادی زانینەکان)،(البنی العرفیه) دێت، یان داهێنانی ئەو بنیادە زانینە نوێیەیە کە شارەزاییەکانی فێرخواز ڕێك دەخات. فێرکردنیش لە ڕووی بیروبۆچوونی تازەوە لە ڕێی بەشداری فێرخواز دێت لە ناو پۆل و دەرەوەیدا، بۆیە پێویستە مامۆستا تێڕوانینی فێرخواز و سەرنجدانی بەهێزبکات و بایەخ بەو توێژە بدات و زۆرترینیان بەشداری پێ بکات. هاندان و ستایشکردن و پاداشت باشترین شتن بۆ ئەم کارە. بەپێچەوانەوە لۆمەکردن و سەرزەنشت و سزادان کاری خراپن و پێویستە مامۆستا خۆی لێیان بەدوور

بگرێت. لە فێرکردنی تازەدا مامۆستا ڕۆڵی یارمەتیدەری هەیە و فێرخواز خۆی کاتێك ئارەزووی فێربوونی هەبێت زووتر فێردەبێت، فێرخواز خۆی بەشداری کارەکان دەکات و لە ڕادەربڕین ئازادە، بێ شەرم و ڕاشکاوانە قسە دەکات و بەکرداری کارلێکردن وانەکان دەگوترێنەوە، مامۆستا ئاسانکار و سەرپەرشتیارە و لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن پێوەندییەکانی لەگەڵ فێرخواز دادەمەزرێنێت، بۆ ڕاستی و دروستی ئەمەش لە ڕێنماییەکانی کتێبی ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە بیروڕای (500) مامۆستای فێرگە نموونەییەکانی کوردستان لە کاتی بەشداربوونیان لە وۆرك شۆپێك کە لەبارەی کورتەی بابەتەکان و بابەتی ئەم کتێبە ئەنجام درا، ئەنجامەکانیش وەك لەکتێبەکەدا هاتووە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

1. تەنیا گوێگرتن لەوانەیە 5٪ - 10٪ - فێرخواز فێربێت و تێبگات.
2. گوێگرتن و خوێندنەوە لەوانەیە 10٪- 20٪ فێرخواز فێربێت و تێبگات.
3. گوێگرتن و خوێندنەوەو بینین لەوانەیە 20٪- 50٪ فێرخواز فێربێت و تێبگات.
4. گوێگرتن و خوێندنەوەو بینین و بەشداریکردن لەوانەیە 50٪- 70٪ فێرخواز فێربێت و تێبگات.
5. گوێگرتن و خوێندنەوەو بینین و بەشداریکردن و ئەنجامدان لەوانەیە 70٪- 90٪ فێرخواز فێربێت و تێبگات.

ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە و فێربووندا باس لەوە دەکرێت کە کۆمەڵە کردارێکی جۆراوجۆری هونەری نوێیە بۆ گەیاندنی بابەت و چەسپاندنی زانیارییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندن بە ئاسانترین شێوە کە لەگەڵ بارودۆخی ژینگەی فێربووندا دەگونجێت، ڕێگەکانیش بواری باشتر بۆ بەشداریکردنی فێرخواز دەدرێت و دەبنە هۆی کارلێکردن و چەسپاندنی زانیاری و فێربوونی کاریگەرانە، هەروەها ستراتیژی تایبەتیان هەیە، زانایانی وەك کۆنی و دیڤیز و هیزرسن پێیان وایە کە کۆمەڵێك جووڵەی زنجیرەیی یەك بەدوای یەکە کە مامۆستا ئەنجامی دەدات بە هەموو کردارو چالاکییەکانەوە. وەك خستنە ڕوو و

وتوێژ و وێنە نیشاندان و لێکدانەوەی زاراوە گران و نوێیەکان و پرسیار و ڕاهێنان و شیکارکردن ....تاد.

هەرچی (هاوردپیلە)ە، دەڵێت بنیادنانی ژینگەیەکی لەبارە بۆ فێرکردنی فێرخوازان و بەدیهێنانی ئامانجی وانەکان، مامۆستای سەرکەوتوو دەتوانێت لە ڕێی وانەگوتنەوەیەکی هاوچەرخەوە زۆرترین ئامانجی پەروەردەیی وەدەست بێنێت. وەك ئامانجی کرداری و تەکنەلۆژی و ئامانجی پێگۆگی و ئامانجی کێشە شیکار کردن و زۆرێکی دی لە ئامانجە پەروەردەییەکان. لە کتێبەکەدا لە بەشی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕدا (التدريس التبادلی) باس لەوە دەکرێت کە مەبەست لەم ڕێگەیە بەدیهێنانی ستراتیژی وانەگوتنەوە و کارلێك کردنی نێوان مامۆستا و فێرخوازە بە ئامانجی چاککردن و گەشەپێدانی تواناکانی تێگەیشتنیان. ئەمەش ڕێگەیەکە هەریەکە لە (براون و پالینکار) ساڵی 1985.ز پێشنیازیان کرد کە ڕێگەیەکە وا لە فێرخوازان دەکات خوێندنەوە بە ماناوە فێربین و بتوانن چاودێری ڕادەی تێگەیشتنی خۆیان بکەن، چونکە مامۆستا ناو بەناو ڕۆڵی سەرکردایەتی گفتوگۆ و دیالۆك دەداتە فێرخوازان و دایەلۆگی نێوان مامۆستا و گرووپەکانیش لەسەر (چوار) ستراتیژی بنچینەیی دەوەستێت، کە پێیان دەڵێن ستراتیژەکانی (زانین و وەرگرتن) لە پێناوی پوختەکردنی ناوەرۆك و پرسیار دروستکردن و داڕشتن و ورووژاندن و ڕوونکردنەوە و باسکردنی نموونە و زاراوە گران و تازەکان.

مامۆستا دەتوانێت هەندێك یاری دڵخۆشکەر بەکار بهێنێت بۆ دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ فێرخوازان، وەك یاری هەڵسە و دانیشە و یاری پۆست و پێشبڕکێی ڕاکردن و بالۆن هەڵدان و تۆپی پێ و بالەو باسکە و دانانی گۆڵی بچووك و یاری و شادی، هەروەها هەندێك یاری بووژاندنەوەی هزر و قەڵەم و پەڕو ژمارەی شاراوەو خانە پڕکردنەوەو وشەی یەکتر بڕ، لەهەمان کاتدا مامۆستا دەتوانێت فێرخوازان بباتە سەیران و گەشتی زانستی و بردنیان بۆ کارگە و مۆزەخانە و شوێنەوارەکان. زانایەك لەسەر وانەبێژی دەڵێت:

وانەبێژی باش ئەو کەسەیە کە هەمیشە و بەردەوام وانەبێژی ناکات و خۆی لەوانەبێژی دەپارێزێت. واتە مامۆستا بتوانێت بەشێوەیەکی زانستی و هاوچەرخانە وانە بڵێتەوە و بابەتەکان بە فێرخوازان بگەیەنێت.

لە بەشی هەرەگرنگی کتێبی ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوەدا باس لە چەندین ڕێگەی هاوچەرخ دەکرێت کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ پرۆسەی خوێندن و پەروەردەیی دروست سوودی لێ دەبینرێت. بۆیە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و پەروەردەیی و نیشتمانی ئێمەش لە فێرگەکانی خۆماندا سوودیان لێ ببینین و نەوەیەکی لێهاتوو چەکدار بە چەکی زانستی بەرهەم بێنین.

## 1. ڕێگەی گرووپ

کە مامۆستا پۆل بۆ چەند گرووپێك دابەش دەکات و پاشان بابەتێك یان چەند بابەتێك دەداتە فێرخوازان بۆ شرۆڤە کردن و شیکردنەوە، لە سەرەتاشدا مامۆستا پلانی وانەکە دادەڕێژێت و پلان بۆ ڕێگەکەی دادەنێت و کاتی گونجاوی بۆ تەرخان دەکات و شوێنێکی گونجاو هەڵدەبژێرێت، بەمەرجێك کورسییەکان بە ئاسانی بگوازرێنەوە و مێز بۆ هەر گرووپێك هەبێت. ئەگە نەبوو دەتوانرێت گرووپەکان لەسەر زەوی دابنیشن، یان بیانباتە هۆڵ یان باخچە.

خۆ ئەگەر کورسییەکان جێگیر بوون ئەوە دەکرێت دوو کورسی بەرانبەر بەیەك دابنرێن و چوارکەس لەسەریان دابنیشن. دواتر مامۆستا پەڕی گەورە دەداتە هەر گرووپێك و بەگوێرەی پۆلەکە ژمارەی گرووپەکان دەکرێت (3) یان (5) یان (7) کەس بێت.

بۆ هەر گرووپێکیش یەك سەرۆك تیم و بەڕێوەبەری کات و نووسەری بیروڕاکان دادەنرێت، لەکاتی نمایشی گرووپەکاندا دەرفەت بە ئەندامانی گرووپەکە دەدرێت گفتوگۆ ئەنجام بدەن، دەتوانرێت نموونەی شرۆڤەکردنی کێشەی کارکردن بۆ فێرخوازان بهێنرێتەوە تا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

ئینجا پاش تەواوبوونی وانەکە هەر گرووپێك بابەتەکانی پێشکەش دەکات و گفتوگۆ دەست پێدەکات.

## 2. ڕێگەی گرووپی پسە پس یان گرووپی (ویزە ویز)

جیاوازی لەگەڵ ڕێگەی گرووپ ئەوەیە کە فێرخوازان لەشوێنی خۆیانن و جووڵە ناکەن، ژمارەی گرووپی بچووکیش لەنێوان (3 -5) کەسدایە. لێرەدا فێرخوازان کێشەکە یان بابەتەکە بەپسەپس و دەنگی نزم هەر لە شوێنی خۆیان تاوتوێ دەکەن و ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەوە دەردەبڕن.

## 3. ڕێگەی مێشك وورووژاندن

لەم ڕێگەیەدا کێشەیەك یان بابەتێك لەسەر تەختەڕەش یان پەڕێکی گەورە دەنووسرێت و داوا لەفێرخوازان دەکرێت ڕای خۆیان لەبارەوە بڵێن. پاشان مامۆستا یان یاریدەدەرێك یان فێرخوازێك بیروڕاکان لەسەر تەختەڕەش یان لەسەر پەڕە گەورەکە دەنووسێت و دەخرێتەڕوو، ئەگەر هەڵەی زەق هەبوو ئەوە ڕاستیان دەکاتەوە و فێرخوازان لەپۆل لەگەڵ مامۆستا دەکەونە گفتوگۆ و شیکردنەوە. ستراتیژی ئەم ڕێگەیە بۆ وورووژاندنی مێشکە و دەبێت هەموو بیروڕاکان قبووڵ بکرێن و نابێت رەخنە لە هیچ پێشنیازێك بگیرێت و ئەندامانی گرووپەکە هاندەربن. ئەمە بۆ هەموو وانەکان دەگونجێت و لەو کاتەی فێرخوازان هەست بەبێزاری دەکەن بەکاردێت.

## 4. ڕێگەی خستنە ناوبازنە

لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەك فێرخواز دەهێنرێنە ناوەڕاستی پۆل، کە دەکرێت (4) کەس یان پتربن، بۆ باسکردنی بابەتێك بەزارەکی، بەنۆرەش بەشداری باسکردنی بابەتەکە دەکەن. پاشان داوا لەفێرخوازان دەکرێت دەست بە گفتوگۆ بکەن. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەش لەو کاتەدا دێت کە بمانەوێت هەموو فێرخوازان بەشداری وانەکە بکەن بۆ تێگەیشتن و چەسپاندنی زانیارییەکان.

## 5. ڕێگەی گفتوگۆ ( پرسیارو وەلاّم )

لەم ڕێگەیەدا مامۆستا چەندین پرسیاری والآی جۆراوجۆر باس دەکات، تا وا لەفێرخوازان بکات بیربکەنەوە و بەشداری بکەن، جا چ بەوەلاّمدانەوە بێت و چ بەگوێ گرتن. دەشکرێت فێرخوازان خۆیان پرسیار ئاراستەی مامۆستاکەیان بکەن و بیروڕاکان هەم لەنێوان خۆیان و هەم لەگەڵ مامۆستادا ئالوگۆڕ بکەن. سەرکەوتنیش لەم ڕێگەدا بە ڕادەی توانای داڕشتنی پرسیارەکان لەلایەن فێرخوازان و چونیەتی ئاراستە کردنیانەوە بەندە. بۆ هەموو وانەیەك گونجاوەو لەکاتی هەستکردن بەبێزاری فێرخوازان مامۆستا بەکاری دەهێنێت.

## 6. ڕێگەی ڕۆڵی شانۆیی

دوو فێرخواز دەهێنرێتە ناوەڕاستی پۆل و هەریەکێك ڕۆڵی کەسێکی پێ دەدرێت، کە پێوەندی بە بابەتێکی وانەکەوە هەیە. مەرج نییە دەق هەبێت، بەڵکو تەنیا سیناریۆیەکی سادە و گفتوگۆیەك لەنێوانیان دروست ببێت. لەو کاتانەشدا بەکاردێت کە بمانەوێت ڕەوشتێکی چاك یان هەڵوێستێك بگۆڕین، بۆ تێگەیشتن و چەسپاندنی زانیاری سوودی هەیە،بەهۆی ئەم ڕێگەیەشەوە نواندنی بێ دەنگ یان نواندن بە بەکارهێنانی بووکۆکە هەیە.

## 7. ڕێگەی یاری و چالاکی دڵخۆشکەر و وانەگوتنەوە بەیاری و چیرۆك گێڕانەوە و مەتەڵ

ڕێگەیەکی بەسوود و پێشکەوتووە بۆ کارلێکردن و تێکەڵبوونی مامۆستا و فێرخواز. وەك هەموومان دەزانین مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە واتە لە منداڵییەوە حەز بە یاریکردن دەکات و دیاری دڵخۆشی دەکات، بۆیە بۆ فێرخوازان سوودی زۆری هەیە و مامۆستای بەتوانا دەتوانێت بەباشترین شێوە فێرخوازان لە ڕێی گۆرانی و نوکتە و گاڵتە و گەپ و پەندی پێشینان و پێشبڕکێی زانستییەوە فێربکات و

زانیارییەکان لە مێشکیان بچەسپێنێت، بەتایبەتی لە گێڕانەوەی چیرۆکدا بە وێنە نیشاندان. ئەم ڕێگەیەش لە زۆربەی کاتەکان بەکاردێت. بەتایبەتی لەو کاتەی فێرخواز هەست بە بێزاری دەکەن.

## 8. ڕێگەی تاوتوێکردنی بارودۆخ

لەم ڕێگەیەدا مامۆستا گرفتێك دەخاتە ڕوو کە لە ناو کتێبی خوێندندا هەیە، یان کێشەیەك کە پێوەندی بە واقیعی ڕۆژانەی فێرخوازانەوە هەیە، وەك کێشەی وازهێنانی فێرخوازان لە فێرگە، ئەوسا ئەم کێشەیە لەسەر پەڕێك دەنووسرێتەوە و دەدرێتە فێرخوازان تا بیروڕای لەسەر دەربڕن و شی بکەنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن. پاشان مامۆستا داوای چارەسەرو نمایش کردنیان لێ دەکات. لێرەدا توانای فێرخوازان دەردەکەوێ بەلاّم ئەم کارە کاتی زۆری دەوێت.

## 9. ڕێگەی پرۆژە

پرۆژەیەك، یان چالاکییەك دەدرێتە فێرخوازان تا بەتەنیا، یان بەکۆمەڵ لەماڵەوە، یان لە پۆل، یان بە هەر شێوەیەکی دی لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامی بدەن و شرۆڤەی بکەن. وەك دروستکردنی بلاّوکراوەیەکی سەر دیوار یان کارکردن پێکەوە لەسەر ئامادەکردنی توخمێکی کیمیایی، یان شتێك پێوەندی بە کشتوکاڵ، یان زیندەوەرزانییەوە هەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی فێرخوازان و هاوکاری کردنی یەکدی و گەڕان بەدوای زانیاری و خۆماندوو کردن بە مێشك و بە دەست و ئەنجامدانی چالاکی، یان پرۆژەکە بە شێوەیەکی دروست. لە سوودەکانی ئەم ڕێگەیە ڕزگار بوونە لەوانە گوتنەوەی وشك و کارکردن بە تیم، بەلاّم کاتی زۆری دەوێت و ڕەنگە کەلوپەلی پێویست لەبەردەستدا نەبێت.

## 10. ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوە و پێشبڕکێ

بریتییە لە دەربرینی دوو بیروڕای جیاواز لەسەر یەك بابەت و گفتوگۆ کردن لە بارەیەوە کە لە مێزگردە تەلەفزیۆنیەکاندا زۆر باوە. دەکرێت لە نێوان دووکەس، یان دوو گرووپ لە پۆل ئەنجام بدرێت، بەلاّم دەبێت مامۆستا بە توانا بێت و

مشتومڕ دروست بکات، پاش تەواو بوونی گفتوگۆکە فێرخوازانی ناوەڕاست دەبـن بە گرووپی هەڵسەنگاندن و ڕای خۆیان لەسەری دەدەن. لەو کاتـەی دوو ڕیزەکـەی لای دیوار بوونەتە دوو تیمی ڕکابەر و بیروڕای دژ بەیـەك دەدەن. یـان ڕای خۆیـان لەسەر ئەوەی مامۆستا ورووژاندوویەتی دەردەبڕن. لەم ڕێگەیەدا هەموو فێرخوازان بەشداری دەکەن و پێشبڕکێ دروست دەبێت، بەڵام ڕەنگە مامۆستا ئەو توانایەی بۆ دروستکردنی کەش و هەوایەکی گونجـاو و گفتوگـۆ نـەبێت و ئـەو بوێرییـەی کـە ڕێگەکە پێویستیەتی لە خۆیدا بەدی نەکات.

## 11. ڕێگەی پیادەکردنی کرداری

بریتیە لە نیشاندان و ئەنجامدانی نموونەیەك بە کردەوە لە پێش فێرخوازان پاشان دووبارە کردنـەوەی هـەمان ئـەو کـردارە لـە لایـەن ئەوانـەوە، وەك ئەنجامـدان و دروستکردنی بازنەیـەکی کارەبـایی، یـان چـاککردنەوە و هەڵوەشـاندنەوەی هـەر ئامێرێك، یان ئیشکردن و ئەنجامدانی کرداری هەیە.

## 12. ڕێگەی منداڵ بۆ منداڵ

زانیاری بە منداڵی زیرەك و بەتوانا دەدرێت تا ئەویش لای خۆیەوە لە پۆل یـان لەماڵەوە یان لە کتێبخانە بیداتە منداڵانی بچووك یان ئەوانەی ئاستی فێربوونیـان نزم و مام ناوەندییە، لەو کارەشدا مامۆسـتا ڕۆڵـی هانـدان دەگێڕێـت تـا وانـە و بابەتەکە باس بکەن. ئەمەش وا دەکات فێرخوازان بەشدارییان هەبێت و لە یـەکتر فێربن سوود لە داهێنان و پێکەوە کارکران ببینن.

## 13. ڕێگەی هاوتایی (مامۆستایەتی)

بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە مامۆستا فێرخوازی زیرەك و بـەتوانا دیـاری دەکـات کـە توانای وانە گوتنەوەی بۆ هاوپۆلەکانی لە پۆلدا هەیـە، تـا لـە جیـاتی مامۆسـتا بەشێك یان بابەتێك بڵێتەوە. ئەمەش وا دەکات فێرخواز باوەڕ بەخۆی پەیدا بکات

و بیرو ڕاکانی دەربڕبڕێت و داهێنانی هەبێت، فێرخوازانیش لەیەکدی فێربن. بەلاَم ئەم ڕێگەیە کاتی زۆری دەوێت و رەنگە فێرخوازی بەتوانا دەست نەکەوێت.

## 14. ڕێگەی لاساییکردنەوە و وانە گوتنەوە لەگەڵ مامۆستا

مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات بەدوای ئەو یان لەگەڵی بەدەنگی بەرز وشەیەك یان ڕستەیەك بە شێوەی گۆرانی یان بەئاواز بڵێنەوە و لاسایی بکەنەوە. لەم ڕێگەیەدا فێرخوازان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتەکە و چۆنیەتی گۆ کردن مەشق دەکەن.

## 15.ڕێگەی داڕشتن و توێژینەوە بە زارەکی و نووسین بە شێوەی کۆڕ

لەم ڕێگەیەدا سەری بابەت یان کلیلی داڕشتنەکە دەدرێتە فێرخوازان، ئینجا داوایان لێدەکرێت بابەتێك بنووسن کە پێشەکی و ناوەرۆك و کۆتایی هەبێت. ئەم ڕێگەیە لە زۆربەی وانەکانی زانستە مرۆییەکاندا بەکاردێت و کاریگەری باشی هەیە، شەرمی فێرخوازان دەشکێنێت، دواتر داوا لە فێرخوازێك دەکرێت لەبەردەم هاوپۆلەکانیدا بابەتەکەی بخوێنێتەوە، پاشان گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت و پرسیاری ئاراستە دەکرێت، پێشتریش فۆرمی هەڵسەنگاندن بە هەردوو شێوازی زارەکی و نووسین ئامادە کراوە. دەکرێت پۆل بکرێت بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەم ڕای ئەرێنی و بەشی دووەم ڕای نەرێنی و سێیەم بەش هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات و گفتوگۆیەکی ئازاد لە شێوەی کۆڕ و کۆنفراس دروست بکرێت، تا فێرخوازان بتوانن گرنگی بە زمان و کولتوور و هونەری قسەکردن بدەن و ئازادانە و بێ شەرم ڕای خۆیان دەربڕن.

## 16. ڕێگەی وانەبێژی

کۆنترین ڕێگەیە بۆ وانەگوتنەوە کە مامۆستا هەموو شتێك لە بارەی بابەتەکەوە باس دەکات و زانیارییەکان دەخاتە ڕوو، فێرخوازیش تەنیا گوێ دەگرێت. نابێت مامۆستای بەتوانا پشت بەم ڕێگەیە ببەستێت، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دەتوانێت لە پۆل کاری پێ بکات.

### 17. ڕێگەی فێربوون لەدوور

ئەم ڕێگەیە لەڕێی ناردنی نامیلکە، یان وەرگرتنی زانیاری بە هۆی ئینتەرنێت و هۆیەکانی دیکەوە ئەنجام دەدرێت، کە فێرخواز خۆی بابەتەکان وەردەگرێت و دواتر خۆی هەوڵی تێگەیشتن یان فێربوونیان دەدات کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و وانەگوتنەوە.

## کێشەکانی بەردەم پیادەکردنی ڕێگە هاوچەرخەکانی وانە گوتنەوە

کتێبەکە لە بارەی کێشەکانی پیادەکردنی ڕێگە هاوچەرخەکاندا باسی زۆر بەربەست دەکات کە دێنە ڕێی مامۆستایان، لەو کاتەی بیانەوێت کە بە یەکێك لەو ڕێگەیانە وانە بڵێنەوە و سوود بە فێرخوازان بگەیەنن و پرۆسەی خوێندن بەرەو پێش ببەن، یەکێك لەکێشەکانیش نەبوونی شوێنی گونجاوە بۆ ئەم کارە، هەروەها هەندێك جار باوەڕ نەبوونە لای هەندێك لە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری فێرگەکان و فێرخوازان و سەرپەرشتیارانی بواری پەروەردە بەم ڕێگەیانە، نەبوونی هۆیەکانی فێرکردن و تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ هاندان و پراکتیزەکردن و ڕاهێنانیش گرفتن لەبەردەم پیادە کردنیاندا، ڕەنگە کاتی پێویستیش بۆ پیادەکردنیان نەبێت و ژمارەی فێرخوازان لەپۆلدا زۆربن.

بەڵام هەموو ئەمانە چارەسەری گونجاویان بۆ هەیە و دەکرێت لەڕێی کۆمەڵێك هەنگاوەوە کاریگەرییان کەم بکرێتەوە وەك ئەنجامدانی کۆڕو سیمینارو مێزگردی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆو ڕۆژنامە و بەکارهێنانی گرووپی بچووك و ئاراستەکردنی پرسیاری واڵا و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست و هۆیەکانی فێرکردن و زیادکردنی ماوەی وانە گرتنەوە و بردنی فێرخوازان بۆ دەرەوەی پۆل، هەروەها بەهیمەتی مامۆستا و دڵسۆزی بۆ کارەکەو خۆشەویستی و ماندووبوونی ڕەنگە زۆر لەم بەربەستانە چارەسەر بکرێن.

کۆمەڵێك کێشەیش ڕووبەڕووی مامۆستا دەبنەوە وەك نەبوونی متمانە بەتوانای ئەوو دواکەوتنی فێرخوازن، یان نەهاتنیان بۆ پۆل، یان ئەنجامدانی هەندێك کردەوەی نەشیاو گاڵتە پێکردن، بوونی جیاوازی لە ئاستی فێرخوازان لەفێر بوون و قسەکردن و مشتومڕ و نەبوونی هاریکاری تەواو لەلایەن دایك و باوکانەوە لەبەشی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکاندا کتێبەکە باس لەوە دەکات کە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی ڕێك کە کاریگەری زۆری بۆ وانەکانی هەیە، تا بزانرێت ئامانجەکان پێکراوان یان، بەهای بەرنامەکە دیاری کراوە یان نا، هەروەها توانراوە پێداچوونەوە لەخاڵە سەرەکییەکان بکرێت و ئاستی فێربوونی فێرخوازان باشە یان نا، خاڵی لاواز لەکوێدایە، پرۆگرامەکان گونجاون بۆ فێرخوازان. لێرەدا ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ هەڵسەنگاندنێکی دروست بەکاردەهینرێت وەك:

- سەرنجدانی کردەوەکانی فێرخواز و تۆمارکردنیان.
- ئامادە بوونی ڕۆژانە و بەشداریکردن لەپرسیارو وەلامەکاندا.
- شیکردنەوەی کارە داهێنەرەکانی فێرخواز.
- هەڵسەنگاندنی فێرخوازان لەلایەن خۆیانەوە.

## 18. تاقیکردنەوەش جۆری زۆرە لەوانە

1.تاقیکردنەوەی تەکنیکراو.
2. تاقیکردنەوەی گوتاری.
3. بەڕێگەی تاقیکردنەوەی کێشەیەك.
4. تاقیکردنەوەی بابەتی: وەك (ڕاست و هەڵە)، تەواوکردن، جووتکردن
5. تاقیکردنەوەی وێنەیی.

**سەرچاوە: ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە**

# ڕابەریّ هاریکار
# بۆ مامۆستاییێن زمانیّ ئینگلیزی

ئا : ڕەشید تەیب

**پشکا هەشت و دوماهییّ :**
**ئەڤ بابەتە بەشەکە ژکتێبەکا ڕابەری هاریکار بۆ مامۆستاییێن زمانیّ ئینگلیزی، کو ژئالییّ مامۆستای پسپۆریّ زمانیّ ئینگلیزی ( ڕەشید تەیب )یڤە هاتبوو ئامادەکرن و، تەڤاڤیا ویّ وەکو ئەڵقە دیّ ل سەر ڕوو پەلێن ئەڤیّ گۆڤارێدا هێتە بەلاڤکرن... هەرچەندە ئەگەر وەکو دەق ژی کەموکوڕی هەبن لیّ وەکو ڕێکێن وانەگۆتنیّ کارەکیّ سەرنجڕاکێش و مفادارە.**

## Unit 18
## Lesson 3

**ئارمانج : گوتنا سترانەکیّ بو راهێن ل سەر گوتنا good bye راهێنان ل سەر دیفچووما هەمی پیتێت ئەلفو بێتکا**

**a,b,c زمانێ ب کار هاتی : good bye پیت هەل a z**

**تە پێویستی هەیە ب : فلاشکاردێت هەمی پیت و وشێت ئەلفو بیتکا**

**Activity Book 62 لاپەر Students Book Book**

**لاپەر 60 CDلێدان ژمارە / 71**

## Starter

*بێژە قوتابیان hello و قوتابی چاڤەدەن hello teacher

* بێژە تاك قوتابیا hello ناڤێت وان بێژە ئێك ئێکە

* ئەو قوتابی ئێك ئێکە چاڤەدەن hello teacher

*فلاش کاردا پیتەکێ بلندکە بێ لێگرتن بو نموونە d,t,o,p

*بێژە قوتابیان دەنگێ هەر پیتەکێ بێژن بونموونە: duck , tiger , orange

## Listen and sing

*بێژە قوتابیان students Book ڤەکەن لاپەر 62

*کتێبا خو بلندکە بێژە Look و ئیشارەت بدە وێنێ .

* بێژە قوتابیان زاروکێت وێنێ دا چ دکەن .

* بێژە قوتابیان دێ ئەو سرانەکێ بێژن

* بێژە Listen وcd لێدە ژمارە / 71

Good bye, good bye
Lets sing good bye
Good bye, good bye
Azad , Nana , good bye
Wave good bye
Good bye, good bye
Lets sing good bye
Good bye, good bye
Rose , Max, good bye
Wave good bye
Foxy , good bye

Foxy , good bye

*CD لێدەڤە بێژە قوتابیان دگەل CD بێژن .

* ڤێ چەندێ بکە چەند جارەکا .

* بێژە قوتابیان سترانێ بێژن ئەو بخو ( بێ ی CD)

## Activity Book
## Trace

*ێژە قوتابیان Activity Book ڤەکەن لاپەر 60

* کتێبا خو بلندکە بێژە Look و ئیشارەت بکە وێنێت بالونا .

* ئیشارەت بکە پیتێت ناف بالونادا .

* ئیشارەت بکە پیتێت ناف بالونەکێ دا .

* بێژە قوتابیان دەنگێ وان پیتێت ناف بالونێ دا بێژن بو نموونە : i,L

* هەمان تشت بکە بو هندەك بالونێت دی .

* ئیشارەت بکە تشتێت ناف بالونادا .

* بێژە قوتابیان ووشێت وان تشتا بێژن بو نموونە: ice cream, Iion

* هەمان تشت بکە بو هندەك بالونێت دی

* پولێ دابەشکە جوت جوتە .

* بێژە قوتابیەکی ئیشارەت بکەتە پیتێت ناف
بالونەکێ دا و دەنگێ وان پیتا بێژیت .

* بێژە قوتابییێن دی ئیشارەت بکەنە تشتێت ناف بالونێ دا و وشێت وان بێژن .

* بزفرە ناف پولێ دا و ببینەکا دروست دەنگ و ووشا دبێژن .

* بێژە قوتابیان کو ل دویف پیتێت بالونێ دا بچن ب قەلەمێت خو .

* ببینەکا ب دروستی ول جهێ دروست دەسپێدکەن .

* ببینە کا بزاڤێت پیتا بولایێ دروست دچن .

* ل دوماهیا وانێ بێژن good bye

* قوتابی چاڤەدەن good bye teacher

* بێژە هندەك قوتابیان good bye و ناڤێت وان بێژە

* بێژە قوتابی چاڤەدەن good bye teacher

**صندوق 19 پیتێت ل سەر ڕێزێ تێنە نڤیسین هندەك پیتێت زمانێ ئینگلیزی ل سەر تێنە نڤیسین :**
**a c e i m n o r s u v w x z**

## Revision 6

**ئارمانج : پێداچوونەك ل سەر هەمی پیتێت ئەلفو بێدکێت ئینگلیزی و وشێت ب ڤان پتا دەسپێدکەن . ل دیفجوونا هەمی پیتێت ئەلفو بێتکا .**

زمانێ بکار ئینای : پیتا هەل a تاکو z ووشێت دەسپێدکەن ب ڤان پیتا .

تە پێویستی هەیە ب: فلاشکاردێت هەمی پیتا و وشێت قوتابی فێربوین

students Book لاپەر 63 CD لێدان 71

Activity Book لاپەر 61 63

Starter

*بێژە hello قوتابی چاڤەدەن hello teacher

* فلاش کاردا بێ ترتیب ل سەر مێزێ بارا پیتا ل سەر ڤەبیت .

* بێژە قوتابیەکی come here ناڤێ وی بێژە

* بێژە وی قوتابی فلاشکاردا پیتەکێ بلندکەن بێ لێگرتن یان ناڤێ پیتێ بێژی

* بێژە قوتابیان دەنگێ وێ پیتێ بێژن بو نموونە e

* بێژە قوتابیان ووشا وێ پیتێ بێژن بو نموونە : egg

* بێژە قوتابی بەرێ فلاشکاردێ وەرگێرن دا ببینن کا ئەو دروستن .

* ڤێ چالاکیێ بکە دگەل گەلەك فلاشکاردا .

* بێژە قوتابیەکی دی بێتە نك سەبورێ و هەمان تشت بکەت .

Point and say

*قوتابی students Book ڤەکەن لاپەر 63

* کتێبا خو بلندکە بێژە Look و ئیشارەتێ بدە وێنێ .

* ئیشارەت بدە پیتەکێ ناف وێنێ دا بو نموونە : g
* بێژە قوتابیان دەنگێ وێ پیتێ بێژن .
* بێژە قوتابیان وی تشتی ببینەڤە ئەوێ دەسپێدکەت
ب وێ پیتێ بو نموونە : girl
* بێژە قوتابیان ووشا وێ پیتێ بێژن بو نموونە : girl
* هەمان تشت بکە بو هەمی پیت و تشتا .
* پولێ دابەشکە جوت جوتە .
* بێژە قوتابیەکی ئیشارەت بکەتە پیتەکێ و دەنگێ وێ پیتێ بێژیت .
* بێژە قوتابی یێ دی ئیشارەت بکەتە وی تشتێ ب وێ پیتێ دەسپێدکەت
ووشێ بێژیت.
* ناف پولێ بزڤرە و ببینە کا قوتابی پیت و ووشا دروستی دبێژن .
* بزانە کا ئەو بدروستی ئیشارە دکەنە تشتا .

Activity Book

Trace and say

*قوتابی Activity Book ڤەکەن لاپەر 61
* کتێبا خو بلندکە بێژە Look و ئیشارەت بکە وێنا و ووشا برەخ
هەر وێنەکێ.
* بێژە قوتابیان ل دویف پیتا ئێکێ بچن ل هەر ووشەکێ دا ب قەلەمی .
* ناف پولێ بزڤرە و ببینە کا قەلەمێت خو بدروستی دگرن و روینشتا وان یا
دروستە ول دویف پیتا بدروستی دچن ؟.
* بێژە قوتابیان ل دویف هەمی پیتا بچن .
* بێژە قوتابیەکی come here و ناڤێ وی بێژە .
* بێژە قوتابی کتێبا خو بلندکەت و ئیشارەت بکەتە وێنەکێ ووشا وێ
وێنێ بێژیت .
*هەمان تشت بکە دگەل هندەك قوتابییێت دی .
*پولێ دابەشکە جوت جوتە .
* بێژە قوتابیان بکەنە گەهـ و گوری و ئیشارەت بکەنە وێنا ووشا بێژن
* تأکید کە کا قوتابی ووشێت دروست دبێژن بو وێنا.

**Round up ( پێدا کرنەڤە ) لێگەریان**

*بێژە قوتابیان بەرێ خو بدەنە لاپەر 62 و 63 ل

## Activity Book

*كتێبا خو بلندكە بێژە Look و ئیشارەت بكە وێنەكێ كچكە ل چانو رەخا .
* بێژە قوتابیان ووشا تشتی بێژن و ب چ دەنگ دەسپێدكەت .
* بێژە قوتابیان تشتێ وەكی وی پەیدابكەن ناف وێنێ سەرەكی ( وێنێ مەزن )
* بەردەوام بە دگەل هندەك تشتێت دی
* ئیشارەت بكە ژمارەكێ بو نموونە : 6
* بێژە قوتابیان وێ ژمارێ بێژن بو نموونە six
* بێژە قوتابیان وان تشتا پەیدابكەن بو وێ ژمارێ بو نموونە
شەش سێف هەنە ناف وێنێ دا .
* پولێ دابەشكە جوت جوتە قوتابیەك ئیشارەت بكەتە وێنەكێ
كچكە یان ژمارەكێ .
* قوتابیەكێ دی ووشێ یان ژمارێ بێژیت و پەیدابكەت ناف وێنێ سەرەكی دا .
* ناف پولێ بزڤرە و تأكید كە كا قوتابی ڤی تشتی دبورستی دكەن .

## Listen and sing

*بێژە قوتابیان دێ ئەو سترانا good bye یا وانا بەری بێژن
* بێژە Listen
* CD لێدە ژمارە /71 و بێژە قوتابیان دگەل CD بێژن
* بێژە قوتابیان هەول بدەن سترانێ بێژن بێ ی CD
* ل دوماهیا وانێ بێژە good bye
* قوتابی چاڤەدەن good bye tracher
* بێژە good bye و ناڤێ هندەك قوتابیان بێژە
* ئەو قوتابی دبێژن good bye tracher

ـ كۆتایی ـ

# پرۆژەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

## ( هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حکوومەت لە کەرتی پەروەردەدا )

## ڕاپۆرتی گشتی

2012\6\30 -- 2\15

ئا : ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ*

**پێشەکی**

پەروەردە یەکێکە لە کەناڵە گرنگەکانی ئاراستەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگە بۆیە پەروەردە کەناڵی ئایندەسازی هەر کۆمەڵگەیەکە، لێرەوە کارکردن لەسەر کەرتی پەروەردەو هەڵسەنگاندنی زانستییانەی لە ڕەهەندی جۆراجۆرەوە بە ئامانجی گەشەپێدان و کردنی بە پەروەردەیەکی نموونەیی بەپێی ستانداردە تازە ئەکادیمیەکانی جیهان، هەوڵێکی ستراتیژی و پێداویستییەکی یەکجار گرنگی بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و مرۆڤسالار و مەدەنییە لە کوردستان.

لەم سۆنگەیەوە (ئەنستتیووتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) لە ماوەی ڕابوردوودا پرۆژەیەکی بەرفراوان و ستراتیجی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە بە پێی چەند پێوەرێکی زانستی و لە (3) ڕێگەوە ئەنجام دا کە ئەوانیش: چاوپێکەتن و دانشتن و گفتوگۆ لەگەڵ پسپۆڕان و لایەنی پێوەندیداردا بوو، هەروەها لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی بەرفراوان بە بەشداری( 1000 ) لایەنی پەروەردە لەمامۆستایان و پسپۆڕان و بەڕێوەبەر و بەرپرس و سەرپەرشتیارو توێژەرانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵێشیدا ڕاپرسییەکی بەرفراوان بۆ فێرخوازان کە (5000) هەزار

فێرخواز لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەشدارییان تێدا کردووە.
ئامانجی سەرەکی لەم پرۆژەیە خستنە ڕووی واقعی ڕەوشی پەروەرد و دەرخستنی کەموکوڕی و گرفتەکان و هەڵسەنگاندنی ڕادەی سەرکەوتنی سیستمی تازەی پەروەردەو شیوازی جێبەجێکردنی لە کوردستان و ژینگەکەی و لە هەمان کاتیشدا هەڵسەنگاندنی ئاستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لای لایەنە بەرپرسەکان لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی مەیدانی بەرفراوانەوە. لەپێناو هاندانی لایەنە پێوەندیدارەکان کە بە جدی و بەپلانی تۆکمەو ئەکادیمی و سەرتاپاگیر بۆ ڕیفۆرمی بەردەوام و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی پەروەردە لە کوردستان کاربکەن.
(ئەنستتیووتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) سەرەڕای ماندووبوون و ڕۆتینیاتی کارگێڕی و چەندین کۆسپ، هەوڵی داوە بەوپەڕی وردبینی و ئەمانەت و پرۆفیشناڵییەتەوە توێژینەوەو ڕاپرسییەکان ئەنجام بدات و دەرئەنجامەکان بخاتەڕوو.
ئەم پرۆژەیە بە سێ قۆناغ جێبەجێ کراوە:
**قۆناغی یەکەم:** ئامادەکرنی تیمێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە کە 10 توێژەر بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ڕاهێنانیان پێ کراوە.
**قۆناغی دووەم:** ڕاپرسییەکان و چاوپێکەوتنەکان لە ماوەی هەر سێ مانگی (4+5 +6) دا ئەنجام دراون.
**قۆناغی سێیەم :** دەرخستنی ئەنجامەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی و بلاوکردنەوەی بۆ ڕای گشتی و لایەنە پێوەندیدارەکان.
هیوادارین ئەم هەوڵە ببێتە ڕێبەرێکی بەسوود بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو لایەنانەش کە کار لە سەر گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە دەکەن تا لە کاتی پلاندانان بۆ ئایندەو پەرەپێدانی پەروەردە سوود لە زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە و دەرئەنجامەکانی ڕاپرسییەکان و پێشنیازو سەرەنجەکانی لایەنە پەروەردەییەکان وەربگیرێت.
لەخوارەوەش دەقی ئەنجامی هەردوو ڕاپرسیەکە لەگەڵ سەرەنج و هەڵسەنگاندنی لایەنە پەروەردییەکان و پێشنیازەکان بۆ گەشەپێدانی ڕەوشی پەروەردە لە کوردستان دەخەینە ڕوو.

**عەلی کەریم**
**سەرۆکی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ**

## نەخشەی ئەنجامدانی توێژینەوە

**پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان : هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك**
**( ناوەندی پارێزگەکان + قەزاکانی دەوروبەر )**

*دابەشکاری رێژەی بەشداربووانی لایەنەکانی پەروەردە لە لێکۆڵینەوەکەدا:
هەولێر : 400 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 250 بەشداربوو + قەزاکان : 150 بەشداربوو
سلێمانی : 400 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 250 بەشداربوو + قەزاکان : 150 بەشداربوو
دهۆك : 200 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 100 بەشداربوو + قەزاکان : 100 بەشداربوو
*دابەشکاری رێژەی بەشداربووانی فێرخوازان لە لێکۆڵینەوەکەدا:
هەولێر : 2000 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 1400 بەشداربوو + قەزاکان : 600 بەشداربوو
سلێمانی : 2000 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 1400 بەشداربوو + قەزاکان : 600 بەشداربوو
دهۆك : 1000 بەشداربوو : ناوەندی پارێزگە : 800 بەشداربوو + قەزاکان : 200 بەشداربوو

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی رەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

## ئەنجامی راپرسی بۆ مامۆستایان و لایەنەکانی پەروەردە

## سەرنج و هەڵسەنگاندنەکانیان

پارێزگەکانی : هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك
( ناوەندی پارێزگەکان + قەزاکانی دەوروبەر )

**تەمەن :**

| تەمەن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| 22 ـ 63 | 1000 | 100 % |

**ڕەگەز :**

| رەگەز | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| نێر | 662 | 66.2 % |
| مێ | 338 | 33.8 % |
| کۆی گشتی | 1000 | 100 % |

**ئاستی خوێندن :**

| ئاستی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەکالۆریۆس | 854 | 85.4 % |
| دبلۆم | 113 | 11.3 % |
| ماستەر | 8 | 0.8 % |
| ئامادەیی | 25 | 2.5 % |
| کۆی گشتی | 1000 | 100 % |

**پیشە :**

| پیشە | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| مامۆستا | 820 | 82 % |
| لایەنەکانی تر ( بەرپرسانی پەروەردە، سەرپەرشتیاران، بەڕێوەبەری فێرگە، توێژەرانی کۆمەڵایەتی ...) | 180 | 18 % |
| کۆی گشتی | 1000 | 100 % |

پ 1 : ئایا سیستمی ئێستەی خوێندن بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

| سیستمی ئێستای خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| سەرکەوتووبووە | 194 | % 19.4 |
| شکستی هێناوە | 444 | % 44.4 |
| تارادەیەك سەرکەوتووبووە | 254 | % 25.4 |
| نازانم | 108 | % 10.8 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

*** سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکەیە بوو:**

لایەنە پۆزەتیفەکانی ئەم سیستمە تازەیە :

1. ئەم سیستمە کارئاسانی بۆ بەردەوامبوونی فێرخوازان لە خویندن کردووە.
2. لە گەڵ هەموو کەموکوڕییەکاندا، ئەم سیستمە دەرفەتێکی باشی سەرکەوتن و فیربوونی راستەقینەی لە خویندندا بۆ فێرخوازان ڕەخساندووە.
3. لەڕووی زمانەوە ئەم سیستمە بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی سەرکەوتووە.

لایەنە نێگەتیڤەکان :

1. نەبوونی سیستمی سزاو پاداشت و بوونی گرفتی دابەشکردنی(30) نمرەکە.
2. نەبوونی پلانیکی تۆکمە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.
3. نەبوونی پێداویستییەکانی خویندن بە گشتی، بەتایبەت لە بواری پراکتیکیدا.
4. خراپی سیستمی تاقیکردنەوە و دانانی نمرەکان.
5. دەستتێوەردانی حزبی و زاڵبوونی ئەقڵی حزبایەتی بە سەر سەرجەم کارو بارەکانی پەروەردەدا.
6. لاوازی ئاست و ئەدای مامۆستاکان لە جێبەجێکردنی سیستمی تازەی خوێندن

لە کوردستان.

7. لاوازی سەرپەرشتیارەکان و شارەزانەبوونی تەواویان لە سیستمەکە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە.

پ 2 : لەکام بەشەی سیستمی تازەی خوێندن کێشەت هەیە؟

| کێشەی سیستمی تازە | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| فێرخوازان | 436 | % 43.6 |
| پرۆگرامی وانەکان | 251 | % 25.1 |
| ئیدارەی فێرگەکان | 100 | % 10 |
| شێوازی کۆکردنەوەی نمرەکان و دیاریکردنی ئاستی فێرخواز | 171 | % 17.1 |
| بەتاڵ | 42 | % 4.2 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە:**

1. نزمی ئاستی زانستی فێرخوازان .
2. زۆری ژمارەی فێرخوازان لە پۆلەکان لە هەموو قۆناغەکاندا.
3. کەمتەرخەمی و نەبوونی بەرپرسیاری لەلای فێرخوازان.
4. زۆری پرۆگرام و قورسی و بڵاوییان.
5. نەگەیشتنی پەرتووك لە کاتی خۆیداو جیاوازیکردن لە نێوان ناو سەنتەری شارەکان لەگەڵ دەوروبەر لەو ڕووەوە.
6. نەبوونی خولی پێویست بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بە سیستمە تازەکەو شێوازی جێبەجێکردنی.
7. نەبوونی پێداویستی بۆ گەیاندنی پرۆگرام وەك خۆی لەهەموو قۆناغەکان و بۆ هەموو ئاستەکان.
8. دەستێوەردانی حزب لە دانانی بەڕێوەبەرەکان و ئیدارەی فێرگەکان و نزمی

ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە بەڕێوەبەردنی کارەکان و فەرامۆشکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

9. زۆری نمرەی هەڵسەنگاندن و جیاکاری لەنێوان فێرخوازان لەسەر بنەمای نەگونجاو.

10. کەسانی لاواز و کەمتوانا لە پۆست و بەڕێوەبەرایەتییەکاندان.

پ 3 : کۆسپەکانی بەردەم سیستمی نوێی خوێندن لە چیدا دەبینیت؟

| کۆسپەکانی بەردەم سیستمی نوێی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| مامۆستاکان بە سیستمەکە ڕانەهاتوون و بەمەش ئەدایان لە ناوەڕۆکی سیستمەکە جیاوازە | 202 | % 20.2 |
| پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی سیستمەکە لەکادرو شوێنی پێویست و تاقیگەو هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە دابین نەکراوە | 471 | % 47.1 |
| تێنەگەیشتنی زۆرینەیەك و دژایەتیکردنی لەسەر بنەمای بێ ئاگایی | 45 | % 4.5 |
| بێباکی ناوەندەکانی تر لە کۆمەڵگە بەرانبەر سیستمەکە وەك کۆمەڵگەی مەدەنی ، زانکۆکان،میدیاکان | 93 | % 9.3 |
| شتێکی تر | 14 | % 1.4 |
| هەموویان | 162 | % 16.2 |
| بەتاڵ | 13 | % 1.3 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە:**

1. زۆری نمرەی هەڵسەنگاندن و جیاکاری لەنێوان فێرخوازان.

2. نەبوونی مامۆستای پسپۆر لە هەموو بوارەکان بەپێی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکە وەك خۆی بەسەرکەتوویی.

3. زەمینەسازی بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکە نەکراو ڕاستەوخۆ و بێ

زەمینەسازی مادی و زانستی جێبەجێ کرا.

4. کەمتەرخەمی مامۆستا بەهۆی گرفتی تایبەتی خۆی و قورسی باری ژیانی، بەتایبەتی لەسەرەتاکانی دامەزراندنیدا.

5. کەمتەرخەمی زانکۆ ودەزگەکانی ڕاگەیاندن کە هەرگیز پاڵپشتی لەسەر خستنی زانستییانەی سیستمەکە ناکەن.

6. نەگونجانی ئەم سیستمە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەدا.

پ 4: لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە ئایا هیچ پێشێلکارییەك لە فێرگاکەتدا هەیە؟

| پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە فێرگەدا | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 186 | % 18.6 |
| نەخێر | 479 | % 47.9 |
| تاڕادەیەك | 280 | % 28 |
| بەتاڵ | 55 | % 5.5 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئەوە کام لەم جۆرە پێشێلکارییانە هەیە :

| جۆری پێشێلکاری | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| لێدان و ئازاردانی جەستەیی | 2 | % 1 |
| توندوتیژی دەروونی وەك سووکایەتی کردن بەکەسایەتی | 59 | % 31.75 |
| جیاکاری کردن لەنێوان فێرخوازاندا لەسەر بنەمای نازانستی و نەگونجاو | 21 | % 11.25 |
| کادرو پێداویستی خوێندن و شوێنی گونجاو نییە بۆ خوێندن | 86 | % 46.25 |
| سەپاندنی ئادیۆلۆجیاو بیرێکی دیاریکراو | 18 | % 9.75 |
| کۆی گشتی | 186 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە:**
**حاڵەتەکانی پێشێلکاری لەم خاڵانەدا خۆیان دەنوێنن:**

1. سووکایەتی پێکردن و ڕێزنەگرتنی مامۆستا لەلایەن فێرخوازانەوە.
2. دەستوەردانی حزب لە کاروباری خوێندنگەو پشت ئەستووری هەندێك لەفێرخوازان بەحزبە دەسەڵاتدارەکانەوە.
3. سووکایەتی پێکردنی فێرخواز لەلایەن ئیدارەو مامۆستاوە.
4. جیاکاریکردن لەسەر بنەمای حزبی، هەم لەنێوان فێرخوازان و هەم لەنێوان مامۆستایاندا.
5. کەمی تەلاری فێرگەو نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەفێرگەکاندا. وەك هۆکارەکانی ساردکردنەوەو گەرم کردنەوە.

پ 5 : ئایا توندوتیژی لە فێرگەکەتدا هەیە ؟

| توندوتیژی لە فێرگە | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 243 | % 24.3 |
| نەخێر | 757 | % 75.7 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئەوە کێ سەرچاوەی ئەو توندوتیژیانەیە؟

| سەرچاوەکانی توندوتیژی | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| ئیدارەی فێرگە | 23 | % 9.5 |
| مامۆستاکان | 46 | % 19 |
| فێرخوازان | 90 | % 37 |
| لایەنێکی تر | 28 | % 11.5 |
| هەموویان | 56 | % 23 |
| کۆی گشتی | 243 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە:**
**حاڵەتەکانی توندوتیژی لەم خاڵانەدا خۆیان دەنوێنن:**

1. بەکارهێنانی توندوتیژی وەك چارەسەر بۆ زۆربەی گرفتەکان لە پرۆسەی خوێندندا لەلایەن مامۆستاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە.
2. زۆری ژمارەی فێرخوازان و نەبوونی توانای کۆنترۆڵنەکردنیان.
3. بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن فێرخواز دژ بە فێرخواز و دژ بە مامۆستا.
4. بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دایك و باوکانەوە دژ بەفێرخوازان.

پ 6 : ئایا دیموکراسی و شەفافیەت لە ئیدارەی ناوەندەکانی خوێندندا بەدی دەکەیت؟

| دیموکراسی و شەفافیەت لە ئیدارەی ناوەندەکانی خوێندندا | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 365 | % 36.5 |
| نەخێر | 266 | % 26.6 |
| تاڕادەیەك | 350 | % 35 |
| بەتاڵ | 19 | % 1.9 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

پ 7 : ئایا تا چ ڕادەیەك گرنگە ناوەندەکانی خوێندن دیموکراسییانە ئیدارەبکرێن؟

| گرنگی دیموکراسی لەئیدارەکردنی ناوەندەکانی خوێندندا | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| زۆر پێویستە | 559 | % 55.9 |
| تاڕادەیەك پێویستە | 369 | % 36.9 |
| پێویست نییە | 9 | % 0.9 |
| نازانم | 15 | % 1.5 |
| بەتاڵ | 48 | % 4.8 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە: یان بە پێویست دەزانرێت ناوەندەکانی خوێندن دیموکراسییانە بەڕێوە ببرێن لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. شکاندنی ترسی فێرخوازان و بەرزبوونەوەی ئاستی زانستییان.
2. دەرفەتی ئازادانە بۆ مامۆستایان فێرخوازان دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی بیروڕاکانیان دەربڕن.
3. نەمانی جیاوازی بەهۆی بیروڕای سیاسی لە نێوان فێرخوازاندا.
4. نەمانی جیاوازی بەهۆی بیروڕای سیاسی لە نێوان مامۆستایاندا.
5. بۆ ئەوەی شەفافیەت لە داهاتی فێرگەکاندا هەبێت.
6. بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان مامۆستاو فێرخواز دروست و مرۆڤانە بێت.

پ 8: ئایا ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردەو دامەزراوەکانی لەسەرخستنی سیستمی نوێی خوێندن چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

| ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردەو دامەزراوەکانی | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| زۆر باشە | 16 | % 1.6 |
| باشە | 228 | % 22.8 |
| خراپە | 379 | % 37.9 |
| زۆر خراپە | 327 | % 32.7 |
| نازانم | 50 | % 5 |
| کۆی گشتی | 1000 | % 100 |

**سەرنج و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەروەردە لەسەر ئەم تەوەرەیەی توێژینەوەکە: هەر سەرنج و تێبینییەکی دیکە :**

1. دابین نەکردنی پێداویستی بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکە وگەیاندنی.
2. بێ ئاگایی وەزارەتی پەروەردە لە ڕەوشی خوێندن و نەبوونی پێوەندی لەنێوان وەزارەت و ئیدارەو مامۆستا و فێرخوازدا.
3. نەبوونی پلان و خێرایی گۆڕینی بڕیارەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

4. نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا.
5. بوونی هەڵـە لـە پرۆگرامـی وانـەکان و نـەبوونی کەسـی پـسپۆر لـە بـواری پرۆگرامەکاندا.
6. نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان لایەنە جیاوازەکان.
7. هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ کێشەکان نییەو ڕای مامۆستایان و کـادیرانی مەیدانی بۆ چارەسەری کێشەکان و پەرەپێدانی سیستمەکە وەرناگیرێت.

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی
## رەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

**ئەنجامی راپرسی بۆ فێرخوازان**
**پارێزگەکانی : هەولێر، سلێمانی، دهۆک**
**( ناوەندی پارێزگەکان + قەزاکانی دەوروبەر )**

**تەمەن :**

| تەمەن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| 18-22 ساڵ | 5000 | % 100 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

**ڕەگەز :**

| ڕەگەز | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| نێر | 3814 | % 76.25 |
| مێ | 1186 | % 23.75 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

**ئاستی خوێندن :**

| ئاستی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| پۆلی 10 | 324 | % 6.5 |
| پۆلی 11 | 2012 | % 40.25 |
| پۆلی 12 | 2664 | % 53.25 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

پ1. ئایا سیستمی ئێستەی خوێندن بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

| سیستمی ئێستەی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| سەرکەوتوو بووە | 507 | % 10.1 |
| شکستی هێناوە | 2608 | % 52.2 |
| تاڕادەیك سەرکەوتوو بووە | 1670 | % 33.4 |
| نازانم | 215 | % 4.3 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

پ 2. لەکام بەشەی سیستمی تازەی خوێندندا کێشەت هەیە؟

| کێشەی سیستمی تازەی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| مامۆستاکان | 627 | % 12.5 |
| فێرخوازان | 508 | % 10.2 |
| پرۆگرامی وانەکان | 965 | % 19.3 |
| ئیدارەی فێرگە | 283 | % 5.7 |
| شێوازی کۆکردنەوەی نمرەکان و دیاریکردنی ئاستی فێرخواز | 2317 | % 46.3 |
| شتێکی تر | 64 | % 1.3 |
| هەموویان | 176 | % 3.5 |
| بەتاڵ | 60 | % 1.2 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

پ 3. کۆسپەکانی بەردەم سیستمی نوێی خوێندن لە چیدا دەبینیت؟

| کۆسپەکانی بەردەم سیستمی نوێی خوێندن | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| مامۆستاکان لەسەر سیستمەکە ڕانەهاتوون بەمەش ئەدایان لە ناوەرۆکی سیستمەکە جیاوازە | 14 05 | % 28.1 |
| پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی سیستمەکە دابین نەکراوە | 1825 | % 36.5 |
| تێنەگەیشتنی زۆرینەیەك و دژایەتیکردنی لەسەر بنەمای بێ ئاگایی | 295 | % 5.9 |
| بێ باکی ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە سیتەمەکە | 265 | % 5.3 |
| کۆسپێکی تر | 85 | % 1.7 |
| بەتاڵ | 275 | % 5.5 |
| هەموویان | 850 | % 17 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

پ4. لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە ئایا هیچ پێشێلکاری بەرانبەر بە مافەکانت هەیە لە فێرگەکەتدا ؟

| پێشێلکاری لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 1533 | % 30.7 |
| نەخێر | 1890 | % 37.8 |
| تاڕادەیەك | 1577 | % 31.5 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئەوە کام لەم جۆرە پێشێلکارییانە هەیە:

| ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| لێدان و ئازاردانی جەستەیی | 63 | % 4.1 |
| سووکایەتی کردن بەکەسایەتی | 82 | % 5.3 |
| جیاکاری کردن لەنێوان فێرخوازاندا لەسەر بنەمای نازانستی و نەگونجاو | 571 | % 37.2 |
| کادرو پێداویستی خوێندن و شوێنی گونجاو بۆ خوێندن نییە | 252 | % 16.4 |
| سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاو بیرۆکەی دیاریکراو | 18 | % 1.2 |
| هەموویان | 511 | % 33.5 |
| بەتاڵ | 36 | % 2.3 |
| کۆی گشتی | 1533 | % 100 |

پ5. ئایا توندوتیژی لە فێرگەکەتدا هەیە؟

| توندوتیژی | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| بەڵێ | 1992 | % 39.8 |
| نەخێر | 3008 | % 60.2 |
| کۆی گشتی | 5000 | % 100 |

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە :

| وەڵامی بەڵێ | ئەنجامەکان | |
|---|---|---|
| ئیدارەی فێرگە | 1092 | % 54.8 |
| مامۆستاکان | 514 | % 25.8 |
| فێرخوازان | 172 | % 8.6 |
| لایەنێکی دیکە | 12 | % 0.6 |
| هەموویان | 202 | % 10.2 |
| کۆی گشتی | 1992 | % 100 |

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بەرفراوانە بە پێویستی دەزانین کە ئەم کۆمەڵە پێشنیازو ڕاسپاردە پوخت و پراکتیکییە پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەو هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بکەین بە مەبەستی پێداچوونەوە و چاکسازی و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ڕەوشی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان:

1. وەزارەتی پەروەردە بە بەشداری لایەنە پێوەندیدارەکان و زانکۆکانی کوردستان و پسپۆرانی ناوخۆیی و بیانی دەست بە ئەنجامدانی چەندین کۆڕو کۆنفرانس و کۆبوونەوەی تایبەت و زانستی بکات، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە و سیستمی تازەی خوێندن و چۆنیەتی چاکسازی و پەرەپێدانی.

2. لەسەر بنەمای ئەم کۆڕو کۆنفرانسە زانستی و تایبەتانە وەزارەت بەهاوکاری لایەنە پێوەندیدارەکان ستراتیژیەتێکی نیشتمانی زانستی و ئامانج ڕوون بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و ڕیفۆرمی بەردەوام لەسیستمی پەروەدە لە کوردستان ڕەنگرێژ بکات.

3. پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری لایەنە پێوەندیدارەکان بەتایبەت

زانکۆکـان، دەزگەیـەکی تایبەتمەنـد بـۆ بەدواداچـوون و هەڵـسەنگاندنی ڕەوشـی پەروەردەو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی و هەمەلایەن بەشـێوەی دەوری (نیوسـاڵ، یان ساڵانە) دەربارەی ڕەوشی پەروەردەو سیستمی تازەی خوێندن و کێـشەکان و ڕێگە و میکیانیزمەکانی چارەسەرکردنی پێك بهێنێت.

4. پێویستە کار لەسەر هەر شـەش بەشـەکەی پـەروەدە بکرێـت بەیەکـەوە، تـا بەهاوسەنگی سیستمەکە بۆ پێشەوە بڕوات: مامۆستاکان، فێرخـوازان، پرۆگرامـی وانەکان، ئیدارەی پەروەدە، ژینگـەی فێرگـە بەهـەموو بەشـەکانیەوە، سیـستمی پەروەردە، واتە ئەوەی هەر پێنج ڕەگەزەکەی پێشەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

5. پێشنیاز دەکەین کە زانیاری و داتاکانی نـاو ئـەم توێژینەوەیـە و ڕاوسـەرنجی لایەنە بەشداربووەکان لە مامۆستایان و لایەنە پەروەردەییەکان و فێرخوازان بەهەند وەربگیرێت و کار لەسەر چارەسەری ئەو کێشانە بکرێـت کـە لـەم توێژینەوەیـەدا ئاماژەیان پێ دراوە، کە زۆربەی لایەنەکانی سیستمی خوێندن دەگرێتەوە.

***هەرێمی کوردستان ـ هەولێر/ ئەندازیاران**
**شەقامی 40 مەتری ـ ئۆفیسی گشتی (KIHR)**

# لەبارەی داڕشتنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ ڕاهێنان و مەشقکردنی مامۆستایانەوە

د. ئەحمەد قەرەنی*

ڕاهێنان و مەشق کردنی مامۆستایان تەوەرێکی گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنداو پێویستی بە بەرنامەڕێژییەکی تۆکمە هەیە، کە هەردوو لایەنی پێش خزمەت و لەکاتی خزمەتکردندا دەگرێتەوە. بۆیە کارکردن بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەم مەبەستە پێویستی بە پلاندانانێکی دوو لایەنەیە، هەر پلانێکیش پتر لەلایەنێك بگرێتەوەو لەجێبەجێکردنیشدا بە چەند قۆناغێکدا تێبپەڕێت دەکەوێتە نێو قاڵبی بەرنامەیەکی ستراتیژی و دەبێت لەسەر ئاستێکی باڵا بنەما و پێوەندییەکانی پتەو بکرێن. لەم ڕووەوە ڕاهێنان و مەشقکردنی مامۆستایان بە ئەڵقەیەکی هەرە سەرەکی دادەنرێت کە هەردوو لایەنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ژینگەی قوتابخانەی تەندروست پێکەوە دەبەسترێت.

لە داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی ئاوا گرنگ و گشتگیر کە هەردوو لایەنی ڕاهێنان و مەشقکردنی پێش و پاش خزمەتکردن بگرێتەوەو لەهەمانکاتیشدا لە هەموو کارەکانی دیکەی پرۆسەی پەروەردەدا چەقی ناوەند بێت. ئەوە دەکەوێتە نێو پلانە ستراتیژیەکانی نیشتمانی کە ئێستە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم بە پەرۆشەوە کار لەسەر ئەو تەوەرە دەکات.

لەسەروبەندی بەجێگەیاندنی پلانێکی لەم جۆرەیشدا بەپێویستی دەزانین ئەم چەند تێبینییانە بخەینە ڕوو:

1- دەستنیشانکردنی ئەو ڕکابەریانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم لێهاتوویی و کارامەیی مامۆستایانی ڕاهاتوو بە گشتی و مامۆستایانی ڕانەهاتوو بەتایبەتی و لەسەر هەموو ئاستەکانی ئامادەکردنیان، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کورتیان بکەینەوە، وەکو:

ئا- لێکترازانی پەیڕەی فێرکردن بە تایبەتی لەنێوان قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی کە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمدا ژمارەیان هاوسەنگ نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵێکی ئامادەنەکراو دەخرێتە بەردەم ئەزموونی مامۆستایان و کارێکی سەلبی دەکاتە سەر پرەنسیپەکانی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان.

ب ـ کەموکوڕی پێداویستییەکانی پۆلی خوێندن، یان نەبوونی تاقیگەکانی زانستی لە قوتابخانەکەدا، ئەمەش لە دوو لایەنەوە زیان بە ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستا دەگەیەنێت. لە لایەکەوە هاوئاهەنگی لەنێوان ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبی پرۆگرامی خوێندن و چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکە تێکدەچێت و، لە لایەکی دیکەوە مامۆستا ناچار دەبێت شێوازی وانەگوتنەوەی بەرەو شێوازی تیۆری ببات و تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەنی پراکتیکی دوور بکەوتەوە.

پ ـ باری ئابووری زۆربەی خێزان و تەنانەت بژێوی ژیانی مامۆستایانیش لە ئاستێکی باشدا نییە، کە ڕاستەوخۆ کار لە پابەندبوونی قوتابی بە خوێندنەوەو، هەروەها حاڵەتی دەروونی مامۆستانیش لەنێو پۆلدا بکات.

2- هەماهەنگی لەنێوان بەرنامەی خولەکانی ڕاهێنان و مەشق کردنی مامۆستایان لەگەڵ ستراتیژیەتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتدا هەبێت، بۆ ئەوەی وەکو دوو هێڵی هاوتەریب و لەسەر یەك ڕێبازدا تەواوکاری یەکتر بن. بۆ نموونە پێوەندییەکی تەکنیکی و ئەپستمۆلۆژی لەنێوان پرۆگرامەکانی کۆلێژو پەیمانگەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان و پرۆگرامەکانی خوێندنی پەیڕەوکراو لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا هەبێت و، ئەو بۆشاییەی لە نێوانیاندا هەیە کەم بکرێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە مامۆستا وا هەست بکات، کە ئەوەی بە شێوەی تیۆری لە کۆلێژ و پەیمانگەکان دەخوێنێت، بنەماییەکی یارمەتیدەرە بۆ شێوازی وانەگوتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل و، بە پراکتیکی ئەزموونەکەی دەوڵەمەندتر دەکات.

3- هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەدای مامۆستا بەپێی پێوەرێك بێت، كە لەگەڵ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی ئیستراتیژیەتی پەروەردەیی یەكتر بگرنەوە. ئەمەش پێویستی بە میكانیزمێكی ورد هەیە، كە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو یەكەی سەرپەرشتیارییەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی خاڵە باشەكانی ڕاهێنانی پێشتر بەهێزتر بكرێن و خاڵە لاوازەكانیش چارەسەر بكرێن. لە هەردوو حاڵەتیشدا خاڵە لاوازەكان و خاڵە بەهێزەكان كۆبكرێنەوەو وەكو سەرچاوە لە بەرنامەكانی داهاتوودا سوودی لێ وەربگیرێت.
4- پێوەری هەڵسەنگاندنی مامۆستایان، تەنیا دەزگە پەروەردەییەكانی سەرەوە نەبن، بەڵكو ڕاو بۆچوونی قوتابیانیش بەهەند وەربگیرێت، بە تایبەتی لە توانای مامۆستا لە سەرنجڕاكێشانی قوتابیان بۆ وانەكەی و خۆشەویستكردنی قوتابخانە لایان. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك ڕێنمایی پەروەردەیی و بە شێوەیەكی زانستی دەربچن، كە دەنگی قوتابی كاریگەری خۆی هەبێت و، لە هەمان كاتیشدا ئەو ڕاپرسییە كار لە ئاست و پلە و پایەی مامۆستا نەكات.
5- ڕاهێنانی ئەو قوتابیانەی بۆ پیشەی مامۆستایەتی ئامادە دەكرێن، یان ئەو مامۆستایانەی لە كاتی خزمەتكردندا بەشداری لە خولەكاندا دەكەن، بەرنامەیەكی هاوبەش و تا ڕادەیەكی زۆر تەواوكاری یەكدی بن، بۆ ئەوەی مەسافەیەكی زۆر لە نێوان زانیارییەكانی مامۆستای نوێ دەرچوو و مامۆستای خاوەن خزمەتدا دروست نەبێت. لێرەدا خاڵێكی بنەڕەتی دێتە پێشەوە كە بەپێی پێویست ناوەناوە خولەكانی مامۆستایانی پێش خزمەت لەگەڵ خولەكانی مامۆستایانی لە خزمەتدان لێك بدرێنەوە، بۆ ئەوەی كەلێنێكی پیشەیی لە نێوان هەردوو لایەندا دروست نەبێت.
6- ئامارێكی گشتی بە ژمارەی سەرجەم مامۆستایان ئەنجام بدرێت، كە بەپێی بڕوانامەی دەرچوونیان پۆلێن بكرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:
ئا- دەرچووانی ئامادەیی + خولی شیاندنی (3) یان (6) مانگی.
ب - = پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان.
پ - = پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان.
ج - = كۆلێژەكانی پشتیوانكراو (الكليات المساندە) + خولی ڕاهێنان.
چ - = كۆلێژی پەروەردە ( بنیات ، پەروەردە زانستییەكان، زانستە مرۆڤایەتییەكان).

د ـ هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا ( دبلۆمی باڵا، ماجستێر، دکتۆرا).
بۆ هەر یەك لەم کۆمەڵانەی سەرەوە بەرنامەیەکی ڕاهێنانی تایبەت دابنرێت، کە بە پێی پسپۆری و شوێنی کارکردنیان سوودمەند بێت. بۆ ئەوەی کارامەیی و شیاندنی هەموو مامۆستایان بگەیەنرێتە ئاستێکی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە گشتییەکاندا کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەکرێت، هەروەها لە زۆر لایەنەوە پشت بە تەکنۆلۆژیای پەروەردەیی دەبەستێت.
7- دەستکاری لە پەیکەربەندی دەزگەکانی ڕاهێنان و مەشق کردن بکرێت، بەشێوەیەك کە بەپێی پێگەی جوگرافی و دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی و دەزگەکانی پەروەردەیی ڕێك بخرێنەوە. بۆ نموونە پلاندانان و داڕشتنی کارە تەکنیکییەکان لە دیوانی وەزارەت بێت. لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگەکانیشدا پەیمانگەی باڵا هەبن بۆ پێگەیاندنی ڕاهێنەری ماستەر، لە پەروەردەی قەزاکانیش سەنتەرێکی ڕاهێنان و مەشق کردن هەبێت. ئیجابیاتی ئەم سیستمەیش ئەوەیە، کە:
ئا- دەستنیشان کردنی مامۆستایان بۆ بەشداری پێکردن لە خولەکان ئاسان دەبێت، چونکە هەر ب. پەروەردەی قەزایەك زیاتر زانیاری و شارەزایی لە ژمارەو ئاستی مامۆستایانی سنووری خۆی هەیە.
ب ـ لەڕووی کارگێڕییەوە باشتر دەبێت، چونکە هاتوچووی مامۆستایان ئاسانتری لێ دێت و، بەشداربوونیشیان مسۆگەرو بێ گرێتر دەبێت، تەنانەت مەسرووفاتی خولەکانیش کەمتر ڕادەوەستێت.
پ ـ کار لە دەوامی مامۆستا ناکات و، بۆشایی لە میلاکی قوتابخانەکانیشدا دروست نابێت، بە تایبەتی ئەگەر خولەکە لەناکاو بوو، لە میانی ڕۆژانی ساڵی خوێندندا ڕێك بخرێت.
8- مەبەست لە پشووی هاوین، دابڕان لە پرۆسەی پەروەردە نییە، بەڵکو دەکرێت لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی دەرەوەی وانەگوتنەوە بە مامۆستا بسپێررێت، بۆ ئەوەی کارامەیی لە پیشەکەیدا بنوێنێت و ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەردەوام تامەزرووی ڕاهێنان و فێربوون بێت، لە وانە:
ئا- بەشداربوون لە خولەکانی ڕاهێنان.
ب ـ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی یانەکانی قوتابخانە بە تایبەتی ئەوانەی لەڕووی زانستی و هونەری و وەرزشییەوە بایەخ بە لایەنی داهێنان و بەهرەی قوتابیان دەدەن.

پ ـ کاری خۆبەخش لە ژینگەی کۆمەڵایەتی پێگەی جوگرافی قوتابخانەکەیدا، کە تەواوکەری کارەکانی لیژنەی دایکان و باوکانی بێت. ئەمەش وا دەکات کە قوتابخانە ببێتە سەنتەرێکی شارستانی بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان و هاندانیان بۆ کاری هەرەوەزی و بیرکردنەوەی دەستەجەمعی هاوبەش و پابەندبوون بە یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵ.
ج ـ بەشداربوون لە گەشتی زانستی چ لە ناوەوە، یان لە دەرەوەی وڵات بێت، بۆ ئەوەی بازنەی بیرکردنەوەی مامۆستایان فراوانتر بێت و لە نزیکەوە ئاشنای سەرچاوەی زانیارییەکانیش بن.
9- دەبێت جەخت لەسەر ئاست و کارامەیی ئەو مامۆستایانەیش بکرێت، کە خولەکانی ڕاهێنان و مەشق کردن بەڕێوەدەبن و وانە دەڵێنەوە، ئەوانیش بەشداری لە خولەکانی ڕاهێنەری ماستەردا بکەن، یان بەشداری لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی تایبەت بە پەرەسەندنی فێربوون و فێرکردندا بکەن. هەروەها پرۆگرامی خوێندنی خولەکانیش بەردەوام نوێ بکرێنەوە.
لە ئەنجامی خستنەڕووی ئەم خاڵای سەرەوەدا، گرنگی ڕاهێنان و مەشق کردن دەردەکەوێت، کە چ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی بنەماکانی پیشەیی و کارامەیی مامۆستادا هەیە. بۆیە لە هەر شوێن و کاتێدا کەسایەتی پیشەیی مامۆستا چەقی بنەڕەتییە، کە هەموو لایەنەکانی دیکەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن هاوسەنگ دەکات.

***ڕاوێژکار لە دیوانی وەزارەت**

## لە بەرهەمی قوتابخانەکانی کوردستان

# نێرگزەکانی قەڵات

## ئەفسانەو هەقایەتی کوردی

**خستنەڕوو: پەروەردەو فێرکردن**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە پەرتووکێکی سەد لاپەڕەیی قەوارە مامناوەندییە ژمارەیەك لە قوتابیانی کۆلێژی قەڵا بۆ بەهرەداران بەسەرپەرشتی و ڕێکخستنی مامۆستا (حوسێن سابیر عەلی) مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی قەڵا بۆ بەهرەداران ناوەڕۆکەکەیان کۆکردووەتەوەو ساڵی 2010 لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە.

سەرەتا مامۆستا (ئامانج خزر میراودەلی) بەڕێوەبەری کۆلێژی قەڵا بۆ بەهرەداران لە دەستپێکێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە پێناوی پێشخستن و برەودان بە توانای قوتابیانی بەهرەدارو هەوڵدان بۆ دەرخستنی بەهرە شاراوەکانیان کۆلێژەکەیان بە تینێکی زانستی و ئەدەبیانە هەوڵی داوە هانی قوتابییەکان بدات کە بابەتی زانستی و ئەدەبی سنووری وانە بڕیار لەسەر دراوەکان کۆبکەنەوە.

جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کتێبی نێرگزەکانی قەڵات بیرۆکەیەکی بچووك بوو، تەنیا لە چوارچێوەی وانەکانی زمانی کوردیدا بوو کەرەستەکانی لەلایەن قوتابیانەوە کۆکرایەوەو مامۆستای زمانی کوردییش بە شێوەیەکی زانستییانە سەرپەرشتی کردو دەرکەوت کە قوتابیان کارێکی دڵسۆزانەیان ئەنجام

داوەو لەسەر پێشنیازی مامۆستای زمانی کوردی بەپەسند زانرا بیرۆکەو پرۆژەکە بکرێتە سەرەتایەك بۆ پرۆژەکانی داهاتوو. ئاماژەیش بەوە دەکات کە بەپەسند زانرا ئەم پرۆژەیە چاپ بکرێت بۆیە لە دوو تویێی ئەم پەرتووکەدا کەوتووەتە بەردەستی خوێنەر.

هاوکات مامۆستا حوسێن سابیر عەلی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژەکە لە وتەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی سامانێکی دەوڵەمەندو ڕەسەنی نەتەوەی کوردەو دیرۆکی کۆن و دوورودرێژی وڵات و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان دەگێڕێتەوە کە بەسەر نەتەوەکەمان هاتوون. جەخت لەسەر ئەوەیش دەکاتەوە کە لەناو ئەم ئەدەبەدا چەندین بەرهەمی فۆلکلۆری هەن دەشێن لەڕیزی بەرهەمە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکانی مرۆڤایەتی دابنرێن. پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە ئەفسانەو حەقایەت و داستان و گۆرانی فۆلکلۆری و شیعری فۆلکلۆری و پەندو مەتەڵ و گاڵتەو گەپ و شتی دیکە پێکدێت و ئەم پەرتووکەیش بەرهەمی ئەفسانەو حەقایەتی کوردی لەخۆ دەگرێت.

پاشان بە پشت بەستن بە کتێب و سەرچاوەی تایبەت بە فۆلکلۆر پێناسەی ئەفسانەو حەقایەت دەکات و جیاوازی نێوان هەردووکیان دەخاتە ڕوو، تیشکیش دەخاتە سەر بیرۆکەی پرۆژەکەو قسە لەبارەی کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری دەکات و زمانی ئەفسانەو حەقایەتەکان شی دەکاتەوە.

ئاماژە بەوە دەکات کە ئەفسانە ژانرێکی گرنگ و سەرەکی ئەدەبی فۆلکلۆرییەو لە ڕووی کات و پەیدابوونەوە زۆر کۆنەو لە فۆلکلۆری گەلاندا بە بەشێکی کۆن دادەنرێت و سەرەتای پەیدابوونی بۆ سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆیە مرۆڤ لەو سەردەمە کۆنەدا هەوڵی داوە لەچوارچێوەی ئەفسانەدا ڕووداوەکانی دەوروبەر شی بکاتەوە. شیکردنەوەکەیش لەسەر بنەمای زانستی نەبووە بەڵکو پتر پشت بە خەیاڵی لەناکاو دەبەستێت. بەرهەمی ئەفسانەیش ئەگەرچی لە ڕەگەزو ڕووداوی واقیعی خاڵی نییە بەڵام کرۆکی ئەفسانە هێزی ڕووداوی خەیاڵی و نائاساییە. بۆیە زۆربەی ئەو ڕووداوانەی ناو ئەفسانە ئەستەمە لە ژیانی واقیعیدا ڕووبدەن. زۆربەی ئەو کارو کردەوانەی پاڵەوانانی ناو ئەفسانە ئەنجامیان دەدەن هیچ کۆت و بەندێکی کات و شوێن و توانستی فیزیکی بەریان لێ ناگرن و ئەستەمە لە

ژیانی ڕۆژانەدا لەوێنەیان ڕوودات. بۆیە لە ئەفسانەدا دەشێت هەموو شتێك ڕوودات.

کاتێك باسی حەقایەت دەکات بە یەکێك لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری دەژمێرێت کە سەر بە کۆمەڵە گشتییەکەی چیرۆکەو خاوەن بنیاتێکی گێڕانەوەیە و کۆمەڵێك ڕووداو لەخۆ دەگرێت کە لەچوارچێوەی گرێیەك، یان گرێچنێکی دیاریکراودا دەخولێتەوە. هاوکات دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی حەقایەت کارێکی ئاسان نییە. مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ڕەنگە سەرەتای بۆ پێش زایین بگەڕێتەوەو بە درێژایی ماوەی سەرهەڵدانیشی بنەماو پێکهاتەو ناوەرۆکی خۆی پاراستووەو لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو تا ئێستەیش ڕەنگ و بۆنی ڕەسەنی خۆی لەدەست نەداوە.

سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئەفسانەو هەقایەتیش دەڵێت چەند جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەیە لەوانەیش ئەفسانە لە هەقایەت کۆنترەو بەرهەمی سەرەتای ژیانی مرۆڤە بەڵام هەقایەت بەرهەمی قۆناغەکانی دواتری مرۆڤە کە زۆر لە سەردەمی ئەفسانە پێشکەوتووترەو کەرەستەی ئەفسانە لە خەیاڵ و پڕوپووچەوە وەرگیراوە بەڵام کەرەستەی چیرۆك (هەقایەت) لە ژیانەوە وەردەگیرێت و هەندێك جاریش لە ڕووی خەیاڵەوە چیرۆکیش دەچێتەوە سەر ئەفسانە ئەگەرچی خەیاڵەکەی چیرۆك (هەقایەت) زۆر لە ژیان دوور ناکەوێتەوە.

لە ڕووی کات و شوێنیشەوە لە بەرهەمی ئەفسانەییدا سنوور بەزێنن و هیچ چوارچێوەیەکی سروشتی و فیزیکی نایانبەستێتەوە. بەڵام لە هەقایەتدا هەردوو یەکەکە بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەکەون و هیچ بازدان و جێگۆڕکێیەکی نائاساییان لێ نابڕێت.

بیرۆکەی پرۆژەکەیش بۆ مانگی ئاداری 2009 دەگێڕێتەوە کاتێك لە کۆلێژەکە دەست بەکار بووەو پێی باش بووە لەگەڵ قوتابیاندا کارێك بکەن بە هەردوو لا بکرێت. ئەویش داوای لەقوتابیانی پۆلی هەشت کرد هەر یەکەو ئەفسانەیەك، یان هەقایەتێك لە کەسە نزیکەکانی خۆیان کۆبکەنەوە، یان وەربگرن و چەند قوتابییەك کارەکەیان کردو هەر هەفتەو دوو قوتابی بەرهەمەکەیان لە پۆلدا دەخوێندەوەو ناوەرۆك و واتاو مەبەستی بەرهەمەکە شی دەکرایەوە. بۆ ساڵی خوێندنی 2009 ـ 2010 قوتابیانی پۆلی حەوت بوونە پۆلی هەشت و هەشتەکانیش بوونە نۆو

داوای لەوانیش کرد ئەفسانەو هەقایەت کۆبکەنەوە، ئەوانیش کارێکی باشیان کرد بۆیە بیرۆکەی خوێندنەوەیان لەناو پۆلدا بۆ چاپ کردن گۆڕا، مەبەستی ئەوەیش ئەوەبوو کە ڕوانگەی قوتابییان لە خوێندنەوەوە بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردن و نووسینی بەرهەم بگۆڕێت.

هەقایەتەکانیش بریتین لە: ئازایەتی ژن و پیاو: کۆکردنەوەی باخان جەعفەر، ئاشەوان: کۆکردنەوەی عەبدولڕەحمان ئیبراهیم، ئەحمەدۆکەو فاتمۆکە: کۆکردنەوەی هێدی وەلی، ئەو پاشایەی بووە مەیتەر: کۆکردنەوەی سۆز فارووق، بزنی ئازاد کراو: کۆکردنەوەی یارا محەمەد، بوویە پارێزگار، بەڵام نەبوویە پیاو: کۆکردنەوەی ئاسکە عەلی، جەژنی شەڕە ئاو: کۆکردنەوەی ڕۆژ مستەفا، حەسەن ترسنۆك: کۆکردنەوەی سوبحانی ئەیووب، ڕێوی و قافرەی حوشتران: کۆکردنەوەی ڕەگەز جەوهەر، سەپان و گۆزەکەی: کۆکردنەوەی محەمەد شەهاب، سەرمەند: کۆکردنەوەی حەنان هادی، سورمێ و خورشید: کۆکردنەوەی دارا دڵشاد، سێ کۆسەکە: کۆکردنەوەی ڕەگەز جەوهەر، شازێ: کۆکردنەوەی حەنان هادی، شێرو مرۆڤ: کۆکردنەوەی شوان سیروان، فاتۆکە: کۆکردنەوەی سۆما ڕۆستەم، فەرەج: کۆکردنەوەی ساوین سامان، قادری ژەهر خواردووی و دێو خواردوو : کۆکردنەوەی مازن هەیاس، کاسەی دار: کۆکردنەوەی ئاسکە عەلی، کەچەری ڕووڕەش: کۆکردنەوەی عەلی سەرمەد، کەری دوێنێ و شێری ئەمڕۆ: کۆکردنەوەی غەسان فارس، مەلیك محەمەد : کۆکردنەوەی زەردەشت جەمشید، یەختیارەك گورگ خواردوویەتی و باوکیشم دیار نییە: کۆکردنەوەی یارا محەمەد.

کۆکردنەوەی ئەو چیرۆك و حەقایەتە فۆلکلۆریانەو چاپکردنیان لە دوو توێی ئەو پەرتووکەدا لە سینگی ئەو کەسانەی ئەزبەریان کردوون دەردەهێنێت و لە بزربوون و فەوتان ڕزگاریان دەکات و کەلێنێکی دیکە لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە و خوێنەرانیش سوودی لێ وەردەگرن، ئەو چیرۆك و حەقایەتانەیش مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەخۆدەگرن و مرۆڤ فێری پەندو ئامۆژگاری دەکەن و هەندێك لەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕنەوە کە زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوویان داوەو بوونەتە جێی پەندو ئامۆژگاری.

# پرۆسەی خوێندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان

ئا: پەروەردە و فێرکردن

## پێشەکی

بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان کەرتی تایبەت دەتوانێت باخچەی ساوایان و فێرگەی ئەهلی دامەزرێنێت، ئەوەیش بەپێی مادە هەژدەی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە دەقەکەی دەڵێت: (فێرگەیەکی ئەهلی یان بیانی یان باخچەی ساوایان دانامەزرێنرێت یان دروست ناکرێت، تەنیا بە مۆڵەتێکی نووسراو نەبێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە وەزارەت دەستنیشانیان دەکات و لە کاتی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی فێرگەکەدا دەبێت بوونی ئەو مەرجانە ڕەچاوبکرێت کە لەو سیستم و ڕێنماییانەدا دەستنیشان کراون کە وەزارەت لەو بارەوە دەریاندەکات).

لێرەوە دەردەکەوێت کە فێرگەی ئەهلی بەپێی مەرج دادەمەزرێت و وەزارەتی پەروەردە لە چوارچێوەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتەوە بە شێوەیەکی دەوری سەرپەرشتیی ئەو فێرگانە دەکات. ئەو شتەیش پاڵ بە دامەزرێنەرانەوە دەنێت دەستپێشخەری بکەن و ئەم فێرگانە دابمەزرێنن خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بکەن و بە دوای قازانجیشدا بگەڕێن، بۆیە ژینگەی گونجاوی ئەو دوو فاکتەرەیش

سەقامگیری سیاسی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەرچاوو بووژانـەوەی ئابوورییـە، ئەوەیش لە هەرێم دوای ساڵی 2000 هاتە ئاراوە، بۆیە بـە پێـی جیـاوازی ئـەو ماوەیە، دەبینین کە بەشداری کردنی کۆمـەڵی مـەدەنی لـە پەرەپێـدانی پرۆسـەی فێرکردن لە هەرێم بە شێوەیەکی باشتر بووژایەوە، چونکە لە هـەر سـێ پارێزگـەی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) پتر لە (45) فێرگەو پەیمانگەو نزیکەی (92) باخچەی ساوایانی ئەهلی هـەن و زۆریـشیان فێرگـەی سەرتاسـەرین و دەوامیـان تێـدا لـە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات و تا ئامادەیی بەردەوام دەبێت.

## بنەما تەکنیکییەکانی فێرگە ئەهلییەکان

خەسڵەتەکانی ئەم فێرگانەیش کە یارمەتی ئەوەی داوان ڕوویان تێ بکرێت، بریتین لە:

1. وەزارەتی پەروەردە کرێی خوێندنی فێرخوازان لەم فێرگە ئەهلییانە دەستنیشان دەکات پاش لێکۆڵینەوەی داواکـاری لایـەنی بەرانبـەر لـە ڕووی جـۆرو شـوێن و خەسڵەتەکانی فێرگەکەو مەودای گونجـاوی لەگـەڵ ژینگـەی فێرکـردن و قۆنـاغی خوێندن تێیاندا. بۆ نموونە کرێی تۆمارکردن لە فێرگەی نێودەوڵـەتی شـویفات کـە سیستمێکی پێشکەوتووی جیهانی هەیە ($3500)ە، لە کاتێکـدا لـە فێرگـەی ئەتلەس ـ هەولێر (1000000) یـەك ملیـۆن دینـاری عیراقییـە، کـە دەکاتـە ($830)، هاوکات وەزارەت چاودێری دەوامی ڕۆژانـە دەکـات کـە بەشـێکە لـە سەرپەرشتی و چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام.

2. بایەخ بە ژینگەی فێرکردن دەدات هەر لە دەسـتەبەرکردنی پێداویـستییەکان و هۆکارە یاریدەدەرەکانی فێرکردنەوە بگرە وەك تاقیگەو تەکنەلۆژیای نوێی فێرکردن و گۆڕەپان و کافیتیریـاو هۆکارەکـانی گواسـتنەوە، تـا دەگاتـە پێداویـستییەکانی فێرخوازان وەك ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو ساردی و گـەرمی و ڕوونـاکی و تـەختی پشووبەخش بۆ دانیشتن.

3. پەیوەندی پۆزەتیڤانەی نێوان بەڕێوەبەرایەتی فێرگەو دایك و باوکـانی فێرخـوازان بە هۆی کۆبوونەوەی وەرزی و نامە ناردن لە ڕێگەی پۆستەو سەردانەوە.

4. کەسانێکی فێرکاری کارامە هەڵدەبژێرێت، کە بتوانن شێوازی نوێی فێرکردن بەکاربهێنن کارێکی وا بکەن فێرخواز ببێتە تەوەری پرۆسەی پەروەردە کردن، ئەمەیش وا دەکات فێرخواز حەز لە فێرگەکە بکات و ئارەزووی بۆ درێژەدان بە خوێندن لەو فێرگەیەدا پتر دەکات.
5. فێرگە ئەهلییەکان هەمان پرۆگرامی پێڕەوکراوی فێرگە حکوومییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەو زمانە ئازادن وانەی پێ دەگوترێتەوە، بۆیە پێویستە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی هەرێم وەربگێڕن و بە خۆڕایی بەسەر فێرخوازانیاندا دابەش بکەن لەبەر ئەوەی نرخی ئەو کتێبانە پێشەکی لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەدا ژمێرراوە کە بۆ تۆمارکردنی ساڵانە وەردەگیرێت. هاوکات فێرگەی ئەهلی هەیە تۆمارکردنی تێدا لەگەڵ پێویستییەکانیدا بە خۆڕاییە، بەڵام مەرجی تایبەتی بۆ وەرگرتن هەیە کە پشت بە نمرەو تاقیکردنەوە دەبەستێت، وەك (ئامادیی ئاسۆی میللی لە سلێمانی)ی سەر بە ڕێکخراوی پەرەسیلکەی سویدی و (فێرگەی ئامادەیی نێودەوڵەتی دهۆك)ی سەر بە مەترانییەی کلدانی لە ئامێدی و کۆلێژی هەڵەبجەی شەهیدی سەر بە کۆمپانیای فزالەی تورکی و ئامادەیی شەهید جەبار سەر بە ڕێکخراوی پاراستنی منداڵ لە کوردستان ...
6. فێرخوازانی فێرگە ئەهلییەکان هەمان تاقیکردنەوە نیشتمانی و وەزارییەکانی پێڕەوکراوی فێرگە حکوومییەکان دەیانگرێتەوە، لەکاتی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئاکامی تاقیکردنەوەکانی پۆلە کۆتایی هاتووەکان، فێرگە ئەهلییەکان لە ڕیزی فێرگە پێشەنگەکان دێن کە ڕێژەیەکی بڵندی نمرەیان بەدەست هێناوە، ئەمەیش لایەنێکی گرنگە یارمەتی ئەوە دەدات فێرخوازان پتر ڕوو لەو فێرگانە بکەن و ناوی خۆیانی تێدا تۆماربکەن.
7. وەزارەتی پەروەردە لە چوارچێوەی چەند مەرج و پێوەری دیاریکراوەوە هانی فێرکردنی ئەهلی دەدات، ئەویش بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە پەروەردەییە بە هزرو تاقیکردنەوەی ئەوتۆ دەوڵەمەند بکرێت لەناوخۆی دەوروبەری بەخێوکارانی فێرخوازان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەڵقوڵابێت، هەروەها سوود لە تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی دیکە وەردەگیرێت سەبارەت بەو فێرگانەی سەر بە کۆمپانیا پەروەردەیی و ڕێکخراوەکانی فێرکردنن یان لەلایەن ئەو کۆمپانیاو ڕێکخراوانەوە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت، کە شارەزاییەکی جیهانییان هەیەو

فێرگـەو زانکۆیـان لـە دەیـان وڵات هەیـە وەك کۆمپانیـای فزالـەی تـورکی کـە دەستپێشخەری کردو فێرگەی لە زۆر لە پارێزگەکانی هەرێم و عیراقـیش کـردەوەو زانکۆیشی لە هەولێر هەیە. هەروەها کۆمپانیای فرۆبل کە ئەویش دەستپێشخەری کردو فێرگەی نێودەوڵەتی شویفاتی لە پارێزگـەی هـەولێر و سـلێمانی و زانکـۆی پسپۆری لە هەولێر کردەوە.

8. فێرگە ئەهلییەکانی بەرپرسیاریەتی فشاری زۆری ژمارەی فێرخوازان لـە سـەر وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانـستی کـەمتر دەکاتـەوە کـە خوێندنی تەوزیمی دەیانگرێتەوە، یان فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی کـە داواکـاری پێـشکەش دەکـەن لـە پەیمانگـەو وزانکۆکـان وەربگیرێـن، لـەو رووەوە ژمـارەی فێرخوازانی فێرگە ئەهلییەکان لە سـاڵی خوێنـدنی 2010 ـ 2011 تـەنیا لـە هەرێم (12937) فێرخوازی کورو کچ بوون. ژمارەیـەکی هاوچەشـنی ئەوانـەیش هەبوون کە زۆربەیان کۆلێژو بەشی زانستییان تێدایە کە نیشتمانیش زۆری پێویست بەو پسپۆرییانەیە. ئەم پـشتیوانییە مـادی و تەکنیکییـەیش لـە کاتێکدایـە کـە هاوکاتە لەگەڵ تەنگژە ئیداری و هونەرییەکان کە وەزارەتـی پـەروەردەو وەزارەتـی خوێندنی بـاڵا و توێژینـەوەی زانـستی لـە رووی ژمـارە کـەمیی تـەلارو کـەمی تەکنەلۆژیای فێرکردن و کەمی دەستەبەرکردنی وەرشەی کارو کردنەوی خول لەسەر ئاستی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان و مامۆستایانی زانکۆوە پێیدا تێدەپەڕن.

## ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی و کەسانی خێرخواز
## لە پێشخستنی سیستمی خوێندنی ئەهلی

جگـە لەلایـەنی تـەواوکاری لـە بەشـداری تـەواوی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە دامەزراندنی فێرگەو بەڕێوەبردنیان، لایەنی دیکە هەن بەشدارییان تێـدا دەکـات و ڕۆڵێکی کاریگەری لـە بـەڕێوەبردن و پەرەپێـدانی پرۆسـەی پەروەردەییـدا هەیـە، لەوانەیش:

1. دروستکردنی فێرگەیەك بە پێی خەسـڵەتی پێوانـەیی لەلایـەن ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسـانی خێرخـواز لـە ڕۆڵـەکانی وڵات و خـەڵکی دەرەوە و

ڕادەست کردنــی وەزارەت، خــۆی لــە خۆیــدا بەشــدارییەکی کاریگــەرە، وەك ئــەو نموونانەی خوارەوە:
1ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لەلایەن خێرخواز (حاجی مەسعود) لە گوندی کەلەکین لە سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر.
2ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لە گوندی کــەورە ســۆر لــە ســنووری پەروەردەی بەردەڕەش لەلایەن کۆمپانیای (UB).
3ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (12) پۆلی لە قەزای زاخۆ لەلایەن کۆمپانیــای (UB).
4ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (18) پۆلی لەلایەن خێرخــوازی کــوێتی (محمــد ناصر) لە سنووری پەروەردەی هەولێر.
5ـ دابینکردنی بڕی (150) سـۆپای نــەوتی بــە بــڕی (25000) هــەزار دۆلار لەلایەن خێرخواز (جواد القصاب).
6ـ دابەشکردنی (60) لاپ تۆپ و (10) کامێرا بەسەر قوتابییــە یەکەمــەکانی شاری هەولێر لەلایەن کۆمپانیای سێنك.
7ـ دابەشکردنی بڕی (60000) هەزار جانتا و ســێتی پــەڕاو لەلایــەن دەزگــەی خێرخوازی بارزانی لەگەڵ دەستپێکی ساڵەکانی خوێنــدنی (2010ــ2011) ــ (2011ـ2012) لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.
8ـ دابەشــکردنی (425) بەشــە خــۆراك و جلوبــەرگ بەســەر قوتابخانەیــەك لــە پارێزگەی هەولێر لەلایەن دەزگەی خێرخوازی بارزانی.
9ـ بەڕێز دکتــۆر (محەمــەد ســدیق) خــانووی تایبــەتی خــۆی لەگونــدی نۆغــەران پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرد بۆ ئەوەی بکرێت بە قوتابخانــە بــۆ منــداڵانی گوندی نۆغەران.
10ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (18) پۆلی لەلایەن وڵاتی کوێت لە ســنووری پەروەردەی هەولێر.
11ـ دروست کردنــی قوتابخانەیــەکی (4) پــۆلی لــە گونــدی بــلاغ لــە ســنووری پــەروەردەی هــەولێر لەلایــەن خێرخــواز خــاتوو (نــارین ســەعید) بــە گوژمــەی (40,000,000) ملیۆن دینار.

12ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لە گوندی هەلەجەی بچووك لەلایەن خێرخواز دکتۆر عوسمان.
13ـ لە قەزای مێرگەسۆر قوتابخانەیەکی (6) پـۆلی لـەژێر دروسـت کـردن دایـە لەلایەن خێرخواز (فـارس عەبـدوڵلا) بـە گوژمــەی (260,000,000) ملیـۆن دینار.
14ـ لە قەزای مێرگەسۆر قوتابخانەیەکی (6) پـۆلی لـەژێر دروسـت کـردن دایـە لەلایەن خێرخواز (عبدالمناف محمد سليم) بە گوژمەی (204,000,000) ملیۆن دینار.
15ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لە باتوفا لـە سـنووری پـەروەردەی دهۆك لەلایەن کۆمپانیای (UB).
16ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لـە قـەرەداغ لەلایـەن کۆمپانیـای خاوێ.
17ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (12) پۆلی لە سـنووری پـەروەردەی دەشـتی هەولێر لە کۆمەڵگەی شاوێس لەلایەن خێرخواز (هێرش تەیار) خاوەنی کۆمپانیای (77).
18ـ دروست کردنی قوتابخانەیـەکی (6) پـۆلی لـە هەڵەبجـەی شـەهید لەلایـەن خێرخواز (حاجی محەمەد بامۆکی).
19ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (12) پۆلی لە سنووری پەروەردەی سـلێمانی لەلایەن کۆمپانیای میران.
20ـ دروست کردنی قوتابخانەیەکی (6) پۆلی لە سـنووری پـەروەردەی سـلێمانی لەلایەن کۆمپانیای میران.
21ـ دروست کردنی دوو باخچەی ساوایان لە سنووری پەروەردەی سلێمانی لەلایەن خێرخوازێکی خەڵکی سلێمانی.
22ـ نۆژەنکردنـەوەی دوو قوتابخانـە لەگـەڵ دابینـکردنـی کەلوپـەل لـە سـنووری پەروەردەی هەولێر لەلایەن چەند کەسایەتییەکی ناسراوی کوردستانی باکوور.
2. دەستەبەرکردنی ئامێری فێرکردن بۆ فێرگەیەك یان ژمارەیـەك فێرگـە لەلایـەن کۆمپانیا ئەهلییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەستپێشخەرییەکی باشە بۆ یارمەتیدانی کەرتی پەروەردەی حکـوومی، وەك کۆمپانیـای (ACC)ی

ئیلیکترۆنیات و کۆمپانیای بەکاو کۆمپانیای قۆنتەراتی سنیك و ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی ئەنجامیان داو ئامێری لاپتۆپ و کۆمپیوتەریان بەسەر هەندێك لە فێرگەکانی هەولێردا دابەش کرد، هەروەها گرووپی کۆمپانیاکانی سەدەف پێداویستی وەرزشی و یاری بەسەر فێرگەکاندا دابەش کرد، هەروەها کۆمپانیای دیکەی ئەهلی و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی یارمەتی دیکە بەسەر فێرگەکاندا دابەش دەکەن.

3. بەشداری کردن لە ئەنجومەنەکانی باوکان و مامۆستایان و هاریکاری کردنیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی فێرگەکەدا بۆ ئەوەی ئاگەداری دەوامی منداڵەکانیان بن و بەسەر هەر کۆسپێکدا زاڵ بن ئەگەر هەبوو. ئەو ئەنجوومەنەیش بەپێی سیستمێکی تایبەت ڕێك خراوەو بەشێکی کاریگەری پێکهاتەی هەر فێرگەیەکە.

4. هەندێك کۆمپانیای ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کێبەرکێی زانستی یان ڕۆشنبیری یان وەرزشییان لە نێوان کۆمەڵێك فێرگەدا ڕێك خست وەك ئەوەی ڕێکخراوی پێکەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگەو کۆمپانیای کۆکا کۆلا کێبەرکێی تۆپی پێیان بۆ زۆر لە فێرگەکان لە پارێزگە جۆراوجۆرەکاندا ڕێکخست. یان ڕێکخستنی گەشتی زانستی بۆ خوێندکارانی کۆلێژەکان بۆ ناوچە شوێنەواری و گەشتوگوزارییەکان وەك ئەوەی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس دەیکات. یان پێشکەش کردنی پرۆگرامی هوشیارکردنەوەو ئاراستەکاری جەماوەر سەبارەت بەو بابەت و پرسانەی پێوەندییان بە پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە ئەویش بۆ یارمەتیدانی لایەنە پێوەندیدارەکان وەك دەزگەکانی ڕاگەیاندنی ئەهلی ئەنجامی دەدەن، هەر هەموو ئەمەیش دەبێتە هۆی سووك کردنی هەندێك باری دارایی لە سەر شانی دەزگە پەروەردەیی و زانکۆکان.

## ئەو کێشەو کۆسپانەی
## لە فێرگە ئەهلییەکاندا هەن

1. نەبوونی یاسایەکی سەرتاسەری و گشتگیر کە چۆنیەتی بەشداربوون و بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسایەتییە خێرخوازەکان لە پرۆسەی فێرکردندا ڕێك بخات، چ لە ڕووی کردنەوەی فێرگەی تایبەت و

بەڕێوەبردنییەوە، یان یارمەتیدانی فێرگەو دەزگە حکوومییەکانی فێرکردن لە بواری دروستکردنی تەلاری فێرگەو دەستەبەرکردنی پێداویستی و ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕێکخستنی پێشبڕکێی زانستی و وەرزشی و کات بەسەربردن بۆ فێرخوازان. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە یاسەیەکی تایبەت بە خوێندنی ئەهلی لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکراو پەسەند کراو بەم نزیکانەیش دەردەچێت، دەقەکەیشی لەیەکێك لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەماندا بڵاودەکرێتەوە.

2. پابەندنەبوونی هەندێك لە فێرگە ئەهلییەکان بەو ڕێنماییانەوە کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دەرچوونەو خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی لەنێوان هەردوو لادا لەسەریان ڕێککەوتوون کاتێك مۆڵەتی فەرمییان بۆ کردنەوەی فێرگەکە وەرگرتووە.

3. گومان کردنی هەندێك لە هاووڵاتیان بە ڕاستگۆیی فێرکردن لەو فێرگە ئەهلییانەدا چونکە بڕوا بەو بڕوانامانە ناکەن کە ئەو فێرگانە دەیاندەن یان ڕێ دان بە فێرخواز خۆی بۆ فێرگە حکوومییەکان بگوێزێتەوە یان بە پێچەوانەوە، سەرچاوەی ئەو ترسانەیش زۆر جار لەوەوە دێت کە لای خەڵکی وا لێك دەدرێتەوە کە زۆرتر ئەو فێرگانە لە پێناوی قازانج کردندا کراونەتەوەو هەندێك وەك پرسێکی بازرگانی دوور لە بنەما مەعرفی و پەروەردەییەکان دەیقۆزنەوە.

4. نەبوونی ئەنجوومەنگەلێکی ڕاوێژکاری کە دەستەڵاتێکی زانراویان هەبێت بۆ هەماهەنگی نێوان کەرتی تایبەت و دەزگە پەروەردەییەکان، بە تایبەت لەمەڕ فێرگە پیشەییە حکوومییەکان کە ڕێ بە فێرخوازەکانی خۆی نادات خولی هاوینە لە کارگەو کۆمپانیا ئەهلییەکاندا پرەکتیزە بکەن بۆ ئەوەی شارەزایی تیوری خۆیان تێکەڵ بە پسپۆری پرەکتیکی بازاڕی کار بکەن. ئەمەیش کەلێنێك لە نێوان کادیرانی مامناوەند لە فێرگە پیشەییەکان و لە نێوان پێویستییەکانی بازاڕ لە کرێکارانی تەکنیکی دروست دەکات. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەو فاکتەرەی لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا باوە ئەویش ئەوەیە: کە زۆربەی ئەوانەی کار دەکەن نەخوێندەوارن و زۆربەی دەرچووەکانیش بێکارن و بەدوای کاردا دەگەڕێن.

5. نەشیاوی هەندێك تەلاری باخچەی ساوایان و فێرگەکان لە ڕووی ڕووپێو و دیزاینەوە بۆ فێرکردن، بە تایبەتی ئەوانەی بە کرێ گیراون کە مەرجی تەندروستی

و پەروەردەییان تێدا نییە. چونکە هۆڵی تەواویان تێدا نییە کە پێویستە منداڵ لە هەر یەکەیەکدا چالاکییەك ئەنجام بدات لەوەکەی دیکە جیاواز بێت وەك هۆڵی تایبەت بە یاری و هۆڵی لم و هۆڵی دانیشتن .. هەروەها سەبارەت بە تەلاری فێرگەکان ئەوانەی گۆڕەپان یان باخچە یان تاقیگە یان توالێتیان تێدا نییە.. کە بۆ کەشی خوێندن و ژمارەی فێرخوازان بشێت.

## پێشنیازو چارەسەر

1. دەرکردنی یاسای نوێ پێوەندی پۆزەتیڤانەی نێوان کەرتی تایبەت و دەزگە پەروەردەییە حکوومییەکان ڕێك بخات، تێیاندا هاوسەنگی پەسەندی نێوان مافەکانی دامەزرێنەرانی فێرگە ئەهلییەکان و بەرزی کوالیتی فێرکردن لە ڕووی ئەو مەرجانەوە کە لە نێوان هەردوو لادا لەسەریان ڕێککەوتوون لەگەڵ بەردەوامی بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن لەو فێرگانەدا دەستەبەر بکات.

2. کاراکردنی سیستمی ئەنجوومەنەکانی بەخێوکەرانی فێرخوازان و مامۆستایان و پەرەپێدانی بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوشە نوێیەکانی کۆمەڵدا بگونجێت، بە تایبەتی کە دەوامی فێرخوازان لەو فێرگانەی بە نۆرە دەوامیان تێدا دەکەن کورتە، ئەوەیش فێرخواز ناچار دەکات زۆر لە ئەرکەکانی خۆی لەماڵەوە تەواو بکات، ئەوەیش پێویست بە بەدواداچوون و ئاراستەکردنی بەردەوام هەیە لەلایەن خێزانەوە بە هاریکاری کردن لەگەڵ فێرگەدا، ناشێت ئەم پرۆسەیەیش بە شێوەیەکی دروست و پەروەردەیی لە ڕێگەی یەك کۆبوونەوە یان دوو کۆبوونەوەی وەرزی لە ساڵێکدا جێبەجێ ببێت کە ڕەنگە هەندێك لە بەخێوکەرانی فێرخوازان نەتوانن لەو ماوە دیاریکراوانەدا پابەندی بن.

3. لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی مامۆستایان بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەر بالاترین دەستەلاتی پەروەردەییە لە فێرگە دەستەلاتی هەیە بە پێی سیستمێکی پەسەندکراو لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆیە باشتر وایە نوێنەری بەخێوکەرانی فێرخوازان تێیدا ئەندام بێت، بۆ ئەوەی هەموان ئاگەداری ئەو ڕووداوانە بن لە فێرگەکەدا ڕوو

دەدەن لە لایەك و لە لایەكی دیكەوە ببنە بەشێك لەو بڕیارانەی كە بۆ سەرخستنی پرۆسەی كارگێڕی و تەكنیكی و سەرپەرشتی كردن وەردەگیرێن.

4. ڕۆڵی فێرگە ئەهلییەكان ئەوانەی لە ڕووی كارگێڕی و پەروەردەییەوە پێشەنگن لە ڕێگەی بەدواداچوون و سەرپەرشتی و ئاراستەكردنی نووسراوی ڕێـزو سوپاسـەوە هەڵدەسەنگێنرێت هەركە پێویست بوو، بۆ ئەوەی ئـەو گومانـە بـێ بنەمایـە لای هەندێك كەس بڕەوێنرێتەوە كە ئەم فێرگانە فەرمی نـین و پاشـەڕۆژی فێرخوازیـان تێدا دەستبەر ناكرێت لە ڕوی ئەو بڕوانامەوە كە وەریدەگرێت.

5. ڕێ بە خاەندكارەكانی بازاڕ بدرێت ڕاستەوخۆ بەشداری لە مەشـق و ڕاهێنـانی فێرخوازاندا بكەن، بۆ ئەوی فێرخـوازان بـە شـێوەیەكی پرەكتیكـی باشـتر سـوود وەربگرن و هەلیان لەبەردەمدا بڕەخسێت ئەو پیشەیە هەڵبژێرن كە پاش دەرچـوون بۆیان دەشێت.

6. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی ئەڵقەیەكی گرنگە بۆ پتەوتركردنی پێوەندی سێ قـۆڵی نێوان فێرگەو خێزان و كۆمەڵ، ڕاپەراندنی ڕۆڵیشی لەسەر توانـابوونی پتـەوكردن و پەرەپێدانی ئـەو هاوسـەنگییە دەوەسـتێت. بـە پاراسـتنی ئـەو هاوسـەنگییەیش هوشیاری پەروەردەیی لەنێوان كەرتی تایبەت بـە بەشـداریكردن لـە پێشـكەش كردنـی خزمەتگوەزارییـە پەروەردەییـەكان پەرەدەسـتێنێت. هاوكـات خێـزانیش هاریكاری خۆی لەگەڵ فێرگەدا پەرەپێدەدات بەوەیش ئـەركی بنـەڕەتیی پـەیامی وەزارەتی پەروەردە مەبەستی خۆی دەپێكێت.

7. پێكهێنانی ئەنجوومەنگەلی ڕاوێژكاری ئەهلی بە پێی یاسـا ڕێكخرابێـت و لـە سەر ئاستی فێركردنی گـشتی و فێركردنـی پیـشەیی و فێركردنـی بـالاَ بێـت بـە فێركردنی تەقەنی و توێژینەوەی زانستیـشەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەنجوومەنانـە لـە لایەكەوە بتوانن فێرگەو پەیمانگەو زانكۆ ئەهلییەكان بە ڕێوە ببـەن و لـە لایـەكی دیكەوە ببنە ئەڵقەی پێوەندی لە نێوان ئەم دەزگەیانەو دەزگە حكوومییەكاندا، بـە هاریكاری هەردوو لایش پێویستی بازاڕ لەو پسپۆڕیانە دابین دەكرێت كە پێویستی پێیانەو سوود لەو شارەزایی و پسپۆری و هزرانە وەردەگیرێت لە بـازاڕ هـەن و لـە بواری توێژینەوەی زانستیدا وەبەردەهێنرین.

# ڕێکخستنی سیستمی
# خوێندنی ئەهلی لە کوردستان

لەپێناو ڕێکخستنی خوێندنی ئەهلی و چارەسەرکردنی ئەو کێشەو کۆسپانەی کە ڕێگری لە پەرەسەندنیان دەکەن، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ئەم سیستمەی خوارەوەی دەرکردووەو لە (2010/7/25)ەوە جێبەجێ کراوە:

**مادەی یەکەم: (دروشمی خوێندنی ئەهلی)**

وەزارەتی پەروەردە پێداویستییەکانی خوێندن بۆ هەموو قوتابییەك دابین دەکات بە پێی نوانا و بە بێ جیاوازی و ڕێگەش بە کەرتی تایبەت دەدات کە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەشدار بێت بەمەرجێك ئەو قوتابخانەیەی دەیکاتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە نموونەیی بێت و سەرەوەری کوردستان بپارێزێت .

**مادەی دووەم: (بنەمای یاسایی)**

ئەم مادەدانەی خوارەوە لە یاسای هەموار کراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1994دا........

1ـ مادە ی پێنجەم ـ برگە (7) ئەمە دەقەکەیەتی: "سەرپەرشتی کردنی قوتابخانە ئەهلییەکان و ڕێنمایی کردنیان بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەپێی سیاسەتی پەروەردە و ئامانجەکانی".

2ـ مادەی هەژدەم، ئەمە دەقەکەیەتی: "هیچ قوتابخانەیەکی ئەهلی و بیانی و باخچەی ساوایان دانامەزرێ و دانانرێ بەبێ ئیجازەی نووسراو و ئەو مەرجانەی کە وەزارەت دایدەنێت و لەکاتی تازەکردنەوەی ئیجازەی قوتابخانەکەشدا ئەو مەرجانە ڕەچاو دەکرێن کە لەو پەیڕەو و ڕێنماییانەدا هەن کە وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکات".

3ـ مادەی نۆزدەم، ئەمە دەقەکەیەتی: "بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی کە وەزارەت دایدەنێت بەرنامەو نەخشەکانی خوێندن مەرجەکانی وەرگرتن و بەڕێوەبردن و ئیش

و کار و ئینزیبات و ئەزموونەکانی قوتابخانە ئەهلی و بیانییەکان دادەنرێت و سەرپەرشتی هونەرییان دەکرێت".

**مادەی سێیەم: (مافی کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی)**

هەموو هاووڵاتییەکی عیراقی یان بیانی (بەشێوەی تاك، یان گرووپ، یان کۆمەڵە و سەندیکا...) دەتوانن قوتابخانەی ئەهلی بکەنەوە لە کوردستان بۆ قۆناغی بنەڕەتی یان ئامادەیی، یان هەردووکیان پێکەوە (مەرج یش نییە لە دەستپێکی کردنەوەی قوتابخانە هەموو پۆلەکانی قۆناغەکە بکاتەوە ).

**مادەی چوارەم: (کارمەندان)**

1ـ خاوەن قوتابخانە: هەموو کەسێك دەگرێتەوە بە مەرجێك:

أ ـ بڕوانامەکەی لە ئامادەیی کەمتر نەبێت.

ب ـ ئەزموونی لە بواری پەروەردەدا هەبێت.

ت ـ توانای دارایی هەبێت.

پ ـ لەدادگەکان سزا نەدرابێت .

جـ ـ لە پلەو پۆستە تایبەتەکان فەرمانبەری میری نەبێت .

2ـ بەڕێوەبەری قوتابخانە:

أـ بڕوانامەکەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

ب ـ ئەزموونی لە بواری بەڕێوەبردن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت .

جـ ـ نابێت لە دام و دەزگەی میری فەرمانبەر بێت.

دـ لە دادگاکان سزا نەدرابێت.

3ـ یاریدەدەر: پێویستە مەرجی مامۆستایی تێدا بێت.

4ـ مامۆستایان :

أـ بڕوانامەکانیان گونجاو بێت بۆ بوون بە مامۆستا (بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە) .

ب ـ ئەگەر دەرچووی کۆلێژەکانی ( پەروەردە، بنەڕەت ) یان پەیمانگەی (مامۆستایان و هونەرە جوانەکان ) نەبوون، پێویستە لە پەروەردەی قەزاکان خولی شیاندن ببینن ( بێ بەرانبەر.

جـ ـ مامۆستای بیانی پێویستە بڕوانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا پەسەند بکرێت و پسپۆرییەکەشی بۆ بواری پەروەردە بگونجێت.

دـ دەكرێت مامۆستا بە شێوەی خواستن ( اعارە) دابین بكرێت بە مەرجێك خزمەتی دەرەوەی شاری تەواو كردبێت (بە ڕەزامەندی هەردوولا ) و بە پێی گرێ بەستێك بۆ ماوەی دووساڵ ( دەشێت تازە بكرێتەوە) .

هـ ـ پێویستە مامۆستا پسپۆری لەو وانەیە هەبێت كە دەیڵێتەوە.

5ـ فەرمانبەران :

أـ ڕابەری پەروەردەیی: لە بواری خۆی پیسپۆر بێت.

ب ـ فریاگوزاری سەرەتایی تەندروستی :

دەرچووی یەكێك لەم بوارانە بێت ( ئامادەیی پەرستیاری، پەیمانگەی پزیشكی، كۆلێژی پەرستیاری، كۆلێژی پزیشكی ......)

جـ ـ نووسەر، باشتر وایە كە دەرچووی ئامادەیی كەمتر نە بێت.

دـ خزمەتگوزار : بۆ هەر (100) قوتابی یەك خزمەتگوزار كەمتر نەبێت.

**مادەی پێنجەم : (سیستم و پرۆگرام)**

أـ یان سیستم و پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان .

ب ـ یان سستەم و پرۆگرامێكی نێودەوڵەتی بە پشتگیری خاوەن دەزگە پەروەردەییە نێو دەوڵەتییەكە بەمەرجێك وانەكانی ڕۆشنبیری گشتی ( كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و كۆمەلایەتی و پ. ئایینی ) كوردستان بخوێنن و ئەكەر خوێندن لە قوتابخانەكە بەزمانی ئینگلیزی بوو پێویست ناكات زمانی ئینگلیزی كوردستان بخوێنێت.

**مادەی شەشەم: (دەوام)**

أ ـ نابێ ماوە ی دەوام لە (32) هەفتە كەمتر بێت لە ساڵێك

ب ـ كاتی دەوامی ڕۆژانە نابێت لە (6) كاژێر كەمتر بێت.

تـ پەیڕەوی پشووە فەرمییەكانی كوردستان بكەن.

**مادەی حەوتەم: (وەرگرتن)**

أـ لەكاتی وەرگرتنی قوتابی لە پۆلی یەكەمی بنەڕەت بە پێی یاسای وەزارەتی پەروەردەی كوردستان ڕەچاوی تەمەن بكەن .

بـ گواستنەوەو وەرگرتنی قوتابیان بە پێی بڕوانامەی فەرمی گواستنەوە دەبێت( بە پێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە ).

جـ خوێندن تا پۆلی (9) ئیلزامی دەبێت ( بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ).
**مادەی هەشتەم : (تۆمارەکان)**
جگە لەو تۆمارانەی تایبەتە بە خۆیان، پێویستە هەموو ئەو تۆمارانەشیان هەبێت کە لە قوتابخانە حکومییەکان هەیە ( وەك تۆماری گشتی، تۆماری نمرەکان، تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران ، تۆماری بڕوانامەکان) .
**مادەی نۆیەم: (ئەزموونەکان)**
أـ ئەگەر سیستم و پرۆگرامی کوردستان پەیڕەو بکەن، پێویستە کە بە هەموو ڕێنماییەکانی (ب.گ. ئەزموونەکان )ەوە پابەند بن.
بـ ئەگەر پرۆگرام و سیستمێکی نێودەوڵەتی پەیڕەو بکەن، پێویستە کە:
(أ)ـــ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز لە پۆلەکانی (1ـــ11)بە چاودێری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری ئەنجام بدرێن.
(ب)ـ بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی (12)، پێویستە یەك لەم ڕێگەیانە هەڵبژێررێت :
یەك ـ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی کوردستان بەهەمان پرۆگرام و کات.
دوو ـ چاودێریکردنی تاقیکردنەوەی تایبەتی نێودەوڵەتی خۆیان لە لایەن (ب.گ.ئەزموونەکان)ەوە.
سێ ـ جۆرو و شێوازی تاقیکردنەوەکان لەناو گرێ بەستەکە دیاری بکرێت .
چوار ـ پێویستە خۆیان تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکی ئەنجام بدەن، بەڵام بڕوانامەکانیان لە لەوەزارەتی پەروەردە (ب.گ.ئەزموونەکان) پەسەند بکەن.
**مادەی دەیەم: (دارایی)**
1ـ نرخی خوێندن:
أـ لەگەڵ پێدانی مۆڵەت، نرخی خوێندن لە لایەن لێژنەی لقی پارێزگەوە پێشنیاز دەکرێ و لە لایەن لێژنەی باڵاوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:
(1) ژمارە و بڕوانەمە و ئەزموونی مامۆستایانی میلاك.
(2) بینای بەکارهێنراو موڵکە یان کرێ.

(3) ژمارەی تاقیگە زانستییەکانی ( فیزیا، کیمیا، زینـدەوەرزانی، کۆمپیووتـەر) ئایا لەیەك ژوورن یان سێ ژووری جیا.
(4) چەندیەتی و چۆنیەتی ئامێرەکانی تاقیگەکانی بڕگە (3)ی سەرەوە.
(5) ژمارەی قوتابیان لە ژوورێك.
(6) بوونی خزمەتگوزاری زیاتری بەدەر لە ڕێنماییەکان .
(7) چەندیەتی و چۆنیەتی کەل و پەلەکانی ناو قوتابخانە.
ب ـ پێش وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی باڵا نرخی خوێندن زیاد ناکرێت.
جـ ـ نرخی خوێندن بە دوو پشك ( قست) دەدرێت، نیـوەی یەکـەم پـێش 9/1 و نیوەی دووەم پاش دە ڕۆژ لە دەست پێکردنی خوێنـدنی وەرزی دووەم و پێویـستە ئەو بڕە پارانە لە ڕێگەی بانقە حکوومییەکانەوە بدرێت.
دـ تا ماوەی یەك هەفتە لە پێدانی پشکی یەکەم، بەخێوکار دەتوانێـت پەشـیمان ببێتەوە و ئەو پشکە وەربگرێتەوە.
هـ نرخی خوێندن ( ناونووس کـردن) کرێـی ( جـل و بـەرگ، خـواردن، پـەڕتووك، هاتوچۆ، پەڕاو) ناگرێتەوە.
2ـ ڕەسمی پێدان و تازە کردنەوەی مۆڵەت:
أـ لەکاتی کردنەوەی قوتابخانە پێویستە ئەم بڕە پارانە بدات :
دوو ملیون دینار ، بۆ قۆناغی بنەڕەت، پۆلەکانی(1ـ9)
سێ ملیۆن دینار، بۆ قۆناغی ئامادەیی، پۆلەکانی(10ـ12)
هەردوو قۆناغ پێکەوە، بڕی چوار ملیۆن دینار، پۆلەکانی (1ـ12)
تـ لە کاتی تازەکردنەوەی مۆڵەت ساڵانە، نیوەی ئـەو بـڕە پارانـەی بڕگـە(أ) ی سەرەوەیان لێ وەردەگیرێت .
3ـ کەفالەی مسوٚگەر: لەکاتی پێـدانی مۆڵـەت پێویـستە کەفالـەتی دارایـی لـە فەرمانگەی دادنووس بەم بڕانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:
(40) بیست ملیۆن دینار بۆ قۆناغی بنەڕەت
(60) سی ملیۆن دینار بۆ قۆناغی ئامادەیی
(80) چل ملیۆن دینار بۆ هەردوو قۆناغەکە پێکەوە.
**مادەی یازدەیەم: (مۆڵەت)**
1ـ پێدانی مۆڵەت پێویستە پێش مانگی ئاب بێت.

2ـ تازەکردنەوەی مۆڵەت لە مانگەکانی (6 و 7 و 8 ) دەبێت.
3ـ مۆڵەت، نافرۆشرێت و ناگوێزرێتەوە بۆ سەر ناوێکی تر.
4 ـ دەکرێت مۆڵەتی زیاتر لە قوتابخانەیەك بەناوی هەمان کەس یان لایەن، یان گرووپ و کۆمەڵە و سەندیکاوە ..... بێت .
5 ـ داواکار ئەگەر داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کرد، یان بە هەر هۆیەك مۆڵەت وەرگیرایەوە، جارێکی دیکە مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانە بەهەمان کەس و لایەن نادرێتەوە.
6 ـ پێویستە داوای کێشانەوەی مۆڵەت لە لایەن خاوەن قوتابخانەوە لە کۆتایی وەرزی یەکەم یان لە 31 ـ 8 بێت.

**مادەی دوازدەیەم: (سزاکان)**

أ ـ لەکاتی سەرپێچی کردن بۆ یەکەم جار، بۆ نەهێشتنی سەرپێچییەکە مۆڵەتی پازدە ڕۆژی پێ دەدرێت.
ب ــ لەکاتی چاك نەکردنەوەی سەرپێچی (أ) لە ماوەی دیاری کراو، یان دووبارەکردنەوەی هەمان سەرپێچی، یان سەرپێچییەکی دیکە لە هەمان ساڵی خوێندن ئاگادارکردنەوەی بۆ دووەم جارو سەرنج ڕاکێشان ئاراستە دەکرێت و مۆڵەی دە ڕۆژی پێ دەدرێت ( بە پێی فۆرمی ژمارە ـ 7 ).
پ ـ لەکاتی چاك نەکردنەوەی سەرپێچی (ب) لە کاتی دیاری کراو، یان بوونی سەرپێچییەکی دیکە لە هەمان ساڵی خوێندن، سزای ئاگادارکردنەوە ی کۆتایی پێ دەدرێت و تا کۆتایی نزیکترین وەرزی خوێندن دەرفەتی پێ دەدرێت.
پ ـ ئەگەر سەرپێچی (پ) ی لەکۆتایی ئەو وەرزە چاك نەکرد، مۆڵەتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و کارگێڕی قوتابخانە دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بۆ تەواوکردنی ئەو ساڵەی خوێندن.
د ـ سزاکانی ئاگادارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشان بۆ جاری یەکەم و دووەم و کۆتایی و وەرگرتنەوەی مۆڵەت لە دەسەڵاتی وەزیری پەروەردە دەبێت بە پێشنیازی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگە و لیژنەی باڵا.
ر ـ سەرپێچییەکان بە ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران، یان لیژنەی باڵا دیاری دەکرێن .
ز ـ لەکاتی سزای وەرگرتنەوەی مۆڵەت، دووبارە مۆڵەتی کردنەوە بەو کەس و لایەنە نادرێت.

ژـ ئەگەر خاوەن قوتابخانە بەبێ ئاگاداری پەروەردەی قەزا وازی لە كارەكەی هێنا، بەرانبەر یاسا بەرپرس دەبێت.

**مادەی سیازدەم: (تەلار ـ بینا ـ باڵەخانە)**

1 ـ لە ناوچە پیشەسازی یە ترسناكەكانەوە دوور بێت.

2 ـ ژینگە پارێزی تێدا پەیرەو بكرێت.

3 ـ ئەم ژوورانە لە خۆ بگرێت :

(پۆلەكانی خوێندن بە پێی پێویست، كارگێڕی، یاریدەدەر، مامۆستایان. ڕابەری پەروەردەیی، پزیشكی، چالاكی وەرزشی و هونەری، تاقیگە زانستییەكان، كۆمپیوتەر، كتێبخانە، توالێت بە ژمارەی پێویست).

4 ـ باخچەی و گۆڕەپانی وەرزشی هەبێت .

5 ـ ڕووبەری ژوورەكانی خوێندن لە 4×5م بچووكتر نەبێت و ڕووبەری گشتی بیناكەش لە 600م2 بچووكتر نەبێت.

6 ـ ژمارەی قوتابیان بۆ هەر یەك مەتر دووجا یەك قوتابی زیاتر نەبێت.

7 ـ هۆیەكانی ساردكەر و گەرم كەری سەردەمی تێدا بێت.

8 ـ كەلوپەلەكانی ناو قوتابخانە سەردەمی بن.

**مادەی چواردەیەم: (جۆراو جۆر)**

1 ـ لێژنەی باڵا لە كاتی پێویست سەردانی قوتابخانە ئەهلییەكان دەكات بەمەبەستی چاودێری كردنی بەڕێوەچوونی ڕێنماییەكان.

2 ـ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری شان بە شانی قوتابخانە حكومییەكان سەردانی قوتابخانە ئەهلییەكان دەكەن.

3 ـ پێویستە گرێبەست لە نێوان خاوەن قوتابخانەو هەریەكە لە كارمەندانی قوتابخانە ( مامۆستایانی وانەبێژ، مامۆستایانی خواستراو، مامۆستایانی میلاك، مامۆستایانی تەنسیب كراو ، هەموو فەرمانبەران )دا هەبێت، ئەو گرێ بەستە لە لایەن بەشی یاسایی (ب.گ.پ. پارێزگا) بە پێنج دانە پەسەند دەكرێت و وێنەی لێ دەدرێتە هەر یەكە لە (پەروەردەی قەزا، پەروەردەی گشتی، وەزارەتی پەروەردە (ب.خ.ئەهلی، خاوەن قوتابخانە، پێوەندیدار).

4ـ لە کاتی گواستنەوەی شوێنی قوتابخانە، پێویستە سەر لەنوێ پشتگیری (تەندروستی و ئاسایش و کەشفی لیژنەی ئەهلی پارێزگە و پشتگیری شارەوانی ) ی بۆ بکرێت .
5 ـ تازەکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە پێویستە پشتگیری ( تەندروستی و لیژنەی ئەهلی پارێزگە) و ڕاپۆرتی سەرپەرشتیارانی بۆ بکرێت.
6 ـ لەکاتی ( کردنەوەی بەشی ناوخۆیی و خولەکانی بەهێزکردنی قوتابیان، وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەکی دیکە جگە لە نرخی خوێندن، هێنانی مامۆستایەکی نوێ، خوێندنی بابەتێکی زێدە ) پێویستە ڕەزامەندی (ب.پ. قەزا) وەربگیرێت.
7 ـ پێویستە بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری کارگێڕیێ و یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی ئەهلی پارێزگە بە لای کەمەوە ساڵانە دووجار کۆبوونەوەی سەمیان ( بەخێوکاران)،( دایبابان) ئەنجام بدات.
8 ـ لیژنەی پێدانی مۆڵەت لە وەزارەت لە: بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە و دوو ئەندامی دیکە پێکدێت.
9 ـ لیژنەی پێدانی مۆڵەت لە پارێزگەکان (بە سەرۆکایەتی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامیەتی سەرۆکی بەشی خوێندنی ئەهلی و سەرپەرشتیارێکی کارگێڕی پەروەردەیی و سەرپەرشتیارێکی کارگێڕی پسپۆری و هەر ئەندامێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانن پێکدێت).
10 ـ بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی بنەڕەت، یان ئامادەیی دەسەڵاتی واژۆکردنی گرێبەستی نێوان وەزارەت و خاوەن قوتابخانە ئەهلییەکە دەبێت ( پاش دەرچوونی فەرمانی وەزاری پێدانی مۆڵەت).
11 ـ پاش دەرچوونی ئەم یاسایە، کار بە هیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت.
12 ـ لە دەسەڵاتی وەزیری پەروەردەیە ئەم یاسایە پەسەند بکات و لەکاتی پێویستدا ڕێنمایی دیکە دەربکات.
13 ـ پێویستە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت.
14 ـ دەستەبەرکردنی هۆیەکانی سەلامەتی بەرگری شارستانی.
هەنگاوەکانی کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی ( بنەڕەت + ئامادەیی)

1ـ داواكار ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ( بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلی ) داوایەك پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە دەكات بەمەرجێك داواكارییەكە ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت :

أ ـ ناو و ناسنامەی باوەڕ پێکراوی داواکار.

ب ـ ناوی قوتابخانە ( پێویستە هەمووی، یان بەشێکی کوردی بێت ).

ت ـ ئاستی خوێندن (بنەڕەت ، ئامادەیی، هەردووکیان ).

پ ـ جۆری خوێندن ( کوردی، ئینگلیزی، .............).

ج ـ ڕەگەزی قوتابخانە ( کوڕان، کچان، تێکەڵاو )

ح ـ پۆلەکانی دەستپێك بۆ نزیکترین ساڵی خوێندن.

خ ـ سیستم و پرۆگرامی خوێندن.

د ـ میلاکی مامۆستاو فەرمانبەرانی قوتابخانە.

2 ـ هەرکاتێك ڕەزامەندی بەرایی کردنەوەی لە لایەن وەزیری پەروەردە وەرگرت ، نووسراوێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە بۆ دابینکردنی ئەم بەڵگەنامانە بۆ دەکرێت:

أ ـ پشتگیری ( تەندروستی، ئاسایش ، شارەوانی ).

ب ـ پاکانەی باجی دەرامەت.

ت ـ تاپۆی بینا، یان گرێبەستی کرێی تەلار ( بەمەرجێك ڕووبەرەکەی لە 600م2 بچووکتر نەبێت ).

پ ـ دوو وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی داواکار ( ئەگەر کەسێك، یان چەند کەسانێك بوون) ئەگەر کەسانی مەعنەوی بوون وێنەی مۆڵەتی فەرمییان لە لایەنی پێوەندیدار.

ج ـ وێنەی کۆپی کراوی ( ناسنامەی باری کەسی، ڕەگەزنامە، پسوولەی خۆراك)(جگە لە بیانییەکان ). ئەگەر داواکار بیانی بوو وێنەی کۆپی کراوی پاسپۆرت ( ئەم خاڵە کەسانی مەعنەوی ناگرێتەوە ).

ح ـ پشتگیری کەشفی شوێنگە لەلایەن لیژنەی ئەهلی پارێزگەوە ( بە پێی فۆرمی ژمارە (1) :

ژوورەکانی پۆل لە 4×5م کەمتر نەبێت و بە ژمارەی پێویست .

تاقیگەی زانستی و کۆمپیووتەری هەبێت.

ژووری چالاکی هونەری وەرزشی تێدا بێت.

باخچە و گۆڕەپانی یاری تێدابێت.
هۆیەکانی پاك و خاوێنی بە ژمارەی پێویست.
هۆیەکانی گەرم کەر و ساردکەرەوە.
هۆیەکانی فێرکردنی سەردەم و پێداویستییەکانی خوێندن .
دینەمۆی کارەبا.
فەرمانبەران ( نووسەر، خزمەتگوزار، یاریدەدەری پزیشکی)
خ ـ ژیاننامەی بەڕێوەبەری قوتابخانە، پێویستە کە :
بڕوانامەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت ، بۆ پتر لە سێ ساڵ لە بواری کارگێڕی پەورەردەیی ئەزموونداری بێت، فەرمانبەری میری نەبێت .
د ـ ژیاننامەی مامۆستایان، بەمەرجێك بڕوانامەکانیان لەگەڵ کاری مامۆستایی بگونجێت. ئەگەر دەرچووی کۆلێژەکانی ( پەروەردە، بنیات )و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان نەبوون، پێویستە بەشداری خولی شیاندن بکەن .
ز ـ کەفالە بەم بڕانەی خوارەوە :
( 40) ملیۆن دینار بۆ قۆناغی بنەڕەت
(60) ملیۆن دینار بۆ قۆناغی ئامادەیی
(80) ملیۆن دینار ئەگەر هەردوو قۆناغ پێکەوە بوون.
ر- وێنەیەك لەو گرێبەستانەی قوتابخانە لەگەڵ مامۆستایانی میلاك و وانەبێژ ئەنجامی داون بە پێی فۆرمەکانی ژمارە (9) و (10) .
و ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگە، بە نووسراوێکی فەرمی ئەو بەڵگەنامانە لەناو دۆسییەیەك بۆ وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلی بەرز دەکاتەوە بەمەبەستی وردبینی کردنی بەڵگەنامەکان بە پێی فۆرمی ژمارە (2) .
4 ـ فۆرمی ژمارە (2) لە ڕێگای (ب.گ.ف. بنەڕەت یان ئامادەیی) بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە بەرز دەکرێتەوە و پاش پەسەندکردنی لە لایەن بەڕێزیانەوە ڕەسمی کردنەوەی قوتابخانەی لێ وەردەگیرێت.
5 ـ گرێبەستێك لە لایەن ( ب.گ.ف. بنەڕەت یان ئامادەیی ) لەجیاتی وەزیری پەروەردە وەك لایەنی یەکەم و داواکار وەك لایەنی دووەم مۆر دەکرێت

بەمەبەستی پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە پێی فۆرمی ژمارە(3).
6 ـ فەرمانی وەزاری بە پێدانی مۆڵەت دەردەچێت.
7 ـ مۆڵەتی سەردیواری بۆ دروست دەکرێت بە پێی فۆرمی ژمارە (4).
8 ـ ئەو مۆڵەتە ساڵانە بە پشتگیری ڕاپۆرتی لێژنەی ئەهلی پارێزگەکان بە پێی فۆرمی ژمارە (5) تازە ەدەکرێتوەو پێویستە ڕەسمی تازەکردنەوە بەم بڕانەی خوارەوە بە ژمێریاری دیوانی وەزارەت بدات:
- قۆناغی بنەڕەتی یەك ملیۆن دینار.
- قۆناغی ئامادەیی یەك ملیۆن و نیو دینار.
- هەردوو قۆناغ پێکەوە دوو ملیۆن دینار.
9ـ لە کاتی سەرپێچی کردن، خاوەن قوتابخانە بۆ جاری یەکەم بە پێی فۆرمی ژمارە (6) ئاگادار دەکرێتەوە و بۆ جاری دووەم بۆ هەمان سەرپێچی بە پێی فۆرمی ژمارە (7) و بۆ لێ وەرگرتنەوەی مۆڵەت بە پێی فۆرمی ژمارە (8).
10 ـ نابێت پێش مۆڵەت وەرگرتن پڕوپاگەندە ( ڕیکلام ) بۆ وەرگرتنی قوتابیان بکرێت، بەڵام ئەگەر تەلار و میلاك و سیستم و پرۆگرام ئامادە کرابوو وە تەنیا کەلوپەل مابوو دابین بکرێت، دەکرێت پێش وەرگرتنی مۆڵەت ( بە نووسراوێك لە وەزارەت) ڕیکلام بکات.

## هەموارکردنی
## سیستمی خوێندنی ئەهلی

بۆ ساڵی خوێندنی (2012ـ2013) لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی قوتابخانە ئەهلییەکاندا چووەتەوە، ئەم لیژنەیە سوودی لە (پرۆژە یاسای قوتابخانە تایبەتییەکان)ی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەرلەمانی کوردستان وەرگرتووەو ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەیش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرز کرایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

# ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت
# بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی

**مادەی یەکەم: (دروشمی خوێندنی ئەهلی)**

وەزارەتی پەروەردە پێداویستییەکانی خوێندن بۆ هەموو قوتابییەك دابین دەکات و ڕێگەیش بە کەرتی تایبەت دەدات کە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەشدار بێت.

**مادەی دووەم: (بنەمای یاسایی)**

ئەم مادانەی خوارەوە لە یاسای هەموارکراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1994دا:
